
ئایا دەکرێت ڕۆمان ڕووون و سادە بێت؟

کاروان کاکەسوور



ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە



کتێبی ژنەفتن

٢٨

ئایا دەکرێت ڕۆمان ڕوون و سادە بێت؟

نامە بۆ دابان عەتاری نووسەر

کاروان کاکەسوور

ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە

ئایا دەکرێت ڕۆمان ڕوون و سادە بێت؟

نامە بۆ دابان عەتاری نووسەر

کاروان کاکەسوور

ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە



وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناوونیشان: ئایا دەکرێت ڕۆمان ڕوون و سادە بێت؟
نووسینی: کاروان کاکەسوور
بابەت: ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە
دیزاینی: گەیلان عەبدولا
میژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٤٠٥ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

پێشکەشە بە هاوڕێی ڕۆژگاری ڕزگاری (ئامادەیی ڕزگاری)، ڕۆژگاری ڕووبەڕووبوونەوە و خۆپێگەیاندن، ڕۆژگاری گفتوگۆ و تێپەڕاندن، (ڕێبین شەمامکی)، کە هاوکاتی لەدایکبوونی ئەم کتێبە مالّئاواییی لێ کردین.

پێرست

دەروازە.....ل٦

سادەیی و ئاڵۆزی لە سەردەمی ڕوانگەدا.....ل١٦

کاریگەریی ئەو گفتوگۆیانەی لەبارەی سادەیی و ئاڵۆزییەوە کراون.....ل٢٧

سادەیی خەسڵەتە زەقەکەی قۆناغی پاش ڕاپەڕین.....ل١١٨

ڕۆمانی فرەدەنگ وەک تێپەڕاندنی دوالێزمی سادەیی و ئاڵۆزی.....ل١٧٨

نووسەری جەماوەری و گاڵتەجاڕیی چەمکی ژیان/مەرگ.....ل٢٥٠

سەرچاوەکان.....ل٣٩٣

دەروازە

دابان گیان، لە منەوە سەڵاو و خۆشەویستی بۆ تۆی هاوڕێی ئازیز:

دوای ئەو گفتوگۆیەی (ئارام حاجی) لەبارەی ڕۆمانی (دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکان)ـەوە لەگەڵیدا کردووم و لە ماڵپەڕی (دەنگەکان)دا([1]) بڵاو کراوەتەوە، سەرنجی خۆتت نووسیوە و هەندێک پرسیارت لێ کردووم، کە بە پێویستی دەزانم لێرەدا بایەخیان پێ بدەم و بە ئاڕاستەی دایەڵۆگیاندا ببەم.([2]) هەر لە دریژەی دایەڵۆگەکەدا ئاماژە بە بۆچوونی

[1] گفتوگۆی ئارام حاجی لەگەڵ کاروان کاکەسوور لەبارەی ڕۆمانی دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکانەوە:

https://dengekan.info/archives/53111?fbclid=IwY2xjawUjC-JleHRuA2FlbQIxMABwZG9mAWJyaWQRMDdHNDdqa2NPTzM1Q3ZtNldzcnRjBmFwcF9pZBAyMjIwMzkxNzg4MjAwODkyAAEef4D-y8mRyveAG3XIspcCLJ5V6yM3tgqNOLOviNJZ-NwBB0HC-9Z_rzNoDO0_aem_Qvde050pZcgQKgpz-JLrfw

[2] دەستخۆشی بۆ هاوڕێیانم، بۆ ئەم وتوویژە چڕوپڕە!
ڕاستییەکەی لە لای من ڕۆمانەکانی کاروان زۆر هیلاکت دەکەن، تا تەواویان دەکەیت بڕستت لێ دەبڕن! خۆ ئەگەر کاتی ئەوەت نەبێت بەسەریەکەوە بیخوێنیتەوە و نیوبڕ بەکەوێتە نێوان خوێندنەوەت، یادگەت شپرز دەبێت لە بیرهێنانەوە و بەسەر یەکخستنەوەی پارچەکانی گێڕانەوە! بۆیە هەمیشە ڕۆمانی بۆ کاتێک دادەنێم دڵنیابم لەوەی کاتم هەیە و دەتوانم چەند ڕۆژێک بەسەر یەکەوە کتێبەکە بخوێنمەوە!---

سێ خوێنەری دیکەیش دەکەم، کە لەبارەی هەمان بابەتەوە دەریانبڕیون، بابەتی سادەیی و ئاڵۆزی.

سەرەتا ڕێم بدە خۆشحاڵیی خۆم دەربببڕم لەوەی دەروازەیەکت بۆ خستوومەتە سەر پشت، تا لێیەوە بچمە ناو دنیایەکی جەنجاڵ، ناو دنیایەکی جیاوازی کارکردنەوە. هەوڵ دەدەم لە ڕێی ئەم دوو چەمکەوە ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە ساکارە ببمەوە، کە بە تایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە دنیای نووسینمانی گرتووەتەوە و دەیەوێت هەموو شتێک لەوەدا کورت بکاتەوە، ئاخۆ سادەیە، یان ئاڵۆز؟ لێی

--- لە ئەنجامی پێکداچوونی زۆری؛ کات، دۆخ، کەسایەتی، ناو، نازناو و تەنانەت شوێن، بگرە جووڵە و ئاڕاستەی گێڕانەوە! ئەوە دەرفەتی کەمتر بە ڕۆمانەکانی دەدات، بتوانن خوێنەری زۆر ڕاکێشنە نێو دونیای خۆیان، بە تایبەت لەم سەردەمەی مرۆ زیاتر سەرقاڵن بە ڕاکەڕاکی ژیان، هۆکارەکانی سەرگەرمی زۆر خێرا و بازاڕی بوونەتەوە و لە کاتە بەتاڵەکاندا زیاتر مرۆڤ بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و حەز و سەلیقەیان بەرەو خێرایی و هەڵوەستەنەکردن ئاڕاستە دەکەن. سۆشیاڵ میدیا مرۆڤی زیاتر بەرەو زمان و بیری بازاڕی ئاڕاستەکردووە و حەزوسەلیقە بەجۆرێک لێ کردووین کەمتر بتوانین چێژ لە فرەدەنگی و ئاڵۆزی ئاستی دەروونی و ژینگەیی ببینین!

بەپێچەوانەوە دایەلۆگەکانی کاروان هێند بەچێژن، هەرکاتێک یەکیان دەبینم، یەکسەر ئەو شتانەی بەردەستم بەلاوە دەنێم و دەیانخوێنمەوە، چونکێ هەمیشە دەتوانێت دەرگەی نوێ بەڕووی ڕوانینماندا بکاتەوە!

وەکوو گوتم ڕۆمانەکانی دونیای تایبەت بە خۆیان هەن و کات و سەلیقەی وەکوو خۆیان دەوێت، زۆرێکیانم خوێندووەتەوە. لەبەر ڕاکەڕاکی ژیان چەند دانەیەکیان ماون و هێشتا دەرفەت نەڕەخساوە بیانخوێنمەوە. ئەو کتێبەی ئەم وتوویژەی لەبارەوە کراوە یەکێکە لەوانە!

جارجار لەخۆم دەپرسم: لەکاتێکدا کاروان لە کن من هێند سەرنجڕاکێشە، ئاوا بە سەختی دەتوانم کات بدۆزمەوە بۆ خوێندنەوەی دونیای ڕۆمانەکانی، ئایا شەنسی لای خوێنەرانی تر دەبێت چەند بێت؟ بەتایبەتی زۆرێک لە خوێنەران لە ڕۆماندا بەدوای چێژی خێرا و مانای خێرادا دەگەڕێن.

بمێنن دۆستان.

تێدەگات، یان نا؟ لێرەدا چەند قاڵب و کڵێشەیەک لە بەرچاو دەگیرێن، کە هەر دەقێک لەوانە لا بدات و لە ئاستێکی دیکەدا خۆی دەربخاتەوە، ئەوە بە ئاڵۆز دادەنرێت و دەخرێتە دەرەوەی داهێنانەوە. لە بەرانبەردا بایەخ بەو دەقانە دەدرێت، کە بەپێی ئەو قاڵب و کڵێشانە داڕێژراون.

هێندەی من بزانم ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە ئێمەوە، بەڵکوو لە کولتوورەکانی دیکەیشدا هەیە، بەڵام شتی سەیر لای ئێمە ئەوەیە، کە هەندێک لەوانەی بە سادەییدا هەڵدەڵێن و لە دژی ئاڵۆزیدا دەوەستنەوە، ناوی کۆمەڵێک لەو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانە دەئاخننە ناو وتارە سادەکانیانەوە، لە کاتێکدا ئەوانە خۆیان لەو ئاڵۆزییە بە دەر نین. بۆ نموونە ئێمە ئەگەر تەنیا فیلۆسۆفێکی وەک (هایدیگەر) بە نموونە بهێنینەوە، دەبینین تێگەیشتن لێی نەک هەر سەختە، بەڵکوو تاقەتپڕووکێنیشە.

دیارە پێشتر چەند جارێک ڕووبەڕووی ئەم باسە گرفتئامێزە بوومەتەوە، تەنانەت وتارێکی تایبەتم لەم بارەیەوە هەیە و ناوم ناوە (چەمکی سادەیی وەک

بانگەشەی داهێنان)[3]، کە تێیدا هەوڵم داوە پێشانی بدەم بانگەشەی ئەو نووسەرە سادەنووس و ڕەخنەگرە میللییانە تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت بە شێوازێکی تر بۆیان بگەڕێمەوە و ئاستی دیکەیان دەربخەم. ئەمەیش ئەوە دەخوازێت هەم لە ڕووی تیۆری و هەم لە ڕووی جێبەجێکردنەوە بۆچوونەکانم بخەمە ڕوو. بە مانایەکی دی، هەوڵ دەدەم لەو ڕێیەوە دایەڵۆگ لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کەنالانە دابمەزرێنم، کە لەم ڕووبەرەدا دەرکەوتوون و بە شێوازی خۆیان ئەو دوو چەمکە پەلهاوێژ و گرفتئامێزەیان لێک داونەتەوە. ئەگەر لە هەندێک شوێندا بە ئەکادیمی و لە هەندێک شوێندا بە نائەکادیمی کار دەکەم، ئەوە باسەکە خۆی هەردووکیان دەخوازێت. لە لایەک چەمکە فڕێدراوەکان لە دنیای شمەکەوە دوور دەخەمەوە و دەیانبەمە دنیای ئاماژە، تا لەوێدا ئاستی دیکەی شاراوەیان تێدا دەربخەم، کە لەم دایەڵۆگەدا ئەو کەنالە فەلسەفییانە دێنە ئاسمان (سپەیس)ی دەقەکەوە و دەبێت ئاماژەیان پێ بکرێن، بەو مانایەی نەک هەر

[3] چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان – ژنەفتن

دەقەکانیان، بەڵکوو ڕایەڵ (کۆنتێکست)ـەکانیشیان وەردەگرم و لێکیان دەدەمەوە. لە لایەکی دی، پێویستە نموونە لە بەرهەمی ڕەخنەگری میللی، نووسەری سادەنووس و نووسەری جەماوەری بهێنمەوە، تا پێشانی بدەم ئەوانە لە چ ئاستێکی تێگەیشتن و زماندا نووسراون.

ئەم سێ چەمکە لە گەوهەردا هەر یەکێکن، بەڵام دەکرێت دۆخی ئەمیان لە هیی ئەویان جیاواز بێت. بۆ نموونە نووسەری جەماوەری هاوکات سادەنووس و میلللییشە، بەڵام خاوەنی ناوبانگە و زیاتر لای جەماوەر ناسراوە، کە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی لە بەرچاو دەگیرێت. پێشتریش چەمکی (میللی)م لێک داوەتەوە و گوتوومە بەو مانایە بە کاری دەهێنم، کە نووسەر لە هەمان تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگەوە دەڕوانێتە چەمکەکان و بە زمانی باوی ڕۆژانەیش دەریاندەبڕێت. بەم شێوەیە زمانی نووسەر لە ئاستی زمانی کۆمەڵگەدایە، بگرە هەندێکجار نزمتریشە. وشەی نزم لە دەرەوەی پێوەرە ڕەوشتییەکاندا بە کار دەهێنم و مەبەستم ئەوەیە لێرەدا نووسین جیاوازی لە خۆ ناگرێت، بەڵکوو ئەوە دەڵێتەوە، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا

هەیە. هەندێجار دەتوانێت وەک خۆی گوتەی خەڵک بگوازێتەوە، بەڵام هەندێجار بە هۆی کەمتوانایی لە بەکارهێنانی زمانەوە کورت دەهێنێت. دواتر بۆ چەمکەکە دەگەڕێمەوە، تا زیاتری لەبارەوە بڵێم.

کاتێ نموونە لە بەرهەمی ئەوانە دەهێنمەوە، ئەوە وەک پێشتریش گوتوومە زمانی دەربڕینی منیش دەچێتە ئەم ئاستە، بەڵام بۆ ئەوە نا تێیدا بمێنێتەوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدات تێی بپەڕێنێت، کە ئەمەیش ئەوە دەخوازێت چەمکە فڕێدراوەکان هەڵبگیرێنەوە و بگەیەنرێنە دنیای ئاماژە، تا لەوێدا بە ئاڕاستەی دایەڵۆگدا ببرێن و لە ئاستی دیکەدا قسەیان لێوە بکرێت. ئەم کردەیە لەو ڕووبەرە زانراوەدا دەست پێ دەکات و بەرەو نەزانراو مل دەنێت، کە لێرەدا هەم پرسیار لەبارەی چەمکەکانەوە ئاڕاستەی نووسەر دەکرێت، هەم لێک دەدرێنەوە و هەم دایەڵۆگ لەگەڵ کەناڵە فەلسەفییەکانیش دادەمەزرێنرێت. وشەی فەلسەفە بە مانا فەرهەنگییەکەی بە کار ناهێنم، بەڵکوو مەبەستم هەر ئاڕاستەیەکە، کە لە ئاستی ئاماژەدا چەمکەکان لێک دەداتەوە. هەندێجار پەنا بۆ نوکتە دەبەم و هەندێجار بۆ

مێژوو دەگەڕێمەوە، تا زیاتر پێشانی بدەم بابەتەکە تا چ ئەندازەیەک کۆمەڵایەتییە و چەند لە دنیای ئاماژە دوورە. پێکەنین و قاقایش دوو توخمی گرنگی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەن، کە لەو گفتوگۆیەی (ئارام حاجی) لەگەڵیدا کردووم و (مالّی وەفایی) لەژێر ناونیشانی (ڕاڤەی چەمکەکان لە جیهانی ئاماژەدا)دا چاپی دەکات، گەشتێکم بەناو فەلسەفەدا کردووە، تا پێشانی بدەم ئەوانە (پێکەنین و قاقا) خاوەنی چ قورساییەکن. ئەو خوێنەرەی ئاگای لە بەرهەمەکانی پێشووم بێت، دەزانێت سالّانێکە بەم مێتۆدە ڕووبەڕووی ئەم دۆخە دەبمەوە.

ڕەنگە پێویست نەکات بیلّێمەوە، کە ئەوەی من لێوەی دەدوێم، تەنیا چەمکە، نەوەک نووسەر. ئینجا ئەگەر نموونە لە بەرهەمی کەسانێکی دیاریکراو دەهێنمەوە، ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە ئەوانە سالّانێکە وەها خۆیان ناساندووە لە بواری هزر و ڕەخنەدا کار دەکەن. هەندێکیان دەستیان بەسەر دامودەستگەی ڕاگەیاندنی فەرمی، نیمچەفەرمی و نافەرمییشدا گرتووە، کە لە ڕێی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی

ڕەخنەیی دەدەن. پێویستە بگوترێت لەبەر ئەوە ڕووبەڕووی ئەوانە نابمەوە، کە لە دامودەستگەی حزبدا کار دەکەن، بەڵکوو لەبەر ئاستی نووسین و شێوازی کارکردنیانە، دەنا کەسانێک هەر لەو حزبانەدا هەن و جیاوازن. نە لەم ئاستەدا دەنووسن و نە هەمان شێوازیشیان گرتووەتە بەر. وەک چۆن من بەم مێتۆدە ڕووبەڕووی بەرهەمیان دەبمەوە و هەوڵی تێپەڕاندنیان دەدەم، ئەوە هیی منیش لە بەردەم هەموو ڕەخنە و ڕاڤەیەکی جیاوازدا کراوەیە. ئامادەی دایەڵۆگم. لە هەر ڕستەیەکم بەرپرسیارم، کە لێرەدا دەینووسم. وەڵامی هەر خوێنەرێک دەدەمەوە، ئەگەر لەبارەی چەمکێکەوە، یان لەبارەی سەرچاوەیەکەوە، کە بە کاری دەهێنم، پرسیار بکات. پێم وایە هەر هەوڵێکی تری دەرەوەی دایەڵۆگ بۆ ئاستی کۆمەڵایەتیمان دەگەڕێنێتەوە و لە ڕاڤەی چەمکەکانمان دوور دەخاتەوە. ئەگەر من ئامادەی دایەڵۆگم و بۆچوونە جیاوازەکان بە هەند وەردەگرم، ئەوە پێم وایە بوار بۆ هیچ ڕێیەکی تر نامێنێتەوە.

سادەیی و ئاڵۆزی لە سەردەمی ڕوانگەدا

ئەم دوو چەمکە بە درێژاییی مێژووی نووسین هاتوونەتە پێشێ. لە دنیای ئێمەیشدا باسێکی نوێ نییە و بەردەوام قسەی لێوە کراوە، بە تایبەتی لە سەردەمی ڕوانگەدا، بگرە دەتوانم بڵێم بە گشتی مشتومڕی ڕوانگەییەکان و ئەوانەی ڕەخنەیان لەو تەوژمە ئەدەبییە گرتووە، پێوەندیی بەو دوو چەمکەوە هەیە. دیارە وەک هەمیشە گوتوومە ئەم سەرەتایە بۆ ئێمە بایەخێکی بەرچاوی هەیە. ئەو بەریەککەوتنە جوواڵەیەکی نوێ دەخاتە مێژووی نووسینمانەوە، بگرە وا دەکات هەردوو لایان پەنا ببەنە بەر چەند سەرچاوەیەکی ئەدەبی و هزری، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم ئەگەر بە سادەییش بووبێت بایەخ بە لایەنی تیۆری دراوە و ئەمەیش وای پێویست کردووە نووسەران دایەڵۆگ لەگەڵ کەناڵە جۆراوجۆرەکانی زانین دابمەزرێنن، بەو مانایەی هەوڵیان داوە ئەم چەمکانە لە ئاستی میللییەوە، یان لە دۆخی شمەکەوە بۆ دۆخی ئاماژە ببەن و لە ئاستی دیکەدا لێکیان

بدەنەوە، بگرە خوێنەر لەو دایەلۆگەدا ببێتە کارەکتەرێکی چالاک و گوێ لە دەنگی بگیرێت.

بە سەیری نازانم، کاتێ دەبینم بە گشتی دەقی ئەدەبی لە حەفتاکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت و هونەری نووسین بایەخی زیاتری پێ دەدرێت. بەم شێوەیە حەفتاکان و هەشتاکان دوو دەیەن، کە تێیاندا داهێنەران بە شێوازی جیاواز لە هیی پێشوو ڕووبەڕووی ئەو ئاڕاستەیە دەبنەوە، کە دەیەوێت ئەدەب ڕوون و ئاسان بێت، بە مانایەکی دی، لە ئاستی زمانی خەڵکدا بمێنێتەوە، بۆیە شێوازی نووسین گەشە دەکات و لە بەرهەمی کۆمەڵێک نووسەردا ڕەنگ دەداتەوە. نەک تەنیا شیعر، چیرۆک و شانۆ گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵکوو قسەکردنیش لەبارەیانەوە دەچێتە دۆخێکی تر و تێیدا تا ڕادەیەک دایەلۆگ شوێنی بڕیار دەگرێتەوە، بەو مانایەی چەمکەکان ئەگەر بە سادەییش بێت، لەژێر ڕۆشناییی تیۆرییەکاندا لێک دەدرێنەوە و لە زمانی ڕۆژانە دوور دەخرێنەوە، کە ئەمە هاوکات کەمبوونەوەی هەڵەی لۆجیکییشە. کاتێ دەڵێم (چەمکەکان لەژێر ڕۆشناییی تیۆرییەکاندا لێک دەدرێنەوە)، مەبەستم

دامەزراندنی دایەلۆگە لەگەڵ ئەو سەرچاوانە، نەوەک بەکارهێنانیان وەک قاڵب و کلێشە.

ئەگەر نووسەرانی ئەدەبی ڕوانگە ویستوویانە گۆڕانکاری لە شێوازی دارشتن، دەربڕین و گەیاندندا بکەن، بەو مانایەی بڵێن ئەدەب کردەیەکی میکانیکییانە نییە، تا ڕاستەوخۆ ماناکان بگوازێتەوە، بەڵکوو وێنەی شیعری تەنیا کاتێ پێک دێت، کە توخمەکان ئاستی زانراوی شمەک جێ دەهێڵن و لە ئاستی نەزانراوی ئاماژەدا بەر یەک دەکەون؛ لەو بەریەککەوتنەیشدا دۆخیان دەگۆڕێت و شێوەی نوێ بە دەستەوە دەدەن، کە ناکرێت خوێنەر ڕاستەوخۆ ماناکان وەربگرێت، ئەوە لە بەرانبەردا ڕەخنەدۆزان هەوڵیان داوە پێ لەسەر چەمکی سادەیی دابگرن، گۆیە ئەدەب پێویستە بۆ هەمووان بێت، بە تایبەتی بۆ ڕەنجدەران.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو ئاڕاستەیە وەک گوتم پێشتر لە مێژووی نووسینماندا وێنەی نەبووە و بایەخێکی بەرچاوی هەیە، چونکێ هەردوو لایان پەنایان بردووەتە بەر لایەنی تیۆری و ویستوویانە کەناڵی نوێ لەناو زماندا بکەنەوە. لێرەدا بەکارهێنانی ئاڕاستەی یەکەم و دووەم نە

بەو مانایەیە پۆلێنیان بکەم و نە مەبەستیشمە بڵێم ئەمیان لەویان باڵاترە، بەڵکوو پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە سەرەتا دەق دەخرێتە ڕوو، ئینجا ڕەخنە دەردەکەوێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. دیارە ئەگەر ئەمە لەگەڵ نووسەرانی ئەوسای دنیای عەرەبیدا بەراورد بکەین، لەگەڵ پارێزی زۆرم بۆ زاراوەی (دنیای عەرەبی)، دەبێت بڵێین زۆر لەدوایانین، کە ڕێک لەم کاتەدایە چوار بەشەکەی کتێبی (الثابت والمتحول: في الإبداع والإتباع عند العرب)ی (ئەدۆنیس) چاپ دەکرێن. وەک لە ناونیشانەکەیدا دیارە پڕۆژەکە لەبارەی چەسپاو و بگۆڕ، داهێنان و شوێنپێهەڵگرتنەوەیە، کە دەکرێت بڵێین پێوەندییان بە سادەیی و ئاڵۆزییشەوە هەیە، بەڵام پێم وایە ئەم بەراوردکارییە هەڵەیەکی مەعریفییە، بەوەی دۆخی کولتووری و مێژوویی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لە هیی ئەوان جودایە. ئەگەر ئەوان لانی کەم خاوەنی دوانزدە سەدەی نووسینن و لە ڕێی سریانییەکانەوە بەشێکی فەلسەفەی یۆنانییان هەر لە سەدەی نۆیەمەوە وەرگێڕاوە، بگرە ڕۆشنبیری نەتەوەکانی تر هاتوون و لەناو ئەم زمانەدا کاریان کردووە، ئەوە ئێمە لەبەر هەر هۆکارێک بووە لەم

بوارەدا نەبووینەتە خاوەنی جوولّەیەکی ئەوتۆ، لە کاتێکدا کردەی نووسین توانای هەیە وەک مەلّبەندێک بۆ بەریەککەوتنی ئاڕاستە جیاوازەکان و بەرهەمهێنانی هیی دیکە خۆی دەربخات.

کولتوورەکان بە یەک شێواز گەشە ناکەن. ئەو کولتوورەی لە دۆخێکدا گەشەکردنی سستە، دەشێت لە دۆخێکی تردا بە خێراییەکی دیکەی جیاواز بجوولّێت. گۆڕانی کولتورەکانیش پێوەستە بەو توخمانەی ناوەوەیان. داهێنان بەرهەمی بەریەککەوتنی توخمەکانە، کە هەر ئەوانە تەقینەوە بەرپا دەکەن. ئینجا چ پێوەرێک بۆ سستی و خێرایی هەیە؟ هەر واقیعێک ئەگەر بەشێکی دیارە، ئەوە بەشێکی زۆری نادیارە، بۆیە گەلێجار قسەکردن لەو بارەیەوە، قسەکردنە لەبارەی ئەوەی دیارە، لە کاتێکدا نادیار ڕووبەرێکی فرەوانی چالاکییەکانە. ئەمەیش وا دەکات گۆڕانکارییەکان بکەونە دەرەوەی پێشبینییەکانەوە. پێویستە بگوترێت دیار و نادیار دوو ڕووبەری پێچەوانە و دژ نین، بەڵکوو پێکەوەن و یەکتر دەبڕن. لە هەر جوولّەیەکدا دیار ون دەبێت و نادیار دەردەکەوێتەوە، ئەمیان دەڕژێتە

ئەویانەوە و بەردەوام شێوەی نوێ وەردەگرن، بەڵام ئایا کارەکتەرەکان لەوەدا ڕۆڵیان نییە توخمی نوێ بخەنە کولتوور و ئەم تەقینەوانەی تێدا بەرپا بکەن؟

ئێمە ئەوەتە سەرەتای حەفتاکان بە نموونە دەهێنینەوە چۆن لە ڕێی بەریەککەوتنی ئەم دوو ئاڕاستەیەوە هزر و زمان دەگەنە ئاستێکی باڵاتر. هەم کارەکتەرانی ڕوانگە و هەم ئەو کارەکتەرانەی ڕەخنە دەگرن، خەسڵەتی جوواڵەیان تێدایە و هەوڵی دامەزراندنی سەرەتایەکی دیکەی نوێ دەدەن لەناو ئەو کولتوورەدا. ئەگەر لە ڕوانگەی (ئەدۆنیس)ـەوە بڕوانین، کە لەو پڕۆژەیەیدا بەرجەستەی کردووە، ئەوە دەڵێین هەردوو لایان پێداچوونەوە بە کەلەپووردا دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن، بەڵام ڕوانینی ئەمیان لە هیی ئەویان جودایە، کە مانای ئەوە نییە زۆر لە یەکتر دوورن، بەوەی سەرەتایین و هێشتا کردەکە بە سادەیی دەچێتە پێشێ. (نیتشە) دەنووسێت: (بەر لە هەرچی پێوستمانە بەوەیە

گومانێکی ڕەها لە تێکڕای ئەو چەمکانە بکەین، کە بە میرات بۆمان ماونەتەوە.).([4])

هەردوو ئاڕاستەکە بەو چەمکانەدا دەچنەوە و هەوڵ دەدەن ڕوانینی جیاواز لە ئاستیاندا بخەنە ڕوو، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم بە کردەیی مێژووی ڕەخنەمان لەوێوە دەست پێ دەکات و بیست ساڵ بەم ڕێتمە بەردەوام دەبێت، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە وردەوردە ئەو بوێرییە بۆ خۆسازاندن دەگۆڕێت. نووسەری جەماوەری نەک هەر نایەوێت دڵی جەماوەر بڕەنجێنێت، بەڵکوو مەبەستیەتی ڕازییان بکات و لەم ڕووەوە کۆمەڵێ ڕێگە دەگرێتە بەر.

پێویستە بگوترێت لەپاڵ ئەو دوو ئاڕاستەیەدا هیی سێیەمیش هەیە، کە وەک ئەوەی دووەم داوای سادەیی و ڕوونی دەکات، بەڵام وەک ئەو ناچێتە ئاستی تیۆرییەوە. نووسەرانی تەنیا لە ڕێی زمانێکی سادەوە ناڕەزایی

[4] Nietzsche, Friedrich, The Will to Power, A New Translation by Walter Kaufmann and RJ Hollingdale, Edited, with Commentary by Walter Kaufmann. New York. Vintage Books Edition: September 1968. PP.221

دەردەبڕن. دەستیان بە کەلەپوورەوە گرتووە و ڕابوردوو بە پیرۆز دەزانن. وەک گوترا ئەوانە دەیانەوێت زمان لە ئاستی میللیدا خۆی دەربببڕێت و نەهێڵێت ئەم دۆخەی بگۆڕێت. ئەم ئاڕاستەیە هەتا ڕاپەڕینیش کزە و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت، بەڵام لە ڕاپەڕینەوە تۆخ دەکرێتەوە و دەبێتە زمانی دامودەستگەکان. ڕەخنەی میللی دریژەپێدەری ئەم ئاڕاستەیەیە و ڕەخنەگری میللی، کە هەمان ڕوانینی خەڵکی بۆ چەمکەکان هەیە و بە زمانی ڕۆژانە لێیانەوە دەدوێت، وەک کارەکتەرێکی زەق دەردەکەوێت و بڕیار لەسەر شتەکان دەدات. ئەوانە ژمارەیان هەم لە زانکۆکان و هەم لە دەرەوەی زانکۆکاندا زۆرە، چونکێ نووسین بەم شێوازە ئاسانە و دەتوانێت هەمیشە بیانخاتە بەرچاوی جەماوەر. دواتر بە تایبەت بۆی دەگەڕێمەوە و لە بەرهەمەکانی پێشوویشمدا ڕووبەڕوویان بوومەتەوە.

ئەم بەریەککەوتنەی سەرەتای حەفتاکان گرنگە و تا ئەمڕۆیش کاریگەرییەکەی ماوە. ئێمە ئەگەر (شێرکۆ بێکەس) وەک شاعیری ڕوانگە و (فوئاد مەجید میسری)

وەک ڕەخنەدۆزێک، کە ڕەخنە لەو ئاڕاستەیە دەگرێت، بە نموونە بهێنینەوە، ئەوە دەکرێت هەردووکیان بە گرنگ بزانین، بەوەی لە سەرەتای حەفتاکاندا جوواڵەیان خستووەتە دۆخەکەوە، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەردوو لایشیان بە درێژاییی مێژوو گۆڕان بەسەر تێگەیشتنیاندا هاتووە، هەتا ئەگەر بیانەوێت نکوواڵیی لێ بکەن، یان هەتا ئەگەر خۆیشیان هەستیان بە گۆڕانێکی وەها نەکردبێت. دیارە ئەمە کارێکی سروشتییە، مادام لە هەر جوواڵەیەکدا ڕووبەری نوێ ئاشکرا دەبێت و ئەم گۆڕانکارییە لە زمانی گشتیی ڕۆژانەیشدا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئەم فۆرمە بەدەستهاتووە جارێکی تر ڕووبەڕووی نووسەر دەبێتەوە. لێرەوە دەکرێت بڵێین سادەیی و ئاڵۆزی دۆخن، کە پێوەندییان بەو کردەیەوە هەیە، دەنا دوو شتی دژبەیەک نین وەک ئەوەی لە ڕەخنەی میللیدا دەگوترێت. ئەوەی بە گشتی دوێنێ ئاڵۆز بوو، ئەمڕۆ سادەیە؛ ئەوەی ئەمڕۆیش ئاڵۆزە، سبەی سادە دەردەکەوێت. بە درێژاییی نامەکە هەوڵ دەدەم ئەم باسە بوروژێنم و لە گۆشەی جیاوازجیاوازەوە سەرنجی بدەم، تا زیاتر وردەکارییەکان بخەمە ڕوو.

لە سەردەمی ڕوانگەدا ناڕەزایی لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە، گۆیە نووسەرانی ئەم تەوژمە ئاڵۆز دەنووسن و کەس لێیان تێناگات، بەڵام ئەگەر خوێنەری ڕەخنەدۆزی ئەمڕۆ بە چاوی ڕەخنەوە بۆیان بگەڕێتەوە، دەبینێت زۆرینەیان سادەن، چونکێ وەک گەلێجاری دی گوتوومە نووسین زمانی ڕۆژانە تێک دەشکێنێت و تێی دەپەڕێنێت، تا لە ئاستێکی باڵاتردا دایبڕێژێتەوە، کە دیارە ئەم داڕشتنەوەیە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر بە شێوەیەک لە شێوەکان سەختە، بەڵام وردەوردە ئەو زمانە تێپەڕێنراوە دەبێتە زمانی ڕۆژانە و لەوە دەردەچێت سەخت بێت. بە مانایەکی دی، ئەو زمانەی دوێنێ هیی نووسین بوو و سەخت دەردەکەوت، ئەمڕۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان هیی ڕۆژانەی خەڵکە و سادەیە. نووسەری داهێنەر ئەم ئاستەیش تێدەپەڕێنێت و دیسان دۆخەکە دەگۆڕێت. بەم شێوەیە لە هەموو سەردەمەکاندا هەندێک خوێنەر و نووسەر ناڕەزایی دەردەبڕن، گۆیە کەسانێک ئاڵۆز دەنووسن.

ئایا ئاڵۆزی هەمیشە ئاماژەی داهێنانە؟ نەخێر. دەقی وا هەیە لەبەر هۆکاری تر ئاڵۆزە. بۆ نموونە نووسەرێک لە بەکارهێنانی وشەدا نەشارەزایە و گەمەکانی زمان نازانێت، دەربڕینەکانی ئاڵۆز دەبن، کە ئەمە هەمان ئەو ئاڵۆزییە نییە وا لە ڕێی تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەوە هاتووەتە دی. ئایا کاتێ بەم تێگەیشتنەی ئێستامان بۆ دەقێکی حەفتاکان دەگەڕێینەوە و دەبینین سادە دێتە بەرچاو، مانای وایە لە سەردەمی خۆیشیدا سادە بووە و تێپەڕاندنی نەکردووە؟ ئایا ئەو دەقە بەشدار نییە لەوەی زمان بچێتە ئاستێکی تر و نووسەرانی دیکە ئەم ئاستە بەدەستهاتووە تێبپەڕێنن؟

ئاڕاستەی من هەم لە هیی (میسری) و هەم لە هیی (بێکەس)یش جیاوازە، بەڵام ئایا کاریگەریی ئەوان بەسەر تێگەیشتنی من و هیی ئەوانەی تریشەوە جێ نەماوە؟ ئەگەر (بێکەس) لە تەمەنی نووسینیدا چەند دیوانەشیعرێک بەرهەم دەهێنێت، ئەوە (میسری)یش لە بوارەکەی خۆیدا کۆمەڵێک کتێب و وتار دەخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

کاریگەریی ئەو گفتوگۆیانەی لەبارەی سادەیی و ئاڵۆزییەوە کراون

لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا دوو کتێبی جیاواز دەکەونە بەردەستی خوێنەر، (کازیوە)ی (شێرکۆ بێکەس) و (شیعر هەڵوێستە)ی (حەمەسەعید حەسەن). ئەمیان دەیەوێت بەردەوامی بەو ئاڕاستەیەی ڕوانگە بدات و ئەویان مەبەستیەتی بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیایەی لە دیدگەیەوە دەنووسێت، جەخت لەسەر چەمکی ڕوونی بکاتەوە. ئەو هەوڵەی (حەسەن) بە شێوەیەک لە شێوەکان دڕێژکراوەی مێتۆدەکەی (میسری)یە، بەڵام مانای ئەوە نییە هەمان شتە، بەڵکوو سەرچاوەیەکی ئایدیۆلۆجیی هاوبەشیان هەیە و هەر یەکەی بە شێوازی خۆی دەیخاتە کار. بە خوێندنەوەی خۆم (کازیوە) گۆڕانکارییەکی بەرچاوە نەک تەنیا لە شیعری کوردیدا، بەڵکوو لە شێوازی (بێکەس) خۆیشیدا، چونکێ پێوەندیی بەو دۆخەی پاش شکستی شۆڕشی ئەیلوولەوە هەیە. شاعیر ئەگەر پێشتر، بە تایبەتی لەو چوار ساڵەی دانوستاندا تا ڕادەیەک ڕاستەوخۆ ماناکانی

دەگەیاند، ئەوە ئێستا لەژێر چاودێریی چڕی بەعسدایە و هەوڵ دەدات زیاتر پەنا بۆ ناڕاستەوخۆیی ببات. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم ئەم دۆخە سیاسییە ئەگەر زیانی بە ژیانی شاعیر گەیاندووە، ئەوە خزمەتی بە هونەرەکەی کردووە، کە ڕاستییەکەیشی هونەر لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکاندا لە دایک دەبێت و لەو دۆخانەدا گەشە دەکات، کە نائاساییین.

(بێکەس) هاوکات لەژێر ناوی (جوامێر)دا چەند دەقێکی شیعری دەنووسێت و ڕەوانەی شاخیان دەکات. ئەوانە ئەگەرچی بە ئەدەبی ڕووبەڕووبوونەوە دادەنرێن و بۆ ئێمەی کورد لەو سەردەمەدا گرنگن، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە نەک هەر بەوانەی (کازیوە) ناگەن، بەڵکوو تا ڕادەیەک سادەیشن. (کەشکۆڵی پێشمەرگە) وەک شاعیر خۆی دەڵێت: (سادە ئەدوێ وەکوو ڕاستی... وەکوو هەژارانی وڵات). کاتێ دەڵێم ناگاتە ئاستی (کازیوە)، ئەوە لەوە دووری ناخەمەوە ئەزموونێکی گرنگی شیعرییە. (شیعر هەڵوێستە) ڕووبەڕووی (کازیوە) دەبێتەوە. کاتێ ئەوە لە بەرچاو دەگرین، کە نامیلکەکە لە حەفتاوهەشتدا نووسراوە و لە حەفتاونۆدا چاپ کراوە، ناکرێت بە

گۆڕانێکی بەرچاوی دانەنێین لە بواری تۆێژینەوەدا، بگرە لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەدا، کە جەختکردنەوەیە لەو بەهایەی لە سەرەتای حەفتاکاندا مێژووی نووسین و هزرمان دەیناسێت.

هەمیشە گوتوومە (کازیوە) و (شیعر هەڵۆێستە) وا دێنە بەرچاو دژی یەکن، بەڵام ڕاستییەکەی جووتێک بەرهەمن، ئەمیان دەڕژێتە ئەویانەوە، بەوەی هەردووکیان ئاستی زانراویان جێ هێشتووە و چوونەتە ئاستی ئاماژەوە، کە لەوێدا ماناکان لەژێر دەستەڵاتی نووسەرەکانیان دەرچوونە و ئازادانە جوولاونەتەوە. گوتمان (حەسەن)ی نیوەی دووەمی حەفتاکان بە هەمان مێتۆدەکەی (میسری)ی سەرەتای حەفتاکان کار دەکات، بەڵام سەرنج دەدەین لە (میسری) زیاتر بایەخ بە لایەنی هونەری دەدات. زۆریشی لەو وتارەی (حسێن عارف) تێپەڕاندووە، کە لە ژمارە دووی گۆڤاری (ڕوانگە)، لەژێر ناونیشانی (گیانی یاخی بوون و بە گژاچوون لە شیعری نەوەی نوێماندا)دا نووسیویەتی.([5])

[5] گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە2، چاپخانەی (النعمان) لە نەجەف، 1971، ل. 72_54

شێوازی (شیعر هەڵوێستە) تۆکمەترە و زیاتر مەرجەکانی ئەکادیمیی تێدان. زمانەکەی هەر ئەوە نییە ئاستی باوی ڕۆژانەی جێ هێشتووە، بەڵکوو چووەتە ئاستی دایەڵۆگ و لەو ڕێیەوە ئاوێتەی زمانی نووسەرانی دیکە بووە، بەو مانایەی چەند سەرچاوەیەکی بە سەر کردوونەتەوە. لێی وەرگرتوون و لە ئاسمان (سپەیس)ی دەقەکەدا شوێنی پێ داون. ئەمە بە پلەی یەکەم وای کردووە (شیعر هەڵوێستە) لەو سەردەمەدا تەقینەوەیەک بەرپا بکات، کە هاوشانی تەقینەوەی (کازیوە)یە، بگرە دەنگی تەقینەوەی (کازیوە) تەنیا کاتێ دەبیستریێت، کە (شیعر هەڵوێستە) هیی خۆی بەرپا دەکات. ئەم جووتە تەقینەوەیە نیوەی دووەمی حەفتاکان دەهەژێنن و خوێنەر چالاکتر دەکەن، کە بەشێکی زۆری نووسینەکانی هاوچەرخیان لێی بێبەشن. سەردەمێکە و بە هۆی شکستی شۆڕشەوە کپی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە. لێرەدا بایەخی ئەدەب دەردەکەوێت، کە نەک هەر ناکرێت بە پاشکۆی سیاسەتی دابنێین، بەڵکوو خودی سیاسەت لەو واقیعە فۆرم وەردەگرێت وا ئەدەبی داهێنەرانە پێکی هێناوە. ئەو لاوانەی لە سەرەتای هەشتاکاندا ڕووبەڕووی بەعس دەبنەوە و تا ڕادەیەکی زۆر

بااڵدەستیی داموودەستگەکانی ئەمن بەسەر کۆمەڵگەوە ناهێڵن، بگرە دۆخێک پێک دەهێنن، تێیدا مرۆڤ بتوانێت ئازادانە بۆچوونی دەربببڕێت، ئەوە زۆریان خوێنەری ئەو نووسەرە یاخییانەن. تەنیا (میسری)، (بێکەس) و (حەسەن) نا، بەڵکوو کۆمەڵێکی دیکەیشیان. لەم سەردەمەدا وشە لە گوللە زیاتر بایەخی هەیە، کە ئەمە گۆڕانێکە و بەسەر تێگەیشتنی گشتیدا هاتووە. (دلێر سەلیم) لەبارەی کۆمەڵەوە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (وەلید عومەر)، (سۆران کۆستە) و مندا کردووە، کە لەوێدا هەوڵم داوە وردتر لەم دۆخە بدوێم. دەکرێت بڵێم ئەم دۆخەی ڕوانگەیی و ڕەخنەدۆزان پێکیان هێناوە، هێز بەو ڕێکخراوە دەدات، وەک چۆن هێزیشی لێ وەردەگرێت. سەیر نییە، ئەگەر دەبینین کۆمەڵە بەو ئەندازەیەی ڕێکخراوێکی سیاسییە، کولتووریشە. کارەکتەرەکانی پێوەندییان بە ئەدەب و هونەرەوە هەیە، کە کەسێتییەکی وەک (شاسوار جەلال: ئارام) لە دۆخەکە دوور نییە، بگرە لەم کارەکتەرە ئەدەبییانەوە نزیکە. لەو ڕۆژگارەیشدا نووسینەکانی هەر لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا باڵاو دەکاتەوە، کە بووەتە مەڵبەندی ململانێی هەردوو ئاڕاستەکە. ئەمە لە مێژووی سیاسیماندا دەگمەنە، ئەگەر

نەڵێم بێوێنەیە. دیارە ئەوەیش سەیر نییە، ئەگەر کۆمەڵە تا ساڵی (1983) بە شێوەیەک لە شێوەکان پارێزگاریی لەم تایبەتمەندێتییەی کردووە، تەنانەت لە شاخیشدا زۆرترین نووسەری ئەدەبی و هونەرمەندی گرتووەتە خۆی. لە گۆڤارەکاندا دەقی ئەدەبی بایەخی پێ دراوە و لە ڕەیدیۆدا ئەو دەقانە پەخش کراون.

پرسیار ئەوەیە ئایا هەم کاریگەریی ڕوانگەییەکان و هەم هیی ڕەخنەدۆزانی پێشوو لەم کارەی (حەسەن)دا ڕەنگی نەداوەتەوە؟ بە خوێندنەوەی خۆم ئەم ڕەنگدانەوەیە هەیە و کارێکی سروشتییە، بگرە گرنگیشە. وەک گوتمان نووسەر بایەخی بە لایەنی هونەری داوە، کە ئەوەی وا دەکات دەقێک بچێتە دۆخێکی باڵاترەوە، هونەری دارشتن، دەربڕین و گەیاندنە. هەرسێکیان تەواوکەری یەکترن، بگرە جوداکردنەوەیان سەختە. بە مانایەکی دی، ئاڵۆزی بەرهەمی ئەو تێپەڕاندنەیە، کە تەکنیکەکانی نووسین دەیهێنن، بەڵام وەک گوترا ئاڵۆزی دژی سادەیی نییە. (حەسەن) ئەگەرچی بە شێوەی ئەکادیمی بایەخی بە زمان نەداوە، بەڵام وردبینیی ئەو لە چۆنیەتیی نووسیندا دەکەوێتە

سەرووی هەموو ئەوانەی دیکەوە، ئەگەر نەڵێم ئەو تێگەیشتنەی گۆڕیی، گۆیە بایەخدان بە زمانەوانی تەنیا هیی بواری ئەکادیمیایە. بە کردەیی پێشانی دا هیی هەموو بوارەکانە، بگرە هونەرێکە و پێوەندیی بە داهێنانەوە هەیە. دیارە مەبەستم لەو سەردەمەیە و تەنیایش باس لە ئاستی ڕێنووس، نژوە و خاڵبەندی دەکەم، دەنا زمانەوانی (linguistic) بە مانا فەلسەفییەکەی هەمووی چەند ساڵێکە بایەخی پێ دەدرێت. دیارە هەوڵەکانی (مەسعوود محەمەد) و (د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف) بۆ نموونە تا بڵێی گرنگن. (فەرهاد شاکەلی)، (دیاکۆ هاشمی)، (کارا فاتیح) و هەندێکی دیکە لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا کاری گرنگیان هەر لە بواری زمانەوانیدا کردووە. توانیویانە ئەو تێگەیشتنە فرەوانتر بکەن، کە (هەژار موکریانی)، (عەلائەدین سەجادی) و ئەوانەی دی لە زووەوە خستوویانەتە ڕوو.

ئایا هەمان کاریگەریی ئەو گفتوگۆیانەی نیوەی یەکەمی حەفتاکان بەسەر (کازیوە)یشەوە هەیە؟ بەڵێ. ئەگەر بڕوانینە (شیعر هەڵوێستە)، دەبینین (حەسەن) ئاماژە بە وتارێکی (بیری نوێ) دەکات، کە نووسەرێک لەژێر ناوی

(هەندرێن)دا نووسیویەتی و تێیدا دەڵێت ڕیالیزمی سۆسیالیستی بەسەر ئەزموونەکەیدا زاڵە.([6]) منیش وەک (حەسەن) دەڵێم ئەم بۆچوونە پەلەکردنی پێوە دیارە، بەڵام دەکرێت وای بخوێنینەوە، کە (بێکەس) هەتا ئەگەر ئاگایشی لێ نەبێت، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی (میسری)، (فوئاد قەرەداغی)، (فازیلی مەلا مەحموود) و ئەوانەی ترەوە، کە دیسان دەڵێم شتێکی ئاساییە، مادام ئەو ڕوانینە جیاوازانە چوونەتە ناو ئیپستیمەکە و بە شێوەیەک لە شێوەکان زمانی گشتیی ئێمەیان گۆڕیوە. پێشتریش گوترا نووسینی داهێنەرانە تێکشکاندن و تێپەڕاندنی ئەم زمانە گشتییەیە. هەتا ئەگەر نووسەرەکان خۆیشیان بە مانا فرەوانەکەی لە چەمکی دایەڵۆگ نەگەیشتبن، ئەوە ئەو توخمانەی لە ڕێی ڕووبەڕووبوونەوەوە خستوویانەتە گۆڕەپانە نافیزیکییەکەوە، خۆیان بەر یەک کەوتوون و ئەنجامی نوێیان بە دەستەوە داوە. بە مانایەکی دی، توخمەکان

[6] حەسەن، حەمەسەعید، شیعر هەڵوێستە (ئاوڕدانەوەیەکە لە کازیوەی شێرکۆ بێکەس)، چاپخانەی ڕاپەڕین_ سلێمانی، 1979، ل. 10

خۆیان ئەو دایەڵۆگەیان لەو گۆڕەپانە نافیزیکییە دامەزراندووە.

(میسری) ڕۆشنبیرێکی دەگمەنی سەردەمەکەیەتی. بە چاوپۆشین لەوەی سەرچاوەیەکی ئایدیۆلۆجیی هەیە، نووسەرێکی هۆشیارە و هۆشیارییەکەی بەرهەمی جوولّەیە، کە لەبەر ئەوەیشە دەتوانێت بە هێزێکی گەورەوە ڕووبەڕووی ئاڕاستەکەی تر ببێتەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە وزەی گەورەی بە دۆخی کولتووریی سەردەمەکەی داوە. بە هۆی (میسری)یەوە ئاڕاستەیەکی نوێ دێتە ناو دنیای تێگەیشتنمانەوە، کە لەگەڵی بین، یان نا، ئەم جوولّەیە لە بواری فرەدەنگیدا گرنگە و توخمی تر دەخاتە گۆڕەپانە نافیزیکییەکەوە. لەم سەردەمەدا ئەدەبیاتی چەپ بە هێزێکی دیارەوە دەردەکەوێت و ڕێتمی ئەم پێکدادانە زیاتر جۆش پێ دەدات. ئەگەر لە دیدگەی (هانس-جۆرج گادامەر)ی فیلۆسۆفەوە لێی بڕوانین، ئەوە دەکرێت بڵێین ئەمە دەبێتە کەلەپوورێک و دەخزێتە ناو هزری کۆمەڵایەتییەوە، کە حەقیقەت پێک دەهێنێت و دواتر لە کردەی دایەڵۆگدا تێدەپەڕێنرێت. لە دەرفەتێکدا بۆ ئەم

ڕوانینەی (گادامەر) دەگەڕێمەوە، تا زیاتر لەبارەیەوە بنووسم. ڕاستییەکەی پێشتریش دەستم بۆ کاری وەها بردووە، بە تایبەتی لە گفتوگۆکەی (حاجی)دا. پێویستە دیسان بگوترێت ئەم گۆڕانکارییە لە (کازیوە) و (شیعر هەڵوێستە)دا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەگەر باس لە ئەزموونی خۆم بکەم لەبارەی خوێندنەوەی ئەو دوو بەرهەمەوە، ئەوە دەڵێم کاتێ چاپ دەکرێن، لە قۆناغی ناوەندیدام. پێشتر وەک زۆر فێرخوازی تر نەک هەر (بێکەس)ی کوڕ، بەڵکوو (بێکەس)ی باوکیشم دەناسی. ئەو سەردەمە بە هۆی دۆخی یازدەی ئادارەوە هەم لە گەڕەک و هەم لە فێرگەدا بایەخ بە شاعیران دەدرا، بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی بەرگرییان لە بەهای پێشێلکراوی کورد و سەربەخۆیی کوردستان کردووە. من خۆم بەشێکی ئەو شیعرانەم لە بەر بوون و دەمگوتنەوە. (مامۆستا ڕەمزی وەلی عەلی)، کە ڕۆشنبیر و وەرزشەوانێکی دیاری ئەو سەردەمەیە، لە فێرگەی زێوەری سەرەتاییدا کتێبخانەیەکی داناوە و کتێبی لا دەهێنین، بگرە لەبارەی هەر یەکێکیانەوە قسەمان بۆ دەکات. لەو

ڕۆژگارەدا دەتتوانی (تریفەی هەڵبەست) و (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ) لە زۆر شوێندا ببینیت، بەڵام (حەمەسەعید حەسەن) لە ڕێی (ئیدریس پیرداوود)ی شێوەکارەوە (یادی زیندووە) دەناسم، کە بە تەمەن لە ئێمە گەورەترە. ئەم دوو بەرهەمە دەهێنێتە فێرگە و بۆمانیان دەخوێنێتەوە، بگرە بە هۆی ئەوەوە خۆیشم دەیانکڕم. هاوڕێیانی گەڕەکیش بە تایبەتی (ئەحمەد محەمەد)، کە دواتر لە زانکۆدا دەبێتە یەکێک لە ڕابەرانی خۆپێشاندان و بەو هۆیەوە کوردستان جێ دەهێڵێت، لە خوێنەرە دیارەکانە و هەردووکیانی هەن، بگرە ڕۆژانە بە هۆی ئەوەوە لەو بارەیەوە قسە دەکەین. (تاڤگە و بنار) و (وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان)یش، کە جووتێ بەرهەمی تری ئەو نووسەرەن، هەر لەم سەردەمەدا دەناسم و دەیانخوێنمەوە. ئەم گفتوگۆیانە نابڕێنەوە و لە ئامادەیی ڕزگاریدا، کە مەڵبەندی فێرخوازە یاخییەکان و چاوگی ڕووبەڕووبوونەوەی بەعسە، چاکتر لێیانەوە دەدوێین. هەندێک هاوڕای (بێکەس) و هەندێک بۆچوونەکانی (حەسەن) بە دروست دەزانن، بەڵام هەندێکیش تەنیا دەیانخوێننەوە، بێ ئەوەی بڵێن (حەسەن)

چەند لە خوێندنەوەی شیعرەکاندا وردبینە و شیعرەکانی (بێکەس) لە چ ئاستێکی هونەریدان.

ئەم گفتوگۆیانە لەو سەردەمەدا گرنگن، بەوەی وا دەکەن ئێمەی خوێنەر بۆچوونی جیاوازی خۆمان دەربڕین و لەو ڕێیەوە زانیاریی نوێ بە دەست بهێنین، بگرە ئارەزووی خوێندنەوەمان زیاتر ببێت و لەم ڕووەوە کۆمەڵێک سەرچاوەی دی بناسین. ئەمڕۆ ئەگەر لێم بپرسن چ بەرهەمێک لەو سەردەمەدا زۆرترین گفتوگۆی لێوە کراوە، ئەم دووانە هەڵدەبژێرم. ئێستایش هەندێک لەو گفتوگۆیانەم بە بیر دێنەوە، کە لەو بارەیەوە دامانمەزراندوون، بە تایبەتی لە باخی گڵکەند و پارکی ڕووناکیدا، بەڵام لە ڕۆژگاری زانکۆیشدا ئەم باسە دەهاتە پێشەوە و لە ئاستێکی دیکەدا گفتوگۆکان بە ڕێوە دەچوون. هاوڕێیان دەزانن هەمیشە گوتومە تێگەیشتنی من بەرهەمی ئەو جوولّەیەیە، کە تا ئەمڕۆیش هەوڵی تێپەڕاندنی دەدەم.

ئەگەر بەریەککەوتنی ئەم دوو ئاڕاستەیە لە سەرەتای حەفتاکانەوە جوولّەی لێ بەرهەم دێت و تەکان بە کولتووری نووسینمان دەدات، ئەوە ئاڕاستەی سێیەم

دەکەوێتە دەرەوەی ئەم کردەیەوە، بۆیە نە هێزی پێدانی هەیە و نە هیی وەرگرتنیش، بەڵکوو وەک گوترا دەستی بە کەلەپوورەوە گرتووە و بەو شێوە چەسپاوەی خۆی درێژ دەبێتەوە. ناوەناوە نووسەرانی ئەم ئاڕاستەیە لەجیاتیی ئەوەی خۆیان بە تیۆرییەوە خەریک بکەن، پەنا دەبەنە بەر ناڕەزایی. دەبۆڵێنن، گۆیە دنیا گۆڕاوە، شیرازەی کۆمەڵ لە بار یەک چووە، زمان شێواوە و کەس لە کەس ناگات. دەسا ئاوها بڕوات، عاقیبەتمان باش نابێت. ئەگەر خوێنەرێکی ڕەخنەدۆزی ئەمڕۆ بۆ ئەو دەقانە بگەڕێتەوە، کە ئەوان بە ئاڵۆزیان دەزانین، دەبینێت چەند سادەن.

ئێمە لە سەرەتای حەفتاکاندا لەپاڵ (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیردا (حسێن عارف)ی چیرۆکنووسمان هەیە، کە ئەندامێکی ڕوانگەیە و هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی گێڕانەوە دەدات. نەک هەر چیرۆکی هونەری دەنووسێت، بەڵکوو دەتوانێت لەبارەی تیۆریی ئەدەبی گێڕانەوەیشەوە وتاری گرنگ بخاتە بەردەستی خوێنەرەوە. چەند جارێکی دی گوتوومە لە سەرەتای حەفتاکاندا لەبارەی شەپۆلی هۆشەوە نووسیویەتی و کتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی

نوێدا)ی (ڕۆبەرت هەمفری) بە خوێنەر ناساندووە، کە ئەم بەرهەمە هێشتا لە زانکۆکانی خۆرئاوادا بایەخی پێ دەدرێت و بەردەوام چاپ دەکرێتەوە. لە ژمارە یەکی گۆڤاری (ڕوانگە)دا بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی کات و شوێن لە هونەری چیرۆک نووسیندا)دا بڵاو کردووەتەوە، کە تێیدا گوتوویەتی کات فرەڕەهەند و بێسنوورە، بۆیە دەستنیشان ناکرێت؛ نە سەرەتای دیارە و نە کۆتاییی، تەنانەت دەڵێت کات و شوێن لە یەکتر جودا ناکرێنەوە.([7]) ئەمە لەگەڵ تێگەیشتنی (باختین)دا ڕێک دێتەوە، کە ناوی (شوێنکات: کرۆنۆتۆپ)ی لێ دەنێت و دواتر هەوڵ دەدەم بە وردی باسی بکەم. دەتوانین ئەو ڕوانگەیەی (نیتشە)یش هەر لەم وتارەیدا ببینین، کە لێیەوە دەڕوانێتە کات و ناوی پاتەبوونەوەی هەمیشەیی (eternal recurrence)، یان (Eternal return)ی لێ دەنێت، بەو مانایەی کات بە هێڵێکی ڕێکدا ناڕوات، بەڵکوو بازنەییە. ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو لە یەک جودا ناکرێنەوە. کات لە بازنەیەکی بێکۆتادا پاتە

[7] گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، چاپخانەی (النعمان) لە نەجەف، 1971، ل. 69_57

دەبێتەوە. ڕووداوەکان هەمیشە و بە هەمان شێوە ڕوو دەدەنەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: [چڕتووک (dwarf) بە سووکایەتییەوە بڵماندیی: هەر شتێک ڕێک بێت، درۆیە. هەموو حەقیقەتەکان پێچاوپێچن؛ کات هەر خۆی بازنەییە).[8] ئەو هەوڵانەی (عارف) خاوەنی هێزی گەورەن، لە کاتێکدا ئەمڕۆ هەندێک ڕۆمانتووسی جەماوەری بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک باس لە ڕۆمان دەکەن. هەندێک گوتەیان دەربڕیون، تەنانەت جەماوەر پێیان پێکەنیون.

تێگەیشتنی (عارف)یش وەک هیی (بێکەس) و (میسری) کاریگەری جێ دەهێڵێت، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی گێڕانەوەدا، کە ئەم کاریگەرییە بۆ نموونە لە بەرهەمی (حەمەفەریق حەسەن)دا ڕەنگ دەداتەوە. ئێستا با ئەم و (سەلام مەنمی) وەک دوو نموونە بهێنینەوە، کە هەردووکیان لەگەڵ سادەییدان، بەڵام یەکەمیان ئاڕاستەی دووەم دەگرێت و دووەمیان هیی سێیەم، بگرە (مەنمی)

[8] Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York. PP.126

دەبێتە نوێنەرێکی دیاری ئاڕاستەی سێیەم. (حەمەفەریق حەسەن) بایەخ بە هونەری نووسین دەدات و بە ئاگاییەوە تەکنیکی نوێ بە کار دەهێنێت، کە لە بەرهەمەکانی پێشوویشمدا، بۆ نمونە لەو گفتوگۆیەی (حاجی)دا ئاماژەم پێ کردووە، لە کاتێکدا دووەمیان دەست بە شێوازی کۆنەوە دەگرێت و ڕووبەڕووی شێوازی نوێ دەبێتەوە. (ڕستێک زەنگیانەی ئاوی) لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا وەرچەرخانێکە لە شێوازی گێڕانەوەدا، بەڵام (دووربین)، (جیهانێکی تایبەتی) و (قاوغەشقارتە) لە هەشتاکاندا ئەم ئاستەیش تێدەپەڕێنن. (حەمەفەریق حەسەن) لە ڕێی ئەم چیرۆکانەوە دەبێتە دەنگێکی جیاوازی ئەدەبی گێڕانەوە و لانی کەم تا ڕاپەڕین دەیپارێزێت، کە دەرکەوتنی (شێرزاد حەسەن) و (سەڵاح عومەر)یش وەک دوو ئاڕاستەی گرنگ لەم بوارەدا ناتوانن تێی بپەڕێنن، بەڵکوو هێشتا وەک کەناڵێکی گرنگ دەمێنێتەوە.

(سەلام مەنمی) شارەزاییەکی چاکی لەو وشانەدا هەیە، کە لە گونددا بە کار دەهێنرێن. دیارە ئەمە لە شوێنی خۆیدا گرنگە. ئەگەر نووسەرێک بۆ نموونە کوندە لەجیاتیی

مەشکە بە کار بهێنێت، یان لە جۆرەکانی کوندە نەگات، ئەوە خێرا دەگاتە سەری و بۆی ڕاست دەکاتەوە، بەڵام شتەکە کاتێ پێوەندیی بە هونەری نووسینەوە هەیە، ئەم شارەزاییە بێوێنەیەی فریای ناکەوێت. من خۆم بۆ یەکەمجار وشەی کوندەی گاوەستم لە نووسینی ئەودا کەوتە بەرچاو، کە کوندەیەکە و لە چەرمی گا دروست دەکرێت. لە سەرەتای حەفتاکاندا (حەمەفەریق حەسەن) کاتێ دەیەوێت چیرۆکەکانی لەژێر ناونیشانی (سێبەری ئەسپەشێ)دا چاپ بکات، ئەوە هەندێک لەوانەی پێشتر بڵاو کراونەتەوە، بە دەستکارییەوە دەخاتە کتێبەکە و هەندێکیان بە هیی خۆی نازانێت، بەو مانایەی ئەمڕۆ بۆی دەرکەوتووە لە ڕووی هونەرییەوە لاوازن. لە پێشەکییەکەیدا وای گوتووە. (مەنمی) بەو زمانە میللییەی وتارێک دەنووسێت و تێیدا دەڵێت نابێت تۆ خۆت بە باوکی مندااڵت نەزانیت.([9]) دیارە هەڵەیەکی لۆجیکییە و بە پێوەندیی ساختەی نێوان

[9] سەرچاوەکەیم دەست ناکەوێت، بەڵکوو پەنا بۆ یادەوەریم دەبەم. ڕاستییەکەی لە قۆناغی ناوەندیدا خوێندوومەتەوە، کە (فەتحی کەریم)ی هاوڕێمان سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)ی لای خۆی پاراستبوو.

شتەکان (False equivalence fallacy) ناسراوە، بەو مانایەی دوو شت، یان زیاتر بەراورد دەکرێن، کە ئەگەر لە خاڵێکدا پێک دەگەنەوە، ئەوە لە چەند خاڵی دیکەدا جیاوازن. ئایا بەرهەمی ئەدەبی و منداڵ وەک یەک وان، یان کاتێ نووسەر دەست بە شتەکانی دنیاوە دەگرێت و خۆی ماندوو ناکات، تا بیانباتە ئاستی ئاماژە و بە شێوەی تر لێکیان بداتەوە، پەنا دەباتە بەر تێگەیشتنی باو و زمانی ڕۆژانە، کە بە سروشتی خۆیان پڕن لە هەڵەی لۆجیکی. ئەرێ ڕاستە ئەوەی دەقێکی ئەدەبی بە هیی خۆی نەزانێت، ئامادەیە دەست لە جگەرگۆشەکەیشی هەڵبگرێت؟

ئایا ئەمڕۆ ئەو شێوازەی (حەمەفەریق حەسەن)ـە، یان هیی (سەلام مەنمی) ماوەتەوە و گەشەی کردووە؟ لە خۆم ڕادەبینم بڵێم ئەوەی (حەمەفەریق حەسەن) وەک چۆن بەرهەمی جوواڵەیە، ئەوە خۆیشی جووڵەی دیکەی لێ کەوتووەتەوە و دەکرێت بگوترێت لە سەردەمەکانی دواتردا لای داهێنەرانی دیکە گەشەی پێ دراوە، بەڵام تێگەیشتنی (مەنمی) درێژ بووەتەوە و ئەمڕۆ زۆر لە جاران زیاتر بایەخی پێ دەدرێت. گەلێ ڕۆمانی ناسراو بەو شێوازە

نووسراون و ڕەخنەی میللی بایەخی بەرچاوی پێ داون. ئایا ئەم ئاڕاستەیە جوولّەیەکی ئەوتۆ لە خۆی دەگرێت، تا لە ڕێی ئەو جوولّەیەوە توخمەکان بباتە ئاستی دیکە و مانای نوێیان تێدا بدۆزێتەوە، یان هەر ئەو شتانە دەلّێتەوە، کە واقیعەکە خۆی بەرهەمی هێناون؟ ئەمە ئاڕاستەی سێیەمە و وەک گوترا تا ئەمڕۆیش درێژەی هەیە، کە بە تەواوی لە ڕەخنەگری میللیدا بەرجەستەیە، بگرە هیی نووسەرە جەماوەرییەکانیشە، کە دوایی زیاتر لەم بارەیەوە دەدوێین.

(مەنمی) بەردەوام چیرۆکی دەنووسی. بابەتەکانیان زۆر سادە بوون. بەگشتی شتی ئاساییی ڕۆژانەی دەگێڕایەوە. دەکرێت بەم شێوەیە بیانهێنینەوە بەرچاو: شوانێک مەڕەکانی بردە لەوەڕ، بێرییەک بزنی دەدۆشی، لەو دەمەی پیاوێک دەچووە داران، دایکردە باران و شتی دیکەی لەم بابەتە. بەدەگمەن لەو سالّانەدا ڕێک دەکەوت گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەک دەربچێت و بەرهەمێکی ئەو نووسەرە پڕبەرهەمە نەگرێتە خۆی. دیارە خالّی گرنگی ئەو چیرۆکنووسە ئەوەیە، کە فۆلکلۆری کوردی دەخاتە

گێڕانەوەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی (باختین)ـەوە لێی بڕوانین، ئەوە دەبینین هێنانی دەنگی کۆمەڵگە و پێشاندانی ئاستەکانی ئایدیۆلۆجیایە، کە هەر لەم ڕوانگەیەیشەوە ئەم تێۆریستە بایەخ بە ئەدەبی (دۆیستۆیەڤسکی)، (ڕابلێ) و ئەوانەی تر دەدات، بەڵام (مەنمی) لەم سنووورە تێناپەڕێت و ژمارەیەکی زۆر چیرۆک هەر بەم ڕوانینە دەنووسێت. بە مانایەکی دی، ئەگەر لای (دۆیستۆیەڤسکی) فۆلکلۆر دەبێتە دەرچەیەک، تا لێیەوە بەرەو ئاستی فەلسەفی مل بنێت، ئەوە لای (مەنمی) خولانەوەیەکە بە دەوری بابەتدا. ئەم دەست بەو شێوازە ئاسانەوە دەگرێت و دەتوانێت زۆر چیرۆکی پێ بنووسێت، لە کاتێکدا (حەسەن) لە هەشتاکاندا تەنیا چەند دەقێکی بڵاو کردوونەتەوە، بەڵام لە خۆم ڕادەبینم بڵێم و پێشتریش گوتوومە تا ئەم ڕۆژگارەیش هێزی خۆیان پاراستووە. پێویستە ئەوەیش بگوترێت نە (مەنمی) خۆی بانگەشەی ئەوەی کردووە داهێنەرێکی مەزنە و نە کەسیانێکش بایەخیان بە بەرهەمی داوە. زمانەکەی لە هیی بەشێکی زۆری ئەوانەی ئەمڕۆ تۆکمەترە.

ئایا (مەنمی) تەکنیکە نوێیەکانی تاقی کردنەوە و لە ڕووی تیۆرییەوە لێی کۆڵینەوە، تا بگاتە ئەوەی بڵێت شێوازی نوێ بە کەڵک نایەت، یان بڕیاری دابوو ئەوانە بە پووچ بزانێت؟ ئەمڕۆ هەندێک ڕۆژنامە نووسەرانێکیان دامەزراندوون، بەو مەبەستەی درێژە بە ئاڕاستەی (مەنمی) بدەن و گوتەکانی بنووسنەوە. ئەوانە لە ڕێی توانجەوە، نەوەک لە ڕێی تیۆرییەوە پەلاماری ئاڵۆزی دەدەن و بە سادەییدا هەڵدەڵێن، وەک بڵێی ئەوانە دوو شتی فیزیکی بن و لە شێوەی قاڵبدا هەبن. خۆم لە بەرهەمەکانی پێشوومدا نموونەم لێ هێناونەتەوە و دواتر هەر لەم نامەیەدا هیی تریشیان لێ دەهێنمەوە. (مەنمی) ناوی فیلۆسۆف و بیرمەندانی ڕیز نەدەکردن، بەڵام هەندێک لە شوێنهەڵگرانی ئەمڕۆ دەتوانن ناوی کۆمەڵێکیان بهێنن، بێ ئەوەی ئاماژە بە بۆچوونیان بکەن.

ئەگەر ئەوانە تەنیا ڕەخنەدۆزێکی وەک (ڕۆڵان بارت) بخوێنەوە، دەزانن ئاڵۆزی خەسڵەتی دەقی کراوەیە، بەوەی ئاماژەیە بۆ هەبوونی فرەمانا و نەمانی تاکمانا، کە کرانەوەیی دەق هەر خۆی پێوەندیی بە دۆخی

پۆستمۆدێرنەوە هەیە، بەوەی حەقیقەت شتێکی چەسپاو نییە، بەڵکوو لەبەردەم ڕاڤە جیاوازەکاندا کراوەیە. ئەگەر کاری ئەدەبی هەر خۆی سیستەمێکی ئاڵۆزی مانا بێت، چۆن دەکرێت لە سادەییدا کورتی بکەینەوە؟ پێی وایە مانا لە دەقی ئەدەبیدا بە ئاسانی و ڕاستەوخۆیی بە دەستەوە نایەت، بەڵکوو دەبێت (دایەڵۆگ لەنێوان دوو مێژوو و دوو خوددا دەست پێ بکات: خودی نووسەر و خودی ڕەخنەدۆز، بەڵام ئەم دایەڵۆگە بە شێوەیەکی تەواو خۆپەرستانە بۆ ئێستا ئاڕاستەیە).([10]) ئەگەر خودی نووسەر هیی ڕابوردووە، ئەوە هیی ڕەخنەدۆز ئێستایە، بۆیە دەق ڕابوردوو پیرۆز ڕاناگرێت، بەڵکوو لە ڕاڤەیدا ژیانی ئێستا دەگرێتە خۆی. کاتێک چەق لە دەقدا نامێنێت، ئەوە کەناڵی مانا جیاوازەکان دەکرێنەوە و خوێندنەوەی جیاوازیش دەخوازن. مادام دەق نایەوێت هەموو شتێک ڕابگەیەنێت، بەڵکوو دەیەوێت بۆشایی پێک بهێنێت، زمان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بە کار بهێنێت و لە گەیاندنی مانادا

[10] Barthes, Roland, Critical Essays, Translated from the French by Richard Howard, Northwestern University Press (Evanston), 1972.PP.260

پەنا بباتە بەر ئاماژە، ئەوە ئەم کردەیە ڕاڤەی توخمەکان دەخوازێت، کە لێرەدا ئاڵۆزی دەبێتە هێزێکی ئیستاتیکی و خوێنەر لە بەردەم مانای کراوەدا ڕادەگرێت. لەمەوە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵیی نووسەر تێک دەشکێت و هیی خوێنەر بەرز دەبێتەوە، تا بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕووبەڕووی دەق ببێتەوە، نەوەک لە سێبەری نووسەردا مانا ئامادەکراوەکان وەربگرێت و بەو لێکدانەوەیە ڕازی ببێت وا لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەدا بۆیان کراوە.

ڕەخنەگرە میللییەکان بە گشتی دەستیان بە تێگەیشتنە سادەکەی ڕەخنەوە گرتووە، کە بریتییە لە دۆزینەوەی مانای ڕاست و تەواوی دەقی ئەدەبی، بۆیە دەیانەوێت ئەو دەقە ڕوون بێت و ئەوانیش ڕوونتری بکەنەوە، کە ئەم تێگەیشتنە لە ڕەخنەی نوێدا تێپەڕێنراوە، بەوەی دەق لە ئاڕاستە و ئاماژەی جیاوازجیاواز پێک هاتووە، کە مادام ناڕاستەوخۆیە، ئەوە حەقیقەتی چەسپاو ناگرێتە خۆی، بەڵکوو فرەمانایە و فرەخوێندنەوەیش دەخوازێت. (بارت) لەم ڕووەوە دەنووسێت: (هیچ کەسێک نە شتێک لەبارەی ئەو مانایەوە دەزانێت وا خوێندنەوە دەیخاتە سەر ئەو کارە

و نە لەبارەی مەدلوولیشەوە (signified). ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەو مانایە خۆی ئارەزووە و لە دەرەوەی چوارچێوەی زمان دادەمەزرێت. خوێندنەوە هەر خۆی کارەکەی خۆش دەوێت، بۆیە لەسەر بنەمای ئارەزوو پێوەندیی لەگەڵ دادەمەزرێنێت. ئارەزووەکە ئەوەیە مرۆڤ خۆی ببێتە کارەکە، بۆیە نایەوێت لێی تێبپەڕێت بۆ هیچ گوتەیەک بکەوێتە دەرەوەی گوتەی کارەکەوە.)[11]

مەبەستیەتی بڵێت دەق کراوەیە و تەنیا یەک ڕاڤەی بابەتییانە هەڵناگرێت، بەڵکوو هەر خوێنەرێک بە شێوازی خۆی مانای تایبەت پێک دەهێنێت. ئەوەی ئەم کردەیە ئاڕاستە دەکات، ئارەزووی تاکانەی خوێنەرە و لە ڕێی دایەڵۆگەوە ئەو پێوەندییە خۆشەویستییە دادەمەزرێنێت، کە ناکرێت لە دەرەوە لەو پێوەندییە بگەین. ئێمە سەختە لەوە بگەین دوو کەس چۆن یەکتریان خۆش دەوێت. دەگاتە ئەوەی بڵێت: (ڕەخنە شتێک نییە جگە لەو ساتەی تێیدا

[11] Barthes, Roland, Criticism and Truth. Translated and Edited by Katrine Pilcher Keuneman. Continuum, 2007.PP.40

دەچینە ناو ئەو مێژووەی، کە بەرەو تەنیایی، بەرەو حەقیقەتی نووسینمان ئاڕاستە دەکات.).[12] لێرەدا خوێنەر دنیای تایبەتی خۆی لە ڕێی خوێندنەوەوە پێک دەهێنێت و دەبێتە خاوەنی داهێنانی تایبەتی خۆیشی، مادام پێوەندیی بە حەقیقەتی دەقەوە هەیە، نەوەک بە حەقیقەتی بابەتیی دەرەوەی دەق.

ڕەخنەگری میللی بەو تێگەیشتنە باوەی هەوڵ دەدات ڕوانینی خۆی بەسەر خوێنەردا بسەپێنێت و بڕیار بدات، بگرە لای گرنگە بگاتە خاڵی کۆتایی. بە مانایەکی دی، لەجیاتیی خوێنەرانیش بڵێت چ دەقێک داهێنانە و چ دەقێک وێرانە. ڕەخنەگری میللی هەیە بە ڕوونی گوتوویەتی ڕەخنە بڕیاردانە بە چاک و خراپ. ئایا ناوی (بارت)یشی لەپاڵ ئەوانی تردا نووسیوەتەوە؟ بەڵێ. دەسا ناوەکانیان هەن و تێگەیشتنەکانیان ونن، بگرە بە گوتەی ڕۆژانەی خەڵک داپۆشراون. ئایا (بارت) بە تایبەت ڕەخنە لەم شێوازەی ڕەخنەگری میللی دەگرێت؟ بەڵێ، هەر لەم کتێبەدا بەشێکی ناو ناوە (Critical verisimilitude)، بەو مانایەی

[12] Ibid.

ڕەخنەگر کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای چەسپاو لە بەرچاو دەگرێت، کە لای جەماوەر ناسراون. شەڕ بەو تێگەیشتنەیان نافرۆشێت و دڵیان ڕازی دەکات. زۆرایەتی لە بەرچاو دەگرێت و بایەخ بە ڕای گشتی دەدات، بە ڕادەیەک شێوازێکی دیاریکراوی کولتووری بەکاربەر دادەمەزرێنێت و لە ڕۆژنامەکاندا دەبێتە باو.([13])

بەوەدا ئەم شێوازەی ڕەخنە جەخت لەسەر مانای زانراوی وشە دەکاتەوە، ئەوە ڕێ لەوە دەگرێت ئەو وشەیە بە ڕێی تر لێک بدرێتەوە. زمان تەنیا بە ئامرازی گەیاندن دەزانێت. بە مانایەکی دی، هەموو شتەکان بۆ سەرچاوەی زانراو دەگەڕێنێتەوە، کە ئەگەر لەگەڵیان نەهاتەوە، بە ئاڵۆزیان دادەنێت. بایەخ بە پۆلێنکردن دەدات و زۆر لای گرنگە ژانرەکان سنووری خۆیان بپارێزن، لە کاتێکدا ئاڕاستە نوێیەکانی ڕەخنە پێ لەسەر ڕاڤەی جیاواز دادەگرن و لە ڕێی توخمی گەمەوە ئەو سنوورانە تێک دەشکێنن. زمان تاک نییە، بەڵکوو فرەیە و بەپێی ڕایەڵە کۆمەڵایەتی، میژوویی، کولتووری و سیمبۆلییەکان گۆڕانی بەسەردا

[13] Ibid. PP.3

دێت. مانا شتێکی چەسپاو نییە؛ بزۆکە و لە بەردەمی ڕاڤە جیاوازەکاندا کراوەیە. دەق کۆتاییی نایەت و هەمیشە بەردەوامیی خۆی ڕادەگەیەنێت، بەوەی هەر کۆتاییەک خۆیشی سەرەتایەکی تر‌ە. لە کاتێکدا ڕەخنەی باو، ڕەخنەی میللی چاوی دەخاتە سەر ژیاننامەی نووسەر و وا لە دەق دەڕوانێت دووکانە و نووسەرەکەی خاوەنیەتی، کە تەنیا خۆی دەتوانێت بیکاتەوە و دایبخات، ئەوە لە ڕەخنەی نوێدا دەق لە دەست نووسەر دەردەچێت و وەک میوان سەری لێ دەدات. خوێنەر خۆی هەمیشە دەتوانێت بە شێوازی جیاواز بیکاتەوە. دەق خاوەنی سیستەمی خۆیەتی و خۆی خۆی بە ڕێوە دەبات، کە لە نیشانە و ئاماژە پێک هاتووە، نەوەک سیستەمێک لە دەرەوەڕا ئاڕاستەی بکات، بۆیە هەر خوێندنەوەیەک بریتییە لە داڕشتنەوەی ئەو سیستەمە، کە لەم کردەیەدا مانای نوێ دێتە کایەوە.

ئەگەر (بارت) لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ئەم ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەو شێوازە کردوون، کە لە (ڕیمۆن پیکار) و هاوشێوەکانیدا بەرجەستەیە، ئەوە لای ئێمە دۆخەکە زۆر پێکەنیناوییشە، بەوەی ڕەخنەگری میللی

تەنانەت لە ئاستی زانیاریی گشتیدا سادەییی خۆی ڕاگەیاندووە، بەو مانایەی شتەکە تەنیا ئەوە نییە دایەڵۆگی لەگەڵ ئەو سەرچاوە هزری و هونەرییانە دانەمەزراندووە، تا تێگەیشتنێکی جیاواز پێک بهێنێت و لە ڕێیەوە خۆی دەربببڕێت، بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵایەتییشدا هەر سادەیە. نووسەری جەماوەری هەیە لەبارەی چەمکێکی پۆڵیمیکەڵ و گرفتئامێزی وەک سیمیۆتیکاوە گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە، باسی ئەوەی کردووە، گۆیە دوو جۆر کەس ڕەخنەیان لێ گرتووە: یەکەمیان گەمژە، نەخوێندەوار، نەفام و هیی دیکەی لەم بابەتەیە، بەڵام دووەمیان گەمژە، نەخوێندەوار، نەفام و هیی دیکەی لەم بابەتەیە. جیاوازییان چییە؟ کوا سیمیۆتیکا و کوا ڕاڤەی چەمکەکان؟ ئەگەر (بارت) پێی وایە ئەم شێوازەی ڕەخنە هەوڵی ڕاگرتنی دۆخەکە دەدات و دژی گۆڕانکارییە، ئەوە من پێویستە بپرسم بەرهەمی ئەو نووسەرە جەماوەرییانە لەم سێ دەیەی ڕابوردوودا چییە؟ ئایا کۆمەڵێک ڕەخنەگری میللی و ئەو جەماوەرەن وا گوتە سواوەکانیان بڵاو دەکەنەوە، کە لە بنەڕەتەوە هیی خۆیانن؟

(مەنمی) لە هەشتاکاندا نووسیبووی زانایان دەڵێن پێویستە ئەدەب وا بێت، بێ ئەوەی ناوی یەکێکیان بنووسێت. سەرەتا لە جیهانی ئەدەبدا زانا نییە، بەڵکوو ڕەخنەدۆز، بیرمەند، فیلۆسۆف و هیی دیکە هەن. ئینجا زانا هیی بواری زانستە. ئەمە هەڵەیەکی لۆجیکییە و بە (appeal to unqualified authority) ناسراوە، بەو مانایەی کەسێک بۆ بەرپەرچدانەوە و تێکشکاندنی بۆچوونی بەرانبەرەکەی، پەنا دەباتە بەر دەستەڵاتێکی نائامادەی ناجێگیر. لەجیاتیی ئەوەی نیگای بگرێتە بابەتەکە و بەڵگەکانی بخاتە ڕوو، دەچێتە لای ناسنامەی ئەوانەی خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵین، کە ئەوەتە ناویشیان نەهاتووە. کێن ئەو زانایانە؟ (ئەدیسۆن)ـە، یان (ئاینیشتاین)؟ ئایا ئەمە لە ڕەخنەی میللیی ئەمڕۆدا هەیە؟ دەتوانم بڵێم خەسڵەتی دیاریەتی و ڕەخنەگری میللی لە هەر وتارێکیدا کۆمەڵێک هەڵەی لۆجیکی دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە دامودەستگەکاندا کار دەکەن و مەبەستیانە بە هەر شێوەیەکە وتارێک لە گوتەی سواوی خەڵک پێک بهێنن، تا خێرا بڵاوی بکەنەوە.

لەم گوتەیەم بەرپرسیارم و پێشتریش کۆمەڵێک نموونەم لێ هێناونەتەوە. من بۆچی ئەم گوتانەی (مەنمی)م لە بیر ماون؟ چونکێ خۆم و هاوڕێیانم لێیانەوە دواوین و بە سادەمان زانیون، کەچی ئەمڕۆ نەک هەر ڕەخنەگری میللی، بەڵکوو نووسەرە جەماوەرییەکانیش ئەم ئاڕاستەیەیان گرتووە و بە هەمان زمانی ڕۆژانە لە چەمکەکان دەدوێن.

لەبارەی ئەو گفتوگۆیەی (حاجی)یەوە ئەم کۆمێنتە نووسراوە:

(ئەگەر پایەمەکەم بگات بەدەستی نووسەر: بێگومان کاروان نووسەرێکی لێهاتووە بەس نەک خوێنەر بەڵکو خۆشی ئەوەندە ئاڵۆزی کردووە سەری لە هەموان شێواندووە. هەر بۆیە جارجار ناچار پەنا دەبات بۆ هاوڕێکانی شیکارکردنێک بکەن بۆ بەرهەمەکانی. ئومێدەوارم لەناو کۆڵانەکانی قەرات ون نەبێت، ئەگەر کیژۆڵەیەک تەنەکە ئاوێکی بەشانەوە بوو، پیشانمان بدات کێ تینوویەتی. دەستی کاک ئارام خۆش بەس چاکترە چاوێک بە بەرهەمی نووسەرە بلیمەتەکان بخشێنێ و ببینێ کە خوێنەر چەند بە

ڕوونی لە ڕووداوەکان تێدەگات. بەکورتی و پەتی هەندێکجار مرۆڤ وندەبێت بەبێ ئەوەی خۆشی پێببزانێت!).

دەمەوێت لەوە بگەم، کە ئەم ئازیزە مەبەستیەتی لە ڕێی ئەو دەقەوە چیی نوێ بە منی خوێنەر بڵێت. پرسیاری یەکەمم ئەوەیە ئایا توانیویەتی بە زمانی ڕۆژانەی خۆی بۆچوونەکانی بخاتە ڕوو؟ نووسیویەتی: (نەک خوێنەر بەڵکو خۆشی ئەوەندە ئاڵۆزی کردووە سەری لە هەمووان شێواندووە). بەپێی ئەم دەربڕینە من و خوێنەران پێکەوە دەنووسین، کە پێکەوەیش نووسینەکانمان ئاڵۆز کردووە. ئەگەر ئێمە کۆین، بۆچی کردارەکە تاکە؟ دەکرا بڵێت ئاڵۆزیان کردووە. ئەگەر خوێنەران لەو کردەیەدا بەشدارن و لەگەڵ منداا نووسیویانە، گلەییەکە چ مانایەکی هەیە؟ دیارە مەبەستی تەنیا لە منە، کە ئاڵۆزم کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بە دروستی بیگەیەنێت. چۆن سەرم لە هەمووان شێواندووە؟ ئایا سەرلێشێواندن لە هەموو دۆخەکاندا یەک مانای هەیە؟ ئایا مانای سەرلێشێواندن لە دنیای شمەکدا هەمان ئەوەیانە وا لە دنیای ئاماژەدا پێی دراوە؟ ئەرێ هونەر جەخت لەسەر مانای ناسراوی شت دەکاتەوە، یان

ئەو مانایانە دەشێوێنێت، تا بونیادیان تێک بشکێت و ئاڕاستەی تریان لێ ببێتەوە؟

ئایا ئەمە لە ئەنجامی تۆڕینەوەوە هاتووە، یان بڕیارە و داویەتی؟ هەڵەیەکی لۆجیکییە و پێی دەگوترێت بازدان بۆ ئەنجام (jumping to conclusions). واتە بەبێ ئەوەی لەبارەی شتێکەوە بکۆڵینەوە، ئەنجامێک دەخەینە ڕوو، کە ئاسانە و لەگەڵ خواستماندا دێتەوە. ئەگەر تەنیا یەک کەس لە ڕۆمانێکم بگات، مانای وایە ئەم بانگەشەیە هەڵدەوەشێتەوە. چواردە ساڵ لەمەوبەر لە ڕێی کتێبی (ئەردەڵان عەبدوللا و من لە کازینۆی منداڵاندا)دا ئەم بانگەشەیەم پووچ کردووەتەوە، گۆیە خۆیشم لە خۆم ناگەم.([14]) ئایا (ئارام حاجی)، کە گفتوگۆی لەگەڵدا کردووم، لە (دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکان) نەگەیشتووە؟ هێشتا ئەو پەیامەدەنگییانەی ماون، کە لە ڕێی ڤایبەرەوە ناردوونی و تێیاندا بە ودری باس لە شتە شاراوەکانی دەکات. ئایا (حاجی) لە ڕۆمانی (تەرمەوان) نەگەیشتووە؟ خۆزگە گوێ

[14] کاکەسوور، کاروان عومەر، ئەردەڵان عەبدوللا و من لە کازینۆی منداڵاندا:
https://hemin.dk/files/pdf/ArdalanAbdulla_KarwanKakasur.pdf

لەو پەیامەدەنگییانەی دەگرێت، کە بە دریژاییی خوێندنەوەی بۆی ناردووم! واز لە هاوڕێکانم بهێنە و وەرە بزانە هەر ئەمساڵ لە زانکۆکاندا چەند نامە لەبارەیانەوە نووسراون! ئایا ڕاستە ئەوانە نەیانزانیوە ڕۆمانەکانم باسی چی دەکەن؟ ئایا ئەگەر من لە دەقێک نەگەم، مانای وایە کەسی دی لێی تێناگات؟ ئەگەر ئەمڕۆ لێی تێنەگەم، مەرجە سبەینێیش هەر وەها بمێنمەوە؟ وا ڕێک کەوتووە لەم دەمەدا سێ پەیامەدەنگی (مەسعوود خورشید)م پێ گەیشتوون، کە لە دیدگەیەکی فەلسەفییەوە دەڕوانێتە ئەدەب و ئێستا بە زمانی فارسی خەریکی نووسینی نامەی دۆکتۆرایە لەبارەی ڕۆمانەکانمەوە. لەو پەیامەدەنگییانەیدا باسی ئەوەی کردووە ڕۆمانی من کورت ناکرێتەوە. بە وردی باسی خەسڵەتەکانی ڕۆمانی فرەدەنگی کردووە. بە دریژاییی ئەم دوو ساڵە دەیانی دیکەی وەهای بۆ ناردووم. (د. هاوکار خۆشناو) بە هەمان شێوە بەردەوام لەبارەی ڕۆمانەکانمەوە نهێنیی دەرخستووە، پرسیویەتی و گفتوگۆمان لەبارەی ئەو توخمانەوە کردووە. باسی نووسەرانی پێش خۆم و هیی هاوتەمەنم ناکەم، کە هەر لە سەرەتای چاپکردنی بەرهەمەکانمەوە لەبارەیانەوە نووسیون، بەڵکوو تەنیا لەم

چەند ساڵەی ڕابوردوودا چەندان نووسەر و خوێنەری ئەم نەوە نوێیانە بە سەریان کردوونەتەوە. ئایا ئەوانە نەیانزانیوە باسی چی دەکەن؟ (ئارام محەمەد)، (ئارام ڕەحمان پاشا)، (ئاری خەیات)، (د. ئاواڕە کەمال ساڵح)، (د. عەبدوللا ڕەحمان)، (باهۆز مستەفا)، (بەهجەت حەسەن)، (بڵند باجەلان)، (د. بوشرا کەسنەزانی)، (دانا فایەق)، (دەوەن مەعرووف)، (دیار محەمەد کەریم)، (د. دیلان سەلام حەمەفەرج)، (دلاوەر ڕەحیمی)، (دلێر سەلیم)، (دڵزار حەسەن)، (ئیسماعیل سابیر)، (فەرهاد چۆمانی)، (د. فەرمان حەسەن)، (د. فوئاد حەمەخورشید)، (گۆران سەمەد)، (د. هاشم ئەحمەدزادە)، (هاوژین هەمزە عەزیز)، (د. هاوژین سڵێوە عیسا)، (د. هاوکار محەمەد ڕەشید)، (هاوڕێ بەهجەت)، (د. حەمە مەنتک)، (هەڵمەت عوسمان)، (د. هەڕێم ئیبراهیم)، (هەڕێم لوقمان)، (د. هەڕێم عوسمان)، (هیوا حاجی)، (هیوا خەلیل)، (هۆشەنگ شێخ محەمەد)، (حسێن لەتیف)، (ژیڤان بەکر)، (د. جەلال ئەنوەر)، (جێگیر بەختیار)، (جووتیار قارەمان)، (د. جیهاد کەریم)، (کارا فاتیح)، (کاروان محەمەد فەتاح)، (کارزان عەلی)، (کوردۆ شابان)، (محەمەد عەبدولحەمید کەریم)، (محەمەد کەریم)، (مستەفا موحسین

جەلال)، (د. نەبەز کەریم)، (نەهرۆ هۆمەر)، (د. نەجم ئەڵوەنی)، (نیهاد جامی)، (ڕابەر فاریق)، (ڕاڤین کامەران)، (ڕێباز ئەکرەم)، (د. سەمیر ئەحمەد)، (د. سەنگەر حاجی)، (سدیق سەعید ڕواندزی)، (سۆران ئازاد)، (سۆران ئەحمەد)، (سۆران محەمەدەسوور)، (شکۆ عومەر کاکەڕەش)، (توانا ئەمین)، (خالید شەیدا)، (یاسین ئافتاو)، (زاموا محەمەد)، (زانیار محەمەد) و زۆری دیکە لێیان تێنەگەیشتوون؟ ئایا ئەوانەی چاپیان کردوون، نەیانخوێندوونەتەوە و لێیان تێنەگەیشتوون؟ (ئالان پەری) یەکێکیانە. ئایا تۆ خۆت هەم لە بەرهەمە ئەدەبی و هەم لە نووسینە هزرییەکانم نەگەیشتوویت، کە لەم دە ساڵەدا چەندان جار گفتوگۆمان لەبارەیانەوە کردوون؟ لێرەدا مەبەستم لە تێگەیشتن تەنیا ئەوەیە ئایا نازانن بەرهەمەکانم بە گشتی باسی چی دەکەن؟

نووسیویەتی: (جارجار ناچار پەنا دەبات بۆ هاوڕێکانی شیکارکردنێک بکەن بۆ بەرهەمەکانی). واز لەوە دەهێنم، کە لە ڕووی داڕشتنەوە چەند هەڵەی تێدایە، بەڵام ئایا یەک بەڵگەی هەیە، تا پێشانی بدات من کاری وەهام کردووە؟ ئینجا بۆچی پێی وایە ئەو هاوڕێیانەم لەوانەن ئاڕاستە

دەکرێن؟ بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم تێکڕای هاوڕێکانم خاوەنی بوونی خۆیانن و هیی ئەوە نین شتیان بەسەردا بسەپێنرێت. پێوەندییەکەیشمان دایەڵۆگییە و ئەمە هەڵناگرێت. دەتوانم بڵێم پێوەندیی ساختەم لەگەڵ هیچ کەسێک دانەمەزراندووە. هەڵەیەکی دیکەی لۆجیکییە و بە داهۆڵ (Strawman fallacy) ناسراوە. واتە شتێک بۆ کەسێک هەڵدەبەستین و بەپێی ئەوە سەرزەنشتی دەکەین. داهۆڵێکی بۆ داتاشیوم و لەبارەیەوە دواوە. ئەم داهۆڵە من نیم و داوای وەهام لە یەک کەس نەکردووە. با هاوڕێیەک لەو هاوڕێیانەم بێت و بڵێت بە ئاماژەیش گوتوومە چەند دێڕێک لەبارەی بەرهەممەوە بنووسێت! زۆرینەی ئەوانەی ئەمڕۆ هاوڕێمن، لە ڕێی بەرهەمەکانمەوە ناسیومن، بەو مانایەی نووسینمیان خوێندووەتەوە و پێوەندییان پێوە کردووم. هەندێک نووسەر توێژینەوەیان لەبارەیانەوە کردووون، بێ ئەوەی ئاگام لێ بووبێت، کە تا ئەم ساتەیش پێوەندیم پێیانەوە نییە. بەپێی قسەکەی ئەمە دیاردەیەکی زەقە و دەکرێت بە ئاسانی چەند نموونەیەک بهێنێتەوە. ئەو هاوڕێیانە کێن، جارجار پەنایان بۆ دەبەم؟ ئەگەر من خۆیشم نازانم باسی چی دەکەم، ئەوان چۆن سەریان لێ

دەردەچێت؟ ئایا شیکار بۆ شتی لەم شێوەیە دەکرێت؟ جاری وا هەیە، کاتێ هاوڕێیەک ڕۆمانێکم دەخوێنێتەوە و دەیەوێت گفتوگۆم لەگەڵدا بکات، هەوڵ دەدەم لەبارەی هەندێک نهێنییەوە لێی بپرسم، ئاخۆ پێیان گەیشتووە؟ بەڵێ، بە وردی خوێندوویەتیەوە و بە چاکی لێیەوە دەدوێت. ئایا ئەم ئازیزە دەیەوێت لانی کەم دە نموونەی هەر لە هاوڕێکانم بۆ بهێنمەوە، کە نووسەر نین، بەڵکوو تەنیا خوێنەرن؟ بۆچی هەندێک نووسەر پێیان وایە نازانم بە سادەیی بنووسم؟ خۆ منیش هەر بە سادەیی دەستم پێ کردووە.

نووسیویەتی: (ئەگەر کیژۆڵەیەک تەنەکە ئاوێکی بەشانەوە بوو، پیشانمان بدات کێ تینوویەتی). ئەم دوو ڕستەیەیش وەک تێکڕای ئەوانەی تر هەڵەن. دەکرا وشەی (پێویستە)، یان (دەبێت) لەپێش (پیشانمان بدات) بنووسرێت، دەنا مانا نادات. ئینجا لەپێش وشەی (ئەگەر) خاڵ دادەنرێت، نەوەک وێرگوڵ، چونکێ پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕستەی پێشیەوە نییە. دەپرسم ئایا ئاو تەنیا بۆ خواردنەوەیە، یان بۆ کۆمەڵێک شتی دیکەیشە؟ لە ڕۆمانی نوێدا هەموو شتێک

پێشان نادرێت، بەڵکوو بەشێکی زۆری بۆ خوێنەر جێ دەهێڵرێت، کە ئەمە لە تیۆرییەکانی خوێنەریشدا بە بۆشایی ((gaps) ناسراوە و پێشتر لێوەی دواوم. یەکێ لەو شتانەی فەلسەفەی پۆستمۆدێرن جەختی لێ کردووەتەوە ئەوەیە، کە شتەکان بێگەرد (Pure) نین، بەڵکوو لە کۆمەڵێک ڕەگی جیاواز پێک دێن. ڕۆمانی نوێ بایەخی گەورە بە جەستە دەدات، کە جەستە وەک (نیتشە) پێی لەسەر دادەگرێت هەر خۆی فرەڕەهەندە و توانای هەیە هەموو دژەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. لە کتێبی (زەردەشت وەها دوا)، لەژێر ناونیشانی (بێبەهاکەرانی جەستە)دا دەنووسێت: [جەستە ژیرییەکی مەزنە، فرەییەکە (plurality) خاوەنی یەک هەست، شەڕ و ئاشتییە، مێگەل و شوانە. دەسا براکەم، عەقڵت بچووکە وا ناوت لێ ناوە ڕۆح، دەنا ئەو خۆی ئامڕازێک و گەمەیەکە لە ژیرییە مەزنەکە.].([15])

بەم شێوەیە لە دۆخی پۆستمۆدێرندا چەمکی فرەڕەگ (Hybridization) بایەخی پێ دەدرێت و بووەتە توخمێکی

[15] Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York. PP.32

گرنگی ئەدەبی گێڕانەوە، کە لای (باختین) چەمکەکە شێوە وەردەگرێت و گەشە دەکات. دواتر بۆی دەگەڕێمەوە، بەوەی هەر پێوەندیی بە باسی سادەیی و ئاڵۆزییەوە هەیە. ئایا هەر بە ڕاستی لە هەموو دۆخێکدا گرنگە پێشان بدرێت کێ تینوویەتی؟

ئەرێ ڕستەی (ئومێدەوارم لەناو کۆڵانەکانی قەرات ون نەبێت) مانای چییە؟ ئەگەر مەبەستی هیی قەڵاتی هەولێرە، ئەوە بەو شێوەیە نین، تا خەڵکیان تێدا ون ببێت، بەڵام ئێوارەیەکیان خۆم و چەند کوڕێکی گەڕەکم لە سینەمای سەڵاحەدین دەگەڕاینەوە و لەناو کۆڵانەکانی گەڕەکی تەعجیلدا ون بووین، بگرە چەند جارێک چووینە ناو ماڵەکان، کە وامان دەزانی دریژکراوەی کۆڵانن. ئینجا زۆر دەترسابن پەلامارمان بدەن و نەهێڵن بە ساغی بگەڕێینەوە، کە ئەو سەردەمە شەڕەگەڕەک باو بوو و کوڕان دەیانویست لە ڕێی ئەو شەڕانەوە ناسنامەی پیاوەتیی خۆیان پێک بهێنن. ئەم ونبوونە هێندە خۆش بوو، تا ئەمڕۆیش دەیگێڕینەوە. هاوڕێیەکمان گوتی دوام بکەون! ئەم کۆڵانە کراوەیە و دەردەچین. لێیمان پرسی، ئاخۆ

دڵنیایە؟ بەڵێ، هەزار جار پێیدا ڕۆیشتووم. هەزار جار؟ بەڵێ، زیاتریش. دوای چەند هەنگاوێک دەرکەوت داخراوە. هەر جارێ ئەو ڕووداوە دەگێڕینەوە، بە تایبەت بەو گوتەیە پێدەکەنین. لە دنیای ئاماژەدا مرۆڤ پێویستە ون ببێت، تا دەستەڵاتی (دیار) تێک بشکێت. لە ڕێی ونبوونەوە ئەو نهێنییانە ئاشکرا دەبن، کە ئەو (دیار)ـە شاردوونیەتیەوە. ئەمە لە فەلسەفەی (نیتشە)، (هایدیگەر) و ئەوانەی تردا شتێکی گەوهەرییە. (دێریدا) ڕووبەڕووی هەموو دوالێزمەکان دەبێتەوە، کە دەتوانم بڵێم لە بەشێکی بەرهەمەکانمدا تێگەیشتنی ئەو فیلۆسۆفەم خستووەتە ڕوو. ئینجا ونبوون و دۆزینەوە لای (گادامەر) پێوەندییان بە چەمکی گەمەوە هەیە، کە هەر لەم نامەیەدا بۆی دەگەڕێمەوە و زیاتری لەبارەوە دەنووسم.

ئەم ئازیزە ئەگەر پێی وایە ونبوون کردەیەکی خراپە، ئەوە من پێم وایە بەهای شتەکان بەپێی ڕایەڵەکانیان دیاری دەکرێن. مەرج نییە ونبوون لە هەموو دۆخێکدا هەر خراپ بێت. دواتر لای (باختین) بۆ ئەم تێگەیشتنە دەگەڕێمەوە، کە لە ڕۆمانی فرەدەنگدا بایەخی گەورەی هەیە. ئێستا هێندە

دەڵێم ئەو پێی وایە کەرنەڤاڵ لەسەر بنەمای یەکسانیی شتە دژەکان (equality between opposites) دادەمەزرێت: (پاک/پیس)، (ڕەش/سپی)، (ڕووناکی/تاریکی)، (لاو/پیر)، (گەمژە/ژیر)، (مەرگ/ژیان)، (سەردار/کۆیلە) تێکەڵی یەکتر دەبن، کە ئەمە بە ئۆکسیمۆرن (oxymoron) ناسراوە. لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام)([16]) و (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)دا([17]) لای (هایدیگەر)یش باس لە هەردوو چەمکی زەوی (The earth) و دنیا (The world) کراوە، کە لە ململانێدان، بەو مانایە نا، کە ئەمیان ئەویان دەبەزێنێت، بەڵکوو بەو مانایەی لەو کردەیەدا کردنەوە و داپۆشین دێنە دی، کە ئەوانەیش جودا نین، بەڵکوو کرانەوە داپۆشین و داپۆشین کرانەوەیە. دوو چەمکن و لە شێوەی مێتافۆردا بە کاریان دەهێنێت.([18])

[16] کاکەسوور، کاروان عومەر، گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام، لە بڵاوکراوەکانی مالّی وەفایی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2019

[17] کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات – ژنەفتن

[18] O'halloran, Paul, What if Heidegger used Fountain instead of van Gogh's Shoes to launch the Origin of a Work of Art?' ? Available at:

ونبوون و دۆزینەوە نەک دژی یەک نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترن و لەم ململانێیەدا تێپەڕاندن دێتە دی. ڕۆمانی فرەدەنگ بۆ ئەوەی پێمان بڵێت سپی جوان و بێگەردە، ڕەش قێزەون پێشان نادات، بەڵکوو ڕێیان دەدات خۆیان ئەرکی خۆیان بدۆزنەوە، نەوەک لە دەرەوەڕا ئاڕاستەیان بکات و هەر لە ناونیشانەوە لایەنگرێتیی خۆی بۆ لایەکیان پێشان بدات. دەشێ ڕەش لە دۆخێکدا جوان و لە دۆخێکی دیکەدا ناشیرین بێت. شتەکان دۆخی چەسپاویان نییە. من هەر لە سەرەتای تەمەنی نووسینمەوە تا ئەمڕۆ بایەخم بە چەمکی ونبوون داوە، کە ئەو خوێنەرەی بەرهەممی خوێندبێتەوە، ئەمە دەزانێت. لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا هەوڵم داوە فەلسەفەی ونبوون بخەمە ڕوو، بەوەی (جیهانگر) چەند جارێک بە شێوەی جیاوازجیاواز ون دەبێت، بە ڕادەیەک نازانێت، ئاخۆ ئەوانە بە ڕاستی ڕوویان داوە، یان خەونی دیوە، چونکێ وەک گوترا (ونبوون) و (دیار) دوو شتی دژبەیەک نین،

What if Heidegger used Fountain instead of van Gogh's Shoes to launch the Origin of a Work of Art?' | Toutfait Marcel Duchamp Online journal

بەڵکوو دەڕژێنە ناو یەکترەوە. ئایا ئێمە ئەگەر بۆ ڕابوردووەمان بگەڕێینەوە، ئەو جارانەمان بە بیر دێنەوە، کە ون بووین، یان ئەوانەی ون نەبووین؟ وننەبوون تەنیا لە ڕێی ونبوونەوە دەتوانێت هەبێت، دەنا لە خودی خۆیدا هیچ شتێک نییە. کاتێ ون دەبم، ئینجا وننەبوونم بۆ دەردەکەوێت. هاوکات دەزانم ئەوانە دوو شتی دژبەیەک نین، بەڵکوو پێکەوەن. لەبەر ئەوەیشە ونبوون لە دنیای ئاماژەدا توخمێکی گرنگە و لە کردەی گێڕانەوەدا جووڵە دەخاتە بەر ڕیتم. ئەمەم دیسان لەو گفتوگۆیەی (شاخەوان سدیق) لەگەڵیدا کردووم و لەژێر ناونیشانی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا چاپ کراوە، لێک داوەتەوە.([19]). هەروەها لە کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی)([20]) و (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و

[19] ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور، کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت، چاپی یەکەم، 2021، سلێمانی.

[20] کاکەسوور، کاروان عومەر، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، وەشانی نووسیار، دانیمارک، زنجیرەی کتێب (54) چاپی یەکەم، 2024.

ڕاڤەدا)یشدا بۆی گەڕاومەتەوە.([21]) ئاماژەم بەو ڕەخنەیەی (نیتشە) کردووە، کە لە (کانت)ی فیلۆسۆفی دەگرێت. ئەو فیلۆسۆفە ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە دەبێتەوە، کە پەنا بۆ دابەشکاری دەبەن. (ئەریستۆ) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا وەها پێناسەی مێتافۆر دەکات، گۆیە بەکارهێنانی وشەیەکە، سەر بە شتێکی ترە، ئینجا چ لە ڕەگەزێکەوە بۆ جۆرێک بێت، چ لە جۆرێکەوە بۆ ڕەگەزێک، یان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێک، یان لە ڕێی لەیەکچوونەوە، بەڵام (نیتشە) لەگەڵ ئەوەدا نییە جیهان بۆ ڕەگەز و جۆرێک دابەش بکرێت، کە ئەمە لەگەڵ ئەوەدا ڕێکە وا (کانت) ناوی دەنێت (شتەکان لە خودی خۆیاندا)، بەڵکوو لەجیاتیی ئەوە ڕەگەز و جۆرەکان وەها دەناسێنێت، کە خوازەی مرۆڤن، وەک لە کتێبی (لەبارەی ڕاستی و درۆوە لە چوارچێوەی زێدەمۆرالّدا : On Truth and Lies in an Extra-Moral Sense)دا ڕوونی کردووتەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: ئەگەر پێناسەیەکم لەبارەی شیردەرەکانەوە خستە ڕوو و دوای

[21] کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا، وەشانی نووسیار، دانیمارک، زنجیرەی کتێب (59)، چاپی یەکەم، 2025.

ئەوە حوشتریٚکم پشکنی، ئەوە دەڵیٚم: بڕوانە، ئەوەیە شیردەر! لیٚرەدا حەقیقەتیٚک ڕوون دەبیٚتەوە، بەڵام لە ڕووی بەهاوە ناتەواوە، بەو مانایەی بەرجەستە (anthropomorphic)یە و یەک خاڵ لە خۆ ناگریٚت، تا بگوتریٚت (حەقیقەتە لە خودی خۆیدا).[22] لەبەر ئەوە لای (نیتشە)، کە بۆچوونی (کانت) دەداتە دواوە، ئەوەی دەڵیٚت (شت لە خودی خۆیدایە)، ئەوە پێی وەهایە مێتافۆر وێنەیەکی تەواو نییە بۆ جیهان، بەڵکوو مێتافۆر گۆڕینی جیهانە لە مرۆڤدا.)[23]

[22] Nietzsche, Friedrich, On Truth and Lies in a Nonmoral Sense, Translated with an Introduction and Notes by DANIEL BREAZEALE. H. P.119. Retrieved from: Nietzsche – Truth & Lies in a Nonmoral Sense (1873).pdf

[23] Stewart, Kieran, Nietzsche's Early Theory of Language in Light of Generative Anthropology. Retrieved from: Nietzsche's Early Theory of Language in Light of Generative Anthropology — Anthropoetics XXII, no. 2 Spring 2017

نووسیویەتی: (دەستی کاک ئارام خۆش بەس چاکترە چاوێک بە بەرهەمی نووسەرە بلیمەتەکان بخشێنێ و ببینێ کە خوێنەر چەند بە ڕووناکی لە ڕووداوەکان تێدەگات).

ئەمە هەر ئەو هەڵە لۆجیکییەیە، کە (مەنمی) نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر کردوویەتی، هەڵەی لۆجیکیی (appeal to unqualified authority). پەنای بردووەتە بەر دەستەڵاتێکی نائامادە، گۆیە نووسەرانی بلیمەت ئەوانەن سادە دەنووسن و هەموو کەس لێیان تێدەگات، بێ ئەوەی یەک نموونەی هێنابێتەوە. ئایا سەختە بانگەشەیەکی وەها، بگرە لەوەیش زلتر بکەین؟ کێن ئەو نووسەرە بلیمەتانەی خوێنەر بە ڕووناکی لە بەرهەمیان دەگات؟ ئەرێ ڕۆمانی نوێ تەنیا لە ڕووداو پێک دێت، یان کۆمەڵێک توخمی دیکەی وەک کات، شوێن، شوێنکات، کەرنەڤاڵ، دایەڵۆگیزم، پارۆدی، دیمەن، گۆشەنیگا و هیی دیکەیش تێیدا بەشدارن؟ ڕووداو هیی ڕۆمانی سادەیە و لانی کەم لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە لە بایەخی کەم کراوەتەوە، چونکێ چەمکی کات لە ڕۆمانی نوێدا مانای دیکەی بە خۆوە گرتووە، بە تایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی ڕوانینی (نیتشە)،

(فرۆید)، (بێرگسۆن)، (هایدیگەر) و ئەوانەی دیکەدا. ڕووداو لەو چیرۆک و ڕۆمانانەدا هەیە، کە سادەن و بەپێی بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) نووسراون، دەنا لە ڕۆمانی نوێدا خەسڵەتی لەتلەتی (فراگمەنتەیشن) ڕێ نادات بە زەقی دەربکەوێت. لە بەرهەمەکانی پێشوومدا هەوڵم داوە بە ودری لەم بابەتە بدوێم، بە تایبەتی لە وتاری (کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا)([24])، کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی)، وتاری (ڕۆمانی تەرمەوان لە دیدێکی دیکەیشەوە)دا. گوتوومە لەو شێوازەدا ڕەهەندی ئامانجداری (teleological dimension) بایەخی یەکەمی هەیە، بەوەی دەیەوێت هونەر بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدات و هەر لەوێیشەوە لێکی بداتەوە. واتە فاکتەرەکان لە بەرچاو دەگرێت و لە ڕێی سەرچاوەکانەوە دەنووسێت، کە لەم ڕێیەوە هەمان دۆخی زانراو بەرهەم دێنێتەوە. ئەو شێوازە ئاسانە و بە ئاسانی

[24] کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا – ژنەفتن

دەرخواردی جەماوەر دەدرێت، بەوەی زانراوەکانی لە خۆ گرتوون. ([25])

ئایا گفتوگۆکەی خوێندووەتەوە؟ بۆیە دەپرسم، چونکێ لەوێدا گوتراوە ڕۆمانی نوێ ناکرێت سادە بێت، سادە بەو مانایەی هەمان دۆخی زانراو دەردەبڕێتەوە. چەند نموونەیەکم هێناونەتەوە. ئەوەتە نووسیومە:

[دیارە ئەو بەرهەمەی بە سەختی دەنووسرێت، بە سەختییش دەخوێنرێتەوە. ئەرێ خوێندنەوەی ڕۆمانی نوێ کەی سەخت نەبووە؟ واز لە (جۆیس) بهێنە، کە دەستگەکانی چاپ ئامادە نەبوون ڕۆمانەکانی چاپ بکەن، بەڵکوو وەرە لای (فۆکنەر)، کە شانزدە ساڵ دوای چاپکردنی ڕۆمانی (ژاوەژاو و تووڕەیی)دا ناچار دەبێت پاشکۆی کۆمپسۆن (Compson Appendix) بخاتە بەرچاوی خوێنەر، تا هەندێک شت لەبارەی دەقەکەوە بڵێت، چونکێ بۆی دەرکەوتووە تێگەیشتنی ئاسان نییە. ژمارەیەکی کەمی لێ فرۆشراوە. ڕۆمانی (گەڕان بەدوای کاتی گومبوودا)ی (پرۆست) سەرەتا چاپ نەدەکرا، گۆیە لە وەسفدا نغرۆیە،

[25] ڕۆمانی تەرمەوان لە دیدێکی دیکەیشەوە – ژنەفتن

بەڵام ئەو وەسفە بەوە دەناسرێتەوە، کە ڕێتمی ژیان دەگرێتە خۆی. دەکرێت سەرجەم بەرهەمی (پرۆست) لەژێر ناونیشانی ڕیتمدا جێ بکەینەوە، کە وەک گوترا ڕیتم خودی ژیانە. ئەگەر کتێبی (بەرەو ڕۆمانی نوێ)ی (ئالان ڕۆب گرێ) بخوێنینەوە، دەبینین ئەم شێوازە سەرەتا لە فرەنسادا دراوەتە بەر توانج و پەسەند نەکراوە. ئەمە بە مێژووی ڕۆماندا تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەمڕۆ. ناکرێت ڕۆمانی فرەدەنگ، کە ئەو هەموو ئاڕاستە جیاوازە پێکی دەهێنن، بە ئاسانی خۆی بە دەست خوێنەرەوە بدات. لای ئێمە گەلێجار ڕۆماننووس بە شانازییەوە دەڵێت ڕۆمانەکانم زۆریان لێ فرۆشراون، بە مەرجێ ئێمە هێشتا مێژوویەکی درێژمان لەم ڕووەوە بە ڕێ نەکردووە و ئەزموونی گەورەمان بە دەست نەهێناوە، بەو مانایەی خوێندنەوەی ڕۆمان کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاوازی نەگرتوون و شتی جۆراوجۆری تاقی نەکردوونەتەوە. هەڵەیەکی لۆجیکییە، کاتێ زۆریی ژمارەی خوێنەر دەکرێتە پێوەر بۆ ئەوەی چ ڕۆمانێک داهێنانە. ئایا ئەو خوێنەرانەی ڕۆمانێک بە داهێنان دەزانن، کاتێ بۆ نموونە دەگەنە (گورگی دەشت)ی (هێرمان هەسە) چی دەڵێن؟ ئەرێ مانای وایە ئەم ڕۆمانە لاوازە، بۆیە ئەو

خوێنەرانە گوتەیان لێ وەرنەگرتووە و بڵاویان نەکردووەتەوە؟ کاتێ ڕۆمان لە فەلسەفە نزیک دەبێتەوە، ئەوە دۆخی زمان دەگۆڕێت و شتەکان بە ڕاستەوخۆیی ناگەیەنێت، بەڵکوو لە ڕێی ئاماژەوە دەریاندەبڕێت، کە ئەوانە ڕاڤەی جیاواز دەخوازن.].[26]

(میلان کۆندێرا) لە دەروازەی کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا نووسیویەتی: (کۆبەرهەمی هەر ڕۆماننووسێک دیدگەی ناوەوەی لەبارەی مێژووی ڕۆمان و ناوەرۆکەکەی لە خۆی دەگرێت).[27] واتە ئەو ڕۆمانانە بۆچوونی ئەو دەردەخەن لە کوێوە و چۆن لە دنیا دەڕوانێت، کە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا بە وردی باس لەوە دەکات مێژووی ڕۆمان و مێژووی فەلسەفە چۆن یەکتر تەواو دەکەن. دەڵێت: (لای

[26] https://dengekan.info/archives/53111?fbclid=IwY2xjawUjC-JleHRuA2FlbQIxMABwZG9mAWJyaWQRMDdHNDdqa2NPTzM1Q3ZtNldzcnRjBmFwcF9pZBAyMjIwMzkxNzg4MjAwODkyAAEef4D-y8mRyveAG3XIspcCLJ5V6yM3tgqNOLOviNJZ-NwBB0HC-9Z_rzNoDO0_aem_Qvde050pZcgQKgpz-JLrfw

[27] ميلان كونديرا، فن الرواية، ترجمة: خالد بلقاســم، المركز الثقافي العربي، المغرب، 2017، مدخل الكتاب.

من دامەزرێنەری سەردەمی نوێ، تەنیا دیکارت نییە، بەڵکوو سێرڤاننتسیشە).([28]) دەیەوێت بڵێت ئەوەی ڕۆماننووس لە چاوی خۆیەوە دەیبینێت، هەمان ئەو دنیایەیە، کە فیلۆسۆفیش دەیبینێت، بۆیە ئەوەی (سێرڤانتس)ی ڕۆماننووس، نووسەری (دۆنکیشۆت) لە ڕووی ئیستاتیکاوە بەرهەمی هێناوە، کەمتر نییە لەوەی (دیکارت)ی فیلۆسۆف لە ڕووی فەلسەفییەوە پێی گەیشتووە. بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین ئەوەی (هایدیگەر) لەو سەردەمەدا خەریکی بووە، هەمان ئەوەیە نووسەرانی ئەدەب لە ڕێگەی ئەدەبەوە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. نووسەری وەک (ساموێل ڕیچاردسۆن)، (بەلزاک)، (فلۆبێر)، (تۆلستۆی)، (پرۆست) و (جۆیس) بە نموونە دەهێنێتەوە.([29])

ئەگەرچی بەشێکی زۆری ڕۆماننووسانی کوردستان هێشتا دەستیان بە تێگەیشتنی باوەوە گرتووە، بەڵام ئەمڕۆ لای ئەوانەی ڕوانگەی جیاوازیان بۆ چەمکەکان هەیە و بە شێوازی جیاوازیش لێکیان دەدەنەوە، کۆمەڵێک شێوازی

[28] هەمان سەرچاوە. ل.12
[29] هەمان سەرچاوە، ل13

نوێ داهێنراون و ڕۆمان لەوە دەرچووە بە پێوەری (لێی تێدەگەم) و (لێی تێناگەم) هەڵبەسەنگێنرێت، بەڵکوو ئەو خوێنەرە فریونەخواردووە ڕۆمان وەک دەقێکی فەلسەفی دەخوێنێتەوە. لێرەدا مانای چێژ دەگۆڕێت، کە دواتر بۆ ئەم چەمکە دەگەڕێمەوە، بەوەی لە پرسیاری تۆدا هەیە. لەم ڕووەوە (جەلال مەعرووف)ی هاوڕێی ڕۆژگاری زانکۆم، کە یەکێکە لەوانەی ئەو سەردەمە دەمبینین و لەبارەی کۆمەڵێک چەمکەوە گفتوگۆم لەگەڵدا دەکردن، ئەم کۆمێنتەی بۆ هەمان بابەت نووسیوە:

(سڵاو کاک کاروان
گرێوگۆڵ و پێچەڵپێچی خەسڵەتێکی گێڕانەوەکانی تۆیە، بەڵام قوولّ و ئەدەبییانە و ڕاپێچکەرە.دوای خوێندنەوەی دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکان، پێشتریش تەرمەوان، کەوتمە سەر ئەو بڕوایەی ڕۆژێک دێ، ڕۆمانێکی ڕوون و ڕەوان دەنووسیت، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیشم بۆ ئەوە پێ نییە. ڕۆمانەکانی تۆ خۆش نین، ڕۆمانە خۆشەکان ڕۆمانی باش نین. ئەم جۆرە گفتوگۆیانەش بۆ هەر نووسەرێک پێویستن، بە تایبەت بۆ ڕۆمانننووسێکی وەک بەڕێزتان.دەستخۆشی زۆرم، ماندوو نەبیت.)

ئەمە بۆچوونی زۆر لەو خوێنەرانەی دیکەی دەوروبەریشمە، کە دەڵێن بۆیە بەرهەمەکانم دەخوێننەوە، چونکێ بەو سادەییە نانووسم. (ئارام فەرید)، (هیوا خەلیل) و (هەریم لوقمان) بە نموونە. ئایا تێگەیشتن لە ڕۆمانی من ئاسانە؟ دەتوانم خۆیشم بڵێم نەخێر. (هەژار عوسمان) زۆر حەزی دەکرد ڕۆمانی (کەنالّی مەیموونە چەکدارەکان)م وەربگێڕێت، بەڵام دوای هەوڵّی زۆر دەستی لێ هەڵگرت و گوتی وەرگێڕانی سەختە.

هەندێجار گوێت لە ڕۆماننووسان دەبێت، کاتێ دەڵێن پێویستیان بە لایەنی تیۆری نییە و دەتوانن بەبێ ئەوەیش بنووسن. ڕاستییەکەی ئەوانە حیکایەت و ڕۆمانیان تێکەڵ کردوون، کە ئەگەر بۆ (جیرار جینێت) و ئەوانەی تریش بگەڕێینەوە، دەبینین هونەری ڕۆمان بریتییە لە تێکشکاندنی پایەکانی حیکایەت و دارشتنەوەی لە دنیای ئاماژەدا، نەوەک دەستپێوەگرتنی. ئەم تێکشکاندنە بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیک و فێڵەکانی گێڕانەوە، کە ئەو کردەیە زمانێکی ئاڵۆز دەهێنێتە گۆڕێ و خوێنەرێکی وریایش دەخوازێت، خوێنەرێک توانای دایەڵۆگی هەیە و بەو تێگەیشتنە

جیاوازەی توخمەکان ڕاڤە دەکات. بە مانایەکی دی، ڕیتمی دەق ئەوە دەسەپێنێت خوێنەر چۆن و لە چ ئاستێکدا بیخوێنێتەوە.

نووسیویەتی: (بەکورتی و پەتی هەندێکجار مرۆڤ وندەبێت بەبێ ئەوەی خۆشی پێیبزانێت!). ئایا ئەم دەربڕینە لە ڕووی زمانەوانییەوە دروستە؟ (ون دەبێت) دۆخی کرداڕە و بەو شێوەیە دەنووسرێت، کە من نووسیومە. (پێیبزانێت)یش هەڵەیە و (پێی) پریبۆزیشنە و پێویستە جودا بکرێتەوە: (پێی بزانێت). ئینجا دیسان دەڵێم هونەری گێڕانەوە لەسەر بنەمای ئۆکسیمۆرن دامەزراوە، بەو مانایەی ونبوون هاوکات دۆزینەوەیشە، بگرە بەهای (دۆزینەوە) کاتێ دەردەکەوێت، کە (ونبوون) چالاک دەبێت. بەڵێ، لای من ونکردن پێوەندیی بەو تێگەیشتنەوە هەیە، کە لە ڕێی دایەڵۆگەوە پێی گەیشتووم. نووسینی ڕۆمان کردەی گەڕانە، کە ئەو گەڕانە بەو ئەندازەیەی دۆزینەوەیە، ونکردنیشە، دەنا ڕۆمانناووس نەک هەر توخمی نوێ داناهێنێت، بەڵکوو دوای ڕووداوی واقیعیش دەکەوێت، کە ئەوسا زمانەکەی وەک هیی ڕۆژانەی خەڵکی لێ دێت. دەقی

داهێنەرانە دەتوانێت واقیعێکی نوێ بهێنێت، کە هێشتا لەسەر زەویدا ئەو واقیعە نەهاتووە. ئەو خوێنەرەی بۆ بەرهەمەکانم بگەڕێتەوە، دەبینێت لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆ بایەخی زۆرم بە پرچی ژن داوە، تەنانەت کەزیم وەک سیمبۆڵی جۆراوجۆر بە کار هێناوە، بێ ئەوەی بزانم ڕۆژێک دێت کەزی لە واقیعدا ئەم تەقینەوەیە بەرپا دەکات و دەبێتە سیمبۆڵی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر. ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ لەوەی ویستوومە ڕووبەڕووی واقیعی باوی ڕۆژانە ببمەوە و تێکی بشکێنم، تا بە شێوازی خۆم پێکی بهێنمەوە. کاتێ دەق توانای هەیە لە ڕووبەری نەزانراودا پەل بهاوێت، ئەوە دۆخەکەی دەگۆڕێت و تێیدا توخمی ئیکزۆتیک (exotic) ڕۆڵ دەبینێت، کە بریتییە لە پێشاندانی ئاستی نەبینراوی شتەکان و گۆڕینی شێوەیان لە باوەوە بۆ ناباو. ئەمڕۆ چەمکی پۆستئیکزۆتیک (Post-Exotic)یش بایەخی پەیدا کردووە، کە وەک ڕووبەڕووبوونەوەی گێڕانەوەی فەرمی خۆی سەپاندووە، بەو مانایەی دەچێتە ئەو ڕووبەرانەی بە لاوە نراون و لە مێدیای دەستەڵاتدا نابینرێن، بگرە هەوڵی شاردنەوەیان دەدرێت. پێشاندانی زیندان، شوێنی ژیانی

مرۆڤە ئاوارەکان، گۆڕستان، کەلاوە و هیی دیکە خەسڵەتی پۆستئیکزۆتیکە. ئەوانە ئەو ڕووبەرانەن، کە دەکەونە دەرەوەی تێگەیشتنی فەرمییەوە، تەنانەت دەرخستنی شێوازی ژیانی نەتەوە داگیرکراوەکان، کەمێتییە ئتنیکییەکان، گرووپی ئەو مرۆڤانەی خاوەنی ئەو ئارەزووانەن وا کۆمەڵگە بە ناپەسەندیان دادەنێت و زۆری دیکە دەچنە چوارچێوەی ئەو چەمکەوە. دواتر بۆی دەگەڕێمەوە و لە ڕوانگەی (میشێل فۆکۆ)وە لێکی دەدەمەوە. من خۆم بە تایبەتی لە ڕۆمانی (تەرمەوان)دا بایەخم بە پۆستئیکزۆتیک داوە. دیارە ئەو دۆخە بە سروشتی خۆی زمانێکی جیاواز لە هیی باوی ڕۆژانە دەهێنێت، کە لای خوێنەر نەناسراوە، بۆیە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاڵۆز دەردەکەوێت. ئایا ئەو ئازیزە دەتوانێت نموونەی ڕۆمانی ڕۆمانووسێکی داهێنەرم بۆ بهێنێتەوە، کە خوێنەر تێیدا ون نابێت؟

کردەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێدا ئامانجدار نییە، بەڵکوو ڕووی لە نەزانراوە، بۆیە توخمی ناکاوی ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینێت. لە ئاڕاستە فەلسەفییەکانی پۆستمۆدێرندا

چەمکی (حەتمیەتی مێژوویی) پێداچوونەوەی بۆ کراوە و ئەو تێگەیشتنەی لەسەر ئەوە دامەزراوە، گۆیە مێژوو بەپێی قۆناغە دیاریکراوەکان دەچێتە پێشێ، تێک شکێنراوە و جەخت لەسەر کۆمەڵێک توخمی دیکە کراونەتەوە، کە ڕۆڵ دەبینن و ڕێ نادەن بەپێی پێشبینییەکان مێژوو بجووڵێت، بەڵکوو وەستان، پێچکردنەوە، لادان و هیی دیکەی تێ دەکەوێت. مێژوو لە کۆمەڵێک ئاڕاستە، نەوەک لە تاکە ئاڕاستەیەک پێک هاتووە، بەوەی شتەکان وەک گوترا بێگەرد نین، بەڵکوو فرەڕەگن و ئاڕاستەی جیاوازجیاواز دەگرن. توخمی گەمە لێرەدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت، کە دواتر هەر لە نامەکەمدا بۆی دەگەڕێمەوە. لەم ڕووەوە وتارێکی تایبەتم لەژێر ناونیشانی (کارڵ پۆپەر لە ناوەکەیەوە بەرەو فەلسەفەکەی)دا نووسیوە و بەشێکە لە کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا).([30])

[30] کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی نووسیار، ژمارە (54)، چاپی یەکەم، 2024، دانیمارک.

دەکرێت گوتارەکە لەم لینکەیشدا بخوێنرێتەوە:

لە ناوی کارڵ پۆپەرەوە بەرەو فەلسەفەکەی – ژنەفتن

ئێمە ئەگەر بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو ون ببین، شتەکە لەوە دەردەچێت بە ونبوون دابنرێت. ڕاستییەکەی نەک هەر خوێنەر، بەڵکوو نووسەریش لەو کردەیەدا نازانێت بە کوێ دەگات، مادام بەپێی سەرچاوەی دیاریکراو نانووسێت، بەڵکوو هەر سەرچاوە لە بەرچاو ناگرێت. هەمیشە لەو گەڕانە بێئامانجەدا شتی نوێ دەدۆزرێتەوە. بەم شێوەیە نووسەر ون دەبێت، بێ ئەوەی هۆکاری ونبوون بزانێت. هۆکار و ئەنجام هیی ڕۆمانی سادەیە، کە پێشتر چەند جارێک لێوەی دواوم. ئەو تێگەیشتنەی (نیتشە) لەم ڕووەوە خستییە ڕوو، دەروازەیەکی فرەوانی لە بەردەم فەلسەفەی نوێدا کردەوە و لە ڕۆمانیشدا ڕەنگی دایەوە. ئەو فیلۆسۆفە دەنووسێت: [نابێت مرۆڤ چەمکی (هۆکار) و (ئەنجام) بە هەڵە بەرجەستە بکات، وەک ئەوەی فیلۆسۆفە سروشتییەکان و هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لە بیرکردنەوەی هاوچەرخدا ئەو مێتۆدەیەیان گرتووەتە بەر، دەیکەن، کە بەپێی گەمژەییی میکانیکیی باو وا لە (هۆکار) دەکرێت و پاڵی پێوە دەنرێت، تا ئامانجەکەی بە دی بهێنێت، بەڵکوو پێویستە (هۆکار) و (ئەنجام) تەنیا وەک چەمکی ڕووت بە کار بهێنرێن، بەو مانایەی خەیاڵی نەریتین

(conventional fictions) بۆ وەستان، بە مەبەستی ناونان و تێگەیشتنی هاوبەش، نەوەک بۆ ڕاڤە. لە (بوون لە خودی خۆیدا)، دەنا هیچ شتێک نە لە پێوەستبوونی دەروونی (causal-connection)، نە لە پێویستی (نێسەسیتی: necessity)، نە لە نائازادیی دەروونی (psychological non-freedom) لە ئارادایە. لێرەدا ئامانج دوای هۆکار ناکەوێت. (یاسا)یش نایەتە دی. ئێمە خۆمان هۆکار، زنجیرە، یەکبەیەکی (reciprocity)، ڕێژەیی، مەرج، ژمارە، ئازادی، پاڵنەر و ئامانجمان داهێناون.].[31]

پێی وایە زمان و ڕێزمانەکەی فریومان دەدەن، کە بە شێوەیەک ڕووداوەکان ببینین، گۆیە بکەریان هەیە. ئەم ڕاهاتنە زمانەوانییە ڕێزمان بۆ حەقیقەتێکی ساختەی میتافیزیکی دەگۆڕێت. بە مانایەکی دی، ڕێزمان بکەرێک دروست دەکات و هەموو کردارەکانی دەداتە پاڵ، کە

[31] Nietzsche, Friedrich, Beyond Good and Evil: Prelude to a Philosophy of the Future. Authorised translation by Helen Zimmern. The Macmillan Company in. 1907. PP.30_31

ئەمەیش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، گۆیە بیرکەرەوە دەکەوێتە پێش بیرەوە، وەک ئەوەی لە کۆجیتۆی (دیکارت)دا دەردەکەوێت. لەم ڕووەوە دەنووسێت: [لێرەدا بیرکردنەوە لە ئارادایە، کەواتە شتێک هەیە و بیر دەکاتەوە. ئەمە پوختەی سەلماندنی (دیکارت)ـە].([32]) ئەوە لای (نیتشە) تەنیا داڕشتنەوەی نەریتێکی ڕێزمانیمانە (grammatical custom)، کە کردار دەداتە پاڵ هەموو کارێکەوە.([33])

پێی وایە ئەوەی (دیکارت) جوداکردنەوەی کردار و کارە، کە لە ڕستەی (من بیر دەکەمەوە)دا بەرجەستەیە، لە کاتێکدا (نیتشە) خۆی پێی وایە کردار هەموو شتێکە. ئێمە ڕۆح نین، تا لەپشت هەڵسوکەوتماندا بشاردرێینەوە، بەڵکوو کردارەکانمان دەبنە ناسنامەمان. بەم شێوەیە خودی شاراوە لێرەدا شوێنێکی نییە. ڕاستییەکەی شتەکان پێکەوە هەڵدەقوڵێن، پێکەوە ڕوو دەدەن و کار لە یەک دەکەن. زمان هەوڵ دەدات بمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی، کە شتەکان چەسپاون و هۆکاری کردارەکانمانن. ئەم ڕووداوانە بەپێی

[32] Ibid.PP.268
[33] Ibid.PP.268

سیستەمی یەکبەدواییەکی ناچنە پێشێ و ڕەچاوی زنجیرەیەکی کاتئامێز ناکەن. ئەو هەر لە کتێبی (ویستی هێز)دا دەنووسێت: [زنجیرەی چەسپاوی هەندێک دیاردە بە شێوەی یاسایی دەرناکەوێت، بەڵکوو پێوەندیی هێزە (power) لەنێوان دوو دەستەڵات (forces)، یان زیاتردا.].[34]

ئەگەر وەک پێشتر گوترا جەستە فرەڕەهەندە و توانای هەیە هەموو دژەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، ئەوە هەر لای (نیتشە) ئەو جەستەیە لە غەریزەکان پێک دێت، کە بریتین لە کۆمەڵێک کاریگەری و هەڵچوون (effects and drives). ئەوانە بەپێی سیستەمی ڕۆح ڕێزبەند نەکراون، بەڵکوو بە شێوەیەکی لەخۆڕایی (accidentally)، نەوەک بە شێوەی ئامانجدار دەجوولێنەوە و پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕییان هەیە. لێرەوە کاتێ بۆ ڕستەی (من ون دەبم) دەگەڕێینەوە، ئەوە دەڵێین کرداری ونبوون گرنگە، نەوەک بکەرەکەی. بایەخی (وننەبوون) کاتێ دەست پێ دەکات، کە (ونبوون) دێتە ئاراوە. لەم کردەیەدا تێپەڕاندن دێتە کایەوە. ئەم کردارەیش

[34] Ibid.PP.336

چەسپاو نییە، بەڵکوو لە گۆڕانی بەردەوامدایە. بەوەدا ونبوون پێبەندی سیستەمێکی ڕێکخراوی کات نییە، ئەوە دەکرێت هەر ونبوونێک لە یەکێکی دیکە جیاواز بێت.

بەشێک لەو نووسەرانە زمانی ڕۆژانە فریوی داون و ئەنجامەکانیان لێ بووەتە ڕاستی. مادام لە دنیای ڕۆژانەدا زانیویانە شتەکان یان سەختن، یان ئاسان، ئەوە کردوویانەتە پێوەر و لە دنیای ئاماژەیشدا بە کاری دەهێنن. لە پۆلی پێنجەمی ئامادەییم و لە باخی گڵکەنددا خەریکی خوێندنی کتێبی کۆمەڵایەتیم، کە بۆ بەیانییەکەی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵە. سێ هاوڕێی تریشم لەگەڵدان. بە ڕێکەوت فێرخوازێکی دی دەناسین و دەڵێت خەڵکی بیتوێنە. یەکێ لەو هاوڕێیانەم دەپرسێت ئەوە ئێوە چۆن دەتوانن ئەو ئاوە ناسازە بخۆنەوە؟ کوڕە سەری لەو پرسیارە سووڕ دەمێنێت. دەردەکەوێت لە گۆرانیی فۆلکلۆریدا بیستوویەتی: (چەندم پێ گۆتی، کچێ خەجێ، مەچووە بیتوێنێ... ئاوی ناسازە، کچێ خەجێ، هەر دەتفەوتێنێ). وەک دەبینین لەپێناوی ڕاگرتنی کێش و سەروادا ڕێک خراوە، دەنا هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە، تا

پێشانی بدات ئاوی بیتوێن ناسازە، کەچی لای ئەو هاوڕێیەمان بووەتە حەقیقەت.

وەک پارادۆکسێک (هێربێرت سپێنسەر) یەکێکە لەو فیلۆسۆف و کۆمەڵناسانەی وا لەم کتێبەدا بۆچوونەکانی دەخوێنین. هەمیشە گوتوومە لەو ساڵەدا دوو کتێبی گرنگم لە فێرگەدا خوێندوون، ئەمەیان و مێژووی ئەوروپا. ئەو کۆمەڵناسانە پاڵم پێوە دەنێن زیاتر بابەتی کۆمەڵناسی بخوێنمەوە. چەند سەرچاوەیەک پەیدا دەکەم. (مامۆستا محەمەد ئیسماعیل)یش یارمەتیدەرێکی باشە و بەو کتێبانەمان ئاشنا دەکات. دیارە ئێستایش ئەو فێرخوازانە لە بیریان ماوە خاوەنی چ یادەوەرییەکی سەیر بوو، کە دەیتوانی بۆ هەر بابەتێک، بە تایبەتی هیی مێژوویی، ناوی کۆمەڵێک سەرچاوە بهێنێت و لەبارەیانەوە بدوێت. هەمیشە و بە بوێرییەکی بێوێنە ڕەخنەی لەو مێژووە فەرمییە دەگرت، کە بەعس دەیویست بە زۆر بیسەپێنێت. (دلۆڤان محەمەد سەرسپی)ی هاوڕێی گەڕەکی ڕووناکی و هیی ئامادەیی ڕزگاری دەڵێت کاتێ دەبینێت هەندێک نووسەر دوای چاپکردنی کۆمەڵێک کتێب، هێندە سادە دەدوێن،

فێرکار و فێرخوازانی ڕزگاری بە بیر دێنەوە، کە بەبێ ئەوەی دێڕێک بنووسن، هێندەیان دەخوێندەوە. لەو دەمەدا کتێبی (ئەفسانە یۆنانییەکان: أساطير إغريقية)ی (د. عەبدولموعتی شەعراوی) دەردەچێت و هەر بە هۆی ئەو مامۆستایەوە دەیناسین. لەوێدا (سپێنسەر) دەدۆزمەوە، کە پێی وایە ئەفسانە سروشتییەکان بریتین لە پەرستنی باوانی مرۆڤ، کە بەرهەمی خراپتێگەیشتنن. لەم ڕووەوە هەندێک هۆز بە نموونە دەهێنێتەوە. ئەوانە ناوی سروشت لە منداڵەکانیان دەنێن، وەک خۆر، مانگ، ڕووناک، بەرەبەیان و هیی لەم بابەتە. ئەندامانی هۆز بە تێپەڕینی کات کەسە ڕاستینەکان و دیاردەی سروشت تێکەڵ یەک دەکەن. بەم شێوەیە دیاردەی سروشتی لەوە دەردەچێت شتی بێگیان بێت، بەڵکوو لایان دەبێتە مرۆڤ. هەندێک لەوانە بۆ شوێنی تر کۆچ دەکەن و لەوێ دەڵێن: (فلاّن لای خۆری سووتێنەرەوە هاتووە) و (فیساریش لە قەراغی ڕووباری لرفەکەرەوە). دواتر نەوەکانی کەسی یەکەم وا دەزانن هەر بە ڕاستی باپیریان لای خۆر و نەوەکانی کەسی دووەم باوەڕیان وایە هیی ئەوان لای ڕووبارەوە هاتووە. هەندێک هۆزیش ناوی ئاژەڵی وەک شێر و پڵنک لە منداڵیان دەنێن.

بە تێپەڕینی کات نەوەکانیان تووشی خراپتێگەیشتن دەبن و وا دەچێتە عەقڵیانەوە هەر بە ڕاستی باپیرانیان شێر و پڵنگ بوون.([35]) ئەمەم لە ڕۆمانی (یادەوەریی بووکەڵەکان)دا بە کار هێناوە.

ئایا ئەو ئازیزە، کە دواتر زانیم نووسەرە و چەند کۆمەڵەچیرۆکێکی چاپ کردوون، هیچی لەبارەی چەمکی ئاڵۆزی، ونبوون و هیی دیکەوە گوتووە، یان تەنیا ناڕەزاییی دەربڕیوە؟ ئایا دەتوانێت لانی کەم بە وتارێک بگەڕێتەوە و پێشانمانی بدات نووسەرە بلیمەتەکان ئەوانەن وا خوێنەر بە ئاسانی لێیان تێدەگات؟ ئایا دەیەوێت پێمان بڵێت بۆچی ونبوون لە ڕۆماندا خراپە؟ من خۆم ئەگەرچی پێشتریش لەم بارەیەوە نووسیومە، بەڵام ئەوەتە لێرەیشدا دەمەوێت زیاتر تیشکی بخەمە سەر. دەگەینە ئەوەی بڵێین ونبوون و دۆزینەوە یەک کردەن و لە خاڵێکی دیاریکراودا ناوەستن. (گادامەر) لەم ڕووەوە دەنووسێت: (دۆزینەوەی مانای

[35] د. الشعراوى، عبدالمعطي، أساطير إغريقية، الجزء الأول، أساطير البشر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1982، ص51

ڕاستینەی دەق، یان هیی کاری هونەری هەرگیز تەواو نابێت، بەڵکوو ڕاستییەکەی کردەیەکی بێکۆتایە.).([36])

لەم کاتەدا ڤیدیۆی ڕەخنەگرێکی میللیم لەلایەن هاوڕێیانەوە پێ گەیشتووە، کە تێیدا دەڵێت کتێبێکی لەبارەی دۆزینەوەوە نووسیوە، گۆیە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (شێرکۆ بێکەس)ـەوە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی شاعیر شتی نوێی دۆزیوەتەوە. هەر بینەرێکی فریونەخواردوو گوێ لەو گوتانە بگرێت، لام ڕوونە قاقا لێ دەدات، وەک چۆن ئەو هاوڕێیانەی بۆیان ناردووم، لێیان داوە. گوتارێکیشی لەژێر ناونیشانی (ڕەخنە وەکو هونەری نهێنیدۆزیی)دا بڵاو کردووەتەوە، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم خوێنەری سەرەتاییش لە ناونیشانەکەیەوە قاقای بۆ لێ دەدات، بەڵام نازانم ئەو نووسەرە جەماوەرییانە چۆن هێشتا پێی سەرسامن. ئایا لەبەر ئەوە نییە خۆیشیان لە هەمان ئاستدا دەنووسن؟ ئەوە ئەو (هایدیگەر)ـە لە کوێیە، تا دەستی بگرێت و نەهێڵێت ئەم گوتانە فڕێ بدات؟ کوا کاریگەریی نووسینی ئەوانەی بە داهێنەری مەزنیان دادەنێت؟ وشەی (نەزانراو)ی بە کار هێناوە. دەپرسم

[36] Gadamer, Hans-Georg, TRUTH AND METHOD, Second, Revised Edition Translation revised by Joel Weinsheimer and Donald G. Marshall. LONDON © NEW YORK. 2006.PP..298

ئەمەی لە کۆێ هێناوە؟ ئایا لەو نووسەرە جەماوەرییانەی وەرگرتووە، یان لە شوێنێکی تر؟ ئایا دەتوانێت شتێکی نوێمان لەبارەی ئەو چەمکەوە پێ بڵێت، کە بۆ نموونە من تا ئێستا نەمگوتووە؟

ئینجا ئەوانە کاتێ باس لە دوالێزمی سادەیی و ئاڵۆزی دەکەن، دەیبەستنەوە بە ژمارەی خوێنەرەوە، بەو مانایەی ئەگەر دەقێک ژمارەیەکی زۆر خەڵک لێی تێنەگەن، ئەوە بە کەڵک نایەت. ئەگەرچی چەند جارێک لەم بارەیەوە نووسیومە، بە تایبەتی لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام)دا، کە گوتوومە لە دنیای ئاماژەدا ژمارە بابەتێکی بێبەهایە و لەم ڕووەوە بەرهەمی کۆمەڵێک داهێنەرم بە نموونە هێناوەتەوە، کە لە سەردەمی خۆیاندا نەخوێنراونەتەوە، بەڵام ڕەخنەگری میللی هێشتا دەستی لەم بۆچوونە ساکارەی هەڵنەگرتووە. کتێبە سەرەتاییەکانی (نیتشە) تەنیا چەند دانەیەکیان لێ دەفرۆشران، بۆ نموونە (سوود و زیانەکانی مێژوو بۆ ژیان)، کە بەشێکە لە کتێبی مێدیتێشنە ناوەختەکان (Untimely Meditations)، بایەخی کەمی پێ دراوە. دواتر بۆی دەگەڕێمەوە و هەر لەم ڕایەڵەدا دایەڵۆگی لەگەڵدا دەکەم. لێرەدا لۆجیکی جەماوەر،

کە هاوکات هیی ڕەخنەگری میللییشە ئەوەیە، کە بەوەدا بواری هزر سەختە و تێگەیشتن لێی ئاسان نییە، ئەوە زمانێکی سادە پێویستە. ئەم تێگەیشتنە هێندە ڕووکەشە، نازانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، چونکێ ئەگەر وایە، هەر ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵگەیش دەتوانێت وەک نووسەری جەماوەری بنووسێت. ئینجا ئەوان شتەکە بە ناوبانگەوە گرێ دەدەن، بەو مانایەی ئەو نووسەرە دەنگی دەگاتە بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگە و بەرهەمەکانی زۆر دەفرۆشرێن.

چەند کۆمەڵەچیرۆکێک نا، بەڵکوو تەنیا سێ چوار دەقم نووسیبوون، کاتێ کتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا: تيار الوعي في الرواية الحديثة)م لە (سابیر ڕەشید)ی نووسەر وەرگرت و هەوڵم دا بە وردی بیخوێنمەوە. هەر لە قۆناغی ئامادەییدا لەگەڵ هاوڕێکانم کتێبی (ئالان ڕۆب گرێ)، (میشێل بیوتۆر) و ئەوانەی ترمان لەبارەی تیۆریی ڕۆمانەوە دەخوێندەوە. کاتێ کتێبی (شیعریەتی دۆیستۆیەڤسکی: شعرية دوستويفسكي) و (بابەتەکانی هونەری داهێنان لای دۆیستۆیەڤسکی: قضايا الفن الإبداعي

عند دوستويفسكي)ی (میکایل باختین) دەرچوون، کە هەردووکیان (د. جەمیل نەسیف تکریتی: جمیل نصیف التکریتي) وەریگێڕاون و (حەیات شەرارە) پێیاندا چووەتەوە، لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ بووم و وام دەزانی کلیلی دەرگەی جیهانێکی نوێم دۆزیوەتەوە، بە مەرجێ ئەودەم تەنیا هاوڕێ نزیکەکانم دەستنووسی بەرهەمەکانمیان دەخوێندەوە. بیریشم لەوە نەکردبووەوە لەبارەی ئەدەبی گێڕانەوەوە بنووسم. هەر لەو ساڵەدا (ماركسيزم و فەلسەفەی زمان: الماركسية وفلسفة اللغة)م لە ڕێی هاوڕێیەکی زانکۆوە دەست کەوت، کە (محەمەد بەکری و یومنا عید) وەریانگێڕاوە. پێشتر لە گۆڤارە عەرەبییەکاندا هەندێک گوتاریم لەم بارەیەوە خوێندبووەوە، بەڵام خوێندنەوەی ئەم کتێبانە گۆڕانێکی ڕیشەییان بەسەر تێگەیشتن و بیرکردنەوەمدا هێنا. ئەودەم چیرۆکی (مردن لەسەر شێوازی شیعر)م نووسی، کە ئەندامێکی کۆمەڵەی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ)ـە ([37]) و یەکەم دەقیشمە شێوازی

[37] کاکەسوور، کاروان عومەر، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کۆمەڵەچیرۆک، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی شۆران_ هەولێر، زنجیرەی ژمارە (25)، چاپی یەکەم، 2004، ل. 155_83

فرەدەنگیی تێدا بە کار هاتبێت. کۆمەڵێک کارەکتەری وەک (ئاشنا)، (ڕۆشنا)، (ست جوان)، (ئاشتی)، (مامۆستا سوارە عینایەت)ی مێژوو و هیی دیکە دەگرێتە خۆی، کە ویستوومە دەنگی ئەمیان لە هیی ئەویان جیاواز بێت، تەنانەت هەندێک کارەکتەر ڕاستین و ناویان وەک خۆی نووسراوە. باسی مردنی (مامۆستا عینایەت) و ئەوانەی دی بە شێوەکی ئیکزۆتیک کراوە. (عەزیز حەسەن مەولان)ی ڕۆشنبیر یەکێکیانە، کە بەبێ ئەوەی یەک دێڕ بنووسێت، دەیان کتێبی لەبارەی تیۆریی ئەدەبەوە دەخوێندەوە. دواتر بۆی دەگەڕێمەوە.

هەر زوو لەوە تێگەیشتم ئەدەبی گێڕانەوە بەبێ تێکشکاندنی بۆچوونی باوی کۆمەڵگە ناتوانێت هونەری بێت و کاریگەری بەدوای خۆیدا بهێنێت. تەنیا کاتێ شتی نوێ دەڵێت، کە ئەم سادەییە جێ دەهێڵێت. لەم ڕووەوە (باختین) میکانیزمەکانی تێپەڕاندنی سادەیی لە ڕێی کۆمەڵێک توخمی وەک کەرنەڤاڵ، کرۆنۆتۆپ، دایەلۆگیزم و هیی

[ماڵێک لە ئاسمان"لە "کاروان کاکە سوور "لاپەڕەی تایبەتی "]

تڕەوە خستووەتە ڕوو. هەمیشە گوتوومە سااڵی هەشتاوشەش بۆ من وەرچەرخانێکی گەورە بووە، کە کۆمەاڵێک کتێبی چاکم خوێندنەوە. (زمانناسیی گشتی: علم اللغة العام)ی (فردیناند دی سۆسێر) یەکێکیانە. دوو وەرگێڕانی هەمان کتێبم دەست کەوتن.

هەڵەیەکی دیکەی لۆجیکی لەم پەرەگرافەدا هەیە و بە دژایەتیی ناوەکی (self-contradiction) ناسراوە، بەو مانایەی لە یەک کاتدا دوو شتی دژبەیەک لەبارەی یەک بابەتەوە دەگوترێن. نووسیویەتی: (بێگومان کاروان نووسەرێکی لێهاتووە)، کەچی بۆچوونەکانی دیکەی تەواو دژی ئەوەن. هەڵەی لۆجیکیی ژەهراویکردنی بیر، بیری ئاو (Poisoning the well) بە سەرتاپێی کۆمێنتەکەیەوە دیارە، کە دەیەوێت لەجیاتیی ئەوەی لەبارەی بەرهەمەکانمەوە بدوێت، شتەکان لە ڕێی ڕێتۆریکەوە دەشێوێنێت.

پێشتریش پرسیم ئایا هەموو ئاڵۆزییەک داهێنانە؟ گوتم نەخێر. دەقی وا هەیە لەبەر هۆکاری تر ئاڵۆزە. بۆ نموونە نووسەرێک لە بەکارهێنانی وشەدا نەشارەزایە و گەمەکانی

زمان نازانێت، دەربڕینەکانی ئاڵۆز دەبن، کە ئەمە هەمان ئەو ئاڵۆزییە نییە وا لە ڕێی تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەوە هاتووەتە دی. لە زمانی عەرەبیدا چەمکێک هەیە و بە (حذلقة) ناسراوە، کە بە ئینگلیزی دەبێتە (pretentiousness). شێوازێکە و بریتییە لە ئاڵۆزکردنی ئەو شتانەی ئاسانن. ئەوانە پەنای بۆ دەبەن، کە دەیانەوێت پێشانی بدەن زۆر دەزانن. ئێمە لە هەشتاکاندا ئەم چەمکەمان لە ژیانی ڕۆژانەدا بە کار دەهێنا، کاتێ یەکێک دەیویست لە ڕێی زمانێکی ئاڵۆزەوە بۆچوونەکانی بگەیەنێت، تەنانەت (سائیب ئەکرەم)ی هاوڕێمان (یادی زیندووە) بەو ڕستەیە دەناسرایەوە: (لا تتحذلق حبيبي!). من هەوڵ دەدەم شتە سەختەکان ئاسان بکەمەوە. هەندێجار هاوڕێکانم پێم دەڵێن لە فلان چەمک نەدەگەیشتین، بەڵام دوای ئەوەی تۆ لەبارەیەوە نووسیوتە، لامان ئاسان بووە. (عەلی شێخ عومەر) هەمیشە پێم دەڵێت بە زمانێکی ئاسان چەمکەکان دەناسێنیت، بێ ئەوەی لە مانایان کەم بکەیتەوە. (سومەیە خالید) لەبارەی هەمان بابەتەوە کۆمێنتی نووسیوە:

(ئەدی لەڕووی ڕێنووسەوە؟ لە ڕۆمانناووسەکانی دی زۆر جیاوازترە. ئەوە یەکەم، دواتریش لاپەڕە هەیە دوو سێ جار دەبێ بخوێنمەوە. هەتا تێدەگەم چەند جارەک دەگەڕێمەوە پێشتر، وەبی بەباشی تێبگەم. دەستخۆش ئوستاز. هەر سەرکەوتوو بی.).

لە گفتوگۆکەدا هەوڵم داوە بە وردی لەبارەی چەمکی ڕیتمەوە بنووسم، کە پێوەندیی بە زمانەوە هەیە. ئەوەتە گوتوومە:

[ئەو جوولّەیە گۆڕان بەسەر شێوە و ئەرکی توخمەکاندا دەهێنێت. هێزی جوولّە پێوەستە بە شێوازی بەکارهێنانی زمان و گۆڕینی ڕێڕۆی کات لە ئاستی فیزیکییەوە بۆ ئاستی دەروونی، یان دەکرێت بڵێم لە دۆخی گشتییەوە بۆ دۆخی تایبەت. هەوڵم دا ئەم دوو خاڵە لە بەرچاو بگرم. خۆشبەختانە ئەو نووسەرانەی پێیان سەرسام بووم، تا ئەمڕۆیش لە بواری زماندا شارەزان و بە کوردییەکی پوخت دەنووسن. کاتێ دەمویست ڕستەیەک دابڕێژم، وشەی گونجاوم بە کار دەهێنا. چەند جارێک دەمخوێندەوە، ئاخۆ هیچ گرێیەک دروست ناکات. وشەیەکم بە یەکێکی دی

دەگۆڕی، یان کار دەگەیشتە ئەوەی تەواوی ڕستەکە لا ببەم و دانەیەکی تری بخەمە شوێن. ئەگەر بۆ نموونە دوو وشەی (بەڵام) لە نزیک یەکەوە بن، ڕیتم دەشێوێنن. وشەی (کە) زووزوو یەخەم دەگرێت. پێویستە ڕێ لەم گرفتە بگرم، تەنانەت وشەی (چونکە) دەکەمە (چونکوو)، یان (چونکێ)، تا دەنگی (کە) لەوە زیاتر ڕیتم خاو نەکاتەوە. کاتێ ناو لە کارەکتەر دەنێم، خۆم لەوانە دەپارێزم، کە (سەر)، (بە) و (کە)یان تێدان، چونکێ هەرسێکیانمان زۆرن. پرسیارێکی وەک (لە)، (بە)، (پێ)، (لێ) زووزوو دەردەکەون. چاکترە ڕستەکانم وا دابڕێژم، زۆر ئەوانە لە خۆ نەگرن. ئینجا ئەزموونەکەم گەیشتە ئەوەی چیرۆک بە ڕابوردووی دوور نەگێڕمەوە، بەڵکوو پەنا ببەمە بەر ڕانەبوردوو، چونکێ (چووبوو)، (خواردبوو)، (نووستبوو) و هیی دیکە ڕیتم خاو دەکەنەوە، لە کاتێکدا لە دۆخی ڕانەبوردوودا ئەو (بوو)انە نامێنن. (دەچێت)، (دەخوات)، (دەنوێت) و... هتد.].

هەڵەیەکی دیکەی لۆجیکی هەیە، کە بە (appeal to personal incredulity fallacy) ناسراوە و زووزوو ڕوو دەدات، کە مانای ئەوەیە ئەگەر شتێک لەبەر ئاڵۆزی

نەچووە عەقڵی کەسێکەوە، ئەوە بێکەڵکە. (گالیلی) کاتێ ئەوەی دۆزییەوە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، زەحمەت بوو لەو ڕاستییەیان بگەیەنێت. ئایا ئەگەر من لە هاوکێشەیەکی کیمایی نەگەم، مانای وایە بێکەڵکە؟

ئایا ئەم ئاڵۆزییەی لەو بڕگەیەی ئەو ئازیزەدا هەیە، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە وەک پێویست بایەخی بە زمان نەداوە؟ ئایا خوێنەر دەتوانێت ئاڵۆزیی وەها لە بەرهەمی مندا بدۆزێتەوە؟

نزیکەی شەست ساڵ دوای ئەو وتارانەی (حسێن عارف) لەبارەی شەپۆلی هۆش، کات، شوێن و هیی دیکەوە نووسیونی، هەندێک چیرۆکنووس و ڕۆمانناووسمان لەم ئاستەدا دێنە دەنگ و وەک (مەنمی) داوای سادەیی دەکەن. گوتیشم ئەمڕۆ ئاڕاستەی سێیەم ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە. زۆر لای گرنگ بووە ئەم پەیامەم پێ بگات و فێر ببم بەم شێوازەی خۆی بنووسم، کە بە ڕاستی سپاسی دەکەم و ئەوەتە بایەخم پێ دا، بەڵام ئایا منیش ڕۆڵەی کۆمەڵگەکە نیم و وەک خۆی ئەم شتانەم لە دەمی خەڵکەوە نەبیستوون؟ بۆچی پێی وایە ناتوانم ئەم پەرەگرافە

بنووسم؟ ئایا ئەو خوێنەرەی چ کتێب و چ وتارەکانمی خوێندبنەوە، کە هەندێکیان ناویان هات، نەیبینیوە بەردەوام ڕووبەڕووی ئەم تێگەیشتنە بوومەتەوە؟ هیوادارم هەر بۆ نموونە وتاری (ڕەخنەگری میللی و پەزپەزەی چەمکی خوێنەر)[38]، (ئەرێ ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟)[39] و (لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کورددییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی)[40] بخوێنێتەوە، تا بزانێت پێشتریش ئەم پەیامانەم پێ گەیشتوون و گوتوومە لە دەمی خەڵکەوە وەرگیراون. ماوەی پێشوو کتێبی (لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا)م بە شێوەی ئەلیکترۆنی بڵاو کردەوە، کە هەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گوتانەیە.[41].

ماوەتەوە بڵێم من بایەخی بەرچاو بەم گوتانە دەدەم، چونکێ بەشێکی تێگەیشتنی گشتیمان پێک دەهێنن و لە نووسیندا بەرجەستە دەبن. دەمەوێت بە ئاڕاستەی

---

[38] ڕەخنەگری میللی و پەزپەزەی چەمکی خوێنەر – ژنەفتن

[39] ئەرێ ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟ – ژنەفتن

[40] لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کورددییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی – ژنەفتن

[41] لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا – ژنەفتن

دایەڵۆگیاندا ببەم. پێشتریش بینیمان (گادامەر)ی فیلۆسۆف بە چاوی نزم ناڕوانێتە ئەوانە و بە گرنگیان دەزانێت، بەو مانایەی بەشێکن لە کەلەپوور و تێگەیشتنی گشتی پێک دەهێنن. دواتریش هەر لەم نامەیەدا بۆی دەگەڕێمەوە، تا زیاتر ڕوانینی دەربخەم. لەم گفتوگۆیەی (حاجی) لەگەڵیدا کردووم و (مالّی وەفایی) لەژێر ناونیشانی (ڕاڤەی چەمکەکان لە جیهانی ئاماژەدا)دا چاپی دەکات، هەوڵم داوە بە وردی باس لە بۆچوونی ئەم و هیی (دولووز)ی فیلۆسۆفیش بکەم، کە بە هاوکاریی (گاتاری) لەو بارەیەوە نووسیویەتی. پێیان وایە کاری نافەلسەفییانە لە فەلسەفەمان دانابڕێت، کاتێ گیانی فەلسەفەمان لە دەست نەداوە، بەڵکوو خودی نافەلسەفە زیاتر هێز بەو مێتۆدەمان دەدات. پێیان وایە کاری نافەلسەفی دەرفەتی زیاترمان بۆ دەڕەخسێنێت، تا لەگەڵ ئەوانەدا مامەڵە بکەین، کە کولتوورمان بەرهەمی هێناون و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاوی واقیع. من خۆم تا ئەم ساتەیش نەک دەستم لەم مێتۆدە هەڵنەگرتووە، بەڵکوو زیاتر پەرەی پێ دەدەم و لە ڕێی هەر خوێندنەوەیەکەوە گۆڕانی زیاتر بەسەر ئەزموونەکەمدا دەهێنم. هەوڵ دەدەم چەمکە داخراوەکان بەسەر دنیادا بکەمەوە، بەو مانایەی لە

واقیعی زانراوەوە هەڵیاندەبڕم و بەرەو واقیعێکی تریان دەبەم، کە لە ئاماژە پێک هاتووە و ڕێ نادات هیچ چەمکێک دەست بە تاکە مانای خۆیەوە بگرێت، بەڵکوو بە ناچاری وازی لێ دەهێنێت، مادام لە ڕایەڵەکانی دوور خراوەتەوە و لەو ئاسمان (سپەیس)ـەدا بەر دەیانی تر دەکەوێت، کە لە هەر بەرکەوتنێکدا مانایەکی نوێ وەردەگرێت.

دەگەمە ئەوەی بپرسم ئایا بۆچوونی ئەو نووسەرە گرنگە وا لەم کۆمێنتەدا دریبڕیوە؟ بەڵێ، کاتێ بە ئاڕاستەی دایەڵۆگیدا دەبەین. پێشتریش گوترا. ئەمە ئەو شتەیە بەردەوام پێم لەسەر داگرتووە. کاتێ من بەم شێوەیە لەگەڵ دەقدا هەڵسوکەوت دەکەم، هەندێک وای لێک دەدەنەوە، گۆیە لەبارەی کۆمێنتێکەوە دەنووسم، بەڵام ئەوانە لەم ڕێیەوە دیسان جەخت لەو تێگەیشتنە میلییەیان دەکەنەوە، کە پێیان وایە کۆمێنت دەق نییە و چەمک لە خۆ ناگرێت. ئایا بە گشتی فەلسەفە لەبارەی ئەم شتانەوە نەنووسراوە؟ ئەرێ وتاری (بۆچی لە گونددا دەمێنمەوە؟)ی (هایدیگەر) لەبارەی ئەوەوە نییە، کاتێ شارییەکان دێنە لای و لێی دەپرسن چۆن لەم گۆشەگیرییەدا دەژی؟ لەو ڕێیەوە باسی

ئەو جیاوازییە دەکات، کە لەنێوان چەمکی تەنیایی و گۆشەگیریدا هەیە، بەوەی ئەم لە دارستانی ڕەشدا تەنیایە، بەڵام گۆشەگیر نییە، مادام بە هۆی دیمەنی دارستان، گۆڕانی هەوا، گوتەی دەشتەکییەکان و هیی تردوە پێوەندیی بە بوونەوە ناپچڕێت، لە کاتێکدا ئەوە قەرەبالّغییە مرۆڤ لە خۆی دادەبڕێت و گۆشەگیری دەکات. ئەو چەمکانەی ڕەخنەگری میللی فڕێیان دەدات، بۆ من دەبنە دەروازە و لێیانەوە دەچمە ناو کەنالّەکانی فەلسەفە، تا لەم ڕووکەشییەیان دوور بخەمەوە و لە ئاستێکی دیکەی جیاوازدا دەریانببڕمەوە. ئەوانە هۆشیارییەکی ساختە لای خوێنەر پێک دەهێنن و من گومانی لێ دەکەم. لە ڕێی پرسیارەوە تیشکی دەخەمە سەر و پایەکانی هەلّدەوەشێنمەوە، تا شتە شاراوەکانی دەربکەون و بە ڕوونی بێنە بەرچاو. دیارە فریای هەلّگرتنەوەی هەموویان ناکەوم، بەوەی فڕێدان کارێکی ئاسانە و هیچی تێ ناچێت، لە کاتێکدا هەلّگرتنەوە و گەڕان بەدوای ڕایەلّەکاندا سەختە، مادام دەبێت بیانخەمە ئاستی دایەلّۆگەوە، کەنالّە جیاوازەکان بپشکنم، لێکیان بدەمەوە، بۆچوونی فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان وەربگرم، کە هەندێجار پێویستە

وەریانبگێڕم و سەرچاوەکان بە لاپەڕەیشەوە بنووسم، بەڵام بەپێی دەرفەت هەوڵی ئەوەم داوە و دەیدەم. لە دەقناسیدا کورتی و درێژی بابەت نین، بەڵکوو ئەوەی هەیە ئەوەیە دەقەکە چ کارێکی تێدا کراوە. هیچ دەقێک نییە لانی کەم چەمکێک نەگرێتە خۆی، کە چەمکەکان بێسنوورن و دەکرێت بەردەوام ڕاڤە بکرێنەوە. ئەو چەمکانە کێ بە کاری هێناون؟ چۆن بە کار هاتوون؟ لە کوێدا بڵاو کراونەتەوە؟ هیچیان گرنگ نین، بەڵکوو دیسان دەڵێم چەمک هەر چەمکە و ڕاڤەیش هەر ڕاڤەیە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە من چۆن ڕووبەڕووی بوومەتەوە و بە چ ئاڕاستەیەکمدا بردووە؟ ئەگەر بەشێکی زۆری کولتووری بیرکرنەوە و هزرمان لەم گوتانە پێک هاتبێت، چۆن بە لایانەوە بنێین و ڕووبەڕوویان نەبینەوە؟

هەندێکیش دەپرسن بۆچی تەنیا ڕووبەڕووی گوتەی سادەی سادەنووسان دەبیتەوە؟ ڕاستییەکەی من بەشێکی کاتمم بۆ هەڵگرتنەوەی ئەم چەمکانە تەرخان کردووە، تا بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم، دەنا کاتێ دەبینم نووسەرانێک لە ئاستێکی دیکەدا دەنووسن، با هاوڕایشیان

نەبم، هەر بە گرنگیان دەزانم. ئینجا ئەگەر هەندێک ناو ئەمرۆ لای جەماوەریش دەرکەوتووە سادەن، ئەوە بەر لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە وا سەیر نەدەکران، یان لانی کەم نەدەزانرا هێندە ڕووکەشن و نووسینەکانیان مایەی قاقان. کەواتە ئەم ئەنجامە بەرهەمی ئەو جوواڵەیەیە، کە ئەوەتە هێشتا بەردەوامە. شتی سەیر لێرەدا ئەوەیە هەندێک لەوانەی گوتەی فڕێدراویانم هەڵگرتووەتەوە و پێشانم داوە تا چ ئەندازەیەک دەستیان بە تێگەیشتنی جەماوەرەوە گرتووە، خۆیشیان پێیان وایە ئەم گوتانەیان پووچن و هیی ئەوە نین کاتیان پێ بکوژم. یەکێکیان لەژێر ناونیشانی (کاروان کاکەسوور خۆی بچووک دەکاتەوە)دا وتارێکی بە هەمان زمانی خەڵک نووسیوە. بە یەکێک دەگوترێت خۆی بچووک دەکاتەوە، کە گەورەیە، بەڵام خۆی دەهێنێتە ئاستی کەسانی ترەوە، کە ئەوە ناهێنن. خۆشبەختانە ئەمە بۆچوونی من نییە و پێم وایە کاتێ چەمک لە ئارادایە، ژیاننامەی نووسەر دوور دەخرێتەوە. من خۆم کەس بە بچووک نازانم، بەڵکوو تەنیا مامەڵە لەگەڵ چەمکدا دەکەم. دیارە هەر من نیم، بەڵکوو کەسانی دیکەیش هەن و بە شێوازی خۆیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. دەتوانم بڵێم ئەمڕۆ

خوێنەرانێک لە ئاستی ئەو گوتە ڕەونەقدارانەدا چاویان کراوەتەوە و فریو ناخۆن.

کاتێ هەندێک نووسەر داوای سادەیی دەکەن، ئەوە دەیانەوێت ئێمە هەر ئەوە بڵێینەوە، کە ئەمڕۆ واقیع پێی گەیشتووە. ئایا ئەوانە وا دەزانن ئەم واقیعەی لەناویدا چاویان کردووەتەوە، ئەزەلییە؟ ئایا ئەمە هەر خۆی بەرهەمی کردەی گۆڕان نییە؟ دیارە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم بەپێی بژارکردنی سروشتی (natural selection) دەچێتە پێشەوە، کە ئەمە لای (نیتشە) دەکەوێتە بەر ڕەخنەی توند، بەڵام کردەیەکی نائاگایانەی بێئامانجە و لەو ڕێیەوە ئەو توخمانە دەمێننەوە، کە توانای کارلێکیان هەیە و ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبنەوە، تا تێی بپەڕێنن. ئەو نووسەرانە لە چ ڕوانگەیەکەوە داوای سادەیی دەکەن و لە دژی ئاڵۆزی دەوەستنەوە؟ ئایا وەک پێشتر پرسیمان پەنایان بۆ دایەڵۆگ بردووە و لە ڕێی تیۆرییەوە پێ گەیشتوون، یان شتەکە لە زمان و تێگەیشتنی خەڵکدا هەیە و بە ئاسانی گواستوویانەتەوە؟ بە مانایەکی دی، ئایا ئەم بۆچوونە هیی خۆیانە، یان هیی کۆمەڵگەیە؟

بەڵێ، ئەم تێگەیشتنە ڕەگێکی قوواڵی لەناو هزری جەماوەردا هەیە و گواستنەوەی ئاسانە، بەوەی ڕۆ چووەتە زمانی ڕۆژانەوە. ئەو خودە لەلایەن داموودەستگە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێک هاتووە و هەر خۆیشیان تێیدا دەدوێن، کە داهێنان تەنیا لە ڕێی تێکشکاندنی ئەو خودەوە دێتە دی و لێرەوە زمانی تاکانەی داهێنەر لە هیی گشتی دادەبڕێت، کە دیارە ئەو زمانە لای ئەوانەی تر نامۆیە و بە ڕوونی لێی تێناگەن. لە ڕۆژگاری زانکۆدا دەمانگوت ئەگەر هەموو پارچەکانی فڕۆکەیەک کۆ بکەینەوە و لە نزیک یەکیان دابنێین، ئەو فڕۆکەیە پێک نایەت و ناتوانێت بفڕێت، بەڵکوو ئەوەی لە زەوییەوە بەرزی دەکاتەوە، شێوازی پێکبەستنەوەیە، کە لەو ڕێیەوە ئەو پارچانە کار لە یەک دەکەن. لەمەوە وزەی دەخرێتە بەر و دەفڕێت. ئەمە لە کیمیادا پێی دەگوترێت سەرهەڵدان (Emergence)، بەو مانایەی یەکەیەکی تەواو (whole entity) خاوەنی هەندێک خەسڵەتە، لە کاتێکدا ئەو بەشانەی پێکیان هێناوە، بە تەنیا ناتوانن هەڵگری هەمان خەسڵەت بن. لە لێکدانی ئەو پارچانە کاریگەرییەکە دەردەکەوێت.

دەقی ئەدەبی لە پارچەکانی واقیع پێک دێت، بەڵام تەنیا کاتێک ئەم دەقە دەتوانێت کاریگەری جێ بهێڵێت، کە لە ئاستی واقیعی زانراو دوور دەکەوێتەوە و لە ئاستێکی دیکەدا خۆی دەردەبڕێت. بەم شێوەیە ئاڵۆزی بەرهەمی ئەو پێکبەستنەوەیەیە، بەڵام هەر ئەمەیش داینەمۆی دەقی جیاوازە. ڕەخنەگری میللی لە نووسەری جەماوەری و سادەنووس دەگات، چونکێ هەمان زمانی کۆمەڵگەیان هەیە، بەڵام لە ئاستی زمانی تێپەڕێنراودا دۆڕ دادەمێنێت و بە وڕێنەی دەزانێت، بە مەرجێ وڕێنە لە دنیای ئاماژەدا (واتە لە فەلسەفەدا) مانایەکی دیکەی تەواو جیاوازی هەیە و پێشتریش چەند جارێک لێی دواوم. ئەگەر لە دیدی (نیتشە)وە بۆی بڕوانین، دەڵێین ئەوانە نایانەوێت لە ڕێی نووسینەوە حەقیقەتی بابەتی بدۆزنەوە، تا تێی بپەڕێنن، بەڵکوو نووسینیان کردووەتە ڕێگەیەک بۆ مانەوە و سوودوەرگرتن.

ئەو نووسەرانە پێیان وایە دەبێت ئەدەب هەمان واقیعی زانراوی خۆی دەرببڕێت، دەنا ئەگەر لێی لا بدات، ئەوە دەئاڵۆزکێت و ئەو ئاڵۆزییە کێشەی تێگەیشتن دروست

دەکات، لە کاتێکدا نەیانزانیوە ڕۆژگارێک ئەوەی ئێستایش بە ئاڵۆز دانراوە و کەسانێکی دەگمەن لە دژی وەستاونەتەوە. هەر بە گشتی گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکاندا هیی تاکە و دوایی دەبێتە هیی کۆمەڵ، بگرە جەماوەر لە دژی هەر گۆڕانکارییەکدا دەوەستنەوە. لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە لە قاهیرە و ئەسکەندەریەدا دەیانەوێت ئاو لە ڕێی بۆرییەوە بۆ ماڵان ڕابکێشن. لە هەموو لایەکەوە هاوار بەرز دەبێتەوە، کە چۆن شتی وەها بکرێت، تەنانەت بە حەرامی دەزانن، بەڵام ئەنجام سەر دەگرێت و سیستەمی بەلووعە دەردەکەوێت. ئایا ئەمڕۆ ئەگەر بە کەسانێک بڵێیت ڕۆژگارێک بەلووعە بە حەرام دانراوە، باوەڕت پێ دەکەن، لە کاتێکدا چووەتە مزگەوتەکان؟ کاتێ ئامێری تەلەڤیزیۆن هات، من منداڵ بووم. ئەو ماڵانەی لەم ئامێرەیان دەکڕی، هێرش دەکرایە سەریان و بە سووک دادەنران، بەڵام تەنیا چەند ساڵێکی برد و هەر ئەوانەی دەیانگوت ئەو ماڵەی شەیتانی یەکچاوی تێدا بێت، فریشتەی تێ ناچێت، کڕییان و ئەو ئاڵێرە بەرزەیان لەسەر ماڵیان چەقاند، کە پێشتر بە ئاڵای سۆزانییەکانیان دەچووان، گۆیە بۆ ئەوەیە کڕیار

پەلامارەکان ببنەوە، بەڵام ئەوە هەر ئەوانەیشن داهێنەر. ئەوە (مەلای گەورەی کۆیە)یە لە کۆوە هەنگای تاکانە بەرەو تاکێتیی خۆی دەنێت و بەهای تاکانەی نوێیش دادەهێنێت. ئەوە (فەتحیە محەمەد)ی هاوسەری (عادیل سەلیم)ـە، کە لە شارێکی وەک هەولێردا خۆبەخشانە فێرگەیەکی گەڕۆک دەکاتەوە، تا بە گەڕەکە هەژانشینەکاندا بگەڕێت و خانمان بە مافەکانیان بناسێنێت. ئەوە (د. سامیە چاوشلی)یە کاتێ لە شەستەکاندا ئۆتۆمۆبیلەکەی لێ دەخوڕێت، هەزاران کەس لەمبەر و لەوبەری شەقامەکاندا دەوەستن، تا لەم دیمەنە سەیرە بڕوانن، کە ئەمڕۆ کارێکی ئاساییە و سەرنج ڕاناکێشێت.

ئایا ئەو شێوازەی هەندێک نووسەر بەرگریی لێ دەکەن و دەڵێن پێویستە هەمووان بیگرنە بەر، ڕۆژگارێک بە توندی دژایەتیی نەکراوە؟ ئەدی بۆچی خۆیان ئەمڕۆ بە ئاساییی دادەنێن و دەیکەنە پێوەر بۆ هەموو شتێک؟ چونکێ کاتێ چاویان کردووەتەوە، هەبووە و وا دەزانن قاڵبە. ئەگەر هەموومان گوێ لەوانە بگرین، ئەوە ئەدەب دەبێتە قسەی ڕۆژانەی خەڵک. ئەگەر ڕوانگەییەکان و ڕەخنەدۆزانی

ڕوانگە لە حەفتاکاندا وەک وەک ئەو نووسەرانەیان بکردایە، ئێمە هێشتا بەو شێوازەمان دەنووسی، کە لە پەنجاکاندا باو بوو. تا ئەمڕۆیش شێوازی (لەتیف هەڵمەت) لە شیعر و هیی (سەلام مەنمی) لە چیرۆکدا دریژەیان پێ دەدرا. کاتێ ئەو نووسەرانە جەخت لە سادەیی دەکەنەوە، هەر ئەوە نییە دەیانەوێت دەست بەوەوە بگرن، کە تا ئێستا پێی گەیشتووین، بەڵکوو پێیان وایە ئەرکێکی ڕەوشتییشیان گرتووەتە ئەستۆ، کە بەرگری لە شیرازەی کۆمەڵ دەکەن و ناهێڵن تێک بچێت؛ نازانن ئەوەی وا بە پیرۆزی دەزانن، ڕۆژگارێک بە حەرام دانراوە و نووسەرە یاخییەکان هێناویانە، لە کاتێکدا نووسەرانی تر پەلاماریان داون.

لەم ڕووەوە (پیر بۆردیۆ)ی کۆمەڵناس چەمکی هابیتوس بە کار دەهێنێت. ئاماژەیە بە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی، کە لە ڕێیەوە دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی دەستەڵاتدار دامەزراوە و بەرهەم دێتەوە. ڕوانینێکی هاوبەشی تاکەکان پێک دەهێنێت بۆ ئەو جیهانەی بوونی خۆیان تێدا

دەبینەوە.([42]) وەک (کارڵ ماتۆن)ی بیرمەندی ئاوسترالّی دەڵێت: چەمکێکی لوغزاوییە. ڕۆڵێکی گەورە لە مێتۆدە سۆسیۆلۆجییەکەی (بۆردیۆ)دا دەبینێت. ئامانجی چەمکەکە تێپەڕاندنی ئەو دوالّیزمە ڕەگداکوتاوانە (deep-seated dichotomies)یە، کە شێوازەکانی بیرکردنەوەیان لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا پێک هێناون.([43]).

ئەگەر هابیتوس بەپێی (بۆردیۆ) سیستەمی ڕوانین، هێنانەبەرچاو، ئارەزوو، زەوق و شتی دیکەیە و لە ڕێی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم دێت، ئەوە نائاگایی تێیدا ڕۆڵ دەبینێت، کە هەڵسوکەوت و جووڵەکانی هەڵدەسووڕێنێت. مرۆڤ لە منداڵییەوە ئەوانەی ڕۆ دەچنە ناوەوە. نەک تەنیا لە هزریاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵکوو جەستەیشیان دەگرێتەوە، بەوەی شێوازی ڕۆیشتن،

[42] Bourdieu, Pierre, Outline of a Theory of Practice, Translated by, Richard Nice, (Cambridge studies in social anthropology:16)., 2003, PP.86

[43] Maton, Karl, (2008) Habitus, in Grenfell, M. (ed.) Pierre Bourdieu: Key concepts (pp. 49–66). London: Acumen.PP.49. Retrieved from: Maton, K. (2008) Habitus, in Grenfell, M. (ed.) Pierre Bourdieu: Key concepts (pp. 49–66). London: Acumen. – Legitimation Code Theory

دانیشتن، پێکەنین، شێوازی دەربڕینی ناڕەزایی و هیی دیکەیش هەر پێبەندی ئەو سیستەمەن. وەک دەبینین ئەم ڕوانینە لە خانەوادە دەست پێ دەکات و بۆ دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک فێرگە، گەڕەک، یاریگە، شوێنی کار و هیی دیکە دەپەڕێتەوە. بەم شێوەیە هابیتوس لە ڕێی دامودەستگەکانەوە پاوانخوازیی خۆی بەرهەم دەهێنێت. لەم چوارچێوەیەدا هەر تاکێک لە ڕێی ئەزموونی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵێک شت لای خۆی کەڵەکە دەکات، کە ئەوانە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەبنە بنەما بۆ هەڵسوکەوتەکانی.

لەمەوە هابیتوس وەک کەلەپوورێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەردەکەوێت و تاکەکان لە ڕێی هەڵسوکەوتیانەوە دەریدەبڕن. بەم شێوەیە لە گۆڕەپانێکی فرەوانی کۆمەڵایەتیدا چالاک دەبێت، کە (بۆردیۆ) لێرەدا چەمکی گۆڕەپان (field) بە کار دەهێنێت، بەوەی گۆڕەپانێکە و ململانێکانی تێدا بە ڕێوە دەچن. گۆڕەپانی خێزان، هیی فێرگە، هیی سیاسەت، هیی هونەر و هیی ئەوانەی دیکە لە پێکهێنانی هزری تاکەکاندا بەشدارن، کە هەر یەکەی خاوەنی یاسا و ڕێنوێنیی خۆیەتی. بە مانایەکی

دی، لە ڕێی سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە (cultural capital) هزریان ڕەنگڕێژ دەکات، بگرە نەوەیەک بە میرات بۆ نەوەکانی دیکەی جێ دەهێڵێت، کە لێرەدا ئەم سەپاندنە بە توندوتیژیی سیمبۆڵی (symbolic violence) ناو دەبات، بەوەی تاکەکان بەپێی ئەو گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەی تێیدا پەروەردە کراون، هەڵسوکەوت دەکەن. بۆ نموونە فێرخوازێک، کە لە گەڕەکێکی هەژارنشیندا گەورە کراوە، شێوازی خوێندن، قسەکردن، مامەڵەکردنی لەگەڵ بەرنامەی خوێندن و شتی دیکەی لە هیی هاوپۆلێکی، کە لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندشینەوە هاتووە، جیاوازە. بەم شێوەیە ئەوان دوای ئەوەی قۆناغێکی دیاریکراو لە فێرگەدا دەبڕن، بیر لە هەموو ڕشتەیەک ناکەنەوە، کە بچنە ناویەوە. دیارە لەبەر ئەوە نا یاسا ڕێیان لێ دەگرێت، بەڵکوو وا لە نەستیاندا چەسپیوە، گۆیە تەنیا چەند شوێنێکی دیاریکراو هیی ئەوانە. ئەم تێگەیشتنە لە ناخیاندا چالاکە و بڕیار لە شتەکانیان دەدات. بە مانایەکی دیکە، بەم ئارەزووە نەهاتوونەتە دنیاوە، بەڵکوو لە دنیادا وەریانگرتووە.

دەگەیەنە ئەوەی بڵێین هابیتوس لای (بۆردیۆ) تەنیا میکانیزمی دەستنیشانکردنی ئەو میراتە کۆمەڵایەتی و کولتووریيە نییە، کە تاکەکان لە ڕێی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە بە دەستی دەهێنن، بەڵکوو وەک گوترا شێوازی تێپەڕاندنی دوالێزمەکانیشە. ئێمە ئەوەمان لە کوێ وەرگرتووە، کە ڕۆمان دوو جۆری هەن: سادە و ئاڵۆز؟ ئەمیان چاکە و ئەویان خراپ. ئایا پێوەرەکە هیی خۆمانە، یان لە ڕێی ئەو دامودەستگە کۆمەڵایەتییانەوە بەسەرماندا سەپاوە؟

سادەیی خەسڵەتە زەقەکەی قۆناغی پاش ڕاپەڕین

ئەگەر توخمی ڕووبەڕووبوونەوە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا زەق دەکرێتەوە، تا بایەخی پێ بدرێت، کە کاریگەرییەکەی بە ئاشکرا دەردەکەوێت، ئەوە لە ڕاپەڕینەوە وردەوردە شێوازی تەلقین شوێنی دەگرێتەوە، بەو مانایەی هەرەمێک پێک دێت و هەندێک نووسەری جەماوەری

لەسەرەوە پەیام دەنێرن، تا ئەوانەی خوارەوە وەریانبگرن و لە بەریان بکەن، تەنانەت لووتکەی هەرەمەکە بەردەوام تەسک دەبێتەوە و دەدرێتە یەک نووسەر. لە کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی)دا هەوڵم داوە بە وردی باس لە پێکهاتەی ئەو هەرەمە بکەم. لە حەفتاکان و هەشتاکاندا ڕووبەڕووبوونەوە نەیدەهێشت هەرەم دروست ببێت، بەوەی خوێنەر لانی کەم خۆی لە بەرانبەر دوو ئاڕاستەی جیاوازدا دەبینیەوە و دەیتوانی بۆچوونی جیاوازی خۆی دەربببڕێت، بەڵام لە ڕاپەڕینەوە یەک ئاڕاستە بایەخی پێ دەدرێت و هەر دەنگێک سەرکوت دەکرێت، ئەگەر لەگەڵی نەیەتەوە. نووسەری جەماوەری شوێنی خوداوەند، یان لانی کەم شوێنی پیاوچاک دەگرێتەوە و گوتەکانی بە پیرۆز دادەنرێن، بگرە کار دەگاتە ئەوەی جوێن بە دایکی ئەوانە بدرێت ڕەخنە لە پیاوچاک دەگرن. ئایا ئەم گوتەیەم دەنگدانەوەیەکی سەیری هەیە؟ بەڵێ، بەڵام ئەمە دیاردەیەکە و لە سۆشیالمیدیادا زەقە. لەو گفتوگۆیەی (حاجی) لەگەڵیدا کردووم، نموونەیەکم هێناوەتەوە و شیم کردووەتەوە. وەک لە کتێبی (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)دا گوتوومە ئەمڕۆ کۆمەڵێک

ڕەخنەگری میللی ئەرکی پاسەوانی دەگرنە ئەستۆ، کە هەندێکیان میدیای حزبەکان بۆ ئەم مەبەستە دەخەنە گەڕ. بەم شێوەیە لە ڕێی پاوانخوازیی ئەو هەرەمەوە نەک تەنیا هەوڵی سەرکوتکردنی هەر ئاڕاستەیەکی جیاواز دەدرێت، بەڵکوو هەموو ئەو هەوڵە گرنگانەی پێشتریش دراون، بێنرخ دەکرێن. ئێمە باسمان لە نووسەرانی ڕوانگە و ئەو ڕەخنەدۆزانەیش کرد، کە لە حەفتاکاندا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و گۆمەکە دەشلەقێنن، بەڵام ئەوانە ئەمڕۆ خراونەتە پەراوێزەوە، بگرە ناویان نەماوە. (کارزان عەلی) وەک نووسەرێکی دوای ڕاپەڕین دەیەوێت لەبارەی ڕوانگەوە بخوێنێتەوە و لە نێتدا بۆی دەگەڕێت. ئەوانەی دەیاندۆزێتەوە، تەنیا چەند شتێکی کەمن، کە یەکێکیان وتاری (چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان)ی منە.([44]) دەپرسێت ئەم بێدەنگییە چییە لە ئاستی ئەم قۆناغە گرنگەی نووسینماندا؟

من دەپرسم ئایا نووسەرانی پێش ڕاپەڕین خۆیشیان بە گشتی ڕۆڵیان لەوەدا نەبووە، کە بەم شێوەیە لە ململانێ

[44] چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان – ژنەفتن

دوور بخرێنەوە؟ بەشێکی زۆریان نەیانتوانیوە هێزی دیکە بخەنە بەر خۆیان، تا گۆڕانی تر بەسەر هزر و زمانیاندا بهێنن. ئەو (پەشێو)ـەی لە حەفتادا شیعری (سێ نامە) بۆ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (ڕوانگە) دەنێرێت، بۆچی دواتر لەجیاتیی ئەوەی ئەم ئاستە بەرزە تێبپەڕێنێت، دایدەبەزێنێت، بگرە شیعر لە پەیامی سیاسیدا کورت دەکاتەوە، تا لە ڕێی هەڵچوون و هاوارەوە بیگەیەنێتە جەماوەر؟ بۆچی داهێنەرێکی وەک (شێرزاد حەسەن) لە ڕاپەڕینەوە نەک هەر دەوەستێت، بەڵکوو پاشەکشێیش دەکات؟ سی ساڵە خەریکی گێڕانەوەی هەندێک چیرۆکی سادە و گوتەی سواوە. نوێترین گفتوگۆی ئەو نووسەرە هێندە سادەیە، دەبێت لە خۆت بپرسیت ئەرێ ئەوە نووسەری (تەنیایی) و (گوڵی ڕەش)ـە؟ ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە چییە (حەمەسەعید حەسەن)ی نووسەری (شیعر هەڵوێستە)، کە وەک گوترا نیوەی دووەمی حەفتاکان و دواتری پێ دەناسرێتەوە، بەسەر ئەم شێوازەیدا هێناوە؟ ئایا هونەری شیعر پاڵی بە (شێرکۆ بێکەس)ـەوە نا بچێتە ئاستی تێۆرییەوە، تا لە بواری فەلسەفەدا بەدوای ماناکانی ئەدەبدا بگەڕێت، یان لە هەندێ گفتوگۆیدا بە هەمان زمانی

ڕۆژانەی خەڵک لەبارەی چەمکەکانەوە دواوە؟ ئەرێ (حسێن عارف)، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەو ڕوانینە نوێیە لەبارەی توخمەکانی ئەدەبی گێڕانەوەوە دەخاتە ڕوو، دواتر ئەم تێگەیشتنەی دەباتە ئاستێکی دیکە و بایەخی زیاتر بە لایەنی تیۆری دەدات؟ (حەمەفەریق حەسەن) ئەگەر بە درێژاییی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان گۆڕان بەسەر شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکدا دەهێنێت، کوا داهێنانی ئەم سی ساڵەی ڕابوردووی؟ (کەمال میراودەلی) نووسەرێکی دیکەی گرنگی حەفتاکانە و کتێبی (فەلسەفەی جوانی و هونەر "ئیستاتیکا") دەنووسێت، کە وەرچەرخانێکی دیکەیە لە مێژووی نووسینماندا، بەڵام ئایا لەم سی ساڵەی ڕابوردوودا ئەم ئاستەی تێپەڕاندووە، یان خۆی بە هەندێک شتی زۆر سادەوە خەریک کردووە؟

دیارە من ئەمانە تەنیا لە شێوەی پرسیاردا دەردەبڕم، دەنا بە ڕەهایی لێیانەوە نادوێم. نالێم هیچی دیکەیان نەخستووەتە سەر ڕابوردوویان، بەڵکوو مەبەستمە بپرسم ئایا بەپێی پێویست گەشەیان بە ڕوانینی خۆیان داوە؟ ئەوەیش دەزانم، کە نووسینی هەندێکیان هێشتا لەگەڵ هیی

ئەو ڕەخنەگرە میللی و سادەنووسانەدا بەراورد ناکرێت، بەڵام ئەم بەراوردکارییە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. پرسیارەکەیش لەسەرەوە ئاڕاستە ناکەم، بەڵکوو ئاسۆییییە و خۆیشم دەگرێتەوە. دەکرێت هەر کەسێکی دیکەیش ئەم پرسیارە ئاڕاستەی من بکات.

بەگشتی بایەخمان بە چەمکی تێپەڕاندن، دروستتر بە تێپەڕاندنی خود (self-overcoming) نەداوە، بە مەرجێ ئەوە لە فەلسەفەدا گەوهەرییە، بە تایبەتی لە (نیتشە)وە بووەتە خاوەنی هێزێکی گەورەی ڕووبەڕووبوونەوە، کە ئەو فیلۆسۆفە لە ڕێی چەمکی مەرگی خوداوەند و هیی دیکەوە دەیەوێت هەموو تێگەیشتنە مێتافیزیکییەکان تێپەڕێنێت، بەو مانایەی لە ڕێی ڕەخنەوە ڕووبەڕووی ئەو خودە دەبێتەوە. ئەم کردەیەیە مرۆڤی داهێنەر لە دۆخێکەوە دەباتە دۆخێکی باڵاترەوە. بەسەر لاوازییەکانیدا زاڵ دەبێت و دەتوانێت بەرگەی سەختییەکان بگرێت. وای لێ دەکات پرۆژەکانی ژیانی گەورەتر ببن. ئایا ئەوە ڕێکەوتە، کە زۆرینەی ئەو نووسەرانەی ڕووبەڕووی ستەمی بەعس دەبنەوە، هیی ئاڕاستەی یەکەم و دووەمن؟ ئەوانە دوور

دەخرێنەوە، ڕاو دەنرێن و تیرۆر دەکرێن، یان لە چاکترین حاڵدا ڕێی بڵاوکردنەوەی بەرهەمیان نادرێت، بە تایبەتی لە دوای ساڵی (1984)ـەوە، کە هەم شەپۆلەکانی ناڕەزایی کەم دەبنەوە و هەم سانسۆری بەعسیش زیاتر هەڵدەکشێت. ئایا پێوەندییەک لەنێوان یاخیبوون لە شێوازی باوی نووسین و یاخیبوون لە شێوازی باوی سیاسیدا نییە؟ ئایا ئەو نووسەرەی لە شێوازی باو یاخی دەبێت، هاوکات لە ئاستی کۆمەڵایەتییشدا ڕووبەڕووی شێوازی باوی ژیان نابێتەوە؟ دیارە مەبەستم نییە بڵێم هەر نووسەرێک سەر بە ئاڕاستەی سێیەم بێت، بەعسییە، کە دەشێت هەندێکیان پێچەوانەی ئەوە بن، بەڵام بەشی زۆریان بێدەنگن و ناڕەزایی دەرنابڕن. (لەتیف هەڵمەت) وەک شاعرێکی ئەم ئاڕاستەیە بە بێدەنگی شیعری سادە بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنێرێت. من خۆم لە سەرەتای مێژووی خوێندنەوەمە تا ئەمڕۆ پەڕەگرافێکی ئەو شاعیرە نەیبزواندووم. یەکێ لەو هەموو شیعرەی نووسیونی شتێکی نوێی پێ نەگوتووم. بۆچوونی خۆمە و دەشێت لەگەڵ هیی کەسانی تردا نەیەتەوە. (سەباح غاڵب) نووسەرێکی دیکەی ئەم ئاڕاستەیەیە و لە ساڵی (1979)دا

کتێبی (ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا) چاپ دەکات، کە لە ڕوانگەیەکی کۆنەخوازانەوە هەم دەڕوانێتە ژن و هەم چیرۆکیش. ئەودەم (حەمەسەعید حەسەن) بە نووسینێکی ڕەخنەیی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و گفتوگۆیەکی گەرم لای ئیمەی خوێنەر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لەو سەردەمەدا دەگمەنن ئەوانەی لەم ڕوانگەی (غالب)ـەوە دەنووسن، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە لەگەڵ دەرکەوتنی ئیخوانیزم ژمارەیان هەڵدەکشێت و دەست بەسەر دامودەستگەکاندا دەگرن. ڕەنگە زۆر کەس نەزانن کتێبی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا)ی (عەبدولخاڵیق مەعرووف) لەبارەی ئەم کتێبەوەیە و ڕەخنە لە نووسەرەکەی دەگرێت، کە وەک بە عەرەبی دەگوترێت خەریکی تەدلیسە.

لە کۆتاییی هەشتاکاندا بێدەنگیی نووسەر و ڕۆشنبیران دەگاتە ئاستێکی تۆقێنەر. ناکرێت لێرەدا (قوبادی جەلیزادە) وەک نموونەی دەنگی جیاوازی ئەو سەردەمە نەهێنمەوە. هەم دەتوانێت بە شێوازی جیاواز شیعر بنووسێت و هەم ڕوانینی جیاوازیش لەبارەی تیۆریی شیعرییەوە بخاتە ڕوو. وا ڕێک دەکەوێت ناوەناوە بە یەک بگەین و گفتوگۆ

دابمەزرێنین. چەند جارێکیش لای (د. فرسەت ڕۆژبەیانی) یەکتر دەبینین، کە دوای ئەوەی بە هۆی بەشدارینەکردنی لە مەشقی سەربازییەوە لە زانکۆ دەرکراوە، دووکانی جواننووسییەکەی کردووەتە شوێنی کۆبوونەوەی نووسەر و ڕۆشنبیران. هەر لەو سەردەمەدا (قەڵەمێکی ڕێنسپی) چاپ دەکات و دانەیەکم بە دیاری دەداتێ. (جەلیزادە) دەوێرێت هەم لە شیعر و هەم لە گفتوگۆدا باس لەو شتانە بکات، کە زۆر لەو ڕۆشنبیرانە خۆیانی لێ لا دەدەن، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەنفالدا. دەکرێت (سەڵاح عومەر)یش وەک نموونەیەکی دیکە ئاماژە پێ بکەین، کە دەستی لە هونەری نووسین هەڵنەدەگرت و تا ڕاپەڕین درێژەی بەم جیاوازییەی دا.

ئەگەر وەک بینیمان نووسەرانی ئاڕاستەی یەکەم و دووەم هەم لە بواری نووسین و هەم لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی بەعسدا داهێنەر بوون، بۆچی هەندێکیان (نالێم گشتیان) لە ڕاپەڕینەوە وردەوردە ئەم یاخیبوونەیان کاڵ دەبێتەوە، بگرە هەندێکیان دەگەنە ئەوەی لە دامودەستگەی حزبەکان دابمەزرێن و دەست لە ڕەخنە هەڵبگرن؟ دیارە ئەوە

هەڵەیەکی لۆجیکییە، کە وەک گوترا بە پێوەندیی ساختەی نێوان شتەکان (False equivalence fallacy) ناسراوە، ئەگەر بەعس و حزبەکانی ئەمڕۆ پێکەوە بەراورد بکەین. گوتوویشمە ناکرێت هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی ناویشیان، وەک یەک ببینین، بەڵام داهێنان بەرهەمی تێپەڕاندنە. ئایا بەبێ ڕەخنە تێپەڕاندن دێتە دی؟ ئەگەر ڕەخنە لە پێناسە سادەکەیدا بریتییە لە بڕینی ئاستی زانراوی شت و دەرخستنی ئاستە شاراوەکانی، کە ئەمە ڕوانینی تاکانەی جیاواز لەوەی هەیە، دەخوازێت؛ چۆن دەکرێت بە هەمان ڕوانینی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان، هیی حزب بە نموونە ئەو ئاستە شاراوانە دەربخرێن؟ منی نووسەر چۆن ببمە بەشێکی جودانەکراوەی دامودەستگەکانی حزب، لە کاتێکدا هاوپێشەکانم لەسەر دەربڕینی بۆچوون دەخرێنە زیندانەوە؟ لەم کاتەدا ڕۆژنامەنووسێکی وەک (شێروان شێروانی) گیراوە. لێرە ڕۆژنامەنووس دەگرن و لەوێ بە چەکەوە هەڵدەکوتنە سەر ئەوانەی باوەڕی جیاوازیان هەیە. بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسۆنیش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنداد دەیانەوێت هەر دەنگێک سەرکوت بکەن، ئەگەر ئازادانە خۆی دەربببڕێت. کۆمەڵێک تابوویان داناون و نابێت لێیان

لا بدەیت. دیارە ئەگەر ئەوانە هیچ یەکێک لەو شتانەیش نەکەن، ئاڕاستەی من هەر جیاوازە، بەڵام ناکرێت لە بەرچاویان نەگرم.

بە خوێندنەوەی خۆم نەبوونی دایەڵۆگ لەگەڵ کەناڵە جیاوازەکانی فەلسەفەدا وای کردووە توانای بەشێکی داهێنەرانی پێشوو وردەوردە بپووکێتەوە. کاتێ ئەدەب پێوەندییەکی فرەلایەنە لەگەڵ فەلسەفە دانامەزرێنێت، ئەوە لە زانراودا ڕۆ دەچێت و لە ڕێی زمانێکی سادەوە هەمان دۆخ دەردەبڕێتەوە. ئەگەر بۆ مێژووی ڕۆمان بگەڕێینەوە، دەبینین ئەوانە داهێنانیان کردووە و توانیویانە ڕووبەڕووی دۆخی خۆیان ببنەوە، کە ئەو پێوەندییە دایەڵۆگییەیان لەگەڵ فەلسەفەدا پێک هێناوە. دەکرێت (ئایرێس مەردۆک)، (هێنری میلەر)، (ئەندرێ جید)، (مێشێل بیوتۆر)، (ئالان ڕۆب گرێ)، (مێلان کۆندێرا)، (ئومبێرتۆ ئیکۆ) و زۆری دیکە بە نموونە بهێنینەوە. ئەوانە هەم ڕۆمانیان چاپ کردووە و هەم لەبارەی تیۆریی ڕۆمانەوە دواون. (کامیۆ) یەکێکە لەو ڕۆماننووسانە و لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)دا دەنووسێت: [ڕۆماننووسە مەزنەکان نووسەری فەلسەفین.

ئەوان پێچەوانەی بابەتنووس (نامەنووس)ەکانن (thesis-writers)]. لێرەدا (بەلزاک)، (ساد)، (میلڤیل)، (ستاندال)، (دۆیستۆیەڤسکی)، (پرۆست)، (مالرۆ) و (کافکا) بە نموونە دەهێنێتەوە.([45]) پێشتریش ئاماژەم بە بۆچوونی (کۆندێرا) کرد، کە لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا خستوویەتیە ڕوو و کۆمەڵێک نموونەی هێناونەتەوە. (کامیۆ) لەبارەی سادەیی و ئاڵۆزییەوە دەڵێت: (ئەگەر جیهان ڕوون بووایە، هونەر لە دایک نەدەبوو).([46]). ئینجا دەنووسێت: (ئەوەی لێی تێدەگەم، ئەوەیە بەری دەکەوم و ئەوەیشە ڕووبەڕووم دەبێتەوە، کە ئەو یەقینانە خولیامن بۆ ڕەهایی و یەکێتی. مەحاڵە ئەم جیهانە بۆ بنەمای عەقڵانی و لۆجیکی کورت بکرێتەوە. ئەوەیش دەزانم ناکرێت لەنێواندا ڕێکەوتن بکرێت.).([47]) لێرەوەیە ئەم فیلۆسۆفە هەموو ئەو تێگەیشتنە ڕووکەشانە دەداتە دواوە، کە دەیانەوێت گەردوون لە چەند دروشم و

[45] Camus, Albert, The Myth of Sisyphus and other essays, (1955). Translated from the French by Justin O'Brieny. Vintage Books A Division of Random House. New York.PP.74

[46] Ibid. PP.75

[47] Ibid. PP.38

گوتەیەکدا کورت بکەنەوە، بەڵکوو جەخت لەسەر تێپەڕاندنی ئەوانە دەکاتەوە. کاتێ نووسەری سادەنووس و ڕەخنەگری میللی پێت دەڵێن ئەم جیهانە ئاسانە و تۆ زەحمەتی دەکەیت، ئەوە لە چەند وێنەیەکی سادەدا کورتیان کردووەتەوە و پێیان وایە هەر دەرچوونێک لێیان، وڕێنەیە و بایەخی نییە.

نەبوونی ئەو پێوەندییە دایەڵۆگییە لای بەشێکی زۆری نووسەری ئێمە نەک هەر بە گشتی ڕێگرە لەوەی دەقی ئەدەبی گەشە بکات، بەڵکوو زەوینەی بۆ ڕەخنەی میلێییش ڕەخساندووە، تا دەست بەسەر شتەکاندا بگرێت. لەو ڕێیەوە زمانی باوی کۆمەڵگە بووەتە خاوەنی دەستەڵاتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵی، کە لەپێناوی سەرکوتکردنی دەنگی داهێنەرانەدا دەیخاتە گەڕ. بەم شێوەیە ئاڕاستەی سێیەم شوێنی هەردوو ئاڕاستەکەی دی دەگرێتەوە. دیارە کاتێ ئەمە دەڵێم، ئەوەیشم لە بەرچاوە، کە لە دەرەوەی ئەم ئاڕاستە فەرمییەدا کۆمەڵێک ئاڕاستەی دیکەی گرنگ هەم لەناو زانکۆ و هەم لە دەرەوەی زانکۆیشدا دەرکەوتوون. ئەوانە هەم دەقی داهێنەرانەیان بەرهەم هێناوە و هەم بایەخیان بە وەرگێڕان داوە، بگرە لە

خۆم ڕادەبینم بڵێم لە هیچ سەردەمێکی پێشوودا وەک ئەمڕۆ هزر و زمانمان گەشەی بە خۆیەوە نەدیوە، تەنانەت ڕێنووس، نژوە، خاڵبەندی و ئەوانەی دیکەیش چوونەتە ئاستێکی باڵاترەوە. ئەم گۆڕانکارییە ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی ئەو تێگەیشتنە باوەیە، کە هەرەمی نووسەری گەورەی لەسەر دامەزراوە، بەڵام پێم وایە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیش بایەخی هەیە، کە وەک گوترا لە ڕاپەڕینەوە هەوڵی بەلاوەنانی دەدرێت.

لە دۆخی پۆستمۆدێرندا، کە چەقەکان تێک دەشکێن و دوالێزمەکان تێدەپەڕێنرێن، ئەوە دابەشکردنی نووسەر بەسەر گەورە و بچووک، ناسراو و نەناسراودا پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕەخنەی ڕادیکاڵ هەیە. جەختی لێ دەکەمەوە، کە ڕەخنەی میللی ئەم دابەشکارییەی بە پێوە ڕاگرتووە و بەرگری لە مانەوەی دەکات، بۆیە هەڵگرتنەوەی ئەو گوتە ڕەونەقدار و چەمکە فرێدراوانە، بەو مەبەستەی لە ئاستی شمەکەوە ببرێنە ئاستی ئاماژە و لەوێدا ڕاڤەی جیاوازیان بۆ بکرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیش دەخوازێت. ئەم تێپەڕاندنە تەنیا لە ڕێی کردەی دایەڵۆگەوە

دێتە دی، کە خودی چەمکەکە، چەمکی دایەڵۆک پێویستی بەوەیە لەم تێگەیشتنە میللییە ڕزگار بکرێت، بەو مانایەی دایەڵۆگ لە فەلسەفەدا مێژوویەکی قوواڵی هەیە و بە کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاوازدا جووڵاوە، لە کاتێکدا ڕەخنەی میللی لە شەڕەقسەدا کورتی کردووەتەوە.

لە بەرهەمەکانی پێشوومدا بە گشتی و لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام) و لەو گفتوگۆیەی (حاجی)دا، کە ناوی (ڕاڤەی چەمکەکان لە جیهانی ئامادا)یە، بە تایبەتی باسم لە بایەخی چەمکی دایەڵۆگ کردووە، کە لە فەلسەفەدا چ ڕووبەرێکی فرەوانی هەیە. ئەگەر ئەو بایەخە لە (سۆکرات) و (پلاتۆ)وە بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەوە لای (هایدیگەر) و (گادامەر) دەچێتە ئاستێکی باڵاترەوە. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم فەلسەفە بەرهەمی دایەڵۆگە و لە ڕێی دایەڵۆگیشەوە بەردەوامە. بەوەدا لە گفتوگۆی (حاجی)دا هەوڵم داوە بە وردی لەو بارەیەوە بدوێم، ئەوە لێرەدا بە پێویستی نازانم بۆی بگەڕێمەوە، بەڵام دەمەوێت گەشتێک بە کتێبی (ڕاستی و ڕێگە)، یان (حەقیقەت و مێتۆد: Truth and Method)ی (گادامەر)دا

بکەم، تا لەو ڕێیەوە پێشانی بدەم ئەو چەمکەی لای ئێمە ڕەخنەگری میللی بە چاوی نزم لێی دەڕوانێت، چ هێزێکی بە فەلسەفە داوە. مەبەستمە دەربیخەم، کە ئەو هاوارەی زووزوو لە هەندێک نووسەری ئێمە بەرز دەبێتەوە، گۆیە کەسانێک ئاڵۆز دەنووسن، لە نەبوونی بایەخی دایەڵۆگەوەیە، بەو مانایەی وەک گوترا سادەیی و ئاڵۆزی دۆخن، کە لە کردەی دایەڵۆگدا مانایان دەگۆڕێت.

فەلسەفەی هێرمینۆتیکا لای (گادامەر) لەسەر پایەی دایەڵۆگدا جێگیرە، بەو مانایەی تێگەیشتن تەنیا بە دایەڵۆگ و هەر لە ڕێی دایەڵۆگیشەوە بە دەست دێت، بەڵام چەمکی دایەڵۆگ زۆر لەوە قوواڵترە وا لە ئاستی ڕۆژانەدا ناسراوە، بەڵکوو فەلسەفە وەک گوترا بە تایبەتی لە (سۆکرات) و (پلاتۆ)وە مانایەکی جیاوازی پێ داوە، کە ئەگەر ڕێی تێگەیشتنمان بێت لە جیهان، ئەوە ئەم تێگەیشتنە خودی جیهان دەگرێتەوە و هەر دایەڵۆگیشە جیهانمان لە بەردەمدا ڕوون دەکاتەوە، تا لێی تێبگەین، بۆیە ناکرێت بڵێین شتێکی سادەیە، بەڵکوو فرەڕەهەندە و بە چەمکی حەقیقەتەوە پێوەستە. (گادامەر) بە تایبەتی لەم کتێبەدا بایەخی ئەم

چەمکە دەردەخات. لەم ڕووەوە دەنووسێت: [بەوەدا گوتن (utterance) تەنیا بەرهەمی ناوەوەی هزر نییە، بەڵکوو ڕێگەی گەیاندنیشە، دواتر شێوەی دەرەکییشی هەیە، ئەوە تەنیا دەربڕینێکی سادەی بیرۆکە نییە، بەڵکوو وردبوونەوە و ڕامانیش دەخوازێت. ئەمەیش بێگومان و بە پلەی یەکەم لەسەر ئەوەدا جێبەجێ دەبێت، کە لە شێوەی نووسیندا تۆمار کراوە و دواتریش هەموو دەقەکان دەگرێتەوە. هەمیشەیش لە ڕێی هونەرەوە خراوەتە ڕوو، بەڵام بەوەدا گوتن هونەرە، ئەوە بە هەمان شێوە تێگەیشتنیش، بۆیە هەموو گوتن و دەقەکان بە شێوەی گەوهەری بە ڕاڤەوە پێوەستن، واتە هێرمۆنیتیکا (hermeneutics)].([48])

(گادامەر) پێ لەسەر بایەخی زمان دادەگرێت، بەوەی ئەوە زمانە وەک بەهایەکی ئۆنتۆلۆجی دەمانخاتە بەردەم تێگەیشتنەوە و هەر ئەویشە ئەم تێگەیشتنە دەباتە ئاستی بالاترەوە، مادام چالاکیی زمان هیی بواری کۆمەڵایەتییە. مرۆڤ لە ڕووی مێژووییەوە بە دامودەستگە

[48] Gadamer, Hans-Georg, TRUTH AND METHOD.PP. 187-188

کۆمەڵایەتییەکانی وەک خانەوادە، فێرگە، گەڕەک، یاریگە و ئەوانەی تردە بەستراوەتەوە. بە هۆی ئەوانەوە بوونەتە خاوەنی کۆمەڵێک بۆچوون و دیدگەی چەسپاو، مادام مرۆڤ لە ڕێی ئەو ڕایەڵانەوە شێوە دەگرێت، کە بە میرات دەمێننەوە. ئەوانە لە زمانماندا ڕەنگیان داوەتەوە. ناکرێت بە گشتی وەها لێکیان بدەینەوە نەگەتیڤن، بەڵکوو دەکرێت وا بیانخوێنینەوە ڕێ بۆ دایەڵۆگ خۆش دەکەن. بە مانایەکی دی، جوولەی دایەڵۆگ ناهێڵێت ئەمانە بەو چەسپاوییە بمێننەوە. (گادامەر) لێرەدا چەمکی پێوەستبوونی ئاسۆیی (fusion of horizons) بە کار دەهێنێت، بەو مانایەی بۆچوون و دیدگە جیاوازەکان پێکەوە پێوەست دەبن، تا لەمەوە تێگەیشتنی ڕاستینە بێتە دی. لە ڕێی زمانی دایەڵۆگەوە تێگەیشتن و لێکتێگەیشتن بەرهەم دێن، کە ئەم کردە داینامیکییە ڕێ نادات مرۆڤ دەست بە حەقیقەتەوە بگرێت، بەڵکوو پرسیار دەبێتە بزوێنەری هەموو بیرۆکەکان. کاتێ پرسیار تێکڕای شتەکان دەگرێتەوە، ئەوە ڕۆ دەچێتە کاتیشەوە، تا ئەم دایەڵۆگە لەنێوان ئێستا و ڕابوردوویشدا پێک بهێنێت. لێرەدا خودی کەلەپوور دەبێتە بابەتی ڕاڤەی مرۆڤ و لەناو ئەم ئاسۆیەدا تێکەڵی

توخمەکانی دی دەکرێت، بگرە ئەم دایەڵۆگە بەردەوام ئاسۆی دیکەی نوێ لە بەردەمی ڕوانینەکاندا دەکاتەوە. لە دەقدا هیی نووسەر و خوێنەران پێک دەگەنەوە و ڕاڤەی جیاوازجیاواز خۆیان دەردەخەن.

دەڵێت: [لە (نیتشە) و (هۆسێرڵ)ـەوە ئەم وشەیە لە فەلسەفەدا بە کار هاتووە بۆ وەسفی ئەو ڕێیەی بە حەتمیەتی سنووردارەوە پێوەستە، ڕێگەیەکە، مرۆڤ وردەوردە مەودای ڕوانینی خۆی پێ فرەوان دەکات. ئەوەی خاوەنی ئاسۆ نییە، ناتوانێت بە چاکی دوور ببینێت. بە مانایەکی دی، زێدەڕۆیی لە لێکدانەوەی ئەو شتانەیشدا دەکات، کە لێیەوە نزیکن. بە لاکەی دیکەیشدا هەبوونی ئاسۆ واتە کورتنەکردنەوەی ئەوەی نزیکە، بەڵکوو بریتییە لە توانای بینینی ئەوەی دوورترە لێیەوە. ئەو مرۆڤەی خاوەنی ئاسۆیە، بایەخی ڕێژەییی هەموو ئەو شتانە دەزانێت وا لەو ئاسۆیەدان.].([49])

بەم شێوەیە ڕوانینی تاک لەو ئاسۆیەدا دەگۆڕێت و گەشە دەکات. خوێنەر و دەقیش هەر لەم ئاسۆیەدا پێک دەگەن و

[49] Ibid. PP.301

لە ڕێی دایەڵۆگی بەردەوامەوە ئاستی تێگەیشتن بەرز دەکەنەوە. ئەمە وەک گوترا گۆڕینی دۆخی ئاڵۆزییە بۆ سادەیی و هەڵکشانی هۆشیاریی خوێنەرە، تا وردەوردە جیفرەکان بکاتەوە و لە نهێنییەکانی دەقەکە بگات. ئەو سادەییەی پێی دەگەین، بەرهەمی کردەیەکی کاریگەر و درێژخایەنی دایەڵۆگە. ئەگەر ئەو نووسەرە سادەنووس و ڕەخنەگرە میللییانە دەیانەوێت بەبێ کردەی دایەڵۆگ سادەییان دەست بکەوێت، ئەوە وایان زانیوە بە ئامادەکراوی هەیە و دەکرێت لە سروشتدا بدۆزرێتەوە.

دەتوانم بڵێم سروشتی زمان هەر خۆی دایەڵۆگییە و خاوەنی توانای نزیکبوونەوەیە لە تێگەیشتن، کە ئەمەیش ڕێمان بۆ خۆش دەکات ڕووبەڕووی حەقیقەتەکان ببینەوە. ئەوەتە دەنووسێت: (پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە زمان تەنیا لە ڕێی دایەڵۆگەوە لە گەوهەری خۆیدا دەردەکەوێت، بەو مانایەی لەمەوە لێکتێگەیشتن بە دەست دێت. نابێت وای لێک بدەینەوە، کە ئەمە هەر خۆی ئامانجی زمانە. لێکتێگەیشتن تەنیا کردار، چالاکییەکی ئامانجدار، یان پێدانی ئاماژەی گواستنەوەی ویستم بۆ ئەوەی تر نییە،

ئینجا لێکتێگەیشتن هەر خۆی پێویستی بە ئامێر نییە بە مانای فرەوانی وشەکە، بەڵکوو کردەیەکی زیندووە و تێیدا کۆمەڵگەی زیندەوەر دەژی، بەو مانایەی لێکتێگەیشتن لە ڕێی دایەڵۆگی مرۆیانەوە لە هیی ئاژەڵان جیاواز نییە، بەڵام پێویستە وا بڕوانینە زمانی مرۆڤ کردەیەکی زیندووی تایبەت و تاکانەیە، کە جیهان لە ڕێی دایەڵۆگی زمانەوانییەوە دەردەکەوێت.).[50]

هەر لەم ڕووەوە پێی لەسەر دادەگرێت، کە [زمان کار لە هزرمان دەکات. ئێمە بە وشە بیر دەکەینەوە. بیرکردنەوە لە خۆمان ئەوەیە خۆمان دەدوێنین. پێم وایە (پلاتۆ) تەواو بۆی چووە، کاتێ وا گەوهەری هزری وەسف کردووە، کە بریتییە لە دایەڵۆگی ڕۆح لەگەڵ خۆیدا. ئەم دایەڵۆگە لە گومان و ناڕەزایەتیدا تێپەڕینی بەردەوامی خودە لە خۆی و گەڕانەوە بۆ خۆی، بۆ بۆچوون و دیدگەکانی، کە بە ئەنجامی کۆتایی ناگات و لە ئایدیای ڕۆحی ناکۆتا (ideal

[50] Ibid. PP.443

of an infinite spirit)، کە لە یەک ساتدا هەموو حەقیقەتەکانی لە بەردەمدا دەردەکەون.].([51])

بەم شێوەیە دایەڵۆگ توانای هەیە هەمیشە بۆ خۆمانمان بگەڕێنێتەوە، تا بە هێزێکی گەورەترەوە بە بۆچوون و دیدگەماندا بچینەوە، کە ئەم پێداچوونەوەیە ڕاڤەی تر دەخوازێت، بۆیە ئامانجی هێرمینیۆتیکا ئەوەیە تێگەیشتن لە ڕێی ئەو دایەڵۆگەوە بێتە دی و خود زیاتر بەسەر ئەوەی تردا بکرێتەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: [مشتومڕ وەک ئەوەی بەڕێوەبردنی دایەڵۆگە، هونەری بینینی شتەکانە لە یەکێتیی لایەنێکیشدا (sunoran eis hen eidos)، بەو مانایەی هونەری پێکهێنانی چەمکەکانە لە ڕێی کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی مانای هاوبەشەوە. دایەڵۆگ پێچەوانەی شێوازی چەقبەستووی ڕاگەیاندنەکان (rigid form of statements)، کە دەخوازن بە شێوەی نووسین تۆمار بکرێن، ئەو زمانێکی گۆکراوە لە گفتوگۆدا لە کردەی پرسیار و وەڵام، پێدان و وەرگرتن، قسەکردن بە جیاوازیی ئامانج، تێگەیشتن و دیدگەکانمان، ئەرکی گەیاندنی مانا

[51] Ibid. PP.547

دەگرێتە ئەستۆ، بە گوێرەی نەریتی نووسراو ئەوە ئەرکی ڕاڤەیە (hermeneutics).].([52])

دەگەینە ئەوەی بڵێین دایەڵۆگ هەر ئەوە نییە تێگەیشتن دەخاتە ڕوو، بەڵکوو بەو کردەیەی هەمیشە ئەم تێگەیشتنە قوواڵتر دەکاتەوە. من لێرەوە بەوانە دەڵێم، کە داوا دەکەن ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی سادە بێت، سادەیی و ئاڵۆزی پێوەندییان بەو کردەیەی دایەڵۆگەوە هەیە، بەو مانایەی ئەوە دایەڵۆگە دەتوانێت لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی باڵاتری تێگەیشتنمان ببات، چونکێ ڕێ نادات دەست بە حەقیقەتی چەسپاوەوە بگرین و وا بزانین ئەوەی پێی گەیشتووین، کۆتاییە و هیچی دیکەی بە دوادا نایەت.

(گادامەر) بە درێژاییی کتێبەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دایەڵۆگ لەگەڵ هەر تەکانێکیدا ئاڵۆزییەک دەڕەوێنێتەوە و چاکتر بەردەمی ڕوون دەکاتەوە. بە مانایەکی دی، ئاڵۆزییەک لا دەچێت و سادەییەک شوێنی دەگرێتەوە، کە وەک دەبینین سادەیی و ئاڵۆزی دۆخن، نەوەک قاڵب. لە کردەی دایەڵۆگدا دەردەکەون و پێکەوە تێگەیشتن دەهێننە

[52] Ibid. PP.361-362

دی. ئەوەی بووەتە سادەیی، بەرهەمی خۆمانە و لەپێناویدا توانامان خستووەتە کار. ئێوە گوتەیەکتان لە کۆمەڵگە وەرگرتووە و فڕێتان داوە، شتێکی سەیر نییە، ئەگەر هێز نەخەنە بەر خۆتان و ئەم دایەڵۆگە دانەمەزرێنن، لە کاتێکدا دایەڵۆگ هەم وا دەکات مرۆڤ لە خودی خۆی و هەم لەوانەی تریش بگات. تۆ چۆن بزانیت لە پایەی حەڤدەیەمدا چی هەیە، ئەگەر نەتەوێت هیی یەکەم ببڕیت؟ لای (گادامەر) ئەم جوولّەیە گرنگە، کە بە ڕووداو ناوی دەبات، بەو مانایەی ڕووداوێکە، زمان لە ڕایەڵی مێژوودا بەرپای دەکات و بە حەقیقەتەوە پێوەستە، کە ڕوونتر لێی تێدەگەین. کاتێ پەلەمانە و دەمانەوێت چی زووترە خۆمان پێشانی جەماوەر بدەین، ئەوە ئەم دایەڵۆگە بە لاوە دەنێین و پەنا بۆ کۆمەڵێک گوتەی ڕەونەقدار دەبەین. ئەگەر گۆشەنووسی ڕۆژنامەیەکین و دەبێت وتارێک بۆ ئەم حەفتەیە هەر بنووسین، ئەوە چەند چەمکێک فڕێ دەدەین، کە ئەگەر خوێنەری فریونەخواردوو هەر دانەیەکیان بگرێت و لێی بکۆڵێتەوە، دەبینێت چەند سادەیە، بگرە چەند پێکەنیناوییە. ئینجا بەو مەبەستەی پشتگیریی کۆمەڵایەتی بە دەست بهێنین، ئەوە بە باڵای نووسەری جەماوەریدا هەڵدەڵێین و

توانج دەگرینە داهێنەران. ئایا دێڕێک لە بەرهەمیان وەردەگرین، تا پێشانی خوێنەری بدەین بەرهەمی ئەو داهێنەرانە چەند سادەیە، یان هەر لە دوورەوە توانجیان تێدەگرین؟

ئایا بەبێ دایەڵۆگ ئێمە دەتوانین بزانین؟ ئەرێ بەبێ بەردەوامیی دایەڵۆگ دەکرێت ئەم زانینەمان بسووتێنین و هیی دیکەی لێ بەرهەم بهێنین؟ ئایا بەبێ دایەڵۆگ تێگەیشتنمان دەچێتە ئاستی دیکە و ڕووبەڕووی حەقیقەتی نوێ دەبینەوە؟ خوێنەر کاتێ خۆی لە ئاست دەقێکدا دەبینێتەوە، ئەوە ڕووبەڕووی بۆچوونەکانی نووسەر دەبێتەوە، بەو مانایەی دەکەوێتە بەرانبەر خودێکی دیکەوە، کە هیی دەرەوەی خۆیەتی، بۆیە تەنیا لە ڕێی دایەڵۆگەوە دەتوانێت بگاتە ڕووبەرە شاراوەکانی ئەو دەقە، کە ئەمەیش ئەوە دەخوازێت لەو بەریەککەوتنەدا دەست لەوە هەڵبگرێت زانینەکەی ڕەهایە و ئەو حەقیقەتەی لەسەری دامەزراندووە، هیی ئەوە نییە گومانی لێ بکرێت. دیارە زیندوویێتیی دایەڵۆگەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی دەقەکە چەند توخمی جیاواز و کراوەی هەڵگرتوون، لە بەرانبەریشدا

خوێنەرەکە چ ئامادەییەکی بۆ ڕاڤەکردنیان هەیە. لێرەدا تێگەیشتن بەندە بە هێزی کرانەوەی خوێنەر لە ئاستی ئەو ئەوەی ترەدا، کە نووسەرە. ئینجا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت خوێنەری ڕاڤەکار دەست لە تێکڕای بۆچوونەکانی هەڵدەگرێت، بەڵکوو ئەوە کردەی دایەڵۆگەکەیە دیاری دەکات چ گۆڕانێک ڕوو بدات. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا (گادامەر) دەڵێت: (دۆزینەوەی مانای ڕاستینەی دەق، یان هیی کاری هونەری هەرگیز تەواو نابێت، بەڵکوو ڕاستییەکەی کردەیەکی بێکۆتایە.).([53]). ئەمەیش نەک هەر دەبێتە لەناوچوونی بڕیارە پێشوەخت، ناوەکی و سنووردارەکان، بەڵکوو تێگەیشتنی ڕاستینەیش بە ڕوونی دەردەکەوێت.([54]) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە تەنیا لە ڕێی جیاوازجیاوازەوە لە دەق دەگەین.([55]) دیارە تەواو هەڵەیە، ئەگەر تێگەیشتنی دەق بە بنەما (پۆستولەیت)ی گونجاندنەوە (postulate of a "con-geniality) ببەستینەوە، بەو مانایەی، گۆیە ڕێککەوتنێکە لەنێوان

[53] Ibid. PP.298
[54] Ibid.
[55] Ibid. PP.308

نووسەر و ڕاڤەکاردا، بەڵکوو پەرجووی تێگەیشتن لەوەدا خۆی حەشار داوە، کە پێویستی بە ڕێککەوتنی هزری نییە لەوەی چی مەزنە و خاوەنی مانای قوواڵە لە نەریتدا. توانای کرانەوەمان هەیە لە ئاست ئەو بانگەشە باڵایانە و وەڵامدانەوەی ئەوانەی دەق پێمانی دەڵێت.([56])

ئەگەر وەک (گادامەر) دەڵێت زمان بە ئاڵۆزترین پرسیار دادەنرێت، کە بیری مرۆڤی بە خۆیەوە خەریک کردووە([57])، چۆن داوا دەکرێت ئەدەب سادە بێت؟ ئەو پێی وایە تێگەیشتن دێتە کایەوە چ لە دۆخی دەق و چ لە گفتوگۆمان لەگەڵ کەسێکی تردا، ئەوە لە ڕێی دەربڕینی زمانەوە بابەتمان لەبارەی هەمان شتەوە دەخرێتە ڕوو، بۆیە لە بونیادی دایەڵۆگ دەکۆڵینەوە، تا لە ڕێیەوە دەستنیشانی سروشتی شێوەی ئەو ئەوەی تر بکەین، کە بریتییە لە تێگەیشتنی دەقەکان.([58]) دەق وا دراێژراوە لە ڕێی ڕاڤەوە بدوێت، بۆیە نە دەق دەدوێت و نە کتێبیش، ئەگەر خۆمان بە زمانێکی وەها نەدوێن بگاتە وەرگر. دەسا لەسەر ڕاڤە

[56] Ibid. PP.310
[57] Ibid. PP.370
[58] Ibid. PP.371

پێویستە زمانێکی گونجاو بدۆزێتەوە، ئەگەر دەیەوێت دەق بدوێت.([59])

ڕەخنەگری میللی بەوەدا دەستی بە ڕوانینی باوی کۆمەڵگەوە گرتووە و هەمان زمان بۆ هەموو شتێک بە کار دەهێنێت، ئەوە توخمی گەمەی بە لاوە ناوە، بگرە هێشتا نەیناسیوە، کە لە ئاڕاستە فەلسەفییەکانی هاوچەرخدا بایەخێکی گەورەی هەیە و بووەتە هاوواتای دایەڵۆگ. لە ڕێی گەمەوە حەقیقەت تێک دەشکێنرێت و تێدەپەڕێنرێت، بەوەی گەمە ڕووی لە نەزانراوە و توانای هەیە هەموو توخمەکانی دیکە بخاتە جوولّەوە، تا لەو جوولّەیەدا مانای دیکەیان لێ بەرهەم بێت. لە گفتۆگۆکەی (حاجی)دا هەوڵم داوە بە وردی لەبارەی چەمکی گەمەوە بۆچوونم بخەمە ڕوو، بۆیە لێرەدا نامەوێت ئەوە پاتە بکەمەوە، بەڵکوو تەنیا لە دیدگەی (گادامەر)ـەوە تیشکی دەخەمە سەر، کە بە درێژاییی کتێبەکە لێی دەکۆڵێتەوە و بەشێک لەژێر ناونیشانی (گەمە وەک کلیلی ڕاڤەی ئۆنتۆلۆجی)دا دەنووسێت. وەک لە پێشەکیی وەرگێڕانی ئینگلیزیدا گوتراوە

[59] Ibid. PP.398

گەمە لای ئەو فیلۆسۆفە شێوازێکی خودییانەی یاریکەران نییە، بەڵکوو ئەوانە ڕۆ چوونەتە چالاکییەکی شێوەدار (shaped activity)ی خودی گەمەوە. ئێمە لە گەمەدا خۆمان دەرنابڕین، بەڵکوو گەمە خۆی خۆی دەناسێنێت.[60]

(گادامەر) دەڵێت: [بۆ ئەم خاڵی دەستپێکردنەم بیرۆکەیەک هەڵدەبژێرم، کە ڕۆڵێکی تەوەرەیی لە ئیستاتیکادا دەبینێت: چەمکی گەمە. دەمەوێت ئەم چەمکە لەو ئاماژە خودییانە ڕزگار بکەم وا لای (کانت) و (شیلەر) هەن، کە خۆیان بەسەر ئیستاتیکای نوێ و فەلسەفەی مرۆڤدا سەپاندووە. کاتێ لەبارەی گەمەوە دەدوێین لە ڕایەڵی ئەزموونی هونەردا، نە مەبەستمانە داهێنەر و دۆخە هزرییەکەی ئاڕاستە بکەین و نە هیی ئازادیی ئەو خودەی ڕۆ چووەتە گەمەوە، بەڵکوو مەبەستمان گەوهەری کاری هونەری خۆیەتی... بێگومان دەتوانین جیاوازی لەنێوان گەمە و ڕەوتاری گەمەکەردا بکەین، کە دەچێتە چوارچێوەی جۆرەکانی دیکەی هەڵسوکەوتی خودییانەوە. ئینجا دەکرێت بگوترێت گەمە لای گەمەکەر شتێکی ڕژد (جدی) نییە، لەبەر

[60] Ibid. PP. xiv

ئەوەیشە گەمەیە. دەتوانین هەوڵی پێناسەی چەمکی گەمە لەم ڕوانگەیەوە بدەین. ئەوەی تەنیا گەمەیە، ڕژدی ناگرێتە خۆی. گەمە پێوەندییەکی تایبەتی بەو شتەوە هەیە، کە ڕژدییە. شتەکە هەر ئەوە نییە ڕژدی ئامانجەکەی پێ دەبەخشێت و بەس، بەڵکوو ئێمە وەک (ئەریستۆ) دەڵێت لەپێناوی خۆشیدا گەمە دەکەین. لەوەیش گرنگتر، گەمە هەر خۆی ڕژدییەکی تایبەتی لە خۆ گرتووە، کە پیرۆزیشە. سەرەڕای ئەوەیش لە گەمەدا بە ئاسانی هەموو ئەو پێوەندییە ئامانجدارانە ون نەبوون، کە بوونی چالاک و هۆشیاری دیاری دەکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی سەیر هەڵپەسێردراون. گەمەکەر خۆیشی ئەوە دەزانێت، کە گەمە شتێکی دیکە نییە جگە لە گەمە و لە جیهانێکدا هەیە، کە لەلایەن ڕژدیی ئامانجەکانەوە دیاری کراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە نازانێت بە شێوەیەک وەک گەمەکەرێک بیەوێت ئەم پێوەندییە ڕژد بێت. گەمە ئامانجەکەی نایەتە دی، تەنیا کاتێ نەبێت، کە گەمەکەر خۆی تێدا ون دەکات. ڕژدی هەر ئەوە نییە شتێک بێت لە گەمەمان دوور بخاتەوە، بەڵکوو ڕژدی لە گەمەدا پێویستە، تا وا لە گەمەکەر بکات بە ڕاستی گەمە بکات. ئەوەی گەمە بە ڕاستی وەرنەگرێت،

چیژی گەمە دەشێوێنێت. سروشتی گەمە ڕێی گەمەکەر نادات وەها هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، گۆیە شتێکی بێگیانە. گەمەکەر چاک دەزانێت گەمە چییە و ئەوەی دەیشیکات، تەنیا گەمەیە، بەڵام نازانێت ڕێک ئەوەی دەیزانێت لەم زانینەدا چییە.](61)

بەم شێوەیە گەمە دژی ڕژدی نییە، بەڵکوو ڕژدییەکی تایبەت بە خۆی تێدا حەشار دراوە، کە جیاوازە لەوەی ناسراوە. ئەمە وا دەکات گەمەکەر خودی خۆی تێبپەڕێنێت. هەر لەم ڕووەوە دەنووسێت: (جوولەی گەمە ئامانجێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکوو بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە. دیارە جوولەی هاتوچۆ لە گەمەدا گەوهەرییە، بە ڕادەیەک گرنگ نییە کێ و چی ئەو جوولەیەی کردووە. جوولەی گەمە هەر خۆی پێبەندی هیچ بنەمایەک نییە. گەمە خۆیەتی و گوێ ناداتە ئەوەی کەسێک دەیکات، یان نا. گەمە خۆی لە خۆیدا بەرپاکردنی جوولەیە، بۆیە کاتێ لەبارەی گەمەی ڕەنگەکانەوە دەدوێین، باس لەوە ناکەین چ ڕەنگێک لە دژی

[61] Ibid. PP. 102_103

دانەیەکی تردا گەمە دەکات، بەڵکوو کردەیەک، یان دیمەنێک هەیە و ڕەنگە جیاوازەکان پێشان دەدات.).[62].

کاتێ نووسین کردەی جوواڵەیە، ئەوە ئامانجێکی دیاریکراوی نییە و بەرەو خاڵی کۆتایی هەنگاو نانێت، بەڵکوو ئازادە و ئازادانە دەبزوێت، کە لێرەدا بەردەوام حەقیقەتی نوێ دەردەکەوێت، بێ ئەوەی ئەم جوواڵەیە ڕێی هیچ یەکێکیان بدات خۆی بە کۆتا دابنێت، بەڵکوو بەپێی یاسای گەمە دەکەوێتەوە جوواڵە. لێرەدا بەردەوام سادەیی تێدەپەڕێنرێت، نەوەک دەستی پێوە بگیرێت، یان دەکرێت وای دابڕێژینەوە لەم گەمەیەدا ئاڵۆزی بۆ سادەیی دەگۆڕێت، تا لە ئاڵۆزییەکەوە بەرەو ئاڵۆزییەکی دیکە بچین. ئەوەی لەدواماندا جێ دەمێنێت، سادەییە، لە کاتێکدا (گادامەر) پێی وایە دەق و یاری یەک لۆجیکیان هەیە. ئەگەر مرۆڤ تەنیا لە ڕێی گەمەوە دەتوانێت مرۆڤ بێت، ئەوە نووسەری داهێنەریش تەنیا بە هۆی گەمەوە داهێنان دەکات، دەنا هەر گوتەیەک لە دەرەوەی گەمەوە دەکرێت، بڕیارە و سنووری بڕیاردەر تێناپەڕێنێت. ئەو گوتە

[62] Ibid. PP.104

ڕەونەقدارانەی ڕۆژانە نووسەری جەماوەری لە دەمی خەڵکەوە وەریاندەگرێت و پێیان دەگەیەنێتەوە، لە دەرەوەی گەمەن و بە قاڵب داڕێژراون، بۆیە لە ڕووبەری دایەڵۆگدا ناکەونە جوولە، بەڵکوو دەچنەوە تێگەیشتنی گشتی و جەخت لەسەر مانا زانراوەکان دەکەنەوە.

ئایا ئەو ڕەخنەگرە میللی و سادەنووسانەی ساڵەهایە بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک ناوی چەمکەکان دەهێنن، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە بڵێن، بەڵکوو هەر ئەو گوتانە دەڵێنەوە وا خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا بە کاریان دەهێنن، چیی نوێیان خستووەتە ڕوو؟ ئەو توێژینەوانە کوان وا ئەوان کردوویانن؟ ئەگەر ئەو داهێنەرانەی پێش ئێمە ئەوانەیان بکردنایە، کە ڕەخنەگری میللی و نووسەری سادەنووس خەریکیانن، ئەوە نەماندەتوانی بەم ئاستەی ئێستایش بگەین. بەرگریکردن لە کەلەپووری (مەنمی) شتێک نییە، جگە لەوەی دەبێت درێژە بەوە بدرێت، کە پێی گەیشتووین. لە کاتێکدا وەک بینیمان (گادامەر) جەخت لەسەر عەقڵانیەتی نائامانجدار (non-purposive rationality) دەکاتەوە لە یاریدا، واتە لە نووسیندا، بەو

مانایەی ئەو عەقڵانیەتە هیچ ئامانجێکی دەرەکیی نییە و پشت بە جوولّەی ناوەوەی دەبەستێت، کە لە گەمەدا بەرجەستەیە، بەوەی گەمە لە هاتوچۆی بەردەوامدایە و ناگاتە خاڵێکی دیاریکراو. ئەو ڕەخنەگرە میللی و سادەنووسانە ئامانجێکیان دیاری کردووە و دەبێت تۆ هەر پێی بگەیت، دەنا بەوە تۆمەتبارت دەکەن ئاڵۆزیت و خۆیشت لە خۆت ناگەیت. ئەوەی وەک هەمیشە گوتراوە و دەبێت ئێستایش بگوترێتەوە هیی وا هەیە ناوی زۆر لەو فیلۆسۆفانەی ئاخنیوەتە ناو وتارە ساکارەکانیەوە، کە لە دژی ئەم تێگەیشتنەدا وەستاونەتەوە.

لەم کاتەدا هاوڕێیەکم سکرینشۆتی بابەتی ڕەخنەگرێکی میللیی بۆ ناردووم، کە تێیدا بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی نووسەرێکی جەماوەرییەوە، ئەو نووسەرەی لووتکەی هەرەمەکەی دراوەتێ، هەندێک ڕستەی نووسیون و وێنەیەکی خۆی و ئەو نووسەرەیشی داناوە. بێگومان نووسینەکە پێداهەڵدانە بە گەورەیی ئەو نووسەرە جەماوەرییە. لە وێنەکەدا دوو کەس دەبینیت، کە دووەمیان هەوڵی داوە بە شێوەیەک خۆی لە بەرانبەر یەکەمیاندا

بچووک بکاتەوە، شوێنەواری نەمێنێت، بەڵام خۆشبەختانە هەوڵەکەی سەری نەگرتووە و هێشتا بینەر دەتوانێت ببینێت. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوەی بەری کەوتووە، هێزی لەناوبردنی نییە. بە مانایەکی دی، لەناوچوونی هەر ماددەیەک پێوەندیی بەو ماددەیەی ترەوە هەیە، کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات. بۆ نموونە ئەلیکترۆن و پۆزیترۆن دەتوانن یەکتر لە ناو ببەن و بۆ وزە بگۆڕێن، تا تیشکی ئەلێکترۆمەگناتیک (electromagnetic radiation)یان لێ بەرهەم بێت. دیارە ئەمە لە فیزیای نوێدا باسێکی ئاڵۆزە و من ئەلفوبێیەک لەو هاوڕێیانەمەوە فێر بووم، کە لە بەشی فیزیادا دەیانخوێند. وەک گوترا نووسەری جەماوەری هەر ڕەخنەگری میللییە، بەڵام ناوبانگی لە هیی ئەو گەورەترە. ئەو ڕەخنەگرە میللییەیە لە ڕۆژنامەکەیاندا، ڕۆژنامەی هەولێر، بە سادەییدا هەڵدەڵێت و پەلاماری ئەوانە دەدات، کە سادە نانووسن، هاوکات سادەنووسان هەڵدەکێشێت. ئەوەی لێرەدا مایەی قاقالێدانە ئەوەیە، بە دریژاییی تەمەنی نووسینی ناوی کۆمەڵێک لەو فیلۆسۆفانەی نووسیونەتەوە، کە وەک چەند جارێک گوترا لە دژی ئەم تێگەیشتنەدا وەستاونەتەوە. ئەرێ دەبێت تۆ

ناوی (نیتشە)، (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (دولووز)، (بارت) و زۆری تر بئاخنیتە نێو بابەتەکانتەوە، بە مەرجێ ئەوانە ڕەخنەی توندیان لە سەنترالیزم گرتووە؟ هیوادارم ئێوارەیەک هەر بۆ خۆشی نووسینی یەکێکان بە دەستەوە بگرێت، تا بزانێت دەستی بۆ چ کارێکی نەکردە بردووە. خۆزگە ماوەیەک پشتی دەکردە بەرهەمی ئەو نووسەرە جەماوەرییانە و چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبی ئەوانە دەخوێندەوە، کە ساڵەهایە ناویان دەهێنێت، تا بزانێت گوتەکانی تا چ ئەندازەیەک مایەی قاقالێدانن.

گوتوویەتی: (پیرۆزبایی لەو نووسەرە گەورە داهێنەرە دەکەم، کە لە ڕێی نووسینی ئەدەب و فیکرەوە دەیان دەروازە و جیهانی دیکەی لە بەردەممدا کردووەتەوە)، کەچی لە وێنەکەدا دەبینین خۆی تەواو داخستووە. لە نیوەی دووەمی حەفتاکان لەسەر شاشەی تیڤیدا بینیم (غەوار تووشە)ی شاگردی هۆتێل (حوسنی بورەزان)ی بۆ هۆتێلەکەیان دەهێنا. (بورەزان) بە ئامێری قانوونەوە هەنگاوی دەنا. هەر جارێ دەیگوت من میوزیکژەنێکی مەزنم و زۆر بەرزم، سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەکەوتە

چاڵێکەوە. ئەم ڕەخنەگرە میللییەی ئێمە ڕێک ئاوهای بەسەر هاتووە. دەڵێت ئەو نووسەرە جەماوەرییە، چاکترە بگوترێت ئەو پیاوچاکە دەیان دەروازەی نوێی لە بەردەممدا کردووەتەوە، کەچی پێچەوانەکەی دەبینین. کێ فێری هونەری خۆداخستنی کردیت؟ ئەی جەماوەری خۆشەویست، چۆن دەتوانن کاتێ دەگەنە نووسەرێکی مەزن، خۆتان دابخەن؟ چۆن هەناسەتان ڕابگرن و نەهێڵن خوێن بە دەمارتاندا بگەڕێت؟ تەپە ڕەپە، خۆتان بکەنە داو و دەرزی! ناوی گەمەیەکی فۆلکلۆرییە و تێیدا منداڵ بە شێوەیەک خۆی دەشارێتەوە، کەس نەتوانێت بیدۆزێتەوە. لە سەردەمی ئێمەدا گۆرانیی (فێری فڕینم بکە: Teach Me How To Fly)ی (گێف جۆن: Jeff St. John) باو بوو، کە لە خانمەکەی دەخوازێت فێری بکات چۆن بفڕێت. (من زۆر دڵخۆشم، چونکێ تۆ بە لووتکە گەیشتوویت، گیانەکەم، ئای خوداوەندەکەم. بە بینینت شادم، کە دیسان گەڕاویتیەوە، چونکێ من هێشتا لە خوارەوەم.... هتد). لای ئێمە لەو نێوەندەی ناوی ڕەخنەیە، مانای ئەم گۆرانییە تەواو پێچەوانە کراوەتەوە. مرۆڤ فێری فڕین نا، بەڵکوو فێری ملکەچی دەکرێت.

(نیتشە) ڕێک پێچەوانەی ئەوانەی ئێمەی کردووە. ئەو بە فێرخوازەکانی ڕادەگەیەنێت وازی لێ بهێنن، بگرە دەخوازێت ببنە خۆیان. لە (زەردەشت وەها دوا)دا دەڵێت: (وا من بە تەینا دەڕۆم، فێرخوازانم، ئێوەیش هەر یەکەتان بە تەنیا بڕۆن! لە من دوور بکەونەوە و بەرەنگاری زەردەشت ببنەوە، بگرە چاکترە شەرمی لێ بکەن. ڕەنگە فریوی دابن. لەسەر زانا پێویستە نەک هەر توانای هەبێت دوژمنی خۆش بوێت، بەڵکوو ڕقی لە هاوڕێکانیشی بێت.).[63] هەر ئەو دەڵێت: (تکاتان لێ دەکەم من ون بکەن و خۆتان بدۆزنەوە! تەنیا کاتێ بۆ لام بگەڕێنەوە، کە هەموتان نکوولّیم لێ دەکەن!).[64] هێشتا بەردەوامە: (ئێوە ڕێزم لێ دەنێن، بەڵام چی ڕوو دەدات، کاتێ ڕێزگرتنەکەتان هەرەس دەهێنێت؟ ئاگاتان لێ بێت پەیکەر تێکتان نەشکێنێت! ئێوە دەڵێن بڕوامان بە زەردەشت هێناوە، بەڵام زەردەشتی چی؟ بڕواتان بە من هێناوە. ئینجا بڕواداران چین؟ ئێوە هێشتا بە دوای خۆتاندا نەگەڕاون، بەڵکوو منتان

[63] Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York. PP.66
[64] Ibid.

دۆزیوەتەوە، کە ئەمەیش کاری هەموو بڕوادارانە، بە مەرجێ بڕوا هیچ بایەخی نییە. ئێستا داواتان لێ دەکەم ونم بکەن و خۆتان بدۆزنەوە! تەنیا کاتێ بگەڕێنەوە، کە نکوولّیتان لێ کردووم!).[65]

ئایا ئەوانە کاتێ دەگەڕێنەوە و گوتەیەکی (نیتشە)، کە ڕەنگە هیی ئەویش نەبێت، وەردەگرن و دەیئاخننە ناو وتارە سادەکانیانەوە، منی خوێنەر چۆن لێیان وەربگرم؟ پێوەندییەکە لەنێوان پەیکەر و پەیکەرپەرستدایە، دەنا لە بواری ڕەخنەدا کوا ئەم کڕنۆش و موناجاتە هەن؟

دابان گیان، هیوادارم تۆ لێی بڕوانیت و ببینیت چۆن هەولّی داوە بە هەردوو دەست جەستەی دابخات. دیارە وێنەیەک بلّاو بکرێتەوە، هەر بینەرێک ڕێی پێ دراوە لەبارەی ئەوەی چی دەگەیەنێت و بە چ مەبەستێک دانراوە بۆچوونی دەربڕێت، نەوەک لەبارەی جەستەی کارەکتەرەکانەوە، لە کاتێکدا دەقێکی نووسراویشی لەگەلّدایە. لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلّۆگێکی بەردەوام)دا، کە نامەیەکە و بۆ ئەو نووسراوە، دیدگەی (نیتشە)م خستووەتە

[65] Ibid.

ڕوو. پێی وایە ئەوە خەسڵەتی مێگەلە بوونی خۆی لەپێناوی ئەوانەی تردا دەکوتێت، وەک ئەوەی لە کریستەنیتیدا ڕەنگی داوەتەوە. سەرچاوەکەیم بە لاپەڕەکەیشیەوە بۆ نووسیوە. لە فەلسەفەی (هایدیگەر)یشدا ئەوە ئەلفوبێیە، کە مرۆڤ یان خاوەنی بوونە، یان ئەو بوونەی لە شمەکدا تواوەتەوە (objectification). مرۆڤ، سروشت و زمان لەم کردەیەدا خۆیان لە دەست دەدەن و بۆ شتی ڕووت دەگۆڕێن. مانا گەوهەرییەکانیان دەبێتە شت و سەربەخۆیییان دەپووکێتەوە. چۆن قاقا لێ نەدەم، کاتێ دەبینم ناوی ئەو فیلۆسۆفانەت خزاندوونەتە ناو ڕستە سادەکانتەوە؟ کەسێک ئەمە ڕوانینی بێت، چۆن داوای سادەیی ناکات؟ هەندێک گوتەی ئەو پیاوچاکەی لە ئەکاونتیدا شەیر کردوون، کە یەکێکیان ئەوەیە، گۆیە ئەگەر ڕێی بدەن شتێک بۆ قیامەت ببات، ڕۆمانێکی خۆی هەڵدەبژێرێت. واز لەوە دەهێنم، کە ئەم گوتەیە تا چ ئەندازەیەک مایەی قاقالێدانە، بەڵام وەک زۆری تری هیی خۆی نییە و لە خەڵکی وەرگرتووە. بەدەگمەن منداڵێک نەیگوتووە دەیەوێت شتە خۆشەویستەکانی لەگەڵ خۆیدا بباتە گۆڕ. لەو هەموو تیۆرییەی لەبارەی ڕۆمانەوە

خراونەتە ڕوو، تۆ یەکێکیان سەرنجت ڕانەکێشێت و هێشتا دەست بەم بیرۆکە سەرەتاییەوە بگریت، بێگومان دەبیتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ڕەخنەگری میللی.

وەک پێشتر گوترا خوێنەری حەفتاکان و هەشتاکان لە باشووری کوردستاندا کاتێ دەقی نووسەرە یاخییەکانی دەخوێندەوە، هێزی تاکانەی خۆی بە دەست دەهێنا و ڕووبەڕووی داگیرکاریی بەعس دەبووەوە، بەڵام ئەمڕۆ خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەری جەماوەری پاڵ بە جەماوەرەوە دەنێت پەلاماری خۆیان بدەن و گیانیان بکوتن، تا ئەو ڕادەیەی ئەو بوونەیان تەواو لێ دادەماڵرێت. دەقی نووسەرە یاخییەکانی پێشوو گفتوگۆی بە دوای خۆیدا دەهێنا، لە کاتێکدا هیی نووسەری جەماوەری دەبێتە چەکی جنێو و ئاڕاستەی ئەوانە دەکرێت، کە ڕەخنە دەگرن و سەرنجیان دەخەنە ڕوو. ناوەناوە لە ڕۆژنامەی هەولێرەوە پەیامم پێ دەگات، گۆیە نووسەرێکی موفلیسی ساختەم و تەنیا دەزانم کاغەزی سپی ڕەش بکەمەوە. گەنەنووسەر، نەخوێندەوار، نەزان، نەفام و شتی دیکەی لەم بابەتەم. ئایا

پێم ناخۆشە؟ نا، بە هیچ شێوەیەک، بەڵکوو هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازم.

بەڵێ، ئەم ڕەخنەگرە میللییە تەنیا لەم دە ساڵەی ڕابوردوودا کۆمەڵێک وتاری لەبارەی ئەوەوە نووسیون، گۆیە هەندێک نووسەر ڕاستەقینە نین و ساختەن، بێ ئەوەی بە دوو سێ دێڕ پێمان بڵێت ئەو دوو چەمکە چین و چۆن لێیان تێگەیشتووە. ئەرێ ناکرێت جارێک پێمان بڵێیت ئەمانە چین، تا کەمێک لە مەبەستت نزیک ببینەوە؟ (تو بزن تا من برقصم). ئایا نووسەری ڕاستەقینە ئەوەیە وا ئێمە لەم وێنەیەدا دەیبینین؟ نووسەرێکت هەیە لە ماوەی بیستوپێنج ساڵدا بەردەوام دەڵێت ڕەخنە زۆر گرنگە، بەڵام یەک جاریش نایەت لەو بارەیەوە دوو دێڕ بنووسێت. نووسیویەتی؟ بەڵێ، (ڕەخنە بریتییە لە بڕیاردان لەسەر دەق بە چاک یان بە خراپ). ئەگەر خۆی، یان کەسێکی دی پێی وایە لەوە زیاتری گوتووە، با بێت و ڕووبەڕووم ببێتەوە! تەنیا لەم چەند مانگەی ڕابوردوودا کۆمەڵێگ وتاری لەبارەی شیعرەوە نووسیون، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەر دانەیەکیان بگریت، مایەی قاقالێدانە و لەم گوتەیەیشم

بەرپرسیارم. لە شوێنێکدا نووسیویەتی ئەم نەوەیە نائومێدیان کردووە. سەرەتا ئەم نەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە خۆی دەگرێت. بڕیاری لەبارەی هەموویانەوە داوە. ئایا نابێت پێمان بڵێیت لای تۆ نەوە چ مانایەکی هەیە؟ من لەو نامەیەی لەژێر ناونیشانی (تێپەڕاندنی خود و واقیعی باو لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە)دا هەر بۆ ئەو شاعیرانەم نووسیوە و ڕوانینی خۆمم بۆ چەمکی نەوە خستووەتە ڕوو. ئەوەتە نووسیومە:

(لە دۆخی پۆستمۆدێرندا، کە کات لەتلەت و لێکترازاوە، پێوەر و قاڵبەکان هەڵگیراون، مانا جێگیر و تەواو نییە، سنووری نێوان کات و شوێن سڕاوەتەوە، هەرەمەکان ڕووخاون و پایەکان نەماون، چەق بە لاوە نراوە و بێژمار ئاڕاستەی جیاوازجیاواز دەرکەوتوون، سەختە نەوەکان دەستنیشان بکرێن، بەڵام چەمکەکە بە کار دەهێنم، تا لەو ڕێیەوە تیشک بخەمە سەر خەسڵەتەکانی شیعرتان و بە گشتی جیاوازییەکانتان پێشان بدەم. لە پەراوێزی نامەکەیشدا بۆ چەمکەکە دەگەڕێمەوە و پتر لێوەی دەدوێم.) بە درێژاییی نامەکە لەبارەی ئەو چەمکەوە دواوم و لە

پەراوێزدا نووسیومە: [پێم وایە ئەو واقیعەی شاعیرانی دوای نەوەی ڕاپەڕینی تێدا دەرکەوتوون، کە من بە (نەوەی بیسەرچاوە) ناویان دەبەم، زیاتر لە هیی پێشوو تێکشکاو، لەتلەت و شپرزەیە، کە ئەوانە خەسڵەتی دنیای پۆستمۆدێرنن. بە مانایەکی دی، نەک هەر واقیعێکی یەککرتوو و هاوڕێک نییە، بەڵکوو لە بێژمار واقیعی جیاوازیش پێک هاتووە، کە ئەمە وای کردووە شاعیران کەمتر لە یەک بچن، بۆیە ئەگەر بمەوێت بەرهەمیان بخوێنمەوە و ڕاڤە بکەم، پێویستە بەلاوەنانی سەرچاوە و دامەزراندنی دایەڵۆگ وەک دوو خاڵی گەوهەری لە بەرچاو بگرم، بەو مانایەی هەر کاتێ لە ڕێی سەرچاوەکانەوە هەوڵی خوێندنەوەی بەرهەمیان بدەم، ئەوە ناتوانم وردەکارییەکانیان ببینم، کە لە ئاماژەی جیاوازجیاواز پێک هاتوون، بۆیە تەنیا دایەڵۆگ دەمگەیەنێتە ئەو ڕووبەرە پەنهانانە، بەوەی دایەڵۆگ بە سروشتی خۆی ڕووی لە نەزانراوە و توانای هەیە هەموو توخمەکان بە جووڵەی خۆیەوە پێوەست بکات.].[66]

[66] تێپەڕاندنی خود و واقیعی باو لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە – ژنەفتن

ئەم ڕەخنەگرە میللییەی لەم وێنەیەدا بە حاڵ دیارە، بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (نەسیحەتنامەی شاعیران... چەند سەرنجێکی کورت سەبارەت بە پرسی شاعیربوون)دا بڵاو کردووەتەوە و وەک هەمیشە بەو زمانەی ڕۆژانە خەڵک لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کاری دێنن، چەند دێڕێکی ساکاری بە دوای یەکدا ڕیز کردوون، کە هەر کامیان بگریت مایەی قاقالێدانە. من هاتووم بە کتێبی (لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا) ڕووبەڕووی بوومەتەوە و هەموو ئەو چەمکانەم هەڵگرتوونەتەوە، کە فڕێی داون، تا بۆ هەر یەکەیان دایەڵۆگ لەگەڵ چەند سەرچاوەیەک دابمەزرێنم و لە جیهانی ئاماژەدا دەریانبخەمەوە. ئەگەر ناوی لە نامەکەم ناوە نەسیحەتنامە، ئەوە پێیم گوتووە: [لێرەوە بە خۆی و هەر کەسێکی تر دەڵێم ئەگەر پێشانی بدات بە ئاماژەیش توخمی ئامۆژگاری لەم نامەیەدا هەیە، ئەوە من بەڵێن بێت ددانی پێدا بنێم و بۆ لای خۆمی بگەڕێنمەوە، بگرە ئامادەم داوای لێبوردن لە خوێنەر بکەم، بەڵام ئەگەر گەڕایەوە (ڕۆژنامەی هەولێر) و نەک هەر بە لای ئەم باسەدا

نەچووەوە، بەڵکوو تۆپەڵێک جنێوی دیکەی دایەوە، ئەوە منیش ئەوسا بە شێوازێکی تر ڕووبەڕووی دەبمەوە.].[67]

ئایا بەرپرسیارێتیی گوتەکەی هەڵگرت، یان وەک ئەوەی گوتم بۆ (ڕۆژنامەی هەولێر) گەڕایەوە، تا وتاری دیکەی توانجئامێز بنووسێت و لەم ئاستەدا بێتەوە دەنگ؟ ئایا خوێنەر نابێت لەو ڕەخنەگرە میللییە بپرسێت ئەگەر نەسیحەتنامەیە، بۆچی نایەیت یەک نموونەی لێ بهێنیتەوە؟

ئینجا داهێنان پێویستە نائومێدمان بکات، نەوەک ئومێدمان پێ بدات، بەڵام ئەم ڕەخنەگرە میللییە بەوەدا هەمان ڕوانینی خەڵکی هەیە، ئەوە پێی وایە چەمکەکان لە دنیای ئاماژەیشدا هەر ئەو مانایانەیان هەن، کە لە دنیای شمەکدا هەیانن. بیستوویەتی نائومێدی لە ژیانی ڕۆژانەدا خراپە، هاتووە وەک خۆی بە کاری هێناوەتەوە، بە مەرجێ لەو گوتارەمدا، کە لەژێر ناونیشانی (ڕەخنەگری میللی و پەزپەزەی چەمکی خوێنەر)دا نووسیومە و ئاڕاستەی خۆیم کردووە، بۆیم

[67] کاکەسوور، کاروان، لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا، کتێبی ژنەفتن 25، 2026، ل. 70... لەم لینکەدا دەست دەکەوێت:

لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا – ژنەفتن

نووسیوە: [(یاوس) پێی وایە تێکستی ڕوون ناتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و بەرهەمدار نابێت. پێویستە کاری ئەدەبی بتوانێت ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر هەڵبکشێنێت و وای لێ بکات بەو ڕووبەرانە بگات، کە پێشتر پێیان نەگەیشتبوو. بەوەدا لایەنی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایدیۆلۆجی و سۆمبۆلیی کۆمەڵگە لە پێکهێنانی تێکستدا بەشدارن، ئەوە تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە و دەچنە باری ڕاڤەی دیکەوە، بۆیە ئەو پێکگەیشتنەی نووسەر و خوێنەر لە تێکستدا توانای گۆڕانکاریی هەیە. (ئایزەر) پێی وایە ئەو کاریگەریی (effect)ـە گرنگە، کە تێکست لای خوێنەری جێ دەهێڵێت. واتە لە دەروونی خوێنەردا چ گۆڕانێک بەرپا دەکات. بەوەدا ئەو خوێنەرە ئەزموونی ئەدەبیی هەیە، ئەوە کاتێ بەر تێکست دەکەوێت، شتی نوێ دێتە کایەوە. خوێنەری زیرەکی ڕەخنەدۆز دوای خوێندنەوەی تێکستێکی قوواڵ ئاستی ئیستای جێ دەهێڵێت و دەگاتە ئاستێکی تر، وەک چۆن هەر ئەو پێوەندییە ئاستی تێگەیشتنی نووسەر بەرز دەکاتەوە. لێرەدا مەبەست لەو کارە ئەدەبییەیە، کە سەرسامی دەهێنێت، ئەو شتانە دەڵێت، کە نوێن، تا وەرگر بخەنە دۆخی ڕاچەنینەوە، بگرە پێویستە نائومێدی بۆ ئەو

وەرگرە بهێنێت. (لە حەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ بیستوومانە و دەیبیستین چۆن ڕەخنەگری میللی دەڵێت نووسەر قسەی ناو دڵی منی کردووە، بۆیە بەرهەمەکەی داهێنانێکی گەورەیە، لە کاتێکدا ڕەخنەدۆزان دەڵێن پێویستە کاری ئەدەبی نائومێدی بۆ خوێنەر بهێنێت.)].([68])

ئەرێ کارەکتەری ئەم وێنەیە و نووسەری ئەو وشانە بۆچی هێندە لووتی بەرزە و پێی وایە کاتێ شاعیران دەنووسن، ئەویان لە خەیاڵە؟ تۆ ناسنامە دەدەیتە شاعیران؟ ئایا دەیەوێت لێیان بپرسێت من لەم بیستوپێنج ساڵەدا کۆمەڵێک کتێبی گرنگی تیۆریم لەبارەی شیعرەوە بۆ کردوونەتە کوردی و چەندان توێژینەوەیشم هەر لەم بارەیەوە نووسیون، بەڵام بۆچی سوودتان لێ نەبینیون؟ ئایا ئەگەر ئەمانەی بکردنایە، وای دەگوت، یان ئێستا وەها دەڵێت، چونکێ هێشتا لەم تیۆرییانە بێئاگایە و بە گوتە سواوەکانی نووسەری جەماوەری سەرسامە، کە ئەو خۆی لە خەڵکی وەرگرتوون؟ ئەرێ ئەم ڕەخنەگرە میللییە بەردەوام ئەم شتانە بە تێکشکاوی نالێتەوە، کە ئێمە خۆمان پێشتر گوتوومانن؟ ئەگەر خۆی، یان کەسێکی دی دەتوانێت

[68] ڕەخنەگری میللی و پەزیەزەی چەمکی خوێنەر – ژنەفتن

یەک پەرەگراف لە بەرهەمەکانیدا بدۆزێتەوە، کە نەک سادە، بەڵکوو مایەی قاقالێدان نییە، با ڕووبەڕووبەڕووم ببێتەوە!

(ڕێبین ئەحمەد خدر) یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرەکانمان، کە ئەم هاتووە بە چەند ڕستەیەکی پێکەنیناوی هێرشی کردووەتە سەر. ئەگەر پێوەندیی نێوان نووسەری ئەدەبی و ڕەخنەدۆزی میسر و مەغریب بە نموونە بهێنینەوە، دەبینین ڕەخنەدۆزان هاوکارییەکی زۆری نووسەرانی ئەدەبییان کردووە، بەوەی توێژینەوەی گرنگیان نووسیوە و هیی گرنگیشیان لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕاوە، کەچی لای ئێمە ڕەخنەگری میللی، کە ئەمە دۆخەکەیەتی، پەلاماری داهێنەران دەدات و لە بەرانبەردا بە سادەنووساندا هەڵدەڵێت. ئەرێ سەختە ناوی دیوانی (خاکی وێران)ی (ئیلیۆت) لە دەمی هاوزمانەکانتەوە ببیستیت و بڵێیت خوێندوومەتەوە، بێ ئەوەی چوار دێڕی لەبارەوە بنووسیت؟ پەلاو (تەحەدا)ی دەکەم، ئەگەر بەم تێگەیشتنەی ئێستای بتوانێت بەرهەمی ئەو شاعیر و ڕەخنەدۆزە بخوێنێتەوە. ئەرێ کەسێک ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، وێنەی وەها دەگرێت و ئەم وشانە دەنووسێت؟ (مەحموود زامدار) لە حەفتاکاندا لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە. ئایا خۆی دەتوانێت وەرگێڕانێکی تریمان بخاتە بەردەست و پێشەکییەکی بۆ بنووسێت؟ ئەرێ دەیەوێت لە زمانی

ئینگلیزییەوە بیکاتە کوردی؟ ئەو هەموو لووتبەرزییەت لە پای چی، ئازیزم؟ ئینجا مادام ناوی (ئیلیۆت)ی بیستووە و خستوویەتیە ڕستەوە، ئەوە دەبێت یەکێک پەلامار بدرێت و یەکێکی دی هەڵبکێشرێت.

ئایا لەبارەی ڕۆمانیشەوە هەر وای نەکردووە؟ بەڵێ، کردوویەتی. لە وتارێکیدا، کە وەک ئەوانەی تری لە ڕۆژنامەی هەولێردا بڵاو کراوەتەوە، نووسیویەتی هاوڕێیەکی ڕۆمانووسی پێی گوتووە ڕۆمان کارێکی سەختە. ئەڕێ ئەم گوتەیە زەحمەتە، ئەگەر هەر کەسێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە، بێ ئەوەی یەک دێڕی خوێندبێتەوە، بینووسێت؟ ئینجا دواتر لە وتارەکەدا دەردەکەوێت ئەو ڕۆمانووسە ئەوەیانە، کە کۆمەڵێک ڕستەی وەهای لەبارەی ئەو چەمکەوە نووسیون، کە لای خەڵکی ئاسایی بوونەتە مایەی پێکەنین. گوتوویەتی ڕۆمان بۆ ڕەواندنەوەی خەم باشە. کەسانێک دەیان نامەیان بۆ ناردووە و پاڕاونەتەوە، ڕەخنەیەکیان لێ نەگرێت... ئەڕێ ئەمە پێوەندیی بە ڕۆمانەوە هەیە؟ کێن ئەوانە وا هێندە لێت ترساون؟ بۆچی ناویان ناهێنیت؟ هیوادارم خوێنەر کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا)ی من بخوێنێتەوە، تا بزانیت ئەو نووسەرە خەریکی چییە و لە چ ئاستێکدا نووسیویەتی، کە ڕەخنەگری میللی هێندە پێی سەرسامە.

هەمیشە گوتوومە ڕەخنەی میللی لە نەبوونی دایەڵۆگەوە هاتووە و هەر لە نەبوونی دایەڵۆگیشەوە دڕێژەی دەبێت. گوتوویەتی پرسیار هیی منداڵە و شتێکی گرنگ نییە. هەر لە ڕۆژنامەکەیاندا، ڕۆژنامەی هەولێر نووسیویەتی فەیلەسووفێک، کە ناوەکەی لە بیر نەماوە دەڵێت لەگەڵ گەمژەدا گفتوگۆ مەکە. ئەمەم لەو گفتوگۆیەی (ئارام حاجی) لەژێر ناونیشانی (ڕاڤەی چەمکەکان لە جیهانی ئاماژە)دا لەگەڵیدا کردووم، وەرگرتووە و وەک زۆر گوتەی فرێدراوی تر لێوەی دواوم، بۆیە نامەوێت ئێستا شتێکی ئەوتۆ لەبارەیەوە بنووسم. هێندە دەڵێم ڕەخنەگرێکی میللیت هەیە، بەم شێوەیە لە چەمکی دایەڵۆگ گەیشتووە و ناوی کۆمەڵێک لەو فیلۆسۆفانەیشی نووسیونەتەوە، کە بایەخی گەورەی پێ دەدەن. (هایدیگەر) یەکێکیانە، ئەوەی زووزوو ناوی دەهێنێت. ئەگەر گوتەی دەست نەکەوێت، دەنووسێت (بە مانا هایدگەرییەکەی). ئەڕێ سەختە من گوتەی سواوی خەڵک بنووسمەوە و بڵێم (بە مانای فلان فیلۆسۆف)؟ نازانم خۆی و ئەوانەی پێیان سەرسامە، گەمژە بە چی تێگەیشتوون. ئەڕێ ناکرێت ڕۆژێک پێناسەیەکمان بخەنە بەردەست، تا بزانین مەبەستیان چییە؟

ئەو ڕەخنەگرە میللییەی وەک گوترا هەموو سەرچاوەکەی گوتە ڕازاوەکانی نووسەری جەماوەرییە و ئەویش خۆی لە

کۆمەڵگەی وەرگرتوون، شتێکی نوێی نەگوتووە کاتێ ڕایدەگەیەنێت دژی پرسیارە، گۆیە پرسیار هیی منداڵە. ئەوەیش چاوەڕوانکراوە، ئەگەر بڵێت لەگەڵ گەمژەدا گفتوگۆ ناکات، مادام ئەو تێگەیشتنەی خۆی چۆن لە کۆمەڵگەوە هێناوە، ئاوهایش لە نووسیندا درێژەی پێ دەدات. ئەوە گرنگە کاتێ ڕۆژنامەکە دەردەچێت، ئەو وتارێکی لەم گوتە پێکەنیناوییانە پێک هێنابێت و بڵاوی بکاتەوە. بۆ ئەوەی ڕەخنەگرێکی میللی بناسرێت و دەست بەسەر تێگەیشتنی گشتیدا بگرێت، ئەوە پێویستە دوو هەنگاوی گرنگ بنێت: یەکەم، بەیعەتی خۆی بۆ نووسەری جەماوەری ڕابگەیەنێت، بەو مانایەی بە باڵایدا هەڵبڵێت و هاوکات پەلاماری داهێنەران بدات. دووەم، لە دەستگەیەکی حزبیدا شوێنێک بگرێت، تا لەو کاتەی مووچەی مرۆڤە بەرهەمهێنەکان دەبڕێت، هیی ئەو لێی کەم نەکرێت، بگرە هەڵبکشێت. پێم وایە بەبێ ئەم دوو خاڵە سەختە ئەم گوتە پێکەنیناویانە ببنە مایەی سەرسامیی خەڵکی زۆر سادەیش. ئایا نووسەری جەماوەری، کە لەم سی ساڵەدا بەردەوام جوێنی وەک گەمژە، نەفام، زبڵ و نەخوێندەواری بەوانە داوە، کە

ڕەخنەی لێ دەگرن، بەڵام لەبارەی ڕەخنەگرە میللییەکانەوە هیچی گوتووە، یان پشتگیریی کردوون؟

لەم ماوەیەی پێشوودا ڤیدیۆیەکی نوێی نووسەرێکی جەماوەری هات، کە وەک زۆرینەی ئەوانەی تری، ئەگەر نەڵێم وک تێکڕایانی بووە مایەی سەرسامیی بەشێکی جەماوەر و هیی قاقای بەشێکی دیکەیان، کە تێیدا بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک باس لە چەمکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکات. دەڵێت دوو کولتووری جیاوازیان هەیە. ئەوە چ خوێنەرێکە لە قۆناغی سەرەتاییدا ئەمەی لە گەڕەک و فێرگەدا نەبیستووە؟ لە ئەڵمانیاوە بچیتە بریتانیا، تا لەوێدا کۆڕت بۆ ساز بکرێت و ئەم گوتەیەی تێدا بڵێیت، دەتەوێت ڕەخنەگرە میللییەکانی لایەنگرت لە چ ئاستێکدا بنووسن؟ لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا (سەرکەوت سدیق بەگ)ی هاوپۆلمان، کە وەک لە کتێبی منداڵیمدا باسم کردووە، بە شێوەیەکی سەیر چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوە، پێی دەگوتین خۆرئاوا و خۆرهەڵات جیاوازن. ڕۆژانە لە زمانیەوە ناوی ئەمەریکا دەبیستین، کە هیچ شتێکی دانیشتوانەکەی لە هیی ئێمە ناچێت. خانووەکانیان لە هەزاران نهۆم پێک هاتوون و

سەریان لە هەور ڕۆ چوون. بەوەدا ناوی ئەسانسێرمان نەبیستووە، دەپرسین ئەرێ بە چەند ڕۆژ دەتوانن پایەکانی قاڵدرمە ببڕن و بگەنە خوارێ؟ (سەرکەوت) بەو زمانە سیحرییەی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت خەڵکی ئەمەریکا بەوە ناسراون هەر هەنگاوێکیان هەزاری ئێمەیە. (زۆسک حەمەسالح: یادی زیندووە) دەڵێت: (ئەوە هەنگاونان نییە، سەرکەوت، بەڵکوو فڕینە.). (سەرکەوت) دێتەوە دەنگ: (بەڵێ، زۆسک، لە ئەمەریکا خەڵک دەفڕن، بەڵام ناویان لە فڕین ناوە ڕۆیشتن.). ئامێری تەلەڤیزیۆن تازە هاتووە و لەم دەوروبەرەدا تەنیا چەند مالێک هەیانە، کە خۆیان یەکێکیانن. شەوانە چی دەبینێت، بە ڕۆژ دەیگێڕێتەوە، بەڵام زۆر شتی بۆ زیاد دەکات. تا ئەمڕۆیش پێم وایە (سەرکەوت سدیق بەگ) لەو کەسانەیە جوان چیرۆکیان گێڕاوەتەوە، کە بە درێژاییی قۆناغی سەرەتایی پێکەوە بووین. لە چیرۆکی (ئەنتیک)یشدا ئەم و هاوڕێکانی دیکەی ئەو سەردەمم کردوونەتە کارەکتەر. دەمەوێت بڵێم لە منداڵییەوە زانیومانە خۆرئاوا و خۆرهەڵات بە شێوەیەک لە شێوەکان جیاوازن، کەچی تازەبەتازە بیرمەندێک دێت و کەمتر لەوەمان پێ دەڵێت. هیوادارم بۆ کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار

و ڕاڤەدا) بگەڕێیتەوە، تا ببینیت چۆن دوو بەشیم لەژێر ناونیشانی (خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەک دوو شتی دژبەیەک لە خەیاڵدانی جەماوەردا) و (پرۆبلەماتیکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا)دا تەرخان کردوون، تا پێشانی بدەم ئەم باسە هەر لە فەلسەفەی یۆنانییەوە تا ئەمڕۆ چ شەڕێکی بە فیلۆسۆف، مێژوونووس، کۆمەڵناس و ئەوانەی دیکە فرۆشتووە، لە کاتێکدا ئەو نووسەرەمان لەم ئاستەدا دەریدەبڕێت.

ئایا سەیرە، ئەگەر ئەوانە داوای سادەیی بکەن و پەلاماری ئاڵۆزی بدەن، بێ ئەوەی پێمان بڵێن ئەم دوو چەمکە چین؟ خوێنەری فەلسەفە لە سەرەتای تەمەنی خوێندنەوەیدا ڕووبەڕووی ئەم چەمکە گرفتئامێزانە دەبێتەوە. ئەدی چۆنە ئەم نووسەرە جەماوەرییەمان ئاگای لێ نییە؟ سەیر ئەوەیە خاوەنی ئەم گوتە ڕەونەقدار و سادانە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، گۆیە دەیانەوێت ئاستی نووسەرە سادەکان تێبپەڕێنن، کەچی ئەوەتە دوای سی ساڵ ئەمە تێگەیشتنیانە بۆ ئەو چەمکانە. لە ڕێی پاوانخوازیی مێدیاییەوە دۆخێکیان پێک هێناوە، کە تێیدا جەماوەر بە گوتەی ڕەونەقدار سەرسام ببێت و دەقی سادە

بە داهێنانی مەزن بزانێت. لە سایکۆلۆجیادا چەمکێک هەیە و بە کاریگەریی چارەسەری وەهمی (placebo effect) ناسراوە. خەڵک لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە کاریگەریی دەرمانی ساختە، یان نزا دەکەن، کاتێ باوەڕێکی پتەویان پێی هەیە. بەشێکی جەماوەر هەر هێندە باوەڕ و تێگەیشتنی خۆیان لەو دەقە سادانەدا دەبینەوە، ئاسوودەیی دایاندەگرێت و نایشارنەوە. پێیاندا هەڵدەڵێن، لەبارەیانەوە دەنووسن، تەنانەت ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، بە دەستکاریی زۆرەوە وەریاندەگێڕنە سەر زمانەکانی دیکەیش.

(نیتشە) بەشێکی کتێبی (زەردەشت وەها دوا) ناو دەنێت (ڕووداوە مەزنەکان)، تا لەو ڕێیەوە پێشانی بدات ژاوەژاو و قیژە، هاوار و هوتاف ئاماژەن بۆ ڕووکەشی، لە کاتێکدا گۆڕانکاریی ڕاستینە بەرهەمی هێمنییە. چەمکی سەگی ئاگر، یان سەگاگر (fire-dog) بۆ ئەو دۆخە بە کار دەهێنێت، بەو مانایەی کارەکتەری ئایینی و سیاسی پەنا دەبەنە بەر میگەل و دۆخێک پێک دەهێنن، کە تێیدا دەنگ بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێت. دەنووسێت:

دوڕگەیەک هەیە لە دەریادا، لە دوڕگەی ئاسوودەی زەردەشت دوور نییە. لە بانیدا گڕکانێک دیارە و هەمیشە دووکەڵی لێ هەڵدەستێت. خەڵکەکەی، بە تایبەتی پیرەکانی دەڵێن وەک تاوێرێک وایە لە دەروازەی جیهانی ژێرەوەدا، بەڵام لە میانەی خودی گڕکانەکەوە تووڵەڕێیەک بەرەو دەروازەکە لێژ دەبێتەوە. لەو دەمەی زەردەشت لە دوڕگەی ئاسوودەدا بوو، کەشتییەک لای ئەو دوڕگەیە لەنگەری گرت، کە شاخێکی دووکەڵی لەسەر جێگیرە. دەستەکەی بە مەبەستی ڕاوەکەرۆیشک دابەزین. دەمەونیوەڕۆ، کاتێ کاپتن و پیاوەکانی کۆ بوونەوە، لەناکاو پیاوێکیان بینیی لە ئاسمانەوە (through the air) بەرەو ڕوویانەوە هات. دەنگێکیان دەبیست، بە ڕوونی دەیگوت: (ئێستا کاتیەتی! کاتە هەرەبااڵکەیەتی!)، بەڵام کاتێ کەسێتییەکە لێیان نزیک بووەوە، تیژ وەک سێبەرێک بە لایاندا تێپەڕیی، بەرەو گڕکانەکە. کاپتنی لێ دەربچێت، دەنا ئەوانی دی تێکڕایان بە حەپەساوی زانییان زەردەشتە. خۆشیان ویست، وەک ئەوەی خەڵک خۆشیان دەوێت، بە ڕادەیەک خۆشەویستی و ترس بە یەکسانی ئاوێتەی یەکتر بوون. کەشتییەوانە پیرەکە گوتی: (بڕوانن! ئەوە زەردەشت بوو، چووە دۆزەخ).

لەو دەمەی دەریاوانەکان بەرەو دوڕگەی ئاگر شۆڕ بوونەوە، گوترا، گۆیە زەردەشت ون بووە. کاتێک هاوڕێکانی لەو بارەیەوە پرسیاریان لێ کرا، گوتیان شەو چووەتە کەشتییەکە، بێ ئەوەی بڵێن بەرەو کوێ دەچێت. بەم شێوەیە هەندێک نیگەرانی هاتە پێشێ. دوای سێ ڕۆژ چیرۆکی دەستەی کەشتییەکە هات و چووە پاڵ ئەم نیگەرانییەوە. ئەوسا هەموو خەڵک گوتیان ئیبلیس زەردەشتی برد. هاوڕێکانی وەک چاوەڕێ دەکرا بە دڵنیاییەوە بەم گوتەیە پێکەنین، تەنانەت یەکێکیان گوتی: (زیاتر باوەڕ بەوە دەکەم زەردەشت ئیبلیسی بردبێت.)... بەڵام لە ناخەوە هەموویان لێوانلێوی نیگەرانی و پەرۆشی بوون. کاتێ زەردەشت لە ڕۆژی پێنجەمدا دەرکەوتەوە، شادییەکی مەزن دایگرتن.

ئەمە چیرۆکی پێککەیشتنی زەردەشت و سەگاگرە:

گوتی زەوی پێستێکی هەیە، ئەم پێستەیش دەردی هەن. بۆ نموونە یەکێ لەو دەردانە مرۆڤی پێ دەگوترێت. دەردێکی دیکەیش ناوی سەگاگرە، کە خەڵک خۆیانی پێ دەخەڵەتێنن و پێی خەڵەتاون. تا لەم نهێنییە بگەم، لە دەریا پەڕیمەوە.

حەقیقەتم بە ڕووتی بینی. بەڵێ، لە نووکی پێیەوە تا ملی. ئێستا لە حەقیقەتی سەگاگر و تێکڕای ئیبلیسە گێرشێوێن و بەدەکان دەگەم، کە تەنیا پیرەکان نین لێی دەترسن.([69])

(نیتشە) هەوڵ دەدات لە ڕێی کۆمەڵێک سیمبۆڵەوە پێشانی بدات ئەو شۆڕشانە تەنیا دووکەڵن، بگرە خودی دووکەڵەکەیش وەهمە و دێتە بەرچاوی خەڵکی فریوخواردوو. دەنگیان بەرزە و بەرهەمیان کەم. لە حەڤدەی شوباتدا ئەو بەرەیەی کارەکتەری داڕووخاوی سیاسی، ئیخوانی ئۆمەتخواز و ڕۆشنبیری جەماوەری پێکیان هێنا، تا بە هۆی هوتاف و بانگدانەوە جەماوەر بوروژێنن، خێرا هەڵوەشایەوە. بەشێکیان بۆ ناو حزبەکان گەڕانەوە. لە حەفتاوپێنجدا شۆڕشێک هەرەس دەهێنێت و بەشێکی زۆری هیواکان دەڕووخێن. ئەوەی نەناسراوە و ناوی نەبیستراوە، کۆمەڵەیە، کەچی ئەوە هەر ئەو کارەکتەرە هێمنانەن بە توانایەکی گەورەوە نەک

[69] Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York. PP.142_143

ڕووبەڕووی بەعس دەبنەوە، کە لە لووتکەی هێزدایە، بەڵکوو تا هەشتاوسێ هەوڵی تێکشکاندنی ئەو بەستەڵەکەی ناوخۆیش دەدەن وا لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەوە دنیامانی داپۆشیوە. کاریگەریی کۆمەڵەی ئارام تا ئەم ساتەیش ماوە، بەڵام کوا هیی گۆڕانی هاوارکەر؟ ئایا ئەمڕۆ لەسەر ئەو گردەدا جگە لە دووکەڵ و وەهم دەتوانیت شتێکی دیکە ببینیت؟ ئەوە (زەردەشت)ـە ئەم ڕاستییە دەزانێت. تا چەند ساڵ لەمەوبەر ڕۆژاڤا ناوێکی گوم بوو، تەنانەت لە حەڤدەی شوباتدا پەلاماری دەدرا، کەچی ئەو کچ و کوڕە هێمنانە تەقینەوەیان تێدا بەرپا کرد.

نووسەرە جەماوەرییەکان لە ڕێی گوتەی ڕەونەقدارەوە وامان پێشان دەدەن، گۆیە خەریکی داهێنانی گەورەن، کەچی دەبینین بەرهەمەکەیان ڕەخنەی میللییە. ئەوانە بەشێکی زۆری کاتیان لە قەرەبالّغیدا بە سەر دەبەن، تا هەواڵی سادە بگەیەنن و بانگەشە بۆ ئەو کتێبانەیان بکەن، کە خەڵکی ئاسایی دەتوانن چاکتر بیاننووسن و نووسیویشیانن. ئەمڕۆ سەگاگرەکەی (نیتشە) لە زۆر شوێنی کۆمەڵگەدا دەبینین، کە وەهم، درۆ و خورافەیان تێدا

بڵاو دەکاتەوە. (نیتشە) هەر لەوێدا ئەوە دەردەبڕێت، کە ڕووداوە گەورەکان هیی ئەو کاتانەمان نین وا پڕن لە ژاوەژاو، بەڵکوو هیی کاتە ئارامەکانمانن.([70])

ڕۆمانی فرەدەنگ وەک تێپەڕاندنی دوالێزمی سادەیی و ئاڵۆزی

لە بەشەکانی پێشوودا کەموزۆر باسی ڕۆمان بە گشتی و هیی فرەدەنگ (پۆلیفۆنی) بە تایبەتی کرا، کە ناکرێت لە شتێکی دیاریکراودا کورت بکرێتەوە، بەڵکوو شێوازێکی پەلهاوێژە و بە هەموو لایەکدا دەکشێت. ئەم کشانە بێئامانجە خەسڵەتی دیاری ئەو شێوازەیە و لە ڕێیەوە توخمی جیاوازجیاواز خۆیان دەخزێننە ناویەوە، کە ئەوانە ڕێتمی بەریەککەوتن و ململانێ زیاتر جۆش پێ دەدەن.

[70] Ibid.PP.143

بەگشتی ڕەخنەدۆزان چەمکی ڕۆمانی فرەدەنگ بۆ (باختین) دەگەڕێننەوە، کاتێ لەبارەی شیعریەتی ڕۆمانەکانی (دۆیستۆیەڤسکی)یەوە دەنووسێت، ئەو چەمکە دەدۆزێتەوە، کە بریتییە لە پێوەندییەکی دایەڵۆگییانەی نێوان توخمەکانی بونیادی ڕۆمان وەک ئەوەی لە کاری میوزیکدا هەیە، کاتێ ئاوازی جۆراوجۆری تێدا تێکەڵ دەکرێن. پێی وایە ئەم شێوازەی دۆیستۆیەڤسکی تێکشکاندنی ئەو شێوازانەی مەنەلۆگییە، کە ڕۆمانی ئەورووپایی لەسەریاندا جێگیرە و لە بنەڕەتدا هۆمۆفۆنییە (Homophone).([71])

من خۆم پێم وایە دەبێت لەوەیش دوورتر بڕۆین، تا دەگەینە (نیتشە). ئەگەر قسەکردن لەبارەی فرەدەنگییەوە بۆ (نیتشە)مان بگەڕێنێتەوە، ئەوە پێویستە لای ئەویش لەسەر چەمکی هەڵگێڕانەوەی بەها (Transvaluation)دا هەڵوێستە بکەین. ڕەخنەی ئەو لە میتافیزیکا پێوەستە بە بەهاوە، چونکێ ڕەخنە حەقیقەت دەردەخات، کە ئەو حەقیقەتە بەهای تێدا شاردراوەتەوە. لە یەکێک لە

[71] باختين، ميخائيل، قضـــايا الفن الإبداعي عند دوســـتويفســـكي، ترجمة: د. نصـــيف التكريتي، مراجعة: الدكتورة حياة شـــرارة، دار الشـــؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، 1986، ص12

ئەفۆریسمەکانی کتێبی (ویستی هێز)دا دەنووسێت حەقیقەت ئەو جۆرە هەڵەیەیە، کە جۆرێکی دیاریکراوی بوونەوەر ناتوانێت بەبێی بژی. هەر لێرەدا دەڵێت دواجار بەهای ژیان شتێکی یەکلاکەرەوەیە.([72])

لەو ڕەخنەیەیشیدا پەنا بۆ جینیالۆجیا دەبات، بەو مانایەی ڕێگەی تێکشکانی حەقیقەت و دەرکەوتنی بەهای ڕاستییە، کە ئەمەیش لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت: ئاستی یەکەم، ئەو بەهایە، یان ئەو بیرۆکەیە لە ڕووی مێژوویییەوە چۆن سەری هەڵداوە و چۆن گەشەی کردووە، بەڵام ئاستی دووەم، ڕەخنەیە لەو بەهایە و لابردنی ئەو چینە پیرۆزییەی سەری، تا ناوەوەی بکرێتەوە. بە مانایەکی دی، گومانکردن لە حەقیقەتی ئەو بەهایە، بە مەبەستی تێپەڕاندنی. لێرەدا لە ئاستی ڕەهاوە دەچێتە ئاستی ڕێژەییەوە. ڕووکەش لا دەچێت و ڕەسەن دەگەڕێتەوە، کە یەکەمیان لەسەر مێتافیزیکا دامەزراوە و لاوازە، بەڵام دووەمیان خاوەنی

[72] Nietzsche, Friedrich, The Will to Power, A New Translation by Walter Kaufmann and RJ Hollingdale, Edited, with Commentary by Walter Kaufmann. New York. Vintage Books Edition: September 1968. PP.272

هێزە و توانای بەردەوامیی هەیە. هەر لە (ویستی هێز)دا پێی وایە بنەمای ئەو میتافیزیکایە بۆ ناو زمان و گوتە ڕێزمانییەکانمان دڕێژ بووەتەوە و تێیاندا نیشتەجێیە. واتە بە پاڵپشتیی ڕەوشتی ئایین حەقیقەتی ڕووکەش و ساختە خۆی سەپاندووە، بۆیە وازهێنان لەو میتافیزیکایە دەبێتە پێویستی. دەکرێت بڵێین ئەو کردەیە وامان لێ دەکات لەپشت ئەو دەنگە ڕووکەشەدا بێژمار دەنگی جیاوازی دیکە بدۆزینەوە. مانا جیاوازەکانیش لێرەدا دەردەکەون. پێی وایە میژووی بیری مرۆڤایەتی ڕووکەش و ساختەیە، بەوەی پیاوانی ئایین و بانگەشەکەرانی میتافیزیکا دەستیان بەسەردا گرتووە. ئەگەر وایە، کێ دەنگی خۆی هەیە؟ ئەو تاکەی خۆی لەوانە ڕزگار کردووە، چونکە مرۆڤی ئازاد خاوەنی هێزە و هێزیش سەرچاوەی زمانە. بە مانایەکی تر، ئەو کەسەیە، چارەنووسی خۆی بە هیی خۆی دەزانێت و خۆشی دەوێت، کە هەر ئەویشە بەهای جیاواز لە بەهای میگەلی هەیە.([73])

[73] ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوردا، کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت، چاپی یەکەم، 2021، سلێمانی.ل. 21_ 22

ئەگەر (باختین) پێ لەسەر تێپەڕاندنی دوالێزمەکان دادەگرێت، کە وەک پێشتر گوترا جەخت لەسەر چەمکی ئۆکسیمۆرن (oxymoron) دەکاتەوە، بەوەی مانای یەکسانکردنی دژەکانە و ناهێڵێت ئەمیان بەسەر ئەویاندا زاڵ ببێت، ئەوە (نیتشە) بە کوتەکی ڕەخنە ڕووبەڕووی مێتافیزیکا دەبێتەوە، هاوکات نەک پێداچوونەوەیەکی ڕادیکاڵانە بە هەموو ئەو فەلسەفانەدا دەکات، کە لەسەر ئەم دوالێزمانەدا جێگیرن، بەڵکوو هەوڵی تێکشکاندنیشیان دەدات، وەک پێشتر بینیمان چۆن تێگەیشتنی (دیکارت) هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەم ئاڕاستەیەی (نیتشە) بە هێزێکی گەورەوە چووەتە ناو ڕۆمانی فرەدەنگ و لە ئاستەکانی گێڕانەوەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەبەر ئەوەیشە ڕۆمانی نوێ تا هاتووە زیاتر لە فەلسەفە نزیک بووەتەوە. سەردەمەکە نەک هەر دەقی فردەنگی پێویست کردووە، بەڵکوو ئەو خوێنەرەیشی بەرهەم هێناوە، کە خاوەنی دیدگەی ڕەخنەییە و پەنا بۆ ڕاڤەی توخمەکان دەبات، بەو مانایەی لە گۆشەنیگای جیاوازجیاوازەوە لێیان دەڕوانێت، کە دەشێت ئەو ڕوانینە

نەک لە هیی خوێنەرێکی دیکەی هەمان دەق جیاواز بێت، بەڵکوو دەکرێت هیی نووسەریش تێبپەڕێنێت. ئەگەر پێوەندییەکە جاران لە (نووسەر، پەیام، خوێنەر)دا بەرجەستە بوو، بەو مانایەی نووسەر پەیامی ڕوونی بۆ خوێنەر دەنارد، تا وەریبگرێت، بێ ئەوەی بینێرێتەوە، ئەمڕۆ بنەمای پێوەندییەکە تێک شکاوە و توخمی پەیام دوور خراوەتەوە، یان لانی کەم گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. دایەڵۆگ شوێنی ئەو پەیامەی گرتووەتەوە، کە وەک گوترا توخمە بزۆکەکەی دنیای پۆستمۆدێرنە و بووەتە هاوواتای گەمە.

بەم شێوەیە پێکهاتەی گێڕانەوە هەمان ئەوەی ڕۆمانی باو نییە، تا لە چەند توخمێکدا کورت بکرێتەوە و بە ڕوونی پەیام بگاتە خوێنەر، بەڵکوو فرەڕەهەند، فرەئاڕاستە و فرەمانایە. (باختین) لەم ڕووەوە دەنووسێت: [پێکهاتەی گێڕانەوە، ئینجا ئەو گێڕانەوەیە چ لەلایەن نووسەرەوە بخرێتە ڕوو و چ لەلایەن قەبێژەرەوە، یانیش لەلایەن یەکێ لە کارەکتەرەکانەوە، پێویستە تەواو لە هیی ئەو ڕۆمانانە جیاواز بێت، کە خەسڵەتی مەنەڵۆگییان هەیە. ئەو دیدگەیەی

گێڕانەوە لێیەوە دەردەچێت، یان ئەوەی نەخشەسازی پشتی پێ دەبەستێت، یان ئەوەی هەواڵی لێوە دێت، پێویستە لەژێر ڕۆشناییی ئەم جیهانە نوێیەدا دیاری بکرێت، جیهانی ئەو خودانەی (subjects) لە ڕووی مافەوە یەکسانن، نەوەک جیهانی شتەکان (objects). ئەو وشەیەی دەگێڕێتەوە، وێنە دەکێشرێت و هەواڵ دەگەیەنێت، پێویستە پێوەندییەکی نوێ لە ئاستی شتەکەدا بخاتە ڕوو. بەم شێوەیە هەموو توخمەکانی بونیادی ڕۆمان لای دۆیستۆیەڤسکی خاوەنی تایبەتمەندیی زۆر مەزنن.].([74]).

لە کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا گوتوومە: [ئەگەر ڕەخنەدۆزان ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم بە پەشێوی (Turbulent) ناو دەبەن، مەبەستیان ئەوەیە لە کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاواز پێک هاتووە و ناکرێت گرێچنێک پێکەوەیان گرێ بدات. کاتێ ڕۆمانی فرەدەنگ لە (زانراو)ـەوە بۆ (نەزانراو) هەنگاو دەنێت، مانای وایە خۆی لەو بابەتانە دەدات، کە دەستەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی،

[74] باختين، ميخائيل، شعرية دوستويفسكي، ترجمة: د. نصيف التكريتي، مراجعة: الدكتورة حياة شرارة. دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولى، 1986، ص12

کولتووری، سیمبۆڵی، ئابووری و هیی دیکە بە لاوەیان ناون.].([75])

ڕۆمانی فرەدەنگ نەک هەر تێکشکاندنی ڕوانگە و بۆچوونی باوی خەڵکە، بەڵکوو هیی تێگەیشتنی نووسەریشە، کە ئەم شێوازە بریتییە لە گەڕان بەدوای ئاڕاستەی نوێدا. دەرکەوتنی دەنگی جیاواز واتە گێڕانەوەی چیرۆکی نوێی جیاواز، بەو مانایەی هەر کارەکتەرێک شێوازی ژیان و دەربڕینی جیاوازی هەیە، کە ئەمە هەر خۆی بەزاندنی ئاستی زانراوی میللی و هێنانی ئاستی ترە. ئەگەر ئاڕاستەی هەر کارەکتەرێک لە هیی ئەوەی دیکەیان جیاواز بێت، چۆن دەکرێت هیی هەموویان لەگەڵ هیی گشتیدا بێنەوە، تا دەقەکە لەم ئاستەدا بمێنێتەوە و خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات؟ دیارە کاتێ ئەمە دەڵێین، مەبەستمان ئەوە نییە ڕۆماننووس پلانی ئەوەی هەیە خوێنەر لێی تێنەگات، بەڵکوو کردەکە خۆی ڕێ نادات شتەکان ڕاستەوخۆ بخرێنە ڕوو، تا خوێنەر وەک قاڵب وەریانبگرێت،

[75] ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا. ل. 12

بەڵکوو دایەڵۆگ دێتە کایەوە و خوێنەر دەخاتە بەردەم ڕاڤەوە، بەو مانایەی خوێندنەوەی ڕۆمانی فرەدەنگ بریتییە لە پێکبەستنەوەی دیمەنە پچڕپچڕەکان، کە ئەو پچڕپچڕییە پێوەندیی بە تێکشکاندنی بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی)یەوە هەیە. ئەم (کات)ـە لەوە دەرچووە هێڵێکی ڕێک بێت، بەڵکوو بازنەییە و لە بێژمار ئاڕاستە پێک هاتووە. بەوەدا هەر خوێنەرێک بە شێوازی خۆی دەست بۆ پێکبەستنەوەی دیمەنە پچڕپچڕەکان دەبات، ئەوە ڕاڤەی جیاوازجیاواز دەردەکەون، بە ڕادەیەک هیی خوێنەرێک لە هیی یەکێکی دی ناچێت. پێشتر لای (نیتشە)یش پێشانمان دا کات بە هێڵێکی ڕێکدا ناڕوات، بەڵکوو بازنەییە.

(باختین) پێی وایە [ڕۆمانی فرەدەنگ خەسڵەتی دایەڵۆگییانەی هەیە لەسەر ئاستێکی فرەوان و لەنێو تێکڕای توخمەکانی بونیادی ڕۆماندا، کە هەمیشە پێوەندیی دایەڵۆگییانە لە ئارادایە، بەو مانایەی هەموو ئەو توخمانە یەکدی دەخەنە بەرانبەر یەکترەوە، وەک ئەوەی لە کاری میوزیکدا ڕوو دەدات، کاتێ ئاوازە جیاوازەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن (counterpoint). ڕاستییەکەی پێوەندیی

دایەڵۆگییانە دیاردەی بەربڵاوترن لە پێوەندییەکانی نێوان وەڵامەکانی ئەو دایەڵۆگانەی لەناو پێکهاتەی گێڕانەوەدا دەربڕاون (Replications). تا ڕادەیەک دیاردەی تەواون، بەوەی هەموو گوتارێکی مرۆیی، پێوەندی و دیاردەی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرنەوە، تەنانەت هەر شتێکیش بیرۆکە و مانایە، دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە.].([76])

لە تێکڕای بەرهەمەکانیدا بایەخی دایەڵۆگی سۆکراتی لە بەرچاو دەگرێت، تا لەو ڕێیەوە هەوڵی تێپەڕاندنی شێوازی تاکدەنگی بدات، کە لە مەنەلۆگدا بەرجەستەیە. پێی وایە خەسڵەتی دایەڵۆگی بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا تەواو پێچەوانەی ئاڕاستەی مەنەڵۆگیی فەرمییە، کە ئەوەیان سوورە لەسەر هەبوونی حەقیقەتی ئامادە، وەک چۆن لەگەڵ ئەو باوەڕبەخۆبوونە ساویلکانەیەی لای خەڵکیش نایەتەوە، کە وا دەزانن شتێک دەزانن، بەو مانایەی خاوەنی کۆمەڵێک ڕاستین. حەقیقەت لەناو سەری مرۆڤدایە، بە ئامادەکراوی نییە، بەڵکوو لەنێوانیاندا دێتە دی، ئەوانە پێکەوە هەست بە حەقیقەت دەکەن، لە ڕێی گفتوگۆیانەوە.

[76] هەمان سەرچاوە، ل. 59

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەوە، ڕاستی لە دایک دەبێت، کە (سۆکرات) ناو لە خۆی دەنێت مامان، چونکێ یارمەتیی لەدایکبوونی ئەو ڕاستییانە دەدات، بەڵام هەرگیز وا خۆی دانانێت، گۆیە خاوەنی ڕاستیی ئامادەکراوە.([77]).

سینکریزا (Sinkriza) و ئاناکریزا (Anakriza) دوو شێوازی دایەڵۆگیی سۆکراتین. یەکەمیان، واتە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆشەنیگا جیاوازەکان لەبارەی یەک بابەتەوە. هەرچی ئاناکریزایە ئەوە بریتییە لە دەهریکردن (استفزاز)ی بەرانبەر، تا بە ناچاری بۆچوونی خۆی دەربببڕێت و ناخی هەڵبڕێژێت. (سۆکرات) وای لە خەڵک کردووە بۆچوونە ئاڵۆز و پەنهانەکانیان دەربببڕن.([78]). ئەگەر لە ڕۆمانی فرەدەنگدا توخمی جیاواز، هیی دژبەیەک، هیی هاوبەش، هیی یەکتربڕ و هیی تەواوکەر هەن، ئەوە پێوەندییان بە کردەی دایەڵۆگەوە هەیە، کە کارەکتەرەکان هەندێجار بە خواستی خۆیان دەدوێن و هەندێجار وەڵامی ئەوانەی دی دەدەنەوە. لێرەدا ڕووبەڕێکی زۆری ناوەوەی

[77] باختين، ميخائيل، قضـــايا الفن الإبداعي عند دوســـتويفســـكي. ص159_160

[78] هەمان سەرچاوە، ل. 161

کارەکتەر ئاشکرا دەبێت، بەو مانایەی لەو هەموو گوتنەدا شتی دژبەیەک و پێچەوانە دەردەکەون، کە هەندێکیان لە ڕێی خلیسکانی زمانەوە هاتوون، هەندێکیان بە ناچاری دەربڕوان، بەوەی کەوتوونەتە بەردەم پرسیارەوە و نەیانتوانیوە خۆیان لە وەڵام بدزنەوە. لە ڕۆمانی تاکدەنگدا، کە نووسەر خۆی بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدات و هەر خۆیشی لەجیاتیی کارەکتەرەکان دەدوێت، ئەوە نهێنییەکان دەشاردرێنەوە و ئەوەی دەگاتە خوێنەر، ئەو دەنگەیە، کە لەگەڵ چاوەڕوانی و باوەڕی گشتیی خوێنەردا دێتەوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین بەوەدا ڕۆمانی فرەدەنگ نەک هەر ڕووبەری توخمە جیاوازەکانە، بەڵکوو تێیدا ئەو بەریەککەوتنەی نێوانیشیان ڕوو دەدات، هەموو لایەکی ژیان دەگرێتەوە، کە لایەنی فەلسەفی لەم نێوەدا شتێکی بنەڕەتییە. ئەگەر تێگەیشتنی (هیگڵ)، (لۆکاچ) و (گۆڵدمان) لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە ڕۆمان داستانی بۆرژوایە، ئەوە (باختین) تێگەیشتنێکی جیاواز دەخاتە ڕوو و توخمەکانی بۆ ئەدەبی میللی دەگەڕێنێتەوە، کە لەمەوە گۆڕانێکی گەورە بەسەر پێکهاتە و شێوازی ڕۆماندا دێت، بەوەی تەنیا یەک

دەنگ دەرنابڕێت، بەڵکوو کۆمەڵێک کەناڵی جیاوازی دەنگ دادەمەزرێنێت و ئەوانەیش بەر یەک دەکەون، کە ئەم بەریەککەوتنە جوواڵەی لێ دەکەوێتەوە و تەقینەوەی بە دوادا دێت. وەک پێشتر لای (گادامەر) گوترا (جووڵەی گەمە ئامانجێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکوو بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە). ئەو توخمانە دەچنە دۆخی دیکە و لە ئاستی جیاوازدا خۆیان پێک دەهێننەوە، کە ڕامانی زیاتر و خوێندنەوەی وردتر دەخوازن.

دەتوانم بڵێم ڕۆمانی فرەدەنگ ئەگەر لە ئاستی میللییەوە هەنگاو دەنێت، ئەوە بەرەو نەزانراو ڕێ دەگرێت. ئەم کردەیە بریتییە لە تێپەڕاندنی هەموو ئەو توخمانەی ژیانی ڕۆژانە، کە لەو بەریەککەوتنەدا دەچنە ئاستی باڵاتر و ڕاڤەی دیکە دەخوازن. لێرەدا سادەیی و ئاڵۆزی وەک دوو توخمی دژبەیەک نا، بەڵکوو لە شێوەی جووتێ دۆخی بزۆک دەردەکەون، بەو مانایەی لە هەر جووڵەیەکدا، کە بارگاوییە بە هێزی دایەڵۆگ، ڕووبەری دیکە لەو نەزانراوەدا ئاشکرا دەبێت و خوێنەر خۆی لە بەردەم ڕاڤەی ئەو شتە نوێیانەدا دەبینێتەوە. لەبەر ئەوەیشە ڕۆمانی فرەدەنگ لە

گوتەی ئامادەکراو (Readymade expressions) پێک نەهاتووە، تا جەماوەر وەک قاڵب وەریبگرن و لە سۆشیالمیدیادا بڵاوی بکەنەوە، یان ڕەخنەگری میللی بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک لەبارەیەوە بنووسێت، بەڵکوو بریتییە لە دامەزراندنی دایەڵۆگ.

ڕەخنەگری میللی لە دەقدا بەدوای گوتەی ئامادەکراودا دەگەڕێت و سەرسامیی خۆی لە ئاستیدا دەردەبڕێت. پەند و گوتەی نەستەق خاوەنی بونیادی چەسپاوی زمانەوانین. بە مانایەکی دی، بەشێکن لە کەلەپوور. زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە دەیانناسن و ماناکانیان ئاشکران. بۆ نموونە (نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب)، (پێت بە قەدەر بەڕەکەت ڕابکێشە) و شتی لەم شێوەیە. ئەوانە لە نووسینی ڕۆماندا هەندێجار بەو مەبەستە بە کار دەهێرنێن، تا بخرێنە ناو کۆمەڵێک ڕایەڵی دیکەی جیاوازەوە و ئاماژە بە دۆخی فرەدەنگی بدەن، بەڵام مایەی قاقایە، کاتێ ڕەخنەگری میللی لە وتاردا پەنایان بۆ دەبات. هێندە نییە لە ڕەخنەی میللیدا گوتەی (سەفەر و مامەڵە سەنگی مەحەکن) لە یەکێ لەو ڕۆژنامانەدا کەوتووەتە بەرچاوی خوێنەر، کە بایەخی

بێوێنە بەم شێوازە بەسەرچووە دەدەن. ئەمە پێمان دەڵێت چۆن هێشتا لە دنیای نووسینماندا ئەم قسەکردنە باوە و بە توندی پارێزگاریی لێ دەکرێت، بگرە کراوەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵی، تا کردەی نووسین ئاسان بکرێتەوە و بە ئاسانییش دەقی نووسەرە جەماوەرییەکان ڕەواجی پێ بدرێت.

هەر کاتێ تۆ دەتەوێت لە ئاستێکی تردا لەبارەی ئەو چەمکانەوە بنووسیت و توخمەکان بە ئاڕاستەی دایەڵۆگدا ببەیت، ئەوە دەگەیتە کۆمەڵێک لەو سەرچاوانەی لەم ڕووەوە خراونەتە ڕوو، کە ئەمە وا دەکات هەم زمانت لەم ئاستە ڕۆژانەییە دوور بکەوێتەوە و هەم چەمکەکانیش لە جیهانی ئاماژەدا ڕاڤە بکەیت. دیارە ئەم ئاستە پێوەندییەکی نوێ لەنێوان دەق و خوێنەر دادەمەزرێنێت، کە هاوکات ڕاڤەی نوێیش دەخوازێت. تۆمەتبار دەکرێیت، گۆیە خۆیشت لە خۆت ناگەیت، لە کاتێکدا نووسەرە جەماوەرییەکان لەم سێ دەیەی ڕابوردوودا بە گشتی خوێنەریان لەسەر گوتەی ڕەونەقدار ڕاهێناوە و ڕەخنەگرە میللییەکانیش هیچ سەختییەک لەوەدا نابینین، ئەگەر ڕۆژانە وتارێک لەبارەی

ئەو شتانەوە بڵاو بکەنەوە، مادام ئاسانە و دەتوانن بە هەمان زمانی ڕۆژانە وەسفی ئەو چەمکانە بکەن، تا ئەنجامێکی ڕوون بە دەستەوە بدەن، کە جەماوەر پێشتر پێی گەیشتوون و دەیناسن. ئایا ئەگەر ئەوانە پەنا ببەنە بەر دایەڵۆگ، تا لەو ڕێیەوە بگەنە ئەو سەرچاوە هونەری و هزرییانەی لەم ڕووەوە خراونەتە ڕوو، لە ئاستێکی دیکەدا نانووسن و گۆڕان بەسەر زمانیاندا نایەت؟ چەمکەکان لە دنیای زانراوی شمەکەوە نابەنە دنیای نەزانراوی ئاماژە، تا لێکدانەوەیان بۆ بکەن؟ ناوی ئەو سەرچاوانە نانووسن، کە لێیانەوە وەرگرتوون؟ ئایا ئەوسا دەتوانن وەک ئێستا لە جەماوەرەوە نزیک ببن؟ دەتوانن سالانە جگە لە چاپکردنی کۆمەڵێک کتێب، دەیان وتار بنووسن، چەند کۆڕێک بگێڕن، ناوەناوە لە تیۆرییەکاندا دەربکەون، مانگانەیش بە بۆنەی چاپکردنی بەرهەمیانەوە ئاهەنگ بگێڕن؟

خوێنەر ڕۆمانی فرەدەنگ بە هەمان شێوازی حیکایەت، تەنانەت بە هەمان شێوازی ڕۆمانی تاکدەنگیش ناخوێنێتەوە. بەشی زۆری، ئەگەر نەڵێم تێکڕای بانگەشەی ئەو نووسەرانەی، گۆیە ڕۆمان دەبێت سادە بێت، تەنیا

قسەیە و بە دەمیانەوە گرتووە، دەنا وەک گوترا هێشتا نەیانتوانیوە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەمە پێشان بدەن. ئەوانە هەم ڕۆمانی سادەی باو دەنووسن و هەم بە زمانی خەڵک لەبارەی توخمەکانەوە دەدوێن.

گوتمان ڕۆمانی فرەدەنگ کەرنەڤاڵییە. کەرنەڤاڵیش بریتییە لە گۆڕەپانێکی فرەوان و لە توانیدایە کۆمەڵێک توخمی جیاواز بگرێتە خۆی. لەو گۆڕەپانەدا، کە هەم فیزیکییە و هەم نافیزیکی هەرەمە کۆمەڵایەتییەکان تێک دەشکێن. ئەمە وا دەکات سنوور لەنێوان پلە و پایەکاندا نەمێنێت، بەو مانایەی پێوەندیی کارەکتەرەکان بە یەکترەوە لە ئاستێکی فرەواندا دێتە دی، بۆیە دەگوترێت پێوەندییەکی ئازادانەیە و هیچی تێ ناچێت (without financial cost). بەم شێوەیە هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن. ڕۆڵی کەسەکان لە سەیرکردنەوە دەگۆڕێت بۆ بەشداری، کە ئەمە ڕۆمانی فرەدەنگ لە هیی ئاسایی جودا دەکاتەوە و ڕۆماننووسی ئەزموونگەر نرخەکەی دەزانێت. تا ئەمڕۆیش گوێت لێ دەبێت دەگوترێت کارەکتەری سەرەکی و لاوەکیی فلاّن ڕۆمان. ڕاستییەکەی لە کەرنەڤاڵدا، کە بنەمای ڕۆمانی

فرەدەنگە، کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی نین، تەنانەت ئەو کارەکتەرەی تەنیا یەک جاریش دەنگ هەڵدەبڕێت، سەرەکییە، بەوەی دەنگەکەی بە شێوەی ڕووالاّیی بەر هیی ئەوانەی تر دەکەوێت و گۆڕان بەرپا دەکات، بگرە دەکرێت هەمان دەنگ چەند جار ببیسترێتەوە. پێکەنین و قاقا دوو توخمی گرنگی ئەم شێوازەن، کە لە چوارچێوەی پارۆدیدا ڕۆڵ دەبینین، بەوەی ئاماژەن بۆ نەمانی چاودێری و بەدواداچوون لەلایەن دامودەستگەی فەرمییەوە. سنووری نێوان تەمەنەکان هەڵدەگیرێت و هەموو دەتوانن لە ئاستی یەکتردا دەنگ هەڵببڕن. ئاوەڵناوی وەک کاک، مامۆستا، گەورەم و هیی لەم بابەتە بە کار ناهێنرێن. پێشتریش گوترا کەرنەڤاڵ لەسەر بنەمای یەکسانیی شتە دژەکان (equality between opposites) دادەمەزرێت. (بەرز/نزم)، (ڕەش/سپی)، (ڕووناکی/تاریکی)، (لاو/پیر)، (گەمژە/ژیر)، (مەرگ/ژیان)، (سەردار/کۆیلە)، (ناوەوە/دەرەوە) تێکەڵی یەکتر دەبن، کە پێشانمان دا ئەمە بە ئۆکسیمۆرن (oxymoron) ناسراوە.

(باختین) هەر لێرەدا بە توندی پێ لەسەر بایەخی چەمکی ساتیری مینیپی (Menippean satire) دادەگرێت، کە بریتییە لە ئاڕاستەکردنی ڕەخنە لە شێوەی گاڵتەدا بۆ ئایدیۆلۆجیای فەرمی و دامودەستگەکان، تا لەم ڕێیەوە ئەو دیوە شاراوەیان پێشان بدرێت، کە شێوازی گاڵتەی ڕژدی (Seriocomic style) پێیان ناگات. ناوی چەمکەکە لە فیلۆسۆفی یۆنانی مینیپی گادارا (Menippus of Gadara)وە هاتووە.

من خۆم هەم لە نووسینی دەقی ئەدەبی گێڕانەوە و هەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی میللیدا ئەم دوو شێوازەم بە کار هێناون، بەوەی بەشێکی زۆری ڕەخنەی میللی هیی دامودەستگەی فەرمییە. وەک (باختین) دەریدەبڕێت ساتیری مینیپی بایەخ بە دیمەنی ڕووت، هەڵسوکەوتی ناپەسەند، گوتەی نابەجێ و شتی دیکەی لەم بابەتە دەدات.([79]). پارۆدی بەشێکی جودانەکراوەی ساتیری مینیپی و بە گشتییش هیی هەموو شێوازەکانی کەرنەڤاڵە.([80]). گرنگترین

[79] باختين، ميخائيل، شعرية دوستويفسكي. ص171

[80] هەمان سەرچاوە، ل. 186

خەسڵەتی شێوازی مینیپی لە خەیاڵێکی شێتانەی بوێر و گیانێکی سەرکێشیدا خۆی حەشار دەدات، کە لێرەدا ئامانجێکی فەلسەفیی ڕووت لە ئارادیە. ئەم ئامانجە دۆخێکی تاکانە دەهێنێتە پێشەوە لەپێناوی دەهریکردن و تاقیکردنەوەی بیرۆکەی فەلسەفی. لێرەدا جەخت لە خەیاڵ دەکرێتەوە، بەوەی پێویستییەکە؛ دیارە نەک لەپێناوی بەرجەستەکردنێکی پۆزەتیڤییانەی حەقیقەتدا، بەڵکوو لەپێناو گەڕان بەدوایدا، لەپێناوی دەهریکردن و تاقیکردنەوەدا، بۆیە دەبینین کارەکتەرەکانی ساتیری مینیپی بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕن، بەرەو دۆزەخ شۆڕ دەبنەوە، بۆ وڵاتانێک گەشت دەکەن، کە پێشتر ناویان نەبیستراوە. خۆیان لە بەرانبەر هەڵوێستی ناپەسەنددا دەبینەوە. (دێوجین) بە نموونە، وەک کۆیلەیەک خۆی لە گۆڕەپانی گشتیدا دەفرۆشێت، (پێرێگرینیس) لە کاتی گەمەکانی ئۆلۆمپیدا لە شێوەی گێڕانی ئاهەنگدا گڕ لە گیانی بەر دەدات.([81]).

[81] باختين، ميخائيل، قضايا الفن الإبداعي عند دوستويفسكي. ص166

لە خۆم ڕادەبینم بڵێم لە سەرەتاوە بایەخم بە توخمی پارۆدی داوە و شێوازی پرۆفانیتیم بە کار هێناوە. لە پێشەکیی کتێبی (ڕاگەردان)دا ئەم ئەزموونەی خۆمم لەو بارەیەوە گێڕاوەتەوە. نووسیومە: (تاکوو ئەمڕۆیش پرۆفانیتی بەشێکە لە ستایلی من، کە لە ئەدەبی جیهانییشدا هەیە وەک بۆ نموونە لای (سالینجەر) و (بیوکۆڤسکی)دا دەیبینین، بەڵام لە کۆنتێکستی تەواو جیاوازدا بە کاری دەهێنم.](82)

دیارە لەم تێکەڵکردنەوە توخمی دیکە و شێوازی نوێ لە دایک دەبن، کە ڕۆمانی فرەدەنگ ناکرێت ئاسان بنووسرێت، وەک چۆن ناکرێت ئاسان بخوێنرێتەوە. لێرەدا مەبەست لە ئاسانی ئەوەیە، کە نە نووسین بەبێ دایەڵۆگی فەلسەفی دەتوانێت ئەم کردەیە بگرێتە ئەستۆ و نە خوێندنەوەیش ئەگەر لەلایەن خوێنەری ڕاڤەکەرەوە ئاڕاستە نەکرێت، ئەم پێوەندییەی پێ دادەمەزرێت. دایەڵۆگی فەلسەفی بە مانا فەرهەنگییەکەی نییە، بەڵکوو بەو مانایەیە، کە بەوەدا

[82] کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕاگەردان، پاشکۆی بەرهەمەکانم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2017، ل. 26

توخمەکانی ڕۆمانی فرەدەنگ لە ڕێی ئەو کردەیەوە جیهانی شمەکیان جێ هێشتووە و چوونەتە جیهانی ئاماژەوە، ئەوە پێویستە لە ئاستی سیمبۆڵدا بخوێنرێنەوە و مانای جیاوازیان تێدا بدۆزرێتەوە. ڕەخنەی میللی، کە لەناو دنیای شمەکدا ماوەتەوە و دەیەوێت بە پێوەری باوی کۆمەڵگە ئەو توخمانە بخوێنێتەوە، ئەوە چەند کڵێشەیەکی هەن و دەیانخاتە گەڕ. ئەگەر لێیان تێگەیشت، ئەوە بە چاک، یان بە خراپ لێیانەوە دەدوێت، بەو مانایەی یان دەڵێت داهێنانە، یان ڕایدەگەیەنێت پووچە، بەڵام ئەگەر لێی تێنەگات، ئەوە دەڵێت ئاڵۆزە و نووسەر خۆیشی نازانێت چیی گوتووە. دیارە سەیر نییە، ئەگەر ئەوانە بە ڕۆمانی سادەی ڕۆمانووسە جەماوەرییەکان سەسام ببن، مادام بەپێی بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) نووسراون، ڕووداوەکانیان زەقن و زمانیان ڕاستەوخۆیە، کە وەک گوترا هەر ئەو ڕۆمانووسانە کاتێ لە گفتوگۆدا دەدوێن، کۆمەڵێک گوتەی ئامادەکراو دەگەیەنن جەماوەر، کە ڕاستییەکەی هەر لە دەمی خۆیانەوە وەریانگرتوون.

دەستگرتنی هەندێک ڕۆمانووسی ئێمە بە شێوازی تاکدەنگەوە دەکرێت کۆمەڵێک هۆکاری هەبن. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم یەکێکیان زاڵبوونی هزری نوێنەرایەتییە، بەوەی هێشتا ڕۆمانووس پێی وایە کەناڵێکی فرەوانی زانینە و دەتوانێت لەو کەناڵەوە پەیام بنێرێت. بەم شێوەیە دەیەوێت لەجیاتیی هەموان بدوێت. ئەمە تێگەیشتنە لە ئایینەوە دزەی کردووە و لە خەیاڵی نووسەردا جێگیر بووە. لە کاتێکدا ڕۆمانی فرەدەنگ، کە هێزی خۆی لەو ئاڕاستە فەلسەفییانەوە وەردەگرێت وا گومان لە عەقڵ دەکەن و بەو زانینانەدا دەچنەوە، کە ئەم عەقڵە بەرهەمی هێناون، ئەوە ڕۆمانی تاکدەنگ بەوەدا هیی ڕۆمانووسی جەماوەرییە، دایەڵۆگی دانەمەزراندووە، تا ئاستی باوی خەڵک تێبپەڕێنێت و لە دنیای شمەکەوە بۆ هیی ئاماژە بپەڕێتەوە. وەک گوترا توخمەکان لەم شێوازەدا بە زەقی دەخرێنە ڕوو و جەماوەر دەیاننناسنەوە، بۆیە بە ئاسانی لێیان تێدەگەن و ڕەخنەگرە میللییەکانیش دەتوانن بە هەمان زمانی جەماوەر ڕەواجیان پێ بدەن. هەندێجار ڕۆمان دەبێتە کتێبی گوتە کاریگەرەکان، یان گوتەی ناوداران، کە ئەو کتێبانە زیاتر بە مەبەستی بازرگانی نووسراون. ڕۆمانووسی سادە پەنا دەباتە بەر

ئەو گوتە زەقانە و ڕۆمانیان پێ دەنووسێت. جەماوەریش لێیان وەردەگرن و لە دنیای سۆشیالمیدیادا بڵاویان دەکەنەوە. پێشتریش گوتوومە بەشی زۆریان هیی خەڵکن، بەڵام کاتێ ڕۆماننووسێکی ناسراو دەیانڵێتەوە، زیاتر دەبنە مایەی وروژانی جەماوەر. ئەو گوتانەی هەرزەکاری حەفتاکان و هەشتاکان دەیانگوتنەوە، ئەمڕۆ دەتوانیت لەو ڕۆمانانەدا بیانبینیتەوە.

خاڵی دووەمیان پێوەندیی بەو ڕوانینەوە هەیە، کە ڕۆماننووسی سادە بۆ چەمکی حەقیقەت بە دەستی هێناوە. لە (نیتشە)وە گۆڕانێکی گەورە بەسەر ئەو چەمکەدا دێت و (هایدیگەر) بە شێوازی خۆی پێداچوونەوەی بۆ دەکات، کە هەردووکیان ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە دەبنەوە وا لە (ئەریستۆ)وە درێژ دەبێتەوە و بە مێژووی فەلسەفەدا تێدەپەڕێت. وەک لە کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی)دا گوتوومە: [ئەگەر پێش (نیتشە) چەمکی حەقیقەت لەبارەیەوە دەکۆڵرایەوە و دەیانویست پێناسەی بکەن، ئەوە لەو فیلۆسۆفەوە چەمکەکە دەبێتە کێشە و وەک کێشە لێی دەڕوانرێت، بەوەی گومان لەو عەقڵە دەکات، کە

پێشتر لە (دیکارت)ـەوە وا دادەنرا پێوەری هەموو شتەکانە و دەگەیشتە ئاستی خوداوەند، لە کاتێکدا (نیتشە) پێی وایە ئەو عەقڵە هەر وەهم بەرهەم دێنێت. وەهمیش ڕێگرە لەوەی ژیان و وردەکارییەکانی دەربکەون.](83) لەم کتێبەدا هەوڵم داوە بە وردی لەبارەی چەمکەکەوە بدوێم. ڕۆماننووسی تاکدەنگ نەک هەر ڕووبەڕووی حەقیقەت نابێتەوە، بەڵکو دەستیشی پێوە دەگرێت، بگرە لە ڕێی سەرچاوە زانراوەکانەوە بیر دەکاتەوە و خۆی دەردەبڕێت، کە ئەمە زمانێکی ڕوون دەخوازێت و لە هەمان ئاستی باوی کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە. دەتوانیت ئەو ڕستانەی ڕۆماننووسی جەماوەری لەبارەی ڕۆمانەوە نووسیونی، لە دەمی خەڵکەوە بیانبیستیتەوە، کە لە بنەڕەتیشەوە هیی خۆیانن. ڕۆماننووسێک ئەزموونی چل پەنجا ساڵی لە نووسینی ڕۆماندا هەیە، بەڵام هێشتا ئەم ئاستەی جێ نەهێشتووە. ئایا لە هەموو تەمەنی نووسینیدا بۆ نموونە

[83] کاکەسوور، کاروان عومەر، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، وەشانی نووسیار، دانیمارک، زنجیرەی کتێب (54) چاپی یەکەم، 2024، ل. 22

کتێبێکی (باختین)، یان هیی (تۆدۆرۆڤ)، تۆ بڵێ هیی (جینێت)ی دیوە؟

ئەم دوو خاڵە وایان کردووە ئایدیۆلۆجیای ڕۆمانتووس بەسەر هەموو کارەکتەرەکاندا زاڵ ببێت و تێکڕایشیان دەنگی ئەو دەربڕن، کە بەوەدا ڕۆمانتووس خۆی ئەو دایەڵۆگەی لەگەڵ کەناڵەکانی فەلسەفە دانەمەزراندووە، ئەوە هەمان ڕوانینی کۆمەڵگە دەردەبڕێت. دەستی بە دواڵیزمەکانەوە گرتووە، بەو مانایەی پێشتر بڕیاری داوە هەندێک شت باش و هەندێکیان خراپن. (باختین) دەنووسێت: (کارەکتەرە سەرەکییەکانی دۆیستۆیەڤسکی لەناو هۆشیاریی هونەرمەنددا تەنیا بابەت نین بۆ گوتەی هونەرمەند، بەڵکوو خۆیان وشەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە خاوەنی بەهای ئاماژەییانەی تەواون، لەبەر ئەوەیشە وشەکانیان هەرگیز بە فیڕۆ ناچن لە ڕێی وەسفی ئاسایی و ئەو ئەرکانەی خاوەنی پاڵنەری کرداری و ژیانین، بۆیە هاوکات وا دانانرێن، گۆیە ئایدیۆلۆجیای تایبەتی نووسەر دەردەبڕن... لێرەدا هۆشیاریی کارەکتەر وا دێتە پێشەوە هۆشیاریی ئەوەی دیکەیە، هۆشیارییەکی تر، بەڵام لە

هەمان کاتیشدا دیاریکراو نییە، پەردەپۆش ناکرێت. هەروەها تەنیا نابێتە بابەتێکی سادەی هۆشیاریی نووسەر، بەو مانایەی کارەکتەر لای دۆیستۆیەڤسکی وا دانانرێت وێنەیەکی بابەتییانەی ئاساییی کارەکتەری ڕۆمانی نەریتییە.([84]).

جەختکردنەوەی هۆشیاریی ئەوەی دیکە، بەو مانایەیە، کە خود (subject)یێکی کارایە، خاوەنی هەموو مافێکە، نەوەک بابەت (object) بێت.([85]) وەستانی دوو کارەکتەر لە بەرانبەر یەکێکدا، کە هەر یەکێ لەو دووانە پێوەستە بە کۆمەڵێک دژبەیەکی لە دایەڵۆگی ناوەوە لە ئاست کارەکتەرەکەی تردا. ئەم سێ کارەکتەرە لە دیدگەی (دۆیستۆیەڤسکی)دا کۆمەڵێک نموونەی گرنگ پێک دەهێنن.([86]) هەر (باختین) لە کتێبی (مارکسیزم و فەلسەفەی زمان)دا دەنووسێت: (وشە خاوەنی خەسڵەتێکی دیکەیشە، کە بایەخی مەزنی هەیە، وا دەکات ببێتە ڕێی یەکەمی هۆشیاریی تاک. ئەو وشەیە خاوەنی هەر پێگەیەکە و

[84] باختين، ميخائيل، قضايا الفن الإبداعي عند دوستويفسكي. ص 10-11
[85] باختين، ميخائيل، شعرية دوستويفسكي. ص16
[86] هەمان سەرچاوە، ل. 272

جۆرەکەی چییە، بەرهەمی ڕێککەوتنی کەسەکانە، هاوکات بەرهەمی ڕێگە تایبەتەکانی جەستەی ئۆرگانیی تاکە، بەبێ پەنابردن بۆ ئامێرێکی میکانیکی، یان هیچ ئامێرێکی ناجەستەیی.).([87])

ئەمە خەسڵەتی ڕۆمانی فرەدەنگە، کە لە هەر ڕووبەرێکدا چەند کارەکتەرێک دەخرێنە بەرانبەر یەکتر و لەو بەریەککەوتنەدا شتە دژبەیەکەکان دەردەکەون، بۆیە ئەمانە لە زماندا ڕەنگ دەدەنەوە و دۆخی گێڕانەوە شپرزە دەکەن، بەو مانایەی قسە لەپاڵ بونیادی مەتێریەڵی و سروشتیدا پێویستی بە بونیادی کۆمەڵایەتییشە.

لای (باختین) بەوەدا گفتوگۆ بەرهەمی کارلێکی نێوان کەسەکانە، ئەوە هەر وشەیەک دوو ڕووی هەن، کە لە کەسێکەوە دەردەچێت و ئاڕاستەی کەسێکی تر دەکرێت، بەو مانایەی کارلێکی نێوان قسەکەر و گوێکر پێک دەهێنێت. واتە هەر ئەوەی وشەکە گۆ دەکرێت، ئەوە وا پێویست

[87] باختين، ميكايل، الماركسية وفلسفة اللغة، ترجمة محمد البكري ويمنى العيد، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء_ المغرب، الطبعة الاولى، 1986، ص 24

دەکات لەلایەن گوێگرەوە وەڵام بدرێتەوە، کە ئەمە بنەمای دایەڵۆگە.[88] بەڵام ئەوە بەسەر قسەکەریشدا دەسەپێت، کە دیدگەی گوێگر لە بەرچاو بگرێت.[89] وشە هەمیشە هەڵگری ناوەرۆکێک، یان بە مانای ئایدیۆلۆجی و ڕاستییەکانە.[90]. ئەوە دەربڕین نییە خۆی لەگەڵ جیهانی ناوەوەمان ڕادەهێنێت، بەو ئەندازەیەی جیهانی ناوەوەمانە خۆی لەگەڵ تواناکانی دەربڕینمان ڕێک دەخات.[91] لێرەدا (باختین) مەبەستی چالاکیی هزرییە، کە ئەو هزرە لە ڕێی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات. هۆشیاریی تاک هەڵدەکشێت و زمان لەگەڵیدا گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەوەی ڕەخنەگری میللی و نووسەری سادەنووس داوای دەکەن، گۆیە دەبێت ڕۆمان سادە بێت، وەک بەردەوام گوترا تەنیا گوتەیە و بە دەمیانەوە گرتووە، دەنا ئەمە لە بواری تیۆریدا شتێک نییە. یەکێکیان داوای ڕۆمانی سادە و ئاڵۆزی کردووە. ئەوە چ ڕۆمانێکە، هەم سادەیە و هەم ئاڵۆزیشە؟

---

[88] هەمان سەرچاوە، ل. 117
[89] هەمان سەرچاوە، ل. 91
[90] هەمان سەرچاوە، ل. 93
[91] هەمان سەرچاوە، ل. 123

ئەوە چ قاوەیەکە، کە هەم تاڵ و هەم شیرینە؟ ئایا دەتوانێت نموونەیەکمان بۆ بهێنێتەوە، یان گوتەیەکە و وەک زۆری دیکە فڕێی داوە؟ دەتوانێت بە هاوڕێیەکی نزیکی بڵێت ئەمە چ جۆرە ڕۆمانێکە؟ نموونەی بۆ دەهێنێتەوە؟

وەک (ڕۆمان جاکۆبسۆن) لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت سەرەتا لەژێر ناوێکی خوازراودا چاپ کراوە. نەیویستووە ملکەچی ئەو ڕێنوێنییە کلێشەدارانە ببێت، کە بۆ نووسەران دانراون.([92]) ئەگەر کتێبەکە لە کۆتاییی بیستەکاندا چاپ کراوە، بەڵام تا سەرەتای شەشتەکان ڕاگەیاندن بایەخی پێ نەداوە، هەر پێوەندیی بەم دۆخەوە هەیە. لە سەرەتای حەفتاکان لە پاریسدا کۆپی کراوەتەوە و بۆ زمانی ئینگلیزییشیان وەرگێڕاوە. هەر (جاکۆبسۆن)یش دەڵێت ئەم بەرهەمە دەکەوێتە پێش هەموو ئەو هەوڵانەی لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتیدا دراون.([93])

ئەگەر ئەوەمان خستە بەرچاو، کە (باختین) لە بواری فرەدەنگیدا بایەخی گەورە بە زمانناسی دەدات، ئەوە لە

[92] هەمان سەرچاوە، ل. 9

[93] هەمان سەرچاوە، ل. 10

لایەک دەزانین بانگەشەی ئەو نووسەرە جەماوەرییانەی خۆمان، گۆیە زمان گرنگ نییە، تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە، لە لایەکی دیکە تێدەگەین ڕۆمانی فرەدەنگ ئاستی زمانی ڕۆژانە جێ دەهێڵێت و لە ئاستی باڵاتردا خۆی دەردەبڕێتەوە. بە مانایەکی دی، لە ڕێی ئەو بەریەککەوتنەی دەنگە جیاوازەکانەوە کۆمەڵێک تێگەیشتنی دیکەی جیاواز خۆیان دەخەنە ڕوو، کە ناکرێت بە ئاسانی وەریانبگرین، بەڵکوو ئەوەمان بەسەردا دەسەپێت هەر لەناو زماندا لێکیان بدەینەوە.

بەپێی (باختین) دەتوانین سەرجەم شێوازەکانی داهێنانی وێنەی زمان لە ڕۆماندا بەسەر سێ جۆری بنەڕەتیدا پۆلێن بکەین:

یەکەم، فرەڕەگ. دووەم، پێوەستبوونی ئەو زمانانەی لەسەر دایەڵۆگ دامەزراون. سێیەم، دایەڵۆگە بێگەردەکان.

ئەوانە تەنیا دەکرێت لە ڕووی تێۆرییەوە لە یەک دابڕین، دەنا جوداکردنەوەیان سەختە، چونکێ بەردەوام لەناو تۆڕێکی ئەدەبیی تاکانەی وێنەدا بە یەکدا دەچن.([94]).

فرەڕەگ (التهجين) لای باختین بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو زمانی کۆمەڵایەتی لەناو یەک دەربڕاودا، وەک چۆن بەیەکگەیشتنی دوو هۆشیاریی زمانەوانیی جودان بە ماوەیەکی زەمەنی و جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی، یان هەردووکیان بە جارێ لەناو گۆڕەپانی ئەو گۆکراوەدا، کە پێویستە بە مەبەست بێت... بەڵام فرەڕەگکردنی خۆنەویست (التهجين اللاإرادي)، یان هیی نەست (التهجين اللاوعي) یەکێکە لە شێوازە گرنگەکانی بوونی مێژوویییانە و بەردەوامیی زمانەکان. دەکرێت بە ڕوونی بگوترێت تێکڕای قسە و زمانەکان بە شێوەی مێژوویی لە ڕێی فرەڕەگکردنەوە دەگۆڕێن.([95])

[94] باختين، ميخائيل، الخطاب الروائي، ترجمة: محمد برادة، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة، 1987، ص120

[95] المصدر نفسه.

ئینجا لە چوارچێوەی چەمکی فرەڕەگدا چەمکی بەشێوازکردن (stylization) بە کار دەهێنێت، کە دەکرێت بڵێین مەبەستی ئەوەیە نووسەر دەنگ و شێوازی کەسێکی تر بە کار دەهێنێت، تا ئایدیۆلۆجیای خۆی پێ دەربببڕێت، بەڵام هەوڵ دەدات سەربەخۆییەکەی لێ نەستێنێت. بەم شێوەیە خوێنەر دوو دەنگ بە جارێ دەبیستێت.([96])

پێی وایە دەرکەوتنی پەخشان، کە ڕۆمان بەشێکی فرەوانی پێک دەهێنێت لە جیهانێکی فرەزمان و فرەدەنگدا سەری هەڵدا، لە سەردەمی هیلینیی یۆنانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لە کاتی ڕووخان و هەڵوەشانەوەی چەقی کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاستدا.([97]) لەو هەڵوەشانەوەیەدا هۆشیاریی زمانەوانی لە پەخشاندا گەشە دەکات، کە تێیدا چەق تێک شکاوە، بەو مانایەی بە هۆی نەمانی پاوانخوازیی دەستەڵاتی ئایینی و سیاسییەوە کەناڵە کۆمەڵایەتییەکانی زمان دەکرێنەوە. بەم شێوەیە فرەدەنگی شوێنی زمانی فەرمی دەگرێتەوە. ڕۆمانی فرەدەنگ هێزی ئەو

[96] هەمان سەرچاوە، ل. 122
[97] هەمان سەرچاوە، ل. 131

بەگژداچوونەوەیەی هەیە. من خۆم بە تایبەتی لەم چەند ڕۆمانەی دواییمدا ڕووبەڕووی زمانی دەوڵەت بوومەتەوە، کە زمانی کوردی سەرکوت دەکات. بۆ نموونە لە (تەرمەوان)دا. دوو میتافۆرن و بە شێوازی تایبەتی خۆم بە کارم هێناون.

ئەگەر گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی ژانری شیعر لەناو تەوژمی چەقەهێزدا گەشە دەکات، ئەوە ڕۆمان و ژانرەکانی تری پەخشان لەناو تەوژمی هێزە دژەناوەندەکاندا پێک دێت.([98])

(باختین) ئەم شێوازەی (دۆیستۆیەڤسکی) بە شپرزە (chaos) ناو دەبات، بەوەی لە کۆمەڵێک توخمی جیاواز پێک دێت.([99]) پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد. ئەو توخمە جیاوازانە ناڕێکی پێک دەهێنن و ناهێڵن گێڕانەوە یەک ڕیتمی ڕێک وەربگرێت، بەڵکوو بە کۆمەڵێک ئاڕاستەدا دەجووڵێت و خۆیان لە قەرەی کۆمەڵێک بابەتی جیاواز دەدەن. دیارە ڕەخنەگری میللی بەوەدا لە دنیای شمەکدا

[98] هەمان سەرچاوە، ل. 45

[99] باختين، ميخائيل، قضايا الفن الإبداعي عند دوستويفسكي. ص12

ماوەتەوە و نەچووەتە دنیای ئاماژەوە، ئەوە بە هەمان ڕوانینی باوی کۆمەڵگە دەڕوانێتە چەمکاکەنەوە، بۆیە کاتێ گوێی لە وشەیەکی نەگەتیڤی وەک شپرزەیی دەبێت، وا دەزانێت لاوازییە، بە مەرجێ ئەم چەمکە لای (باختین) و ڕەخنەدۆزانی دیکەی ئەمڕۆیش بایەخێکی گەورەی هەیە. ڕەنگە یەکێ بپرسێت ئەگەر وایە، بۆچی خوێنەر دەتوانێت لە بەرهەمەکانی (دۆیستۆیەڤسکی) بگات؟ سەرەتا دەبێت بپرسین ئایا تێگەیشتن چییە؟ ئەرێ ڕاستە ئەگەر ئەو ڕێگومکەیەی لە ڕۆمانەکانی (جۆیس)، (وڵف)، (فۆکنەر) و (پرۆست)دا هەیە، لەوانەی ئەودا ونە، مانای وایە هێشتا دنیاکەی پڕ نییە لە نهێنی؟ ئینجا دەپرسین ئایا ئەمانە ئەگەر بۆ خوێنەری ئەمڕۆ تا ڕادەیەک ئاسانن، لە سەردەمی خۆیاندا سەخت نەبوون؟ ئایا وەک پێشتر گوترا کات لەوەدا ڕۆڵی نییە بەردەوام شتە ئاڵۆزەکان ئاسان ببن، بەوەی دایەڵۆگ چالاکییەکی هەمیشەییە و لەسەر هەموو ئاستەکاندا بە ڕێوە دەچێت، کە وەک پێشانمان دا ڕێگەی ئاسانکردنەوەی ئاڵۆزەکانە، بەبێ ئەوەی لە خاڵێکدا بوەستێت؟ ئایا (دۆیستۆیەڤسکی) لەوەدا ڕۆڵی نییە، کە خوێنەری ئەمڕۆ چاکتر لەو شێوازە بگات؟ (باختین) هەر

خۆی لە کتێبی (مارکسیزم و فەلسەفەی زمان)دا باسی ڕۆڵی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە گۆڕانی زماندا، بەوەی زمان کردەیەکی بەردەوامە و لەو بەردەوامییەیدا داهێنانی نوێ دەخاتە ڕوو، مادام بەو ئەندازەیەی کۆمەڵایەتییە، تاکانەیشە. بەم شێوەیە هەر گۆڕانێک بەسەر زماندا دێت، لە هونەریشدا ڕەنگ دەداتەوە. گێڕانەوە بۆ نموونە لای (گوینتەر گراس)یش شپرزەیە. ئایا بە گشتی خوێنەری ئەمڕۆ بە ئاسانی لە ڕۆمانەکانی دەگات؟ ئایا ڕۆمانەکانی (ئیکۆ) ئاسانن، کە ئەو شپرزەییە لەوانیشدا گەوهەرییە؟

ئەو نووسەرە سادەنووسانە جیاوازی لەنێوان ڕۆمانی پێش سەدەی بیستەم و هیی پێشتردا ناکەن، کە ڕۆمان پێوەندیی بەو واقیعەوە هەیە وا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بە مانایەکی دی، ڕۆمانی داهێنەرانە دراوەکان (Data)ی واقیعەکەی دەگرێتە خۆی، تا تێکیان بشکێنێت و لە ئاستی بالاتردا پێکیان بهێنێتەوە. ئەگەر من ئەمڕۆ (ئۆلیڤەر تویست) و (خەونە مەزنەکان)ی (دیکینیز) بنووسم، کە دوو شاکاری مەزنن، ئەوە تەنیا جووتێ دەقی سادەم خستوونەتە

بەرچاوی خوێنەر. (خوشکانی برۆنتێ) هاوکاتی (دیکینز)ن و ڕۆمانی گرنگیان نووسیون. بۆ نموونە (ژەین ئایر)ی (چارلۆتە برۆنتێ) بۆ ئەو سەردەمە نەک تەنیا لە ڕووی ناوەرۆکەوە، بەڵکوو لە ڕووی شێوەیشەوە گۆڕانێکی گرنگ بووە. کارەکتەرەکە دەڵێت (Reader, I married him). وەک لە ڕۆمانی (دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکان)دا (مەیسوون چەلەنگ) گوتوویەتی ئەم دەربڕینە بۆ ئەو سەردەمە نوێ بووە، کە ژنێک بڵێت من پیاوەکەم کردە مێردم، بە مەرجێ هەر زانراوە پیاو ژن بخوازێت. (کامیۆ) لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا بایەخی زۆر بە ڕۆمانی (بەرزاییەکانی وێزەرینگ)ی (ئیمیلی برۆنتێ) دەدات و لە چوارچێوەی چەمکی کوشتندا ڕاڤەی دەکات. دەڵێت (هیسکلیف ئامادەیە لەپێناو بەدەستهێنانی کاترینی خۆشەویستیدا هەر کەسێکی سەر زەمین بکوژێت، بێ ئەوەی لە خۆی بپرسێت ئاخۆ ئەو کوشتنە ڕەوایە، یان

بیەوێت بە پاڵپشتیی تیۆرییەکەوە پاساوی بۆ بهێنێتەوە.).([100])

ئەو شێوازانەی دەیانتوانی ڕووبەڕووی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ببنەوە و تێی بپەڕێنن، ئەمڕۆ هەمان توانایان نییە. ئەدی ئەگەر وایە چۆن ئەو شاکارانەی (دیکینیز) و (خوشکانی برۆنتێ) هێشتا زیندوون؟ پێشتریش گوتوومە ئەو دەقەی توانای هەیە سەردەمەکەی تێبپەڕێنێت، لە سەردەمەکانی تریشدا ئەو هێزەی خۆی دەپارێزێت، مادام داهێنان کاتێ دێتە دی، کە توخمەکان لە ئاستی زانراوی شمەکەوە بۆ ئاستی نەزانراوی ئاماژە دەپەڕنەوە. لەمەوە مانای شتەکان لەوە دەردەچن سنووردار بن، بەڵکوو بێسنووری دەبێتە خەسڵەتیان، کە ئەمە وا دەکات بە ڕێی جۆراجۆر بخوێنرێنەوە. ئەمڕۆ لە دۆخی پۆستمۆدێرندا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر (دۆنکیشۆت)ی (سێرڤانتس) دەخوێنرێتەوە و

[100] Camus, Albert, The Rebel: An Essay on Man in Revolt. (1960). Translated by Anthony Bower. The Times of India Press Bombay.PP.11

مانای دیکەی تێدا دەدۆزرێتەوە. ئایا تا ئەمڕۆیش شیعرەکانی (خانی) و (نالی) هێزی خۆیان نەپاراستووە؟ دیسان دەپرسم ئایا هەم ڕۆمانی (سێرڤانتس) و هەم هیی (دیکینیز) لە سەردەمی خۆیاندا ئاسان بوون؟ ئایا (تەپڵی تەنەکە)ی (گۆینتەر گراس)، (سەد ساڵ تەنیایی)ی (گابرێل گارسیا مارکیز)، (ناوی گوڵ)ی (ئیکۆ) لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەنووسران؟ دەکرا (نابینایی)ی (خۆزیە سەرەماگوای)، یان (مۆزارکا بۆ دوو پیاوی مردوو)ی (کامیلۆ خۆزیە سێلا) لە دایک ببن؟ پرسیارێکی تر: ئایا شێوازەکانی پێشوو هەر بە تەواوی لە ناو چوون؟ دیارە لێرەدا دەبێت دیسان بۆ ئەوە بگەڕێینەوە، کە توخمەکان پێبەندی کردەی بژارکردنن. ژیان گونجاوەکان دەپارێزێت و ئەوانەی تر وردەوردە بە لاوە دەنێت. دەکرێت بڵێین هێشتا شێوازی (بەلزاک)، (چیخۆڤ)، (مۆپاسان) ماون، بەڵام ئاوێتەی شێوازی تر بوون و گۆڕانیان بەسەردا هاتوون. ئایا ئەو ڕۆمانانەی لە گوتەی باوی خەڵک پێک هاتوون و بە شێوازی زنجیرەیی گێڕاونەتەوە، بەرگەی مانەوە دەگرن؟ ئایا ئەو گوتانەی ڕۆماننووسی جەماوەری لە گفتوگۆ و ڕەخنەگری میللی لە وتاردا فڕێیان دەدەن،

هێزی کارلێکیان هەیە، یان تەنیا لەناو زماندا هەن و دەسوێنەوە؟

دیسان دەیڵێمەوە، کە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی نووسینی ڕۆماندا دێت و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو گۆڕانکارییە لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕۆمانnووسی داهێنەردا دەچێتە ئاستێکی باڵاترەوە. هەر لەو گفتوگۆیەی (حاجی)دا ئاماژەم بە هەندێکیان کردوون. (ئەندرێ جید) لە ڕۆمانی ساختەکاران (The Counterfeiters)دا شێوازێکی نوێی ڕۆمان دادەهێنێت، کە لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا تێگەیشتنێکی دیکەی جیاواز لەبارەی ئەوەی چی ڕاستییە و چی ساختە، دەخاتە ڕوو، بۆیە زمان ڕۆ دەچێتە نەزانراوەوە و ڕێی خوێنەر نادات بە ئاسانی مانای شتەکان بە دەست بهێنێت، بەڵکوو دەبێت بیانخاتە بەردەم ڕاڤەی نوێوە. ئەو لاوانە هەوڵ دەدەن ئەو خودە ساختەیەی خۆیان تێک بشکێنن، کە دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان پێکیان هێناوە، بەڵکوو هیی دیکەی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، کە لێرەدا خۆیان لە بەردەم ململانێیەکی

سەختدا دەبینێوە. بەکارهێنانی تەکنیکی ڕۆمان لەناو ڕۆماندا، کە (ئەدوارد) لەوێدا ڕۆمانێک لەژێر هەمان ناونیشاندا دەنووسێت، پێوەندیی هەر بەو شێوازەوە هەیە، بەوەی بۆ لێکدانەوەی شتەکان، پێویستمان بە زیاتر لە ڕێگەیەکە. ڕۆمانەکە چ ناوەرۆکێکی هەبێت و بە چ شێوازێک بنووسرێت، هەر خۆی ئەو شپرزەییە دەردەبڕێت، کە کارەکتەر و نووسەر ڕووبەڕووی بوونەتەوە. جیهانی (جید) پڕە لە ئاڵۆزیی بێمەبەست، کە بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیەتی بۆ ژیان.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کتێبی (دۆیستۆیەڤسکی)م خوێندەوە، کە (جید) نووسیویەتی و کراوەتە عەرەبی. ژیاننامەی ئەو ڕۆماننووسە لە ڕێی ژیان و بۆچوونەوەکانیەوە دەگێڕێتەوە. ڕاستییەکەی لە چەند لێکچە و وتارێکی پێشووی پێک هاتووە. وەک خۆی دەڵێت هیی پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی گێتین. (جید) لەبارەی ئەوەی (دۆیستۆیەڤسکی) چۆن کارەکتەرەکانی دەخاتە ڕوو، دەڵێت خۆی وێنەیان ناکێشێت، بەڵکوو ڕێیان دەدات خۆیان لە ڕێی ڕایەڵ (سیاق)ـەوە وێنەی خۆیان بکێشن، لە

وێنەیەکدا، کە هەمیشە لە گۆڕانداید و هەرگیز تەواو نابێت.([101]) بیرۆکەکانی (دۆیستۆیەڤسکی) لە یەک کاتدا هیی دەروونناس، کۆمەڵناس و توێژەری ڕەوشتن، کە بە جارێ تێکڕای ئەمانە لە خۆ دەگرن، بەڵام بەر لە هەموو شتێکیش ئەوەی لە خۆیدا پاراستووە، کە ڕۆمانێووسە.([102]) (جید) لێرەدا پێی وایە ناکرێت ئەمانە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاڵۆز نەبن. دواتریش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە بیرۆکەکانی ڕەهایی ناناسن، بەڵکوو ڕێژەیین و پێبەندی ئەو کارەکتەرانەن، کە دەریاندەبڕن.([103])

ئاماژە بە ڕوانینی (نیتشە) دەکات، کاتێ گوتوویەتی لای من دۆزینەوەی (دۆیستۆیەڤسکی) دەکەوێتە سەرووی دۆزینەوەی (ستاندال)ـەوە. ئەم تاکە کەسێکە لەبارەی دەروونناسییەوە سوودێکی پێ گەیاندبم.([104]). وەک دەبینم

[101] جید، اندرية، دوستويفسكي، مقالات ومحاضرات، ترجمة الياس حنا الياس، منشوارت عويدات، بيروت_ باريس، الطبعة الأولى، 1988، ص71

[102] هەمان سەرچاوە، ل. 76

[103] هەمان سەرچاوە، ل. 139

[104] هەمان سەرچاوە، ل. 144

(دۆیستۆیەڤسکی) دەروونی مرۆڤ دەکاتە چینی جیاوازجیاواز، یان ئەو تەنیا ئەو چینانە دەدۆزێتەوە.([105]).

ئەگەر شێوازی فرەدەنگ دەنگی جیاوازجیاواز دەگرێتە خۆی و هەر دەنگەی بەو ئەندازەیەی پێوەندیی بەوانەی ترەوە هەیە، سەربەخۆیشە، ئەوە شێوازی تاکدەنگ تەنیا بریتییە لە دەنگی نووسەر، کە خاوەنی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوە و بابەتەکەی لە ڕوانگەی ئەو ئایدیۆلۆجیایەوە دەردەبڕێت، بەو مانایەی کارەکتەرەکان پێشتر بڕیار لە سەرەتا و کۆتاییان دراوە، کە نووسەری هەموشتزان چارەنووسی تێکڕایانی دیاری کردووە و هەر دەبێت پێی بگەن. ئازادییان نییە و ڕوویان لە خاڵێکی دیاریکراوە. ژمارەی کارەکتەرەکان بە گشتی کەمە، چونکێ خەسڵەتی تاکدەنگ ئەوە دەخوازێت. خۆ هەتا ئەگەر ژمارەیشیان زۆر بێت، ئەوە تێکڕایان دەنگی نووسەر دەردەبڕن و ڕۆڵی سەربەخۆیان نییە. نووسەری ڕۆمانی تاکدەنگ خۆیشی وەک کارەکتەرەکانی هێزێکی دەرەکی هەڵسوڕێنەری کردەوەکانیەتی، کە بەوەدا ئەو ڕۆماننووسە لەگەڵ

[105] هەمان سەرچاوە، ل. 170

کەناڵەکانی فەلسەفەدا دایەڵۆگی دانەمەزراندووە، ئەوە ئەم تێگەیشتنەی کۆمەڵگەی لا ماوەتەوە. وەک بەردەوام گوترا نەک لە ڕۆمانەکانیدا، بەڵکوو لە گفتوگۆ و وتاریشیدا ئەو تێگەیشتنە بە ڕوونی دیارە.

کاتێ دەڵێین نووسەر خاوەنی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوە، ئەوە دەشێت ئەو ئایدیۆلۆجیایە کۆمەڵایەتی بێت، نەوەک سیاسی و سەرچاوەکەی بۆ تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە بگەڕێتەوە. ئەم تێگەیشتنە بە تایبەتی لە (نیتشە)وە دەدرێتە بەر ڕەخنە و چەمکی حەتمیەت (Determinism) پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، کە پێشتر لەبارەی بنەمای هۆکار و ئەنجامەوە تێگەیشتنی ئەومان خستە ڕوو. فیلۆسۆفانی وەک (فۆکۆ)، (دولووز) و (دێریدا) بە نموونە، هەر یەکەی بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی ئەم تێگەیشتنە دەبێتەوە، کە لەسەر چەمکی حەتمیەت دامەزراوە، تەنانەت (کارڵ پۆپەر) شێوازێکی تایبەت دەگرێتە بەر و ڕەخنەی لێ دەگرێت. لە بەرهەمەکانی پێشوومدا هەوڵم داوە بە وردی لێیانەوە بدوێم، کە لێرەدا بە پێویستی نازانم زۆر لەسەریان بوەستم، بەڵام دەکرێت هێندە بڵێم ڕۆمانی فرەدەنگ

سوودی لەم ئاڕاستە فەلسەفییانە بینیوە، لە کاتێکدا ڕۆمانی تاکدەنگ بەوەدا زیاتر هێزی خۆی لە تێگەیشتنی گشتیی کۆمەڵگە وەردەگرێت، کەمتر بایەخیان پێ دەدات، بگرە هەر پێیان نادات و دەگاتە ئەوەی نووسەرانی دژایەتیی خۆیان بۆ ئەو شێوازە نوێیانە ڕابگەیەنن.

لە شێوازی تاکدەنگدا کارەکتەری سەرەکی و نووسەر لەسەر یەک هێڵدا پێک دەگەنەوە و دەکەونە بەر کارەکتەرێکی دیکەی زەق، کە زۆرینەی کات خراپەکارە، ئەوەی بە (ڤیلّەن: villain) و (bad guy) ناسراوە. شێوازی گێڕانەوە ئاسانە و نایشکرێت ئاسان نەبێت، بەوەی بابەتەکە خۆی ناسراوە و لێرەدا تەنیا جەختی لێ کراوەتەوە. ئەگەر ئەم شێوازە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمیش دەیتوانی ڕووبەڕووی سەردەم ببێتەوە، ئەوە وەک گوترا لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە وردەوردە ئەو هێزەی لە دەست دا و ڕێی بۆ دەرکەوتنی شێوازە نوێیەکان خۆش کرد. بەم شێوەیە (دەستەڵاتی ڤەبێژەری هەمووشتزان بە کەڵکی سەردەمی نوێ نایەت، بەوەی پەرەسەندنێکی فرەوان لە تێگەیشتنی مرۆڤدا ڕووی داوە،

بەڵکوو ڕێژەیی ئەمڕۆ شوێنی گرتووەتەوە.)[106] لەگەڵ دەرکەوتنی (جۆیس)، (پرۆست)، (مان)، (لۆرانس) و (فۆکنەر)دا ئەدەبی گێڕانەوە لە سەدەی بیستەمدا وردەوردە دابڕانی خۆی لە ئەدەبی گێڕانەوەی ڕابوردووی نزیکی دەست پێ کرد، کە ئەو وەرچەرخانە هەموو نەریتێکی ئەدەبی زیندووی گرتەوە. ڕاستییەکەی گێڕانەوە لە سەدەی بیستەمدا خۆی لە ئامانج، شێواز و تەکنیکەکانی ڕیالیزم جودا کردەوە.[107]

لە دنیای ئێمەدا هێشتا ئەم تێگەیشتنە نەک هەر بە سەر نەچووە، بەڵکوو بەرگرییش لە مانەوەی دەکرێت. کتێبی (سروشتی گێڕانەوە)، کە ئاماژەی پێ کرا، لە ساڵی (1966)دا نووسراوە، دوای چل ساڵ و لە چاپی دووەمیدا (ڕۆبەرت سکۆلس) باسی ئەم هەوڵە دەکات، کە لەگەڵ (بۆب)ی هاوڕێی لەو بارەیەوە داویەتی. کتێبەکە ئەنجامی گفتوگۆی هەردووکیانە لەبارەی ئەدەبی گێڕانەوەوە، لە

[106] Robert Scholes, James Phelan and Robert Kellogg, The Nature of Narrative, OXFORD UNIVERSITY PRESS, 2006.PP.278

[107] Ibid.PP.5

(هۆمیرۆس)ـەوە تا (جۆیس). ئەگەر ئەوەمان خستە بەرچاو، کە ڕۆمانی فرەدەنگ بایەخ بە ئاستە جیاوازەکانی ڕوانین دەدات، ئەوە لەم کتێبەدا بە وردی سێ شێوازەکەی ڕوانین تیشکیان خراوەتە سەر:

یەکەم: ڕوانین لە دواوە (View from Behind)، کە بە گرتەی پشتەوە (backshot) و دیمەنی پشتەوە (rear view)یش ناسراوە. لێرەدا ڤەبێژەر زیاتر لە کارەکتەر دەزانێت و ئاگای لە تێکڕای جوولّەکانیەتی. دووەم: ڕوانین لەناوەوە (Internal View). لێرەدا ڤەبێژەر و کارەکتەر هێندەی یەکتر دەزانن. سێیەم: ڕوانین لە دەرەوە (View from the Outside). لێرەدا ڤەبێژەر کەمتر لە کارەکتەر دەزانێت، بەو مانایەی ئاگای لە ناوەوەی کارەکتەرەکان نییە.

دەرکەوتنی ئەم سێ ڕوانینە لە ڕۆمانی نوێدا ئەرکی گێڕانەوەی سەخت کردووە، بەوەی لە یەک کاتدا چەند ئاڕاستەیەک تێکەڵی یەکتر دەبن. ژیانی ئەم کارەکتەر دەڕژێتە هیی ئەو کارەکتەرەوە، سەری ئەم ڕووداو دەگاتە ئەوەی دیکەیان، کات لەتلەت دەبێت، شوێن دەچێتە چەند

دۆخێکی جیاوازەوە و هیی دیکەی لەم شێوەیە، بۆیە ناکرێت کردەی گێڕانەوە بە ڕوونی بچێتە پێشەوە. ئەمە ئەلفوبێیە و هەر نووسەرێکی ئەزموونگەر لە سەرەتای تەمەنی نووسینیەوە پێی دەگات، بەڵام بەشێکی زۆری نووسەرانی ئێمە لێی بێئاگان، بۆیە هەر ئەوە نییە هێشتا چیرۆک و ڕۆمان بە شێوازی زنجیرەیی دەگێڕنەوە، کە هیی سەردەمی حیکایەتە، بەڵکوو وەک بەردەوام گوترا لە گفتوگۆ و وتاریشدا بە هەمان تێگەیشتن دەدوێن، چونکێ ئەم گۆڕانکارییە نەبووەتە ئەزموونی تاکانەیان و لەگەڵیدا نەژیاون، تا بیناسن و بە خوێنەری بگەیەنن، بەڵکوو وەک ڕاهاتوون پەنا دەبەنە بەر کۆمەڵێک گوتەی ڕەونەقدار. چۆن جەماوەر گوتە لە گفتوگۆی ڕۆماننووسێک وەردەگرن و لە سۆشیالمیدیادا بڵاوی دەکەنەوە، ئەگەر ئەو ڕۆماننووسە لە هەمان ڕوانگەی کۆمەڵگەوە نەیڕوانیبێتە ڕۆمان و بە زمانی ئەوان لێیەوە نەدوابێت؟

ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرە جەماوەرییانە بە شێوەیەک کۆمەڵگەی کوردی وێنا دەکەن، کە وێرانەیە و مرۆڤی ئێمە هیچ هەوڵێکی لەپێناو ژیاندا نەداوە. ئەم تێگەیشتنە هێندە

ڕووکەشە، کە خەڵکی ئاسایی جێیان هێشتووە. بەوەدا ئەوانە شتە زەقەکان دەبینن و ناچنە وردەکارییەوە، کە ئەمە بواری تیۆرییە و پێویستی بە دایەڵۆگی فەلسەفییانە هەیە، ئەوە تەنیا لەبارەی ئەوەوە دەدوێن، کە زەقە و ئەوانەی تریش دەیبینن. ئەگەر نووسینی داهێنەرانە شتە زەقەکان ورد دەکاتەوە، تا پێکهاتەیان هەڵبوەشێنێتەوە و پارچە شاراوەکانیان بدۆزێتەوە، ئەوە هەوڵی نووسەری جەماوەری لەپێناوی زەقکردنەوەی زیاتری شتە زەقەکانە. حەوت باڵی تر بۆ فریشتە و دە شاخی دیکە بۆ شەیتان زیاد دەکات. ئەوانە یان دەڵێن کۆمەڵگە بووژاوەیە و گەیشتووەتە لووتکە، یان لاکەی تری دەگرن و ڕایدەگەیەنن مرۆڤی ئێمە خەونی نییە، بەڵکوو تەنیا خەریکی وێرانکردنە، کە سەرچاوەی هەردووکیان ئەو خودە فرەوانەیە وا دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا دەدوێن. لەو نامەیەی لەژێر ناونیشانی (تێپەڕاندنی خود و واقیعی باو لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە)دا نووسیومە و ئاڕاستەی شاعیرانم کردووە، هەوڵم داوە وردتتر لەم بارەیەوە بدوێم.

کاتێ باس لە کۆمەڵگە دەکەین، مەبەستمان ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەیە بە فرەوانییەکەی، کە لای ڕۆمانناووسی ئەزموونگەر ئەمە ئەلفوبێیە و هەر لە ڕێی کردەی نووسینەوە پێی دەگات. ئەو تەکنیکانەی لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەوە دەرکەوتن و لە سەدەی بیستەمدا پەرەیان پێ دراوە، یارمەتیی ڕۆمانناووس دەدەن لەم کردەیە بگات.

ئەو نووسەرە سادەنووس و ڕەخنەگرە میللییانەی ناڕەزایی دەردەبڕن، گۆیە ئێمەی ڕۆمانناووس واقیع وەک خۆی ناگێڕینەوە و ئاڵۆزی دەکەین، دەیانەوێت ئەم نەخۆشییە بگوێزینەوە، کە (نیتشە) لە کتێبی (سوود و زیانەکانی مێژوو بۆ ژیان)دا دەستنیشانی کردووە و پێی وایە تووشی تەنبەڵەکان دەبێت، لە کاتێکدا هونەرمەندی داهێنەر دەتوانێت پێوەندییەکی جیاواز لەوەی هەیە لەنێوان یادەوەری و لەبیرچوونەوە دابمەزرێنێت. (هونەر ڕا دەکات، کاتێ دەتەوێت خێرا کردەوەکانت بە چادری مێژوو دابپۆشیت.).([108])

[108] Nietzsche, Friedrich, On the Advantage and Disadvantage of History for Life. Translated, with an Introduction, by Peter

ئایا تێکڕای زانینەکان و هەموو ڕووداوەکانی تەمەنمان گرنگن، تا دەستیان پێوە بگرین و بیانپارێزین، یان دەکرێت لە ڕێی داهێنانی یادەوەریی تاکەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە و هەندێکیان جێ بهێڵین؟ منی ڕۆمانnووس داهێنانەکەم لە کوێیە، کاتێ ئەوانە دەڵێمەوە، کە زانراون و هەمووان دەیانزانن؟ (نیتشە) کاتێ بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە، دەیەوێت ئەو تێگەیشتنە مێتافیزیکییە تێبپەڕێنێت، کە تەنانەت زانستیش دەستی پێوە گرتووە، بەڵکوو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت چۆن ڕوانینی بابەتییانە جێ بهێڵین و لە ڕێی یادەوەرییەکی پێچەوانەوە ڕووبەڕووی ببینەوە. دەنووسێت: [ئێمە بێگومان پێوستیمان بە مێژووە، بەڵام پێویستییەکەمان تەواو لە هیی ئەو پەڕپووتە تەنبەڵە (spoiled idler)ی باخی زانین جیاوازە، بە چاوپۆشین لەوەی سووک دەڕوانێتە داخوازی و پێداویستییە نەشیاوەکانمان. واتە ئێمە لەپێناوی ژیان و کاردا پێویستمان بە مێژووە، نەوەک لەپێناوی ڕاکردن لێی. دیارە بۆ ئەوەیش

Preuss. Printed in the United States of America Fourth Printing, 1986. PP.28

نا ژیانی خۆپەرستانە و کرداره قێزەونەکانمانی پێ بڕازێنینەوە، بەڵکوو ئێمە بەو ئەندازەیە خزمەتی مێژوو دەکەین، کە مێژوو خزمەتی ژیان دەکات.].([109])

کتێبەکەی بەم گوتەیەی (گۆتە)ی شاعیر دەست پێ دەکات: (ڕقم لە هەر شتێکە تەنیا ڕێنوێنیم دەکات، بێ ئەوەی دەمودەست بمبزوێنێت و پاڵ بەو چالاکییەمەوە بنێت.). پێی وایە بە بوێرییەوە ئەمەی دەربڕیوە، کە بە سەرەتایەکی گونجاوی دەزانێت، تا لەبارەی سوود و زیان، یان بەهای بەرز و هیی نزمی مێژووەوە بدوێت.([110])

ڕەخنە لەو مێژوونووسانە دەگرێت، کە هێندە ڕووکەشانە دەڕوانن ڕووداوەکانی مێژوو و بایەخ بە ڕێکخستنیان دەدەن. مەبەستی ئەوانەن، کە: (لە وردبوونەوە بێبەشن، ئەوانەی دەنووسن، گۆیە مێژوونووسن، خاوەنی باوەڕی سادەن و پێیان وایە سەردەمەکەیان و تێکڕای بۆچوونە گشتییەکانی دروستن، نووسین بەپێی سەردەم واتە ڕەوایەتی، کە ئەمە باوەڕێکە و لە هەموو ئایینەکاندا بە دی

[109] Ibid. PP.7
[110] Ibid.

دەکرێت. ئەو مێژوونووسە ساویلکانە پێوانەکردنی بۆچوون و کرداری ڕابوردوو بە ساتە باوەکانی ئێستا ناو دەنێن بابەتییانە (objectivity). ئەوانە لەوەدا پێوەری هەموو حەقیقەتەکان دەدۆزنەوە و ئەرکەکەیشیان ئەوەیە ڕابوردوو لەگەڵ پووچییەکانی سەردەمیان بگونجێنن. ئینجا لە بەرانبەریشدا هەر نووسینەوەیەکی مێژوو، کە پێبەندی بۆچوونی باو نییە، وەک پێوەرێک بە خودی (subjective) ناو دەبەن.([111]).

ئەوەی ئەم فیلۆسۆفە لەبارەی مێژووەوە دەیڵێت، هەمان شتە بۆ ڕۆمانیش، بەو مانایەی ناکرێت ڕۆمان شتە باوەکان بە خوێنەر بگەیەنێتەوە، بەڵکوو پێویستە بیخاتە بەردەم زانینێکی نوێی کاریگەرەوە. وەک (پیتەر پریۆس)ی وەرگێڕی ئینگلیزی دەڵێت: بابەتی ئەم بەرهەمە پێوەندیی نێوان ژیان و مەعریفە مێژووییە. گەڕان بەدوای مەعریفە و ڕاستی بەشێکی دانەبڕاوی ئەرکی بوونە، بەڵام چی دەبێت، کاتێ دەزانین هەندێک مەعریفە و ڕاستی بکوژن؟ چی دەبێت، کاتێ لە ڕووی هەندێک مەعریفە دەکەوینە

[111] Ibid. PP.34

بەرانبەر دوو هەڵبژاردەی مەعریفەی حەقیقەت و مەرگەوە؟ یان مانەوە و ژیان لە هەڵەدا؟ بەپێی (نیتشە) ئێمە ڕووبەڕووی ئەم ئەڵتەرناتیڤە دەبینەوە، بەڵام پێی وایە لە کاتی هەڵبژاردنی نێوان ژیان و مەعریفە، گومان نامێنێتەوە کامیان هەڵببژێرین. هەر مەعریفەیەک ژیان لە ناو ببات، خۆیشی لە ناو دەبات، چونکێ مەعریفە ژیان دەسەپێنێت.([112]).

ئەم ڕوانینەی (نیتشە) بۆ مێژوو، کە چ بەهایەک سوود بە ژیان و چ بەهایەک زیانی پێ دەگەیەنێت، هەر خۆی دژی کرۆنۆلۆجیایە، بەو مانایەی ئێمە دەست بە هەموو شتێکەوە ناگرین، بەڵکوو هەنێدکیان لە بیر خۆمان دەبەینەوە، تا نەبینە دیلی یادەوەری و ڕابوردوو بە پیرۆز نەزانین، بەڵکوو هێزی ئەوەمان دەداتێ تێکی بشکێنین و ڕێ نەدەین ناسنامەیەکی جێگیرمان بۆ پێک بهێنێت. ئەمە هەر خۆی دژی ڕێکخستنی ڕووداوەکانیشە، بەو مانایەی ژیانمان تەنیا مێژووییانە نییە، بەڵکوو نامێژوونییانەیشە. لەم ڕووەوە دەڵێت: (پێویستە لەوە بگەین، کە نامێژوویی تا ڕادەیەکی

[112] Ibid. PP.1

زۆر گرنگ و بنەڕەتییە، چونکێ ئەو بنەمایە پێک دەهێنێت، کە شتی ڕاست و مەزنی لەسەر دادەمەزرێت، شتێکی مرۆڤانەی وەها توانای گەشەکردنی هەیە، کەشی ژینگەیەکە، کە هەر ئەوە ژیان دەگرێتە خۆی. ئینجا بە نەمانی ئەو ژینگەیە، ژیانیش کۆتاییی دێت. ڕاستە مرۆڤ نابێتە مرۆڤ، تا لە ڕێی بیرکردنەوە، وردبوونەوە، بەراوردکردن، ڕاڤە، دابەشکردن و پێکبەستنەوەوە ئەو توخمە نامێژوویییانە دەستنیشان نەکات، کە ئەوسا تیشکی ڕەونەقدار لەناو هەوری ئەو ژینگەیەدا دەردەکەوێت، واتە لە ڕێی بەکارهێنانی ڕابوردوو لەپێناوی ژیاندا و داڕشتنەوەی ڕوداوەکانی مێژوو، بەڵام مرۆڤ دیسان لە جوولّە دەکەوێت، کاتێ مێژوو بە زێدەڕۆیی بە کار دەهێنێت. دەسا ئەگەر ئەو نامێژوویییە نەبووایە، مرۆڤ نەیدەوێرا ئەم سەرەتایە دەست پێ بکات.([113]).

بە دریژاییی کتێبەکە باس لەو نەخۆشییە دەکات، کە ناوی مێژووە، بەو مانایەی ڕابوردوو دەستەڵاتێکی گەورەی بەسەر مرۆڤدا هەیە. دەیەوێت بڵێت ژیان تا ئەو کاتە

[113] Ibid. PP.11

پێویستیی بە مێژووە، کە نایخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، دەنا هەر کاتێ مێژوو بەسەر هزر و کرداردا زاڵ دەبێت، ئەوە خودی ژیان لە بار دەچێت. ئەو زانینەی لەمەوە بە دەست دێت، ڕابوردوویەک دەگرێتە خۆی، کە داڕووخاوە و داهێنان دەکوژێت، بۆیە ناوی لێ دەنێت (تا)ی مێژوو. بەم شێوەیە (زێدەڕۆیی لە مێژوودا بەهێزترین غەریزەی لاوان لە ڕەگەوە دەردەهێنێت. هەڵپە، پەلاو، لەبیربردنەوەی خود، توانای بەرگەگرتنی سروشتی و خوشەویستییان تێدا دەکوژێت، هەستکردنیان بە دادەوری لە ناو دەبات و خۆپەرستییان بەسەردا دەسەپێنێت.([114])

ئەگەر لەم ڕوانگەیەی (نیتشە)وە دایەڵۆگیک دابمەزرێنین و بۆ واقیعی خۆمان بگەڕێینەوە، دەبینین گوتەی ڕەونەقداری نووسەری جەماوەری، کە لە زمانی گشتیی کۆمەڵگەوە وەرگیراوە و لێوانلێوە لە مێژووی فەرمی، چۆن داهێنانی بەشێکی ئەو لاوانەی کوشتووە. وەک ئەو فیلۆسۆفە پێی گوتین هەر مەعریفەیەک ژیان لە ناو ببات، خۆیشی لە ناو دەبات. ئایا ئەو مەعریفەیەی لەسەر گوتەی ڕەونەقدار

[114] Ibid. PP.58

دامەزراوە و بە ڕێگەی فریودەرانە دەگاتە لاوان، ژیانیان بەهێز دەکات، یان دایدەڕووخێنێت؟ هەندێکیان هوتافیان دەکێشا و بەو لاوانەیان دەگوت لە دەستەڵات یاخی ببن، چاوتان لە پارەی حزب نەبێت، بەڵام کاتێ ئەم لاوانە بینییان وا هەندێکیان لە ڕێی ئەو حزبانەوە سامانیان پێک هێناوە، بوونەتە خاوەنی کۆشک، تەلار، باڵاخانە، دەستگەی چاپەمەنی و هیی دیکە، ئەوە هەندێکیان زانییان ئەوەی بە زمان دەگوترێت، زۆر جیاوازە لەوەی بە کردەیی دەیبینن. یاخیبوون بۆ ئێوە و سامانیش بۆ ئێمە، ئەی لاوانی خۆێنگەرم، بە مەرجێ گوێتان وا ڕابهێنن گوتەی ڕەونەقدارمان ببیستێت و تێیدا دەنگ بداتەوە... لەم سێ دەیەیەدا هەندێک لەوانە، کە بوونەتە نووسەر، دەستیان بەو قاڵب و کڵێشانەوە گرتوون، تا بۆ هەموو شتێکیان بە کار بهێنن. هێشتا وا دەزانن ئەگەر نووسەرێک لێیان لا بدات، ئەوە پێویستە ئاگادار بکرێتەوە، کە دەستی بۆ کارێکی چەوت بردووە.

دابان گیان، وەک لە پرسیاری تۆدا هاتووە، ئاخۆ خوێنەری ئێمە چێژ لەم شێوازە وەردەگرێت؟

چێژ قاڵبێک نییە، تا بە ئامادەکراوی هەبێت، بەڵکوو بەرهەمی گەمەیە. ئەگەر ئەو گەمەیە ڕێ نادات لە پێناسەیەکدا کورتی بکەینەوە، ئەوە دەکرێت بڵێین لە هەر جوواڵەیەکدا مانایەکی دیکەی جیاواز لەوەی پێشووی بەرهەم دەهێنێت. بەوەدا شتەکان بێگەرد نین، بەڵکوو هەمەڕەگن، ئەوە ئەم توخمانە لەو بەریەککەوتنەی وا کردەی گەمە هێناویەتیە کایەوە، لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دی دەپەڕنەوە. لەبارەی دایەڵۆگیشەوە گوترا، کە چۆن هێزی ئەوەی هەیە لە دۆخێکەوە بمانباتە دۆخێکی باڵاترەوە، بەو مانایەی تا زیاتر تێگەیشتنمان هەڵدەکشێت، پتر ڕۆ دەچینە قوواڵییی شتەکان و چاکتر لێیان تێدەگەین، کە ئەم تێگەیشتنە چەسپاو نییە، بەڵکوو هەر لە ڕێی گەمەوە دەکەوێتەوە جووڵە. ئەمە ڕێ نادات وا بزانین چێژ لە شێوەی قاڵبدا هەیە، بەڵکوو بەو جووڵەیەوە دەیبەستینەوە. ئەگەر ئەوەمان زانی، کە دەقی ئەدەبی ڕووبەرێکی تێپەڕێنراوی واقیعی باوە، هاوکات ئەوەیش دەخەینە بەرچاو چۆن لە کۆمەڵێک جیفرە، سیمبۆڵ، ئاڕاستەی یەکتربڕ و هیی دیکە پێک هاتووە. ئەمەیش ئەوە بەسەر کردەی خوێندنەوەدا دەسەپێنێت هونەری دۆزینەوەیان

دابهێنێت، بەوەی وشە لەوە دەردەچێت هەمان مانای زانراوی هەبێت، بەڵکوو لەو نەزانراوەدا مانای تر وەردەگرێت، مادام ڕایەڵەکان هەم گۆڕاون و هەم بەناو یەکیشدا ڕۆ چوون. وەک گوترا هونەری دۆزینەوە هاوکات هونەری ونکردنیشە. زمان پێبەندی یاسا و ڕێسای چەسپاو نییە، بەڵکوو وەک توخمەکانی دی بە گەمەوە پێوەستە، کە لە دەرەوەی یاساکاندا بە ڕێوە دەچێت.

(گادامەر) لە کتێبی (حەقیقەت و مێتۆد)دا دەپرسێت چۆن دەتوانرێت بەبێ بیرۆکەی بلیمەتی (concept of genius) لە سروشتی چێژی هونەری و جیاوازیی نێوان ئەوەی پیشەگەر دروستی دەکات و ئەوەی هونەرمەند دایدەهێنێت، بگەین؟ چۆن دەکرێت تەواوی (کاملّی) (completeness)ی کارێکی هونەری، یان تەواوبوونی بهێنینە بەرچاو؟ کاملّیی هەر شتێک، کە دروست دەکرێت، یان بەرهەم دێت، بە پێوەری ئامانجەکەی دەپێورێت. واتە بەو بەکارهێنانەی ئامانجیەتی، دیاری دەکرێت. کار ئەگەر گەیشتە ئەو ئامانجەی لەپێناویدا نەخشەی بۆ کێشراوە، وا دادەنرێت تەواو بووە، بەڵام چۆن دەکرێت مرۆڤ پێوەری

پێوانەکردنی تەواوی کارێکی هونەری بهێنێتە بەرچاو؟ هەرچەند بە شێوەی عەقڵانی و بابەتی بڕوانینە بەرهەمهێنانی کاری هونەری، کە زۆرێکمان ناوی هونەرێکی لێ دەنێین، بۆ بەکارهێنان ئامادە نییە، هیچ کارێکی هونەرییش پێوانەی تەواوبوونی لەو ئامانجە وەرناگرێت. ئایا ئەگەر بەم شێوەیەیە، وا دەرناکەوێت بوونی کار (work's existence) پچڕانی کردەیەکی داهێنانە و تێپەڕاندنی واقیعە؟ ڕەنگە خۆی لە خۆیدا بە هیچ شێوەیەک تەواو نەبێت.([115])

وەک دەبینین (گادامەر) مەبەستیەتی لە کردەی داهێناندا چەمکی بلیمەتی دوور بخاتەوە. کاری هونەری شێوەیەکی بێگەردی پێوەست بە دەستەڵاتی چێژبینینەوە نییە و ناکرێت بە ئامانجی نووسەرەوە گرێی بدەین، بەڵکوو لە جوولّەدا حەقیقەتی ناوی دەگۆڕێت، کە کاری هونەری وەک شت نییە لەپێناوی بەرژەوەندییەکدا بێتە کایەوە، تا بەو ئامانجە

[115] Gadamer, Hans-Georg, TRUTH AND METHOD, Second, Revised Edition Translation revised by Joel Weinsheimer and Donald G. Marshall. LONDON © NEW YORK. 2006.P.81

دیاریکراوەی بگات، بەڵکوو لەناو ئەو گەمەیەدا دەمێنێتەوە. بەم شێوەیە لەو دایەڵۆگەی نێوان دەق و خوێنەردا ئاسۆی نوێ و جیهانی جیاواز دەردەکەون. لێرەدا چەمکی مێژوو دێتە پێشەوە، کە ئەم تێگەیشتنە بەپێی مێژوو لە گۆڕانی خۆیدا بەردەوامە و ڕاڤەی دیکە دەخوازێت. وەک گوترا ڕەخنەی میللی چەند قاڵب و کڵێشەیەکی داناون، کە دەیەوێت نووسەر لە بەرچاویان بگرێت، تا هەمیشە لەپێناویاندا خۆی دەربببڕێت، لە کاتێکدا (گادامەر) بەو نەریتە فینۆمینۆلۆجییەی (phenomenological tradition) کاری هونەری لە ئیستاتیکای بێگەرددا کورت ناکاتەوە. بەم شێوەیە ئەپستیمۆلۆگیی ڕووت جێ دەهێڵێت و کاری هونەری بە ئەزموونی ڕۆژانەوە پێوەست دەکات. لەم ڕووەوە ڕەخنەی توند لە (کانت)ی فیلۆسۆف دەگرێت لەوەی پێوەندیی بە هۆشیاریی جواناسییەوە هەیە، بەوەی کاتێ جواناسی بە چێژی خودییەوە دەبەستینەوە، ئەوە لە مێژوو و کولتوور دووری دەخەینەوە، کە ئەمەیش بەلاوەنانی دایەڵۆگ و ڕاڤەیە. کاری هونەری لە واقیع دانابڕێت، بەڵکوو پێی وایە ڕایەڵەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێتەوە یەک. کاری هونەری حەقیقەت لە خۆ دەگرێت

و لە ڕێی توخمەکانی گەمە، ئاهەنگ، سیمبۆڵ و ئەوانەی تردە ئەم حەقیقەتە دەباتە ئاستی داینامیکییەوە.

چەمکی چێژ لە فەلسەفەی یۆنانییەوە بووەتە باسێکی پەلهاوێژ و گرفتئامێز، بە تایبەتی لای (ئەریستۆ) کاتێ دەیبەستێتەوە بەو کاریگەرییەی دەقی ئەدەبی لە دەروەندا جێی دەهێڵێت، کە لای (کانت)ی فیلۆسۆف ئاڕاستەیەکی دیکەی تەواو جیاوازی ڕاڤەی ئەم چەمکە دەست پێ دەکات، کاتێ ئەوە دەخاتە ڕوو، کە جواناسی ئەزموونێکی خودییانەیە و خەسڵەتی گەردوونیی هەیە، بە (هیگڵ) و (شۆپێنهاوەر)دا تێدەپەڕێت، کە ئەمیان بە دەربڕینی ڕۆحی دەدانێت و ئەویان پێی وایە دۆخێکی هاوبەشی نێوان کاری هونەری و وەرگرە، دەگاتە (نیتشە)، کە ئەو فیلۆسۆفە دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ، تا فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانی دیکەیش (بارت) بە نموونە، ڕووبەڕووی ببنەوە. (نیتشە) ئەو تێگەیشتنەی (پلاتۆ) هەڵدەگێڕێتەوە، کە لەبارەی

هونەرەوە خستوویەتیە ڕوو. پێی وایە (گەورەترین دوژمنی هونەرە، کە تا ئێستا ئەوروپا بەرهەمی هێناوە).([116]).

دژایەتیکردنی (نیتشە) بۆ (سۆکرات) و (پلاتۆ) بە پلەی یەکەم پێوەستە بە تراجیدیای یۆنانییەوە، کە پێی وایە ئەوان هەوڵی کوشتنیان داوە. لە کتێبی (لەدایکبوونی تراجیدیا)دا باس لە ململانێی نێوان هونەر و زانست دەکات. پێی وایە لە سەردەمە زووەکانەوە هونەر توانیویەتی تێگەیشتنێکی جیاواز لە هیی عەقڵ و زانست لەبارەی جیهانەوە بخاتە ڕوو. ڕەخنەی توند لە پۆزەتیڤیزمیش دەگرێت. ئەگەر (نیتشە) دەڵێت حەقیقەت نییە، بەڵکوو تەنیا ڕاڤەی حەقیقەت هەیە، ئەوە پۆزەتیڤیزم لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە حەقیقەت هەموو شتێکە. (نیتشە) دژایەتیی خۆی بۆ هیدۆنیزم (hedonism)یش ڕادەگەیەنێت، کە چێژ و ئاسوودەیی بە باڵاترین بەها دادەنێت. پێی وایە ئەمانە بەرهەمی مرۆڤی کۆتا، یان کۆتامرۆڤن (Last man)، کە

[116] Nietzsche, Friedrich, On the Genealogy of Morality. DITED BY KEITH ANSELL-PEARSON Department of Philosophy, University of Warwick TRANSLATED BY CAROL DIETHE. CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS. 2007.PP.114

پێچەوانەی مرۆڤی باڵایە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: [ئاسوودەیی (Well-being) ئامانج نییە وەک ئێوە لێی تێگەیشتوون، ئەوە بۆ ئێمە وا دەردەکەوێت کۆتاییە، دەنا دۆخێکە مرۆڤ دەکاتە گاڵتەجاڕ و بە نزمی داەدنێت. وای لێ دەکات لەناوچوونی خۆی لا پەسەند بێت.](117) پێ لەسەر ئازاری گەورە دادەگرێت، بەوەی ئازار داینەمۆی تێپەڕاندنی خود و بەرزبوونەوەیە لە ئاستی کۆتامرۆڤدا، تا لەو ڕێیەوە داهێنان بکات. مرۆڤی باڵا پێچەوانەی کۆتامرۆڤ لە ڕێی ئازارەوە مانای جیاواز بە ژیان دەدات. ئەو ئاسوودەییەی ئازار بەرهەمی دەهێنێت، ڕاستینەیە و دەتوانێت هێز بخاتە بەر ژیان. ئەو خوێنەرانەی بەدوای چێژی کاتیدا دەگەڕێن و دەیانەوێت بە ئاسانی پێی بگەن، ئەوە بە دەقی سادە سەرسامن، کە نووسەرە جەماوەرییەکان لە قەرەباڵغیدا دەینووسن و ڕەخنەگرە میللییەکان بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک پێیدا هەڵدەڵێن. هەر کاتێ ئەم ئاستە تێدەپەڕێنین و دەق لەناو دنیای ئاماژەدا

117 Nietzsche, Friedrich, Beyond Good and Evil: Prelude to a Philosophy of the Future. Authorised translation by Helen Zimmern. The Macmillan Company in. 1907. PP.170_171

پێک دەهێنین، ئەوە دایەڵۆگ لەگەڵ ئەو خوێنەرە فریونەخواردووە دادەمەزرێنین و ڕاڤەی جیاواز دەخەینە ڕوو. پێچەوانەی ئەو سادەنووس و ڕەخنەگرە میللییانەی خۆیان دەکەنە نوێنەری خوێنەر و پێمان دەڵێن خوێنەران خۆشییان لە ئاڵۆزی نایەت، (نیتشە) لە کتێبی (سپێدە)دا پێی وایە نابێت ڕێنوێنیی تاک بکرێت و ڕێی ئاسوودەیی پێشان بدرێت، چونکێ (ئاسوودەیی تاک لە یاسای نەزانراوەوە هەڵدەقوڵێت، کە لای هیچ کەس ناسراو نییە. زۆرینەی کات ئەم ڕێنوێنییە دەرەکییە ڕەوشتییە گەشەکردنی ناوەوەی تاک دەوەستێنێت. ڕاستییەکەی ئەو بنەمایەی، گۆیە ڕەوشتییە، لە دژی تاکەکان ئاڕاستەیە و بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە ئاسوودەییان ناکات.).([118])

[118] Nietzsche, Friedrich, The Dawn of Day. Translated by John McFarland Kennedy.(1924). LONDON: GEORGE ALLEN & UNWIN LTD. RUSKIN HOUSE, 40 MUSEUM STREET, W.C.1.PP.104-105

من لێرەدا هەر هێندە لەبارەی چێژەوە دەڵێم، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، بە نووسینێکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی دەبمەوە. بۆ ئێرە ئەم دەروازەیەم بە گرنگ زانی.

دابان گیان، لەو کاتەی وا باس لە ڕوانگەی (گادامەر) دەکەین بۆ کاری هونەری بە گشتی و چەمکی چێژ بە تایبەتی، هەواڵی دەرچوونی کتێبێکم پێ گەیشتووە، کە ناونیشانەکەی (ئەدەب و ژیان)ـە و کۆمەڵێک نووسەر لە نووسینیدا بەشدارن. پەرەگرافێک لەسەر بەرگی دواوەی نووسراوە، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەر خوێنەرێکی فریونەخواردوو بیخوێنێتەوە، قاقا لێ دەدات. ئەگەرچی دەزانم شێوازی زۆرینەی ڕەخنەگرە میللییەکان لە یەک دەچێت، بەوەی هەمان تێگەیشتنی جەماوەر بە هەمان زمانی باوی ڕۆژانە دەردەبڕن، بەڵام دەتوانم بە خۆم بڵێم نووسەری ئەم ڕستە پێکەنیناوییانە دەناسمەوە. دیارە نازانم چەند نووسەر تێیدا بەشدارن، بەڵام لێیان دەپرسم ئایا بە هەمووتان نەتانزانی ئەم پەرەگرافە تا چ ئەندازەیەک مایەی قاقالێدانە؟ کتێبەکە لەبارەی ڕۆمانێکەوەیە، کە وەک

دەرکەوتووە لای بەشێکی جەماوەریش بە سادە دانراوە. ئایا ئەم کتێبە دەیەوێت ڕەواج بەو دەقە بدات؟

بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: (دەقی ئەدەبی دەفرێکی داخراو نییە کە بە دواهەمین خاڵی کۆتایی نووسەرەکەی، ژیانی لێ ببڕێت و بوەستێت، بەپێچەوانەوە، دەق لەو ساتەدا دەست بە ژیانێکی نوێ و هەتاهەتایی دەکات، کە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر و شیکاریی ڕەخنەگران.)

ئایا کەسێک چوار دێڕی لە تێۆریی دەق خوێندبێتەوە، ڕێ بە خۆی دەدات ئەم وشانە بەدوای یەکدا ڕیز بکات؟ دەڵێت: (دەقی ئەدەبی دەفرێکی داخراو نییە). دیارە دەفری داخراویش هەیە. ئایا ئەگەر دەفر داخراو بێت، پێی دەگوترێت دەفر؟ بۆ نموونە نابێتە مەنجەڵ؟ هیوادارم خوێنەر بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێت: (منداڵ لە چ تەمەنێکدا دەتوانێت جیاوازی لەنێوان قاپ و مەنجەڵدا بکات؟). کاتێ تەمەنی دەگاتە دە مانگ، وردەوردە تێدەگات ئەوانە لە ڕووی ئەرکەوە لە یەک ناچن. بگاتە سێ چوار ساڵ، تەواو بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە دوو شتی جیاوازن. بەم شێوەیە دەزانێت ئەگەر مەنجەڵ چێشتی لەناو لێ

دەنرێت، ئەوە دەفر بۆ خواردنی چێشتەکە بە کار دەهێنرێت، بۆیە پێویستە کراوە بێت. ڕەخنەگری میللی لە چ تەمەنێکی نووسیندا دەتوانێت لە یەکتریان جودا بکاتەوە؟ ئایا لە بیستوپێنجسالّیدا وردەوردە دەزانێت دەفر بەسەر کراوە و داخراو دابەش ناکرێت؟ نووسەری جەماوەری لە چ تەمەنێکی نووسیندا دەگاتە ئەوەی بڵێت دەقی سادە بە هەزار ڕەخنەگری میللی دۆخەکەی ناگۆڕێت، بگرە هێندەی دی دەردەکەوێت گوتەی ڕازاوە لە جیهانی ئاماژەدا مایەی قاقالێدانە؟

ئێمە گوتمان لای (گادامەر) کاری هونەری پێچەوانەی شتومەک ناگاتە خاڵی کۆتایی. ئەگەر نووسەری ئەم وشە پێکەنیناوییانە مەنجەلّێک بکڕێت و ببینێت وا سەرقاپی نییە، ئەوە بۆ دووکاندارەکەی دەباتەوە، چونکێ شتێکی کەمە و ناتوانێت وەک پێویست بە کاری بهێنێت، بەڵام لە دنیای ئاماژەدا بابەتەکە جیاوازە. مەنجەڵ و دەفر دەکرێت شێوە و ئەرکیان بگۆڕێت. گوتەکەی (گادامەر)ی فیلۆسۆفمان لە بیرە: کار ئەگەر گەیشتە ئەو ئامانجەی لەپێناویدا نەخشەی بۆ کێشراوە، وا دادەنرێت تەواو بووە، بەڵام چۆن دەکرێت

مرۆڤ پێوەری پێوانەکردنی تەواوی کارێکی هونەری بهێنێتە بەرچاو؟ (میشێل هار)ی ڕەخنەدۆز و هایدیگەرناسی فرانسی لەژێر ناونیشانی (هایدیگەر و شیعر)دا وتارێکی نووسیوە، تا ڕوانینی ئەو فیلۆسۆفە لەبارەی کاری هونەرییەوە بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بخاتە ڕوو. دەڵێت: (ئەوەی کاری هونەری لە ئامێز جیا دەکاتەوە، یان ئەوەی شیعر لە ڕێکلام جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە کاری هونەری لەپێناوی ئەرکێکی دیاریکراو، یان لەپێناوی کردەیەکی بەرژەوەندیخوازانە، شتێتیی ئەو ماهیەتە تێناپەڕێنێت، کە لێی دروست کراوە. کاری هونەری لە سەرچاوەی ڕەسەن دروست کراوە و بەرهەم هێنراوە.)([119])

لە ساڵی (1998)دا کۆڕێک بۆ (چۆمان هەردی) و من ساز کرا، تا ئەو خانمە شیعر بخوێنێتەوە و من لێی بکۆڵمەوە.([120]) لەوێدا دایەڵۆگم لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە دامەزراندووە. گوتوومە ئێمە بۆ نموونە ئەگەر لە واقیعدا

[119] متاهات، (نصـــوص وحوارات في الفلســـفة والادب) ترجمة: حســـونه المصـــباحي، مراجعة: د. قدامة الملاح، الطبعة الاولى، بغداد، 1990، مقالة (هايدغر والشعر، الشاعر لا يأتي بالخلاص)، ص26

[120] Dr. Choman Hardi کۆڕی شعری د.چومان هه ردی له لوند

گڵاسێک وەربگرین، ئەوە دەزانین بۆ خواردنەوە بە کار دەهێنرێت، بەو مانایەی لەپێناوی بەرژەوەندیدا دروست کراوە و ئەرکەکانی سنووردارن، بەڵام لە هونەردا دەکرێت بە زۆر مەبەستی دیکەی جیاواز بە کاری بهێنین. ئەم ڕوانینەی (هایدیگەر) لەبارەی هونەرەوە، کە (هار) جەختی لێ دەکاتەوە، ئەوەمان پێ دەڵێت کاری هونەری وەک ئامێر و شمەک نییە، تا لەپێناوی بەرژەوەندیدا دروست بکرێت، کە لێرەدا شمەکەکە ون دەبێت و سوودەکە شوێنی دەگرێتەوە، بەڵام شمەک لە کاری هونەریدا نەک هەر ون نابێت، بەڵکوو حەقیقەتیشی تێدا دەردەکەوێت. جووتە پێڵاوەکەی (ڤان کۆخ) بە نموونە. لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام)، (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)یشدا وردتر بۆ ئەم تێگەیشتنە گەڕاومەتەوە، بەڵام ڕەخنەگری میللی بەوەدا دەستی بە ڕوانینی باوی کۆمەڵگەوە گرتووە و بە نووسەرە جەماوەرییەکان سەرسامە، ئەوە هەر دەبێت بۆ سەرچاوەی زانراو بگەڕێتەوە و بەم شێوە پێکەنیناوییە شتەکانی بخاتە ڕوو. ئەڕێ ئەو نووسەرەی کاتێ نووسیویەتی: (دەقی ئەدەبی دەفرێکی داخراو نییە کە بە دواهەمین خاڵی کۆتایی

نووسەرەکەی، ژیانی لێ ببڕێت و بوەستێت)، نەیویستووە یەک جار بیخوێنێتەوە، تا بزانێت ئەم ڕستانە جگە لەوەی پێوەندییان بە جیهانی ئاماژەوە نییە، لە ڕووی دەربڕینیشەوە هەر مایەی قاقان؟ دەتوانێت پێم بڵێت: (دواهەمین خاڵی کۆتایی نووسەرەکەی) چییە؟ ئەرێ (دواهەمین) و (خاڵی کۆتایی) هەر یەک نین؟ (ژیانی لێ ببڕێت و بوەستێت)؟ ئایا ئەگەر بوونەوەرێک ژیانی لێ ببڕێت، هاوکات ئەو ژیانەی نەیشوەستاوە؟ ئەمە گەمەکردن نییە بە وشە؟ ئەرێ کۆمەڵێک نووسەر ئەمەیان نەبینیوە و دەیانەوێت پێمان بڵێن لەبارەی داهێنەرێکیشەوە نووسیویانە؟ دەتانەوێت لە ڕێی قاپوقاچاغەوە باس لە دەقی ئەدەبی بکەن، کە تەنیا لەم سەد ساڵەی ڕابوردوودا کۆمەڵێک شەڕی گەورەی بە فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان فرۆشتووە؟ ئایا تەنیا خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکانی (بارت) بەس نییە، تا ئەم چەند ڕستە پێکەنیناوییانە نەنووسین؟ ئەرێ کەسێکی ئاساییی کۆمەڵگە نازانێت دەفر بۆیە کراوەیە و وەک مەنجەڵ داناخرێت، چونکێ ژیان سەپاندوویەتی، کە ئەگەر وا نەبێت، ناتوانین بۆ خواردن بە کاری بهێنین؟ ئەرێ کتێبێک ناوی (ئەدەب و

ژیان)ـە و نووسەرەکانی نەیانزانیوە لەبەرچی دەفر کراوەیە؟ شلە دەکەنە قاپی تەختەوە؟ نایکەنە هیی قوولّەوە؟ ئایا ئەوە مایەی قاقالێدان نییە لە دنیای ئاماژەدا باس لەوە بکرێت قاپ و مەنجەڵ چین، شێوەیان چۆنە و بە چ مەبەستێک بە کار دەهێنرێن؟ لە ڕەخنەگری میللی دەپرسم ئایا ئەم ناونیشانە وەرنەگیراوە؟ ئایا لەوانە وەرنەگیراوە، کە بە موفلیس ناویان دەبات و دەڵێت نووسەری ڕاستەقینە نین، بەڵکوو ساختەن؟ ئایا ناترسن خوێنەرێک کتێبەکە بکڕێت و بچێتە ناو بووس، لە کاتێکدا کۆمەڵێک لەو لاوانە لەسەر کوشینەکان دانیشتوون، کە ڕۆژانە بە گوتەی سواوی نووسەرە جەماوەرییەکان پێدەکەنن؟ ئایا قاقای هەموویان گوێی شۆفێر کاس ناکات؟ ئایا ئەگەر بۆ ئەو وێنەیە بگەڕێینەوە، کە نووسەرێکی جەماوەری و ڕەخنەگرێکی میللیمان پێشان دەدات، چاکتر لە نیازی ئەم کتێبە ناگەین؟

ئەوە دابان گیان، من لێرەوە ئامادەم لەبارەی ئەم کتێبەوە گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرەکانی بکەم، ئەگەر ئارەزوویان لێیە، بەڵام ئەگەر لەجیاتیی ئەوە دیسان ڕۆژنامەکە پەنای بۆ

توانج بردەوە و گوتی تۆ نووسەری ڕاستەقینە نییت، ئەوە ئەوسا قسەیەکی دیکەم دەبێت. ئەرێ نووسەری ساختە ئەوەیە، کە نازانێت جیاوازی لەنێوان دەفر و مەنجەڵدا بکات؟ ئایا ئەم کتێبە گرنگە؟ بەڵێ. پێشتریش گوتوومە ئەم شتانە تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە دەردەبڕن و ڕێ بۆ ئەوانە خۆش دەکەن، کە ئارەزووی دایەڵۆگیان لە دەست نەداوە، تا تێیان بپەڕێنن.

نووسەری جەماوەری و گاڵتەجاڕیی چەمکی ژیان/مەرگ

لەم کاتەدا لەلایەن هاوڕێیەکمەوە نووسینێکم پێ گەیشتووە، (وەک زۆری دیکە بە مەبەستی قاقالێدان ناردوویەتی)، کە لەبارەی ئەو کتێبەوەیە وا ئاماژەمان پێ کرد و پێشانمان دا تا چ ئەندازەیەک مایەی پێکەنینە. نووسینەکە هیی نووسەری ڕۆمانەکەیە و سەرسامیی خۆی لە ئاستیدا دەربڕیوە. بە مانایەکی دی، ئەو ڕۆمانەنووسەیش وەک ئەوانەی دی هێشتا نەیزانیوە دەفر و مەنجەڵ دوو شتی

جیاوازن. بە پێویستی دەزانم دەقەکە وەک خۆی دابنێمەوە، تا لەبارەیەوە هەم بپرسم و هەم بۆچوونم بخەمە ڕوو، بگرە ئەو چەمکە فرێدراوانە هەڵبگرمەوە و لە جیهانی ئاماژەدا بە ئاڕاستەی گفتوگۆیاندا ببەم:

[ئەدەب و ژیان/ کتێبێک دەربارەی مردنی مامۆستا عینایەت

لە دوای کتێبی «ئەدەب و فاشیزم» دەربارەی ڕۆمانی «بەندەر فەیلی» و «ئەدەب و مۆدێرنە» دەربارەی ڕۆمانی «نەفرەتی نەوبەهاران» ژمارەیەک لە ڕەخنەگرانی لاوی کورد، کە بە دڵنیاییەوە نوێنەری شەپۆلێکی نوێن لە مامەڵەکردن و ڕوانیندا لە تێکستی ئەدەبی، بە کۆمەڵێک مێتۆدی زۆر لە یەک جیا، بە بەکارهێنانی سیستمی زاراوەیی نوێ و چەمکی فەلسەفی جیاواز، کتێبێکی ناوازەیان لەسەر «مردنی مامۆستا عینایەت» ئامادەکردوە. ئەم کتێبە لە لایەن ناوەند ڕەهەندەوە بڵاوکراوەتەوە و ئێستا لە بەردەستی خوێنەراندایە.].

کتێبەکە چاوپێکەوتنێکی نوسەریش لە خۆ دەگرێت. ئەم بەشەیان داناوە:

[«عینایەت پاڵەوانێکی ڕۆمانسی نییە... بڵێ من مرۆڤێکی تەنهای ئەم کۆمەڵگایەم، من پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم. نا ئەو دەزانێت یەکێکە لە دەیان و سەدان هەزار کەس کە لە هەمان هەلومەرجدا دەژین، دەشزانێت کێ لە پشت تراژیدیای ئەو و ئەوانیدییەوەیە... ئەگەر ڕۆمانەکە ورد بخوێنیتەوە، مردن لێرەدا مردنی تایبەتی عینایەت نییە، بەڵکو مردنی کۆمەڵگایەکە... کۆمەڵگا شتێک نییە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بمرێت، بەڵام دەشێت لە ڕووی ئەخلاقییەوە بمرێت، بە نەبوونی فیکر و خەیاڵ بمرێت، لە ئاستی هاوسۆزیی و پێکەوەبووندا کۆتایی بێت. عینایەت لەو پێنج ڕۆژەدا هێندەی مردنی کۆمەڵگا دەنوسێتەوە، مردنی خۆی نانوسێتەوە، هەموو هەوڵەکانیشی بۆ ڕزگارکردنی خۆی، بە ناو هەوڵیدا تێدەپەڕێت بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە درۆ و گرێ ناوەکییە قوواڵ و نابەجێکانی»].

ئەوە چ خوێنەرێکی فریونەخواردووە ئەمە دەخوێنێتەوە و قاقا لێ نادات؟ ئایا ئەگەر ڕۆمانێک ئەمە بابەتەکەی بێت، ڕۆماننووسەکەی شتێکی کردووە، کە هەر ئەندامێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگەیە لە دەستی نەیەت؟ ئەرێ ئەمە زمانی

نووسینە؟ ئایا ئەگەر زمانی ڕۆژانەی خەڵکیشە، هێشتا زۆر سادە و ڕووکەش نییە؟ ئەم نووسەرە بەو شێوەیە لە چەمکی مەرگ دەڕوانێت، لە کاتێکدا چەمکەکە بە مێژووی فەلسەفەدا تێپەڕیوە و شەڕی گەورەی بە فیلۆسۆفان فرۆشتووە؟ بۆچی ئەم زمانە هێندە ساکار و ڕووکەشە؟ ئایا لەبەر ئەوە نییە، کە ڕوانینی نووسەرەکە بەو شێوەیەیە؟ (هایدیگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ناکرێت بەبێ زمان بڕوانینە دنیا، بەو مانایەی زمان و ڕوانین هاوشانن. لەم ڕووەوە دەنووسێت: [گوتە لە ڕەسەنێتیی بووندا لەگەڵ دۆخی ویژدانی و تێگەیشتندا یەکسانە. ڕوونیی شت هەمیشە دەربڕاوە، تەنانەت بەر لە هەر ڕاڤەیەکی بەدەستهاتوو بۆی، کە گوتە دەربڕینی ڕوونکردنەوەیە، بۆیە لە بنەمای هەردووک ڕاڤە وجەختکردنەوەدا هەیە. ئەوەی لە ڕاڤەدا دەردەبڕێت و دواتر زۆر ڕەسەنتر لە گوتەدا، ئەو شتەیە ناومان ناوە مانا.].([121]) بەم شێوەیە مرۆڤ لە ڕێی گوێگرتن لە زمان و

[121] HEIDEGGER, MARTIN, BEING AND TIME, Translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publishers Ltd, 2001.pp.203_204

وەڵامدانەوەی زمانەوە ڕۆ دەچێتە دنیاوە. پێشتریش لای (گادامەر) گوترا (دەق وا دڕایژراوە لە ڕێی ڕاڤەوە بدوێت.).

با بۆ پەنجاوشەش ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە و لای (حسێن عارف) لا بدەین، تا بزانین لە وتاری (چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی کات و شوێن لە هونەری چیرۆک نووسیندا)دا چۆن باسی لەو دوو چەمکە کردووە. پێشتریش لێوەی دواین. ئەم پەرەگرافەی لێ وەردەگرم، بێ ئەوەی دەستکاریی ڕێنووسی بکەم: (من ئەپرسم ئاخۆ کات کۆتایی بۆ هەیە؟! هەروەک چۆن دەست پێ کردنی ڕووداتی کات، شوێنەواری لە لامان ونە و تا ئەم ساتەش دەست نیشانکردنی لە وزەدا نییە، هەروەها دەست نیشان کردنی کۆتایی هاتنیشی ئەبێتە ئەرکێکی گەلێک ستەم ترا. ئەمە دەربارەی کات... خۆ شوێنیش لای من هەرگیز جیا ناکرێتەوە لە کات، چ لە ڕووداتن، چ لە بەسەرچوون چ لە کۆتایی هاتندا. چونکە کات و شوێن یەک یەکتر دەستنیشان ئەکەن و یەک سنووری یەکتر نەخشە ئەکێشن.).([122])

[122] گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، چاپخانەی (النعمان) لە نەجەف، 1971، ل. 59

وەک پێشتر پرسیمان ئایا ناتوانین ئەم تێگەیشتنە لای (نیتشە) و زۆر لە فیلۆسۆفانی دیکەی دوای ئەو بدۆزینەوە؟ ئایا چەمکی کرۆنۆتۆپ (باختین)یش هەر ئەوە نییە، کە چۆن کات و شوێن پێکەوەن و جودا ناکرێنەوە؟ ئایا ئەگەر بەراوردی ئەم زمانەی (عارف) و هیی ئەو نووسەرە جەماوەرییە بکەین، جیاوازییەکی گەورە نابینین؟ ئەرێ ئەگەر نووسەرێک لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1970)دا ئەمەی نووسیبێت، دەبێت ئەمڕۆ نووسەرە جەماوەرییەکەمان ئەوەی بردبێتە ڕ ئاستێکی دیکە؟ ئەم ئاستەی بەرز کردووەتەوە، یان دایبەزاندووە؟ (عارف) لەم وتارەیدا باسی ئەوە دەکات، کە پێویستە چیرۆک خۆی لە شاراوەکان بدات، نەوەک شتە ئاشکراکان بە خوێنەر بڵێتەوە. ئەوەتە نووسیویەتی: (چیرۆک نووسەکانی ئێمە تەنها لە سەر کرداری ئاشکرا، چیرۆکەکانیان دائەڕێژن! بەڵام کەسێکیان زەفەر بە کردارە نهێنی یەکان نابەن و توخنی ناکەون، کە لە ڕاستیدا تەنها ئەو کردارانە، ئاوێتەی

ڕاستی جۆری ڕەفتاری هەر مرۆڤێکن، ئەنجامی باری (مادی) دیوی دەرەوەی ئەو مرۆڤە.).([123])

لە کۆتاییی وتارەکەیدا نووسیویەتی: (هیوادارم لە هەلێکی تردا، بتوانم فراوانتر لە باسەکە بدوێم.).([124]) ئایا ئەمڕۆ بەرهەمەکانی ئەم داهێنەرە هێندەی لایەنگرێکی ئەو نووسەرە جەماوەرییە بایەخیان هەیە، یان لەپێناوی هێشتنەوەی هەرەمەکەدا وەک هیی زۆر داهێنەری دی بە لاوە نراون؟

ئێستا دەگەمە ئەوەی بپرسم ئایا ئەو ڕۆماننووسە جەماوەرییە ئەگەر لە ڕێی ڕۆمانی (مردنی مامۆستا عینایەت)ـەوە ئەزموونێکی تایبەتی هەیە و لەو ڕێیەوە شتی نوێی دۆزیوەتەوە، چۆن لەم گفتوگۆیەیدا ڕەنگی نەداوەتەوە؟ کاتێ بابەتێک دەبێتە ئەزموونی تایبەتی کەسێک، ئەوە ئەو کەسە دەتوانێت وردەکارییەکانی بگێڕێتەوە، چونکێ تێکەڵی بووە، بەڵام ئەگەر بەم زمانە

[123] هەمان سەرچاوە، ل. 63
[124] هەمان سەرچاوە، ل. 69

ساکارە لێوەی دوا، ئەوە دەبێت بپرسین ئایا هیی خۆیەتی؟ کوا باسێکی فەلسەفی لەبارەی چەمکی مردنەوە؟ واز لە باسی فەلسەفی دەهێنم و دەپرسم ئایا توانیویەتی وەک خەڵکی ئاسایی لەبارەی ئەو چەمکەوە بدوێت؟ ئایا من دەتوانم لەبارەی مردنی (مامۆستا عینایەت)ی خۆمەوە باسی ئەزموونە تایبەتەکەم بکەم؟ بەڵێ.

سەرەتا دەپرسم ئایا (عینایەت) ناوێکی باوە، یان دەگمەنە و بە مەبەست بۆ چیرۆکی (مردن لەسەر شێوازی شیعر) هەڵمبژاردووە؟ چۆن ئەم ناوە دەگمەنەیش وێنەی (شازەمان)، (یەڵدا) و هیی دیکە لای ئەم ڕۆمانتووسە دەرکەوتووەتەوە؟ (عادیل عەبدوللا) دەپرسێت بۆچی کارەکتەرەکە بە (مامۆستا) بانگ دەکرێت، لە کاتێکدا مامۆستا نییە؟([125]) ڕاستییەکەی لەوەی منداا مامۆستایە و هیی مێژوویشە. لە قۆناغی یەکەمی کۆلیجدا نووسیومە. بۆچی مامۆستای مێژووە؟ ئەوە دەکرێت لە چیرۆکەکەدا بۆی بگەڕێین. دیارە پێشتر ناوی هەندێک لەو کتێبانەم

[125] عەبدوللا، عادیل، لات و عوزە و بەختیار عەلی. ئەمە سەرچاوەکەیەتی: https://cultureproject.org.uk/kurdish/baxtyar-ali-novel/

هێنان، کە لەو سەردەمەدا دەمخوێندنەوە و کاریگەرییان لەم ئەزموونەمدا ڕەنگی دایەوە. ئەوانەی (باختین)، ئەوەی (سۆسێر) و هیی دیکەیش کۆمەکیان کردم گۆڕانکاری لە شێوازی نووسینمدا بکەم. وەک لە پێشەکیی کتێبی (ڕاگەردان)دا نووسیومە: [کتێبی (ترس و ڕاچەنین)ی (سۆرێن کیەرکاگۆرد: Søren Kierkegård)م لە یەکێ لە کتێبخانەکانی مووسڵدا کڕی، کە وام زانی ڕۆمانە، چونکێ لە سەرەتادا ئەمەم خوێندەوە: (هەبوو نەبوو مرۆڤێک هەبوو، بە منداڵی گوێی لە چیرۆکێکی خۆش دەگرت). دوای ئەوە چیرۆکی (ئەبراهام) دەگێڕێتەوە و لێی دەکۆڵێتەوە، کە چۆن ویستوویەتی (ئیسحاق)ی کوڕی سەر ببڕێت. کتێبەکە بە عەرەبی ناوی (خوف ورعدە)یە و (فوئاد کامل) وەریگێڕاوە. لە شێوەی بیرەوەریدا نووسیویەتی، بەڵام شێوازێکی زۆر تایبەتی پێڕۆ کردووە. پێشتر دەمزانی (کیەرکاگۆرد) فیلۆسۆفە، یان لانی کەم تیۆلۆجن (Theologian)ـە و بە دامەزرێنەری ڕێبازی ئێکزیزتانشیلیزم دادەنرێت، بە تایبەتی لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی ئێکزیزتانشیلیزم: دراسات فی الفلسفه الوجودیه)ی (عەبدولڕەحمان بەدەوی)دا

خوێندبوومەوە، کە بەشێکی زۆری بۆ ئەو تەرخان کردووە.].([126])

(کیەرکاگۆرد) لەم کتێبەدا ڕووبەڕووی دوالێزمی مەرگ و ژیان دەبێتەوە، تا لە ڕوانگەیەکی بوونگەراییەوە لێی بکۆڵێتەوە. (دێریدا) لە کتێبی (دیاریی مەرگ) و (ژیان مەرگ)دا بۆی دەگەڕێتەوە، تا ئەم ئەزموونەی (ئەبراهام) لە چوارچێوەی ڕەوشت، بەرپرسیارێتی، نیگەرانیی بوونگەرایی و هیی دیکەدا بخوێنێتەوە، کە دواتر بۆیان دەگەڕێمەوە.

چیرۆکی (مردن لەسەر شێوازی شیعر)، کە لەبارەی (مردنی مامۆستا عینایەت) و هیی کەسانی دیکەوەیە، بەرهەمی کۆمەڵێک خوێندنەوەی تریشە. هەر لەم ساڵەدا باسێکم لەبارەی (ئەفسانەی سیزیف)ی (کامیۆ)وە ئامادە کرد، تا لە مالّی فێرخوازان (قسمی داخیلی)دا پێشکەشی هاوڕێیانی بکەم. هەر جارێ یەکێکمان کتێبێکی دەناساند و

[126] کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕاگەردان، پاشکۆی بەرهەمەکانم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2017، ل53

من لە نۆرەی خۆمدا ئەم کتێبەم هەڵبژارد. ئەو سەردەمە زووزوو کۆ دەبووینەوە و تا درەنگی شەو کاتمان بە گفتوگۆوە دەبردە سەر، کە (جەلال مەعرووف)ی هاوڕێمان لەم بارەیەوە باسێکی کورتی لە ئەکاونتەکەی فەیسبووکیدا بڵاو کردووەتەوە. بەوەدا فێرخوازی بەشی مێژوو بووم، دەمویست لەبارەی ئایینەکانەوە شارەزایی بە دەست بهێنم. پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێم خوێندەوە. ئەگەر لە چیرۆکەکەدا کارەکتەرێک ناوی (یووسفی دارتاش)ـە و (ئاشنا) وا دەزانێت شەوان دێتە سەر پێخەفەکەیان، تا لەنێوان خۆی و دایکیدا بخەوێت، ئەوە هەر پێوەندیی بەو خوێندنەوەیەوە هەیە، تەنانەت یەکێک لە کارەکتەرەکان کریستەنە و خەڵکی عەنکاوەیە، کە لە بەردەم نفووس و سەرژمێریدا خۆی دەکوژێت. (جانێت) لەبارەی مەرگ و ژیانەوە ڕوانینێکی تایبەتی هەیە، کە لە گفتوگۆیەکی درێژدا دەردەکەوێت. هەروەها چەند گوتەیەکی (مەسیح)یش ئاماژەیان پێ کراون. (یووسفی دارتاش) کارەکتەرێکی گرفتئامێزە و بە مەبەست لەو چیرۆکەدا بە کارم هێناوە. پێم وایە هەر خوێنەرێکی فریونەخواردوو بیخوێنێتەوە،

دەزانێت چەمکی مردن تێیدا گەوهەرییە و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەرنجی لێ دراوە.

لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێک تەکنیکی نوێم بە کار هێنان، کە سوودی زۆرم لە تێگەیشتنی (نیتشە)، (فرۆید)، (بێرگسۆن) و ئەوانەی تر بینی. وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد کتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێ)ی (ڕۆبەرت هەمفری)یشم خوێندەوە. لە وتاری (کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا) نووسیومە:

[پرسیاری (کات چییە؟)م زۆر بە ڕوونی لای (ئۆگستین)، دروستتر لە (ددانپێدانەکان: Confessions)یدا کەوتەوە بەرچاو. ئەو پرسیارە دەوروووژێنێت و پرۆبلەماتیکی وەڵامەکەیشی لە هیی پرسیارەکەی گەورەترە، کاتێ دەڵێت: (ئەگەر لێم نەپرسن، دەیزانم، بەڵام کاتێ لێم بپرسن، ناتوانم ڕوونی بکەمەوە).([127]) دەمودەستیش دەنووسێت: (بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر هیچ شتێک تێنەپەڕێت، کاتی ڕابوردوو نایەتە کایەوە. ئەگەر هیچ شتێکیش نەیەت، کاتی

[127] أغوسطينوس، القديس، إعترافات، نقلها الى العربية الخوري يوحنا الحلو، الطبعة الرابعة، دار المشرق، 1991، ص. 249

ئایندە دەرناکەوێت. ئەگەر هەنووکەیش شت نەبێت، کاتی ئێستا پێک نایەت. ئەو دوو کاتە، ڕابوردوو و ئایندە، لە چ دۆخێکدان، لە کاتێکدا هەنووکە (ڕابوردوو) نییە و ئایندە هێشتا نەهاتووە؟ خۆ ئەگەر (ئێستا) هەمیشە ئامادە بێت و بە ڕابوردوودا تێنەپەڕێت، ئەودەم بە ڕاستی نابێتە کات، بەڵکوو بە نەمری دەمێنێتەوە.([128])

پێی وایە عەقڵ ئەو سێ دۆخە ڕێک دەخات، کە لەم ڕووەوە سێ ئەرکی هەن: یادەوەری (Memory)، ئاگاداری (Attention) و پەینی، یان تەوەقوع (Anticipation). یەکەمیان ڕابوردوو، دووەمیان ئێستا و سێیەمیان ئایندەیە. ئایندە چاوەڕێ دەکرێت بە (ئێستا)دا بڕوات، کە بەئاگاهاتنەوەی ڕابوردووە، کاتێ بیر دەکەوێتەوە. بە مانایەکی دیکە، هەرسێکیان ئامادەن، (ئامادەیی ڕابوردوو)، کە بە بیرمان دێتەوە، (ئامادەیی ئێستا)، کە سەرنجی دەدەین و (ئامادەیی ئایندە)، کە چاوەڕێین و پێشبینیی دەکەین. پێی وایە لێرەدا دوو شت بە زەقی دیارن، کە یەکەمیان (هۆشیاری) و دووەمیان گۆڕانی ئەو

[128] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

هۆشیارییەیە، کە پێی دەگوترێت (کات). هەر لێرەدا زیاتر پێ لەسەر یادەوەری دادەگرێت، کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی لەوەدا کورت دەبووە، گوایە یادەوەری تەنیا شتی کاتی و تێپەڕ لە خۆی دەگرێت، ئەو گوتی ئەوانەیش دەگرێتەوە، درێژە بە بوونیان دەدەن، بەو مانایەی ئەگەرچی بابەتی بەبیرهاتنەوە هیی ڕابوردووە، بەڵام ئەرکی یادەوەرییە (ڕابوردوو) بکاتە (ئێستا). واتە لە نائامادەوە بۆ ئامادەی بگۆڕێت، کە بەم شێوەیە ڕۆڵی گەورە لە هەست و نەستی مرۆڤدا دەبینێت. لەبەر ئەوەیشە (کات) بە دەروونەوە پێوەست دەکات و پێی وایە هەر لەوێیشەوە بەردەوامی وەردەگرێت.([129]) نموونەیەک دەهێنێتەوە: ئەو ژنەی درهەمێکی گوم کردووە و بە چرایەکەوە بۆی دەگەڕێت، ئەگەر بە بیری نەیەتەوە، نایدۆزێتەوە. ئەگەر دۆزییەوە و بیری نەکەوتەوە، ناینناسێتەوە. واتە کاتێ شتەکان ون دەکەین، وێنەیان لە خەیاڵماندا هەر دەمێنێت، بۆیە هێشتا لێیان دەگەڕێین. کاتێ دەیاندۆزینەوە، بە هۆی ئەو وێنانەوە دەیاننناسینەوە. ئەو

[129] هەمان سەرچاوە، ل. 262_263

تێگەیشتنەی (ئۆگستین) لە ئەدەبدا بایەخی گەورەی هەیە. ئەگەر کاتی حیکایەت (ڕابوردوو)ـە، ئەوە کاتی گێڕانەوە (ئێستا)یە و ڕووی لە ئاییندەیە. لە قۆناغی یەکەمی زانکۆمدا ئەو کتێبەم دەست کەوت. دوای دەوام لەگەڵ هاوڕێانمدا یەکسەر دەچوومە ئەو شوێنەی کتێبی کۆنیان لێ دەفرۆشت. ئەوەی لەم کتێبەدا بە پلەی یەکەم سەرنجی ڕاکێشام و هەر بایەخیشم بەو دا، بەشی (یادەوەری) بوو. دەتوانم بڵێم ماوەیەک خەریکی خوێندنەوەی بووم. هەر لەو سەردەمەیشدا چیرۆکی (مردن لەسەر شێوازی شیعر) دەنووسم، کە یەکێکە لە چیرۆکەکانی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ) و یەکەمجارە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ چەمکی (کات)دا بکەم.].[130])

لەم چیرۆکەدا توخمی ئیکزۆتیکم بە کار هێنا، کە پێشتر لەبارەی ئەم چەمکەوە دوام. وەک لە کتێبی منداڵیمدا گوتوومە لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا نیگاری فێرگەکەمم کێشا، فێرگەی زێوەری سەرەتایی و پێشانی باوکمم دا. ئەو بە گاڵتەپێکردنەوە پرسیی: (ئەرێ ئەوە فێرگەیە، یان تەڵەی

[130] کات وەک پرسیارێکی شەرانگێز لە ئەزموونی منداـ ژنەفتن

مشکە؟)... بەم گوتەیە داڕووخام، بەڵام کاتێ گەورە بووم، پێی پێدەکەنیم و بۆ هاوڕێکانمم دەگێڕایەوە. لەم چیرۆکەدا بە کارم هێنا. مردنی کەسەکان ئاسایی نییە، بەڵکوو شتێکی سەیرە. دۆخێکە لەنێوان ژیان و مەرگدا. بە مانایەکی دی، تێپەڕاندنی ئەو دوالێزمەیە. لەو گۆڕەپانە نافیزیکییەدا مەرگ و ژیان پێک دەکەن، کە ئەوەی لە کارەکتەرەکاندا ڕۆچووە، تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان. ئەوان نە وەک خەڵکی ئاسایی دەژین و نە وەک خەڵکی ئاساییش دەمردن. پەنام بۆ چەمکی (دژایەتیی ویژدانی)، یان (دژایەتیی سۆز) بردووە، کە بە عەرەبی (الازدواجية الوجدانية)، یان (التناقض العاطفي) و بە ئینگلیزی دەبێتە (affective ambivalence). ئەگەرچی لە ڕۆژگاری ئامادەییەوە دەستم دابووە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (فرۆید)، بەڵام لە زانکۆدا زیاتر کاتم بۆیان تەرخان کرد، چونکێ سایکۆلۆجیا وانەیەکی گرنگ بوو، کە (د. یەحیا جەنابی) پێی دەگوتین، تەنانەت لە چیرۆکەکەدا کارەکتەرێک بە ناوی (نەبیل جەنابی) هەیە و ئەویش هەر بە شێوازێکی سەیر دەمرێت. دژایەتیی ویژدانی وەک (فرۆید) لێکی دەداتەوە بریتییە لە هەبوونی هەستێکی دووفاقییانە لە بەرانبەر یەک بابەت، یان

یەک کەسدا. لە یەک کاتدا هەم ڕقی لێیەتی و هەم خۆشیشی دەوێت. ئەمە بە ڕوونی لە گفتوگۆکاندا دەردەکەوێت. لە لووتکەی ڕقدا دۆخەکە بۆ پێچەوانەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە لووتکەی خۆشەویستی. بۆ نموونە یەکێک جوێنی سووک بە کەسێکی دیکە دەدات، بەڵام لەناکاو بە قوربانی دەبێت. لەوپەڕی تووڕەییەوە دەگاتە ئەوپەڕی هێمنی، بۆیە ئەنجامی کردارەکان ڕوون نین و بە شاراوەیی دەمێننەوە. توندوتیژی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەقەکە، کە تێیدا جەستە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشە. یەکەمجار بوو دەستکاریی پێکهاتەی خانەوادە بکەم، بەو مانایەی پێوەندیی بایۆلۆجی لەنێوان ئەندامەکانیدا نەهێڵم. (ست جوان) و (یووسفی دارتاش) دەبنە هاوسەری یەکتر. ئەمیان (ئاشنا) و ئەویان (ڕۆشنا)ی هەیە، کە خەڵک دەڵێن ئەوانە نەک هەر ناویان، بەڵکوو خۆیشیان لە یەک دەچن، بگرە دووانەن. لە کاتێ شەڕی نێوان (ئاشنا) و دایکیدا، (یووسفی دارتاش) پشتی یەکەمیان دەگرێت، کە ئەمە دۆخێکی نامۆ لای (ئاشنا) پێک دەهێنێت، بەوەی چۆن بڕوانێتە باوەپیارەی، لە کاتێکدا دژی دایکیەتی. ئەم دژایەتیی ویژدانییە وەک گوترا ناهێڵێت ئەنجامی کردارەکان ڕوون بن، بەڵکوو دەبنە مەتەڵ. بۆ

نموونە نازانین (ست جوان)ی دایکی (ئاشنا) چۆن دەمرێت، ئاخۆ (ئاشنا) خۆی کوشتوویەتی، یان (ئاشتی) وەک کۆترەکان خنکاندوویەتی. ئایا هەر خۆی نەمردووە، یان خۆی خۆی نەکوشتووە؟ (ئاشتی) ئەو کارەکتەرەیە، کە دەزانێت بە فێڵێکی سەیر کۆتر بگرێت و بیخنکێنێت. بە ئاگاییەوە ناوەکەیم بۆ ئەم کارە هەڵبژاردووە. لەم گەڕەلاوژەیەدا کەس نازانێت چۆن بیر لەوەی تر دەکاتەوە، وەک چۆن نایشزانێت ئەو چۆن دەیبێنێت. (جانێت تۆما) دەڵێت: (چ گەمژەییەکە بەشداری لە شەڕێکدا بکەیت، لە کاتێکدا نازانیت ناو دڵی دوژمنەکەت چەندی خۆشەویستی و ناو دڵی دۆستەکەت چەندی ڕق تێدایە). (ئاشنا) دەپرسێت: (خۆشەویستی و ڕقی چی و بەرانبەر بە کێ؟).. (جانێت) وەڵام دەداتەوە: (خۆشەویستیی ناو دڵی دوژمنەکەت، کە شەڕی لە دژدا دەکەیت و ڕقی ناو دڵی دۆستەکەت، کە بەرگریی لێ دەکەیت.).

یەکەمجار بوو لە چیرۆکمدا ناوی ڕاستینەی کەسەکان بنووسم، بۆیە ناوی (عەزیز حەسەن مەولان) و هیی خۆیشمی تێدا هاتوون، تەنانەت چیرۆکەکە پێشکەشی ئەو

هاوڕێیەم کراوە، کە ئەگەر دەگوترێت ئەوانە لە یەک دەچن و بە زەحمەت دەتوانین لە یەکیان جودا بکەینەوە، ئەوە ڕاستییە و وەهایان دەگوت. هەمیشە پێکەوە بووین. بە یەکێک لە ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە دادەنرا و لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەعسدا ڕۆڵی گەورەی دەبینی. (حەسەن زیرەک) لەوێدا کارەکتەرێکی دیارە و (ڕازیە)ی نەنکی (ئاشنا) چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە، بگرە وێنەکەی لەگەڵ خۆیدا دەخەوێنێت. تەنیا ناوی کەسەکان نا، بەڵکوو هیی شوێنەکانیش ڕاستینەن، بەڵام لە ئاستی مێژووییەوە چوونەتە ئاستی شیعری، بەو مانایەی هەندێک لە خەسڵەتە مەتێریەڵییەکانیان پاراستوون و کۆمەڵێکی ئاماژەداریشیان وەرگرتوون. گەڕەکی ڕووناکی، عەنکاوە، زانکۆی مووسڵ، شەقامی دەواسە، گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی و زۆری دیکە بوونەتە مەڵبەنی ڕووداوەکان. مااڵی (ست جوان) لە سلێمانییەوە هاتوونەتە هەولێر، کە ئەمەیش هەر بە مەبەست کراوە، تا کارەکتەرەکان زیاتر لە ڕەگێکیان هەبێت. پێشتر گوتمان ڕۆمانی فرەدەنگ بایەخ بە هەمەڕەگی دەدات. ئەوەیشم گوت، کە سوودم لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (باختین) بینی. (کرۆنۆتۆپ) زۆر کۆمەکی کردم، کە بزانم

چۆن شوێنی جیاوازجیاواز بە کار بهێنم و کاریگەرییەکەی لەسەر دەروونی کارەکتەر پێشان بدەم. بۆ نموونە (مامۆستا سواره عینایەت) ئەگەرچی مامۆستای مێژووە، بەڵام (ئاشنا) لە خەوندا دەیبینێت وا بووەتە وەستای کێڵی گۆڕ و ماڵەکەیانی کردووەتە شوێنی کارەکەی. شتێکی سەیریش ڕووی دا، کە ئێمە ئەو ساڵە بە هۆی بەشیدارینەکردنمان لە مەشقی سەربازییەوە، لە زانکۆ دەرکراین و دوای ئەنفالەکان بە لێبوردنی گشتی گەڕاینەوە. لە پۆلەکەدا کچێکی کەرکووکیمان ناسی، کە ناوی (ئاشتی عەبدوللا) بوو. (عەزیز حەسەن مەولان) دەیگوت ئەمە هەر (ئاشتی)ی چیرۆکەکەیە.

بە هۆی خوێندنەوەی کتێبی (زەردەشت وەها دوا)ی (نیتشە)وە ڕوانینم لەبارەی چەمکی ڕەوشتەوە گۆڕا و لە چیرۆکەکەدا ڕەنگی دایەوە، بە تایبەتی لەو شوێنەی ناو لە بانگەوازکارانی ڕەوشت دەنێت (جالجالۆکە ژەهراوییەکان)، کە ئەوانەن وا بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕەوشتیان بەرزە و چاکەخوازن. ئینجا بەو مەبەستەی پێشانی خەڵکی بدەن چەند پاکن، نیازە بەدەکانیان لە ڕێی گوتەی ڕەونەقدارەوە

دەردەبڕن. ئەوانە ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێن ڕقیان لێمانە، بەڵکوو پەنا بۆ شێوازی نزم دەبەن. دژایەتیمان دەکەن، چونکێ وەک خۆیان دەستمان بە بەهای داڕماوەوە نەگرتووە. دژایەتییەکەیان بە وشەی وەک چاکە، خێر، بەرژەوەندیی گشتی و هیی دیکەی لەم شێوەیە دەڕازێننەوە. پێی وایە ئەگەر ئەوانە ناو لە خۆیان دەنێن چاک و دادپەروەر، ئەگەر خۆیان بە یەکسانیخواز دەزانن، ئەوە ڕاستییەکەی جاڵجاڵۆکەی ژەهراوین.([131]) ئەو گزگلانە خاوەنی خەسڵەتی مێگەلن، دەیانەوێت بە پاڵپشتیی یاسای نووسراو و نەنووسراو سزای بەهێزەکان بدەن. جاڵجاڵۆکە وا خۆی پێشان دەدات بێوەیە، بەڵام هەر هێندە تەونەکەی نێچیری بەر کەوت و جووڵایەوە، ناواخنی دەردەکەوێت، کە چەند جیاوازە. داڕێژەرانی یاسای ڕەوشت و نووسەرە نیازپاکەکان لە ڕێی وشەوە ئەو تەونە پێک دەهێنن. گوتەکانیان وەها دەردەبڕن، گوێیە جوان و ناسکن، بەڵام بەو مەبەستە داڕێژراون، تا دەنگی ئازاد سەرکوت بکەن. ناکرێت لێرەدا ئەوە نەڵێم، کە (د. غانم الحفو) وانەی مێتۆدی

[131] Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York. PP.82

زانستیی پێ دەگوتین و زۆر بەو فیلۆسۆفە سەرسام بوو. ناوەناوە ئاماژەی بە بۆچوونەکانی دەکرد و لێکی دەدانەوە. یارمەتیی دەداین چاکتر لە نووسینەکانی بگەین. (د. فرسەت ڕۆژبەیانی) تا ڕاپەڕینیش لێکچەکانی ئەوی لا خۆی پاراستبوون.

ڕاستییەکەی چیرۆکەکە درێژە، بگرە لە هەندێک لەو دەقانەی ناویان نراوە ڕۆمان، درێژترە. کارەکتەرەکان زۆرن، کولتوور و زمانی جۆراوجۆر هاتوونەتە ئاسمانی دەقەکەوە، تەنانەت دایەلەکتی بەغدادیی تێدا بە کار هاتووە، کە ئەمەیش لە ڕۆمانی فرەدەنگدا بایەخی گەورەیە هەیە. بۆیە نامەوێت لەوە زیاتری لێوە بدوێم، بەڵام هیوادارم خوێنەر بیخوێنێتەوە و لەوێوە بۆ ڕۆمانی (مردنی مامۆستا عینایەت)ی ئەو ڕۆمانناووسە جەماوەرییە بگەڕێتەوە. کاتێ لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بەو چیرۆکەدا چوومەوە، ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!!) لە دایک بوو، کە لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێ کراوە.

هاوڕێیەکم نامەیەکی بۆ ناردووم و تێیدا دەڵێت (مردنی مامۆستا عینایەت) (مردنی ئارتیمیۆ کرۆز)ی (کارلۆس

فۆینتس)ی ڕۆمانێووسی مەکسیکییشی بە بیر هێناوەتە. ڕاستییەکەی ئەم ڕۆمانە لە هەشتاکاندا کرایە عەرەبی و خۆم لە ڕۆژگاری زانکۆدا خوێندمەوە. (ئارتیمۆ کرۆز)ی پیری پەککەوتە لە جێدا کەوتووە. هەوڵ دەدات لە دووانزدە ڕۆژدا یادەوەریی خۆی هەڵبکۆڵێت و بە شێوازێکی جیاواز لەوەی ژیاوە، بەو ڕابوردووەیدا بچێتەوە. ڕۆمانەکە بە شێوازی شەپۆلی هۆش نووسراوە و تێیدا ئیکزۆتیک توخمێکی کاریگەرە. فرەدەنگ و فرەڤەبێژەرە. ڕووداو، شوێن، کات، کارەکتەر و شتەکانی دی لەناو یادەوەریی تێکشکاوی (ئارتیمۆ کرۆز)دا بە لێڵی دەردەکەون و بە یەکدا دەچن، بۆیە زمانێکی ئاڵۆزی هەیە و خوێنەر بە زەحمەت دەتوانێت سەری شتەکان بە یەک بگەیەنێت. شۆڕشی مەکسیک و کارەکتەرە جیاوازەکانی شۆڕشەکە ڕووبەڕێکی فرەوانیان پێ دراوە، کە هەڵپەرستی، گەندەڵی، ناپاکی، دووڕوویی، لاقەکردن و زۆر خەسڵەتی دیکە لە دەقەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

بۆ لای گفتوگۆی ڕۆمانێووسەکەی خۆمان دەگەڕێینەوە، تا بپرسین ئایا ئەم گوتانە ئەوە دەرنابڕن، کە ئەزموونێکی

دەوڵەمەند لەپشت ئەو کارەوە نییە، دەنا چۆن بەم سادەییە باسی لێوە دەکات؟ ئەڕێ ئەم دەربڕینە هیی کەسێکە ڕوانینێکی جیاواز لە هیی خەڵکی هەبێت؟: (عینایەت پاڵەوانێکی ڕۆمانسی نییە... بڵێ من مرۆڤێکی تەنهای ئەم کۆمەڵگایەم، من پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم.). ئەم وەسفە دەتوانێت چیمان پێ بڵێت؟ ئەگەر بۆ مێژووی نووسینی ئەم نووسەرە بگەڕێیتەوە، دەبینیت زۆرینەی شتەکانی، با نەڵێم هەمووی لەسەر دوالێزمدا هەڵچنیوە، بەو مانایەی پێشتر بڕیاری داوە چی باشە و چی خراپ، کە بڕیارەکە پێش ئەوەی هیی خۆی بێت، هیی کۆمەڵگەیە و بەرهەمی تێگەیشتنی گشتییە، لە کاتێکدا هەم لەم نامەیە و هەم لە بەرهەمەکانی پێشوومدا پێشانیم داوە شتەکان بەپێی ڕایەڵەکانیان مانا وەردەگرن. ئایا ڕۆمانسیەت وەک هەر چەمکێکی دی بەپێی ڕایەڵەکەی مانای ناگۆڕێت؟ با بەر لە هەرچی بپرسین ئایا (پاڵەوانی ڕۆمانسی) ئەوەیە، کە دەڵێت: (من مرۆڤێکی تەنهای ئەم کۆمەڵگایەم، من پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم)؟ ئەگەر بە حەوت لێفەی ئەستوور دابپۆشرێم، لە ڕووم نایەت ئەم وشانە بە دوای یەکدا ڕیز بکەم. لێرەدا شەرم بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی بە کار ناهێنم، بەڵکوو

مەبەستم ئەو بەرپرسیارێتییەیە، کە (دێریدا) جەختی لێ دەکاتەوە و دواتر بۆ چەمکەکە دەگەڕێمەوە. من لە بەرانبەر خوێنەردا بەرپرسیارم لەوەی چۆن پێوەندیی پێوە بکەم. ئایا ئەمە فریودانی جەماوەر نییە؟ ئەرێ پێمان ناڵێیت: (پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم) چییە و کێیە؟ مەگەر شاعیرێکی کەمتوانا لە سەرەتای تەمەنی نووسینیدا ئەم شتانە بنووسێت. تۆ منی خوێنەر چۆن دەبینیت؟ ئایا هەموومان ئەو ڕەخنەگرە میللییانەی دەورتین، تا هەر وشەیەکت لە دەم بێتە دەرەوە، پێی بوروژێین و بکەوینە سەما؟ ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد، کە ڕۆمانی نەریتی بەوەدا سادەیە، ئەوە بە سادەییش خوێنەر دەدوێنێت. ئەو پێوەندییە لە (نووسەر، پەیام، خوێنەر)دا بەرجەستەیە، بەو مانایەی نووسەر پەیامی ڕوون بۆ خوێنەر دەنێرێت، تا وەریبگرێت، بێ ئەوەی بینێرێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی فرەدەنگدا بنەمای پێوەندییەکە تێک شکاوە و توخمی پەیام دوور خراوەتەوە، یان لانی کەم گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. دایەڵۆگ شوێنی ئەو پەیامەی گرتووەتەوە، کە وەک گوترا توخمە بزۆکەکەی دنیای پۆستمۆدێرنە و بووەتە هاوواتای گەمە. ئایا کاتێ نووسیی: (کۆمەڵگا شتێک نییە لە

ڕووی بایۆلۆژییەوە بمرێت، بەڵام دەشێت لە ڕووی ئەخلاقییەوە بمرێت، بە نەبوونی فیکر و خەیاڵ بمرێت، لە ئاستی هاوسۆزیی و پێکەوەبووندا کۆتایی بێت)، بیری لەوە نەکردەوە، کە دەشێت جەماوەر نا، بەڵکوو خوێنەر بیخوێنێتەوە؟

مەبەستت لە ڕۆمانسیەت چییە؟ بۆچی دەبێت ڕۆمانسیەت پێشتر دیاری بکرێت، کە خراپە؟ ئایا هیچت لەو بارەیەوە گوتووە، یان دەتەوێت خوێنەران، دروستتر جەماوەر بۆ پێناسە گشتییەکە بگەڕێنەوە؟ ئایا وەک گوترا ڕۆمانسیەت لە هەموو دۆخەکاندا هەر خراپەیە، یان دەشێت لە دەرەوەی خێر و شەڕیشدا بەردەوام پێناسەی بکەینەوە؟ ئایا لە ڕۆمانی فرەدەنگدا، کە فرەتوخمی، فرەڕوانگەیی، فرەدەنگی و فرەئاڕاستەیی بایەخیان هەیە، ڕۆمانسیەت ناتوانێت ببێتە توخمێکی کاریگەر و مانای جیاواز وەربگرێت، بگرە لەو بەریەککەوتنە بێئامانجەدا بەردەوام ئەو مانایەی بگۆڕێت؟ ئایا لە ڕۆمانی فرەدەنگدا، کە تێیدا کەرنەڤاڵ توخمێکی کاریگەرە، هەموو دەنگەکان گرنگ نین، تا لەو ئاسمانەدا بەر یەک بکەون و فرەیی پێک بهێنن؟ ئەرێ لەو گۆڕەپانە

نافیزکییەدا کارەکتەری ڕۆمانسی هەمان ئەو مانایەی دەمێنێت وا لە زمانی ڕۆژانەدا پێی دراوە؟ ئایا ناکەوێتە سەر ئەوەی ڕۆمانووس چ مامەڵەیەک لەگەڵ ئەو چەمکەدا دەکات؟

نووسیویەتی: (نا ئەو دەزانێت یەکێکە لە دەیان و سەدان هەزار کەس کە لە هەمان هەلومەرجدا دەژین). ئەرێ ئەمە گرنگە بە خوێنەر بگوترێت؟ ئەگەر دەزانێت وەک (سەدان هەزار)ی دی وایە، کەواتە جیاوازییەکەی لە کوێدایە؟ ئایا ڕازاندنەوەی ئەم دێڕە سادانە تەنیا بۆ ئەوە نییە جەماوەر بوروژێت و وا بزانیت لەپشتیەوە شتی گرنگ هەیە؟ ئەوە چ خوێنەرێکە ئەمە دەخوێنێتەوە و قاقا لێ نادات؟

نەوەستاوە و نووسیویەتی: (دەشزانێت کێ لە پشت تراژیدیای ئەو و ئەوانیدییەوەیە...). ئەمە مانای چییە؟ پەلاو (تەحەدا)ی خۆی و ئەو ڕەخنەگرە میللییانەی چواردەوریشی دەکەم، ئەگەر بتوانن پێمان بڵێن ئەمە لە گوتەیەکی فرێدراو زیاتر، شتێکی دیکەیە. هیوادارم نووسەرەکەی ڕۆژنامەی هەولێر لەجیاتیی ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، هەڵنەچێت و ئەو پەیامەم بۆ

نەنێرێت، کە دە ساڵە لە ناردنی بەردەوامە، گۆیە من ئیفلاسم کردووە و تەنیا کاغەزی سپی ڕەش دەکەمەوە. گەنەنووسەر، گەمژە، نەخوێندەوار و شتی دیکەی لەم بابەتەم. بەڵێ، هەموو ئەمانە و زیاتریشم، بەڵام هیوادارم یەک جار پێمان بڵێت ئەمانە چۆن داهێنانن. واز لە داهێنان بهێنە و وەرە پێمان بڵێ ئەم ڕستانە ئاستی زمانی خەڵکیشیان بڕیون!

ئایا ڕۆماننووسەکەمان وازی لەم گوتە سواوانە هێناوە، یان هێشتا بەردەوامە؟ بەردەوامە و دەنووسێت: (ئەگەر ڕۆمانەکە ورد بخوێنیتەوە، مردن لێرەدا مردنی تایبەتی عینایەت نییە، بەڵکو مردنی کۆمەڵگایەکە...). دەپرسم ئەمە خوێندنەوەی وردی بۆ چییە؟ کێ هەیە ئەمەی نەگوتبێت؟ ئەرێ هەمیشە نەگوتراوە مردنی فلان، مردنی هەموو دنیایە؟ (مردنی مایکڵ جاکسن مردنی دنیای هونەر) و (مردنی مارادۆنا مرنی دنیای وەرزشە). تۆ شتێکی نوێت بە منی خوێنەر گوتووە، تا ورد بیخوێنمەوە؟

پەتی بۆ خەیاڵی شل کردووە و گەیشتووەتە ئەوەی بڵێت: (عینایەت لەو پێنج ڕۆژەدا هێندەی مردنی کۆمەڵگا

دەنوسێتەوە، مردنی خۆی نانوسێتەوە، هەموو هەوڵەکانیشی بۆ ڕزگارکردنی خۆی، بە ناو هەوڵیدا تێدەپەڕێت بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە درۆ و گرێ ناوەکییە قوواڵ و نابەجێکانی). ئەرێ ئەم نووسەرە چۆن لە چەمکی مەرگ گەیشتووە؟ ئایا ئەم ڕستانە بە کوردی نووسراون؟ ئایا کەسێک لەم پێنج ڕۆژەدا خەریکی ئەوە بووبێت، شتێکی گرنگی کردووە؟ ئەرێ (ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە درۆ و گرێ ناوەکییە قوواڵ و نابەجێکانی) هیی قەشەیە، یان هیی مرۆڤێکی یاخی؟ ئەمانە بە چی تێگەیشتووە؟ ئایا ئەگەر لەم ئاستە میلییە دوور بکەوێتەوە و هەنگاوێک بەرەو فەلسەفە بنێت، نابینێت ئەم چەمکانە چەند گرفتئامێز و پەلهاوێژن؟ نابینێت چۆن بەردەوام شەڕیان بە فیلۆسۆف، دەروونناس، کۆمەڵناس، ئەنترۆپۆلۆجیست و ئەوانەی تر فرۆشتووە؟ ئەگەر وایە، چۆن هێندە بە سادەیی لێیانەوە دواوە؟ گەلێجار مژدەدەرە کریستەنەکان لەسەر شەقامدا ڕێیان لێ گرتووم و پێیان گوتووم دەیانەوێت (کۆمەڵگا لە درۆ و گرێ ناوەکییە قوواڵ و نابەجێکانی) ڕزگار بکەن.

ئایا ئەگەر ڕۆمانەکە بە هەمان زمانی جەماوەر نەنووسراوە، چۆن بووەتە جێگەی سەرنجی ڕەخنەگری میللی؟ ئایا ئەو ڕەخنەگرە میلییانە جگە لەوەی گوتوویانە داهێنانێکی مەزنە، شتێکی دیکەیان خستووەتە ڕوو؟ ئایا یەکێکیان دەیەوێت پێم بڵێت داهێنانی ئەمە لە کوێدایە؟ چۆن ڕۆماننووسێک بەم تێگەیشتنە ڕۆمانی نووسیوە؟ واز لە ڕۆمانی فەلسەفی هەر دەهێنم و دەمەوێت لەوە بگەم چۆن ڕۆماننووسێک دوای چل ساڵی ئەزموون ئەمانەی گوتوون. (عادیل عەبدوللا) هەر لەو نووسینەی پێشتر ئاماژەی پێ کرا، دەپرسێت: ئایا ئەم ڕۆماننووسە لەم بیست ساڵەی ڕابوردوودا یەک کتێبی خوێندووەتەوە؟ ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لە شێوەی پرسیار دایڕشتووە و نەهاتووە بڕیار بدات، پێچەوانەی ڕەخنەگری میللی، کە بەوەدا هزر و زمانی هەمان ئەوانەی باوی کۆمەڵگەن، پەنا بۆ حوکم دەبات. مەبەستی (عەبدوللا) لەم پرسیارە ئەوەیە، کە ئەگەر نووسەرێک شتی جیاواز بخوێنێتەوە، چۆن لەم ئاستەدا دەنووسێت؟ کەسانی تریش دەپرسن چۆن نووسەرێک هەمیشە لە بەرچاوانە، ئەم هەموو دەرکەوتنەی لەناو خەڵکدا هەیە، کەچی ناوەناوە کتێب چاپ دەکات، وەڵامی

پرسیار دەداتەوە، لێرە و لەوێ کۆڕ دەگێڕێت و هیی دیکەی لەم بابەتە؟ من خۆم تەنیا چاو دەخەمە سەر دەق و دراوەکانی ئەو دەقە دەخوێنمەوە. ئایا دەکرێت نووسەر مانگانە کتێبێک چاپ بکات و کتێبەکەیش شتی گرنگ بگەیەنێت؟ ناکرێت وەڵام بدەینەوە، تا دەقەکە نەبینین. ئایا من ئەگەر ئێستا ئەم نامەیە دەنووسم، بەڵام ئەو بابەتانەی دێنە ناو کردەی دایەڵۆگەکەوە هیی پێشتر نین؟ کەواتە دەکەوێتە سەر ئەوەی نووسەر لە ڕێی نووسینەوە چەند توخمی جۆراوجۆر لە یادەوەریی خۆیدا دەدۆزێتەوە، تا ئەوانە بەر تێگەیشتنی ئێستای بکەون و شتی دیکەیان لێ پێک بێت؟ بە مانایەکی دی، ئەو نووسەرە ڕۆژانە خەریکی چییە و کاتی بە چی دەباتە سەر؟ ناکرێت کردەی نووسین لە یادەوەرییەکی ناچالاکدا توخمی نوێ و کاریگەر بدۆزێتەوە، تا لە ڕێیانەوە ئاستی زانراوی میللی تێبپەڕێنێت و لە ئاستی ئاماژەدا خۆی دەربڕێتەوە، بەڵکوو دەست بە هەمان مانای زانراوی شتەکانەوە دەگرێت و زمانەکەی وەک هیی خەڵکی لێ دێت، کە لێرەدا نووسین لەجیاتیی ئەوەی ببێتە کردەی دەرخستنی جیاوازی، دەبێتە کردەی

پاتەکردنەوەی زانراوەکان، وەک ئەوەی لەم دەقەی نووسەرە جەماوەرییەکەی خۆماندا دەیبینین.

بە شێوازی (عەبدوللا) دەپرسم ئایا نووسەرێک ئاگای لە ئەلفوبێی فەلسەفە هەبێت، بەم سادەییە دەنووسێت؟ ئەگەر لە یادەوەریی تۆدا چالاکییەکی فەلسەفییانە ئامادەیە، بۆچی لێرەدا نەخراوەتە گەڕ، تا لەو ڕێیەوە بۆ ئەو سەرچاوانە بگەڕێیتەوە و لەم دایەلۆگەدا شتی کاریگەریان لێ پێک بهێنیت؟ ئایا ئەم نووسەرە لێرەدا پێشانی داوە، کە زانیاریی گشتیی کۆمەڵگەیشی هەیە؟ ئایا مرۆڤ لە کاتی شەڕەبەنددا ئەگەر بەندی لێ برا، پەنا بۆ ئەم وشانە دەبات، وا ڕۆمانووسەکەمان لەم گفتوگۆیەدا نووسیونی؟ دیارە من وەک لە کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا گوتوومە بەند لە دنیای پۆستمۆدێرندا بایەخی گەورەی هەیە. بەشێکی ئەو بەندبێژانە بەرگری لە ڕەسەنێتیی بوون دەکەن. ئەوانە پێچەوانەی هەندێک ڕۆشنبیر و بانگخواز بەها زیندووەکانی کولتووری کوردی دەپارێزن. لەو کتێبەدا هەوڵم داوە بە وردی لەبارەی بایەخی ئەدەبی میللییەوە بدوێم و کۆمەڵێک نموونەیشم لە جیهانی خۆماندا

هێناوەتەوە، بەڵام لێرەدا باس لە دۆخێک دەکەم، ئەو دۆخەی تێیدا بەندبێژ لە شەڕەبەنددا بەندی لێ دەبڕێت. ئینجا چەمکی ڕەخنەگری میللییشم پانزدە ساڵ لەمەوبەر ڕوون کردووەتەوە و گوتوومە بە چ مەبەستێک بە کاری دەهێنم. لە پێشەکیی ئەم نامەیەیشدا ئاماژەم پێ کرد. بەکورتی ڕەخنەگری میللی لە ڕوانگەی میللییەوە دەڕوانێتە چەمکەکان و بە هەمان زمانی باوی کۆمەڵگە لێیانەوە دەدوێت. بەندبێژ و گۆرانیبێژی میللی لە سەرچاوەی ڕەسەنەوە شتەکانیان وەردەگرن و لە ڕێی هونەری دەنگەوە دەیانگەیەنن، بەڵام بە گشتی ڕەخنەگری میللی لە دنیای شمەکەوە دەیانهێنێت و بە هەمان تێگەیشتنی باو دەیانخاتە ڕوو، کە هەمان زمانی باوی کۆمەڵگەیش بە کار دەهێنێت. لێرەیشدا دوو جۆر ڕەخنەگری میللی هەن. یەکەمیان، پەنا بۆ فریودان نابات و بانگەشەی ئەوە ناکات خەریکی کاری هزرییە، بەڵام دووەمیان، نەک هەر دەیەوێت جەماوەر فریو بدات، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەیشدایە شتەکانی بسەپێنێت. وەک بەردەوام گوترا هەندێکیان لە ڕێی دامودەستگەی حزبییەوە بوونەتە خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی و پەلاماری کەسێتیی نووسەران دەدەن،

هاوکات بە نووسینی سادەی سادەنووساندا هەڵدەڵێن. ئەوانە لە هەر کوێ لاوێک ڕەخنە بگرێت، یان سەرنجێک لەبارەی نووسەرە جەماوەرییەکانەوە بخاتە ڕوو، ئەوە چ لە ڕێی ئەکاونتی ساختەوە بێت و چ لە ڕێی هیی خۆیانەوە جنێوی پێ دەدەن و هەوڵ دەدەن دەمکوتی بکەن.

ڕەخنەگرێکی میللی، ئەوەی وێنەی لەگەڵ نووسەرە جەماوەرییەکەدا گرتووە و بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونیەوە ئەو وشانەی نووسیون، کە نموونەمان لێ هێنانەوە، لە کۆمێنتێکدا پەلاماری (عادیل عەبدوللا)ی داوە، تەنیا لەبەر ئەوەی سەرنجی خۆی لەبارەی ڕۆمانی (مردنی مامۆستا عینایەت)ـەوە نووسیوە. واز لەوە دەهێنم چۆن دیسان پێشانی داوە لە چ ئاستێکدا بیر دەکاتەوە، بەڵام هێندە دەپرسم ئایا سەیر نییە کەسێک بیستوپێنج ساڵە وتار لەو بارەیەوە دەنووسێت، گۆیە ڕەخنە گرنگە و کەسانێک ڕەخنە قەبوڵ ناکەن، کەچی بەم شێوەیە نەک پەلاماری نووسەر بدات، بەڵکوو بە (کولتور مەگەزین)یش بڵێت نابێت بابەتی بۆی بڵاو بکاتەوە؟ خۆشبەختانە (ئیسماعیل حەمەئەمین) یەکێک نییە لەوانەی فریویان خواردووە و بوێریی ئەوەیشی

هەیە ڕەخنە بگرێت. ئایا ئەو ڕەخنەگرە میللییە هاتووە ڕووبەڕووی بۆچوونەکانی (عەبدوللا) ببێتەوە، یان تەنیا ویستوویەتی دەمکوتی بکات؟ ئەگەر (عەبدوللا) پرسیویەتی چۆن دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا هێندە بنووسێت، ئەوە ئەم ئەوەی وا داناوە گۆیە نووسەرەکەمان چالاکە و ئەوانەی دی ناچالاکن. ئایا ئەو ڕەخنەگرە میللییە خۆی لەبارەی ئەوەوە نەینووسیوە، گۆیە من زۆر دەنووسم و زووزوو کتێب چاپ دەکەم؟ هەمووی دوو سێ جار لە تیڤی دەرکەوتووم و چەند جارێک کۆرم گێڕاوە، دەنا بەشی زۆری کاتمم بۆ کاری تایبەتم تەرخان کردووە. نە بە ناوی ڕاستینەی خۆم و نە بەئاکاونتی ساختەیش لە سۆشیاڵمیدیام. ئینجا وەک گوترا دەق خۆی دەدوێت و پێمان دەڵێت نووسەرەکەی چ چالاکییەکی تێدا کردووە، بەڵام ئەو ڕەخنەگرە میللییە وەک نموونە باڵاکەی هەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە بگەڕێتەوە. هەمان دۆخ بۆ من نابێت و بۆ ئەو گونجاوە، کە ئەمە هەڵەیەکی لۆجیکییە و [بە تەنیا ئەو نا (special pleading)] ناسراوە. (شۆپنهاوەر) لە کتێبەکەیدا لێوەی دواوە، بەو مانایەی یاسایەک هەیە و بەسەر هەموواندا جێبەجێ دەبێت،

جگە لە یەکێک، بێ ئەوەی بەڵگەیەک بهێنرێتەوە بۆچی ئەو کەسە جودایە.([132]) من لە کتێبی (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)دا ئەم نموونەیەم هێناوەتەوە: دەرویشێک دەڵێت هەموو ئەوانەی پارە کۆ دەکەنەوە، زاڵمن. کەسێک لێی دەپرسێت: شێخەکەی تۆیش؟ ئەو دەڵێت تەنیا ئەو نا. لەو ڕەخنەگرە میللییە دەپرسم بۆچی دەرکەوتنی زۆری نووسەری جەماوەری چالاکییە و هیی ئێمە ناچالاکییە؟

پێویستە بگوترێت (عەبدوللا) زۆر پۆزەتیڤانەیش باسی ڕۆمانووسەکەی کردووە، بەڵام دیارە نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕەخنە بگرێت و بپرسێت. ئایا ڕەخنەگری میللی بەوەندە وازی هێناوە؟ نەخێر. تەنیا یەک ڕۆژ، یان دووانی پێ چووە و لە ڕۆژنامەی هەولێردا بە وتارێک پەلاماری خۆی و (کولتور مەگەزین)یشی داوەتەوە. کاتێ تۆ خاوەنی ئەم تێگەیشتنەیت و ڕۆژنامەی حزبیشت لە بەردەستدایە،

[132] Schopenhauer, A., 2011. The Art of Being Right (Translated by Thomas Bailey Saunders). Preliminary: Logic and Dialectic. [online] Xenopraxis.net. Available at: http://xenopraxis.net/readings/schopenhauer_artofalwaysbeingright.p df

ئەوە پەلاماردانی ڕەخنەدۆزان و پێداهەڵگوتنی سادەنووسان ئاسانە. ئەگەر خۆی، یان کەسێکی دی پێی وایە لەم وتارەیدا ڕستەیەک هەیە و هیی ئەوە نییە قاقای بۆ لێ بدرێت، با بێت و ئاگادارم بکاتەوە! سێ دەیەیە بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵی دەمکوتکردنی ڕەخنەدۆزان دەدرێت و ئەو نووسەرە جەماوەرییە هەڵدەکێشرێت. ئەگەر ئەمەیان بۆ هەر نووسەرێکی تر بکردایە، ئێستا وەک ئەو دەبووە خاوەنی ناوبانگ، کە لای ئەوان ناوبانگ دەکەوێتە سەرووی هەموو شتێکەوە. ئەو ڕەخنەگرە میللییە گوتوویەتی نابێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، بەڵکوو پێوستە خەڵات بکرێت. ئەرێ لە ڕوانگەی ئەو (هایدیگەر)ـەی زووزوو ناوی دەنووسێت و یەک دێڕی لێ وەرناگرێت، خەڵات چ مانایەکی هەیە؟ ئەمە نموونەیەکە و پێشانمان دەدات کایەی ڕەخنە تا چ ئەندازەیەک کراوەتە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و تێیدا لە ڕێی چاوسوورکردنەوە، جوێن، سووکایەتیپێکردن، هەڕەشە، پەلامار و شتی دیکەوە ئەفسانەی نووسەری مەزن هەڵدەچنرێت. نووسەری مەزن خۆی وەک گوترا لەم سێ دەیەیەدا جوێنی بە دەیان کەس داوە، بێ ئەوەی جارێک ڕووبەڕووی بۆچوونیان ببێتەوە.

ئایا خاوەنی ئەم گوتە ڕەونەقدارانە هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە، یان لە ڕێی لایەنگرانیەوە پەلامار دەدات؟ ئایا ئەو نووسەرە جەماوەرییە و ڕەخنەگرە میللییەکەی لایەنگری کاتێ جنێو بە دایکی (دژوار ڕووناک)دا، تەنیا لەبەر ئەوەی بۆچوونی جیاوازی لەبارەی نووسینی ئەو نووسەرە جەماوەرییەوە دەربڕی، هاتنە دەنگ؟ لە ڕۆژنامەی هەولێردا ڕوونکردنەوەیان بڵاو کردەوە و گوتیان ئەمە پێوەندیی بە ئێمەوە نییە؟ ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییانە بۆچی هاتوونەتە ناو دنیای نووسینمان؟ چونکێ وەک پێشتر لای (هایدیگەر) گوترا زمانی نووسەرە جەماوەرییەکەمان هەمان زمانی کۆمەڵگەیە و هەمان تێگەیشتنیش دەردەبڕێت. جەماوەر بە ئاسانی لێی تێدەگەن و خۆیانی تێدا دەبینەوە. ئەو شەڕانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا کردوویانن و دەیانناسن، بە ئاسانی بۆ دنیای نووسینیان دەگوێزنەوە. ئایا دەکرێت دوو کەس لەسەر کتێبێکی (دێریدا)، یان لەسەر ڕۆمانێکی (کۆندێرا) بیکەنە شەڕ و جوێن بە یەکتر بدەن؟ ئایا تێگەیشتن و زمانی ئەوان ڕێی ئەم شەڕە دەدات؟ سەرەڕای جیاوازیی زۆرم لەگەڵ (مەریوان وریا قانیع)، بەڵام دەپرسم کێ بە هۆی

بەرهەمێکی ئەوەوە جێوێی داوە، یان جێوێی پێ دراوە؟ ئایا (قانیع) خۆی جێوێی بە کەسێک داوە؟ دەتوانم بڵێم بەم ئاڕاستەیە کاری نەکردووە، بۆیە ڕەخنەگرە میللییەکان لە دەوریدا کۆ نابنەوە.

ئەو ڕەخنەگرە میللییە وەک خۆی گوتوویەتی بە هۆی ئەم نووسەرە جەماوەرییەوە دەیان دەروازەی لە بەردەمدا کراونەتەوە، کەچی ئەمە تێگەیشتنیەتی، ئەدی پێشتر چۆن بووە؟ ئەمانە دەروازەی گەورەن؟ لە خۆم دەپرسم: ئەرێ دەتزانی ڕۆژگارێک ئەوانەی لە سەرەتای ڕاپەڕیندا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، گۆیە پڕۆژەی گەورەی توێژینەوە و ڕەخنەیان هەیە، ئەمە بەرهەمیان بێت؟ لەم ئاستەدا بنووسن و بەم شێوەیە کار بکەن؟ پڕۆژەی ئەوەیان هەیە چۆن ڕێ لە هەر کەسێک بگرن ڕەخنە بگرێت و چۆنیش ئەگەر ڕەخنەی گرت، دەمکوتی بکەن؟ نووسەری جەماوەری خەریکی ئەم شتانەیە، بۆیە کاتێ بۆنەیەکی جەماوەری دێتە پێشەوە، گوتەیەکی لەم شێوەیە دەنووسێت: (هەڕەشە لەسەر بوونی کورد هەڕەشەیەکی وجوودییە.). لەبەر ئەمانەیە سەردەمەکەمان ناوی قاقایە.

دەگەڕێینەوە لای ئەو ڕستە سادانەی ڕۆمانتووسەکەمان لەو گفتوگۆیەدا نووسیونی. بەو مەبەستەی پێشانی خۆمی بدەم ئەم گوتانە تا چ ئەندازەیەک سادەن، بگرە فریودەرن، ئەوە هەوڵ دەدەم لەبارەی چەمکی ژیان و مەرگەوە باسێک بخەمە ڕوو، بەو مانایەی گەشتێک بە فەلسەفەدا بکەم و لای هەندێک لەو فیلۆسۆفانەی لەبارەی ئەو دوو چەمکە گرفتئامێزەوە بۆچوونیان خستووەتە ڕوو، لا بدەم. پێم خۆشە لە (نیتشە)وە دەست پێ بکەم، بەوەی ئەم دوو چەمکە لەسەر دەستی ئەودا گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەسەردا دێت. لەوێشەوە دەگەمە لای (هایدیگەر)، (کامیۆ)، (فۆکۆ)، (بارت) و (دێریدا)، تا ڕوانینی ئەوانیش هەر لەم ڕووەوەوە بە سەر بکەمەوە. لە ئێستاوە دەڵێم ئەگەر لای زۆرینەی ئەو فیلۆسۆف، دەروونناس، کۆمەڵناسانە بوەستم، کە لەبارەی ئەو دوو چەمکەوە نووسیویانن، ئەوە باسەکە درێژ دەبێتەوە، کە ئێستا دەرفەتی ئەوەم نییە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، بەو مانایەی ئەگەر خۆی، یان هەر نووسەرێکی دی ئامادەی گفتوگۆیە، ئەوە دەگەڕێمەوە لای و هەوڵی فرەوانکردنی دەدەم. ئایا هەر بۆ نموونە ڕوانینی (فرۆید) و (دۆرکایم)، ئەمیان وەک دەروونناس و ئەویان

وەک کۆمەڵناس هیی ئەوە نین ڕووبەڕێکی فرەوانیان بۆ تەرخان بکرێت؟

کەواتە ئێمە بەو مەبەستەی پێشانی بدەین ئەم تێگەیشتنە تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە و چۆن ڕاستەوخۆ لە زمانی کۆمەڵگە وەرگیراوە، پێویستە ڕوانگەیەکی فەلسەفی لەبارەی ژیان و مەرگەوە بخەینە ڕوو، بەو مانایەی بڵێین هەر کاتێ ئەم چەمکە لەم ئاستە میلليیە دوور دەخەینەوە و بەرەو ئاستی ئاماژەی دەبەین، ئەوە دایەڵۆگ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی فەلسەفی دادەمەزرێنین، کە لەم بارەیەوە کۆڵیویانەتەوە. بەوەدا نووسەری جەماوەری ئەم ئارەزووەی نییە، ئەوە لە ئاستی خۆیەوە ئەو شتە دەردەبڕێت وا لە ڕێی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانەوە خزاوەتە ناو زمانیەوە و هەر ئەوانیش ئەو خودەیان پێک هێناوە.

بەوەدا سالانێکە ڕووبەڕووی هزر و زمانی میللی دەبمەوە، ئەوە لێرەیشدا هەوڵ دەدەم ئەم چەمکە فڕێدراوانە هەڵبگرمەوە، تا بە ئاڕاستەی دایەڵۆگیاندا ببەم و بیانگەیەنمە جیهانی ئاماژە، کە هەمیشە گوتوومە جهیانێک نییە دژی

جیهانی شمەک بێت، بەڵکوو تەنیا جیهانی تێپەڕاندنی تێگەیشتنەکانە. بە مانایەکی دی، ئەگەر نووسەری جەماوەری لە ڕوانگەی باوی خەڵکەوە دەڕوانێتە شتەکان، ئەوە کاتێ ڕووبەڕووی تێگەیشتنە باوەکەی دەبمەوە و هەوڵی تێپەڕاندنی دەدەم، ئەم کردەیە هەم جینیالۆجی و هەم ئارکیۆلۆجییە، بەو مانایەی لە یەک کاتدا چەمکەکان هەڵدەکۆڵێت و بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانیشیانی دەگەڕێنێتەوە، تا ئەم فریودانە دەربکەوێت و وەک خوێنەرێک خۆم لە ڕووبەرێکی دیکەدا بدۆزمەوە، کە تێیدا خودی خۆم بەر لە هیی ئەوەی دیکە تێپەڕێنراوە و چووەتە ئاستێکی دیکەوە.

بیرۆکەی مەرگی خوداوەند لای (نیتشە) هەر خۆی مانای لەدایکبوونی کولتوورێکی نوێیە. لە (زەردەشت وەها دوا)دا ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە پێی وایە مەرگی خوداوەند واتە مەرگی دواڵیزم. لە کتێبی (لەپشت چاکە و خراپەدا)دا زیاتر هەوڵی تێکشکاندنی ئەو دواڵیزمە دەدات. پێی وایە ئیدی ژیان لە بەرانبەر مەرگدا نییە. کاتێ خوداوەند بوونی نامێنێت، واتە دنیا و قیامەت لە بەرانبەر یەکتردا نین. هەر

ئەمە خۆی مەرگی ڕەوشتیشە، کە لە کولتووری خۆرئاوا، لە کریستیانەتیدا جێگیر بووە. ئەو بیرۆکەیە لای هەر یەکێ لە (هایدیگەر)، کە دەگوترێت زەمەنێک لە دایک نابێت، تاکوو زەمەنێک نەمرێت، لای (فۆکۆ)، کە بانگەشەی مەرگی مرۆڤ دەکرێت، لای (بارت)، وەک دەبینین مەرگی دانەر ڕادەگەیەنرێت، لای (دێریدا) جارێی مەرگی قسە و لەدایکبوونی نووسین دەدرێت، هەیە و هەموویان تێکڕا لەوەدا خۆیان دەنوێنن، کە ئەو کولتوورەی ئێستا لە ئارادایە، کولتووریێکی زاڵە و دەبێت بمرێت، بەو مەبەستەی هیی نوێ لە دایک ببێت.([133])

(نیتشە) لە کتێبی (لەدایکبوونی تراجیدیا)دا دەنووسێت: لەگەڵ مەرگی تراجیدیای یۆنانیدا بۆشاییەکی گەورە لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێ کرا. دەریاوانە یۆنانییەکان لە سەردەمی تیباروسدا قیژەیەکی تۆقێنەریان بییست، کە لە دوڕگەیەکی تەنیاوە دەهات و دەیگوت خوداوەندی پانی

[133] کاکەسوور، کاروان عومەر، گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام، لە بڵاوکراوەکانی مالّی وەفایی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2019.

مەزن (great Pan) مرد. لە هەموو جیهانی هیلینیدا دەنگێکی ئازاربەخش دەیگوت: (تراجیدیا مرد).([134])

(نیتشە) لێرەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە عەقڵانیەت بووە هۆی کوشتنی تراجیدیای یۆنانی. (سۆکرات) بە کوشتنی تۆمەتبار دەکات. ئەو تراجیدیایە هاوسەنگیی لەنێوان دایۆنایس (dionysus) و ئەپۆلۆ (apollo) پێک دەهێنا. گەشەکردنی هونەر پێوەستە بەم دوالێزمەوە، کە ئەو دوو غەریزە جیاوازەی لە سروشتەوە هەڵقوڵاون، شانبەشانی یەک دەچنە پێشێ و لە ململانێدان. واتە بەرزکردنەوەی غەریزە و ژیان لەپێناوی پاراستنی جۆرەکە. بە یەککرتنی ئەو دوو غەریزە جیاوازە، هونەری باڵا لە دایک دەبێت، کە ئەوە دەربڕینی قوولاییی تراجیدیایە. تیکەڵبوونی پیاوەتیی زبری ئەمیان و ژنێتیی هێمنی ئەویانە. ئەپۆلۆ دەتوانێت ئەو شتانەی دایۆنایس لە شێوەی جواندا دەربخات، بەوەی هونەرمەندی شێوەسازە. ئەمەیە هێز بە هونەر دەدات، تا

[134] Nietzsche, Friedrich, The Birth of Tragedy; Or, Hellenism and Pessimism: The Complete Works of Friedrich, Nietzsche. Edited by DR OSCAR LEVY. Translated by WM. A. Haussmann. Volume One. (1923). Section 11. PP.86

بەهای جوانی بە شتە ناشیرین و بەدڕەوشتەکانیش ببەخشێت. ئەوە دەردەبڕێت، کە مەگەر تەنیا وەک دیاردەیەکی جوانیناسییانە پاساو بۆ ڕەوایەتیی هەتاهەتایەی بوون و جیهان بێنینەوە.([135]). واتە ئەو جواننییە وامان لێ دەکات چاو لەو هەموو ناشیرینییەی دنیا بپۆشین، لە کاتێکدا جوانی پێویستی بەوە نییە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە.

پێی وایە ئەو چێژە مێتافیزیکییەی لە تراجیدیادا هەستی پێ دەکەین، حیکمەتی غەریزەی ناهۆشیارییانە (unconscious)ی دایۆنیسیەتە و بۆ زمانی وێنە گۆڕاوە. ئەوە لە ویست (Will)دا بەرجەستەیە، کە دەیەوێت لەپێناوی ئاسوودەییماندا خۆی لە ناو ببات. ئینجا ئەپۆلۆ، بەوەدا نوێنەری هونەری شێوەسازییە و لایەنی جوانکاری لە خۆ دەگرێت، لە ڕێی ئەو جواننییەیەوە بەسەر ناخۆشییەکانی ژیانماندا زاڵ دەبێت، کە لای (نیتشە) ژیان دەکەوێتە سەرووی حەقیقەت و هەر شتێکی دیکەیشەوە. لە بەشی (354)ی لەژێر ناونیشانی (لەبارەی زیرەکیی جۆرەکانەوە: On the Genius of the Species) لە کتێبی (زانستی

[135] Ibid. PP.8

شاد)دا دەڵێت هۆشیاری تەنیا لەژێر فشاری پێویستیی بۆ پێوەندیکردن (the need for communication)دا گەشە دەکات. سەرەتا ئەو هۆشیارییە پێویست و بەسوود نییە، تا ئەو کاتەی دەچێتە نێو پێوەندیی مرۆڤەکانەوە، بە تایبەتی لەنێوان ئەوانەی فەرمان دەردەکەن و ئەوانەی بە جێی دەهێنن (those who commanded and those who obeyed). هۆشیاری بەپێی ڕادەی ئەو پێویستییە گەشە دەکات.([136]) واتە هۆشیاری تەنیا بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەوەی لەو ڕێیەوە هەستی دڵنیاییی بۆ دابین دەبێت. هەر لێرەیشەوە زمان هاتووەتە دی، بەوەی زمان ئەو ڕووبەرەیە، کە مێتافیزیکا تێیدا دەردەکەوێت وا دەکات مانا ئەزەلیەتی خۆی بپارێزێت. واتە مێتافیزیکا مەبەستیەتی ناسنامە و تاکڕەهەندیی مانا لەسەر حیسابی جیاوازی، درێژە پێ بدات. بەم شێوەیە هۆشیاری بە ژیانەوە پێوەست دەکات و لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبێتەوە. بنەمای حەقیقەت بۆشە، بەوەی تا ئەو کاتە درێژەی دەبێت، کە سوود بە ژیان دەگەیەنێت. کاتێ حەقیقەت بە ژیانەوە پێوەست دەکەین، ئەوە ئەو حەقیقەتە

[136] Nietzsche, Friedrich, The Gay Science: With a Prelude in Rhymes and an Appendix of Songs. Translated With Commentary by Walter Kaufmann. (1974). VINTAGE BOOKS A Division of Random House New York. PP. 298

لەپێناوی خۆیدا حەقیقەتە، نەوەک لەپێناوی شتی تردا، کە سوود خۆی دەخزێنێتە ناویەوە. پێی وایە حەقیقەت لە وەهم زیاتر شتێکی دی نییە، بەڵام ئێمە لە بیرمان چووەتەوە، کە بەم شێوەیەیە. بەو مەبەستەی ئەوەمان بۆ دەربکەوێت، پێویستە پەنا بۆ جینیالۆجیای بەهاکان ببەین.

مەرگی خوداوەند مەرگی ئەو میراتەی پلاتۆیە، کە بەناو کریستیانەتی و فەلسەفەدا درێژ دەبێتەوە، دەنا مەبەست لەو خوداوەندە نییە، کە تێگەیشتنی گشتی ناسیویەتی. (دێریدا) لەجیاتیی مەرگ، سنووردارى بە کار دەهێنێت، بەوەی نایەوێت بە ئاسانی بڕیاری مەرگی فەلسەفە بدات.([137])

(نیتشە) لە پێشەکیی کتێبی (لەپشت چاکە و خراپە)دا چەمکی پلاتۆنیزمی جەماوەری (Platonism for the people) بە کار دەبات، بەو مانایەی دەستگرتن بە دوالێزمەوە، کە لە کریستیانەتیدا بەرجەستەیە، میراتی (پلاتۆ)یە و بۆ ئەم

[137] Calano, Mark Joseph T., Derrida and the "Death of God". 2014. PP.1. Available at:

https://archium.ateneo.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1323&context=budhi

ئایینە ماوەتەوە، بگرە کریستیانەتی شتێک نییە جگە لە کورتکردنەوەی پلاتۆیۆنیزم بۆ جەماوەر، بەوەی ئەو دابەشکارییەی جیهان بەسەر دوو لادا، هیی ئەو فیلۆسۆفەیە.[138] لە کتێبی (زانستی شاد)دا پێی وایە باوەڕی کریستیانەتی هەر باوەڕی (پلاتۆ)یە.[139]

هەر لەم ڕووەوە دەنووسێت: قسەکردن لەبارەی ڕۆح و چاکەوە، کە (پلاتۆ) پێی دەدوێت، کودەتایەکە بەسەر حەقیقەتدا و نکوولێکردنە لە ڕوانگەیەک (واتە بۆ مەرجێکی گەوهەری) بۆ ژیان، بگرە مرۆڤ وەک پزیشکێک دەپرسێت: ئەرێ ئەم دەردە چۆن پەلاماری (پلاتۆ)ی دا، ئەو باڵاترین بەرهەمەی چاخی دێرین؟ ئەرێ هەر بە ڕاستی (سۆکرات)ی خراپەکار ئاوها گەندەڵی کرد؟ ئایا ئەو (سۆکرات)ـەی بە دەر لە هەموو شتێک لاوان گەندەڵ دەکات، شایستەی

[138] Nietzsche, Friedrich, Beyond Good and Evil: Prelude to a Philosophy of the Future. Authorised translation by Helen Zimmern. The Macmillan Company in. 1907. PP.xvi

[139] Nietzsche, Friedrich, The Gay Science: With a Prelude in Rhymes and an Appendix of Songs. Translated With Commentary by Walter Kaufmann. (1974). VINTAGE BOOKS A Division of Random House New York. PP. 283

خواردنەوەی ئەو ژەهرەیە (hemlock)؟ بەڵام جەنگان لە دژی (پلاتۆ)دا، یان بە مانایەکی ڕوونتر و گونجاو بۆ خەڵک جەنگان لە دژی سەرکوتی کلیریکیدا، کە بە هەزاران ساڵ (millennium) کەنیسە پیڕۆی کردووە؛ کریستیانەتی شتێک نییە جگە لە پلاتۆنیزم بۆ جەماوەر.([140])

ئەگەر خودی کریستیانەتی دریژکراوەی پلاتۆنیزمە و لەسەر دابەشکاریی شتەکان دامەزراوە، ئەوە (نیتشە) بایەخ بە ڕوو دەدات، تا پێشانی بدات ئەوەی دەگوترێت شتەکان لە قوواڵییدان و شاراوەن، تەنیا فیڵێکی میتافیزیکییانەیە. لە ڕێی چەمکی مەرگی خوداوەندەوە ڕووبەڕووبوونەوەی خودی عەقڵ و زانستیش دەبێتەوە، بەوەی ئەوانە هێشتا لەو تێگەیشتنەی کریستیانەتی ڕزگاریان نەبووە، بەڵکوو هەر لەسەر دوالێزم دامەزراون. ئەگەر حەقیقەت بە لاوە بنرێت و شتەکان بنەمای چەسپاویان نەبێت، بەڵکوو تێکڕایان بۆ کردەی ویستی هێز بگەڕێنەوە، ئەوە واقیع لەوە دەردەچێت یەکگرتوو بێت، بەڵکوو دەبێتە بێژمار پارچە و

[140] Nietzsche, Friedrich, BEYOND GOOD AND EVIL. PP.2-3

لەژێر ڕکێفی تاکڕوانینەوە دەردەچێت، کە ئەمە وەها دەخوازێت پێداچوونەوە بە ڕێکخستنەوەی بەهاکاندا بکرێت.

وەک پێشانمان دا ئەم تێگەیشتنەی (نیتشە) بە هێزێکی گەورەوە ڕۆ چووەتە ناو کردەی گێڕانەوەی ڕۆمانی فرەدەنگەوە، بەوەی نەک هەر نووسەر، بەڵکوو ڤەبێژەریش دەستەڵاتی نەماوە، بەڵکوو لە هەر دەقێکدا کۆمەڵێک ڤەبێژەری جیاواز دەردەکەون و لە ڕوانگەی جیاوازەوە شتەکان دەخەنە ڕوو، بۆیە ناکرێت ڕۆمان لە شتێکدا کورت بکرێتەوە، وەک ئەوەی ئەم ڕۆماننووسە جەماوەرییە دەستی بۆ بردووە. هەموو ڕۆمانەکە لەم دوو سێ وشە سادەیەدا شوێنی بووەتەوە، چونکێ ڕوانگەی سادەی نووسەرەکە دەردەبڕێت. (مردنی کۆمەڵگە) مانای چییە؟ ئایا هەر لەم سی ساڵەدا بەردەوام ئەم چەمکە فرێ نەدراوە؟ ئایا ئەو نووسەرە دەتوانێت چوار دێڕی ترمان هەر لەم بارەیەوە بۆ بخاتە سەر ئەم گوتە پێکەنیناوییەی؟

(نیتشە) دەپرسێت: ئەرێ نەتانبیستووە شێتێک لە ڕۆژی ڕووناکدا چرایەکی هەڵکردووە و بەرەو گۆڕەپانی گشتیی شار ڕا دەکات، بەبێ وەستان دەنگ هەڵدەبڕێت: بەدوای

خوداوەندا دەگەڕێم! بەدوای خوداوەندا دەگەڕێم![141] ئەوانەی لەوێن بێباوەڕن و گاڵتەی پێ دەکەن، تا ئەو دەمەی پێی دەگوترێت خوداوەند مرد. ئێمە کوشتمان. تۆ و من.[142]

ئەو فیلۆسۆفە چەمکی کوشتن لەژێر دەستەڵاتی ئەو تێگەیشتنە مێتافیزیکییە دەردەهێنێت و دەیخاتە ناو ژیانی مرۆڤەوە، تا هیچی دیکە ئەوان بڕیار لەسەر ژیان نەدەن. لە پارچەی (80)، لەژێر ناونیشانی (پیری و مەرگ) لە کتێبی (مرۆڤێکی قاڵبوو لە مرۆڤایەتییەکەیدا)دا دەنووسێت: دوور لە بڕیارەکانی ئایین، بۆچی پیرێک، کە ئەوەتە وا هەست دەکات هێزی لێ بڕاوە، چاوەڕێ ببێت بە هێواشی بپووکێتەوە و لە ناو بچێت، نەوەک بە هۆشیارییەکی تەواوەوە سنووربێک بۆ خۆی دابنێت؟[143]

---

141 Nietzsche, Friedrich, The Gay Science: With a Prelude in Rhymes and an Appendix of Songs. Translated With Commentary by Walter Kaufmann. (1974). VINTAGE BOOKS A Division of Random House New York. PP. 181

142 Ibid.

143 Nietzsche, Friedrich, Human, All Too Human. The Complete Works of Friedrich Nietzsche. Edited by DR OSCAR LEVY.

لە ڕێی ئەم پرسیارە ڕادیکاڵەوە ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە باوە دەبێتەوە، کە نەک هەر بڕیار لەسەر ژیانی مرۆڤ دەدات، بەڵکوو مافی مردنەکەیشی لێ دەستێنێتەوە. لە کتێبی (زەردەشت وەها دوا)دا ناونیشانی (مەرگی خۆبەخش) دادەنێت و لەژێریدا دەنووسێت: هەندێک درەنگ و هەندێکیش زوو دەمرن، کەچی ڕێنوێنییەکە دەنگدانەوەیەکی سەیری هەیە: لە کاتی گونجاودا بمرە! (زەردەشت) ئەوە فێر دەکات: (لە کاتی گونجاودا بمرە!). ئەرێ بە ڕاست! ئەوەی هەرگیز لە کاتی گونجاودا نەژیابێت، چۆن لە کاتی گونجاودا بمرێت؟ خۆزگە هەرگیز لە دایک نەبوونایە!... هەموو وەهای دادەنێن مەرگ کارێکی مەزنە، بەڵام مەرگ هێشتا نەبووەتە جەژن، ئەگەر خەڵک فێری ئەوە نەبووبێتن چۆن چاکترین جەژن بگێڕن.([144])

Translated by Helen Zimmern. Introduction by J. M. Kennedy. Volume Six. Part One. (1924). PP.85

[144] Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York. PP.75

دەگاتە ئەوەی بڵێت: با پارێز لەو چەمکە دژبەیەکانەی وەک (عەقڵی پەتی)، (ڕۆحانیەتی ڕەها)، (زانین لە خودی خۆیدا) بکەین، کە لێرەدا داوامان لێ دەکرێت (چاو)ێک بهێنینە بەرچاو، کە هێنانەبەرچاوی هەر تەواو مەحاڵە (unthinkable)، چاوێک ناڕوانێتە لایەکی دیاریکراو، چاوێک تێیدا هێزە کاریگەر و ڕاڤەکارەکان سەرکوت و ون دەکرێن، کەچی لە ڕێیەوە کرداری بینین دەکرێتە بینینی شتێک (seeing-something). ئینجا ئەوەی داوامان لێ دەکرێت ئەوەیە، ڕوانینێکی بێهوودە و بێمانای چاو بهێنینە بەرچاو. دەسا تەنیا بینینی ڕوانگەگەرایی (perspectival seeing) و زانینی ڕوانگەگەرایی (perspectival knowing) هەن. تا ئەو کاریگەرییانە زیاتر ببن، کە دەکرێت لە وشەکان لەبارەی شتێکەوە دابڕێژین، (چاوەکان)یش زیاد بکەن، واتە گۆشەنیگاکان، کە دەتوانین بۆ هەمان شت بە کاریان بهێنین، تێگەیشتنیشمان

(concept) بۆ ئەو شتە زیاد دەبێت، بابەتیشمان زیاتر بەرەو تەواوبوون دەچێت.([145])

وەک دەبینین فرەڕوانگەیی (perspectivism) لای (نیتشە) هاوواتای فرەدەنگییە، بەو مانایەی دوو ڕوانگەی جیاوازی دژبەیەک ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە: هیی مرۆڤی باڵا و هیی کۆتامرۆڤ. یەکەمیان بنەمای باش و بێکەڵک (good and bad) لە بەرچاو دەگرێت، کە چ بەهایەک هیی ژیانە و چی زیان بە ژیان دەگەیەنێت، بەڵام دووەمیان شتەکان بەسەر خێر و شەڕ (good and evil) دابەش دەکات، کە دەیەوێت لەو ڕێیەوە خۆی بگونجێنێت و نەهێڵێت دابببڕێت. لە ڕێی سەرچاوە ئاسانکراوەکانی ئایین و ئایدیۆلۆجیاوە دەڕوانێتە ژیان و هەوڵ دەدات بەپێی ئەو سەرچاوانە ڕێکی بخات، تا لەگەڵ تێگەیشتنە کڵێشەدارەکەی ڕێک بێتەوە. ئەم تێگەیشتنە مێتافیزیکییەی خۆی لە دڕووشم و هوتافدا بەرجەستە دەکات، گۆیە دەیەوێت

[145] Nietzsche, Friedrich, On the Genealogy of Morality. DITED BY KEITH ANSELL-PEARSON Department of Philosophy, University of Warwick TRANSLATED BY CAROL DIETHE. CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS. 1994,2007.PP.87

جیهانێکی یەکسان بهێنێتە دی، کە چەوسانەوەی تێدا نەبێت. بە مانایەکی دی، بیرۆکەی ئەو یەکسانییەی جارێ بۆ دەدات، بەو تێگەیشتنە لاوازە دایمەزراندووە. دەیەوێت هەر بەو هۆیەوە تۆڵە لە بەهێزەکان بکاتەوە. هەم خۆی و هەم لایەنگرانی وەک قوربانی پێشان دەدات، بەو مانایەی ئامادەیە خۆی بۆ بابەت بگۆڕێت، بابەتێک بۆ ڕاکێشانی سۆز و بەزەیی. هەمیشە وای ڕادەگەیەنێت کەسانێک بە تێگەیشتنی بەدیان یاساکان دەشێوێنن و بەها گشتییەکان لە بەرچاو ناگرن. ئەوانە نەخۆش، نەخوێندەوار، نەفام، گەنەمرۆڤ، ناخبۆش، مایەپووچ و هیی دیکەن. نووسەری جەماوەری و ڕەخنەگری میللی لەجیاتیی ئەوەی ڕووبەڕووی چەمکەکان ببنەوە، ئەوە پەنا دەبەنە بەر بە تێگەیشتنی جەماوەر و لە ڕێی جنێوەوە بابەتەکان یەکلا دەکەنەوە. پەلاماری نووسەران دەدەن تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان گرتووە، یان سەرنجیان نووسیوە، بێ ئەوەی بە لای کەسێتییاندا چووبێتن. لە ڕێی کۆمەڵێک گوتەی ڕەوشتئامێزی وەک ئێوە دژی چاکەن، چاوتان بە داهێنەری مەزن هەڵنایەت، دەتانەوێت ناوتان لەگەڵ هیی نووسەری مەزن بێت، نازانن بنووسن و هیی دیکەی لەم بابەتە

دەمکوتیان دەکەن. کۆمەڵێک لەو ڕەخنەگرە میللییانە بۆ ئەم کارە خراونەتە گەڕ. ئەگەر بۆ سەرەتای ڕاپەڕین بگەڕێینەوە، دەبینین نووسەری جەماوەری بەو زمانە سادەیەی گوتوویەتی کولتووری ڕەخنە دادەمەزرێنێت و نایەوێت تاک دەستەمۆ بکرێت، بەڵکوو دەیەوێت ڕەخنە بگرێت، کەچی هەر کەسێک شتی جیاواز لەوەی چاوەڕێیەتی، بڵێت، جوێنی پێ دەدات و لایەنگرانی لە دە لاوە پەلاماری دەدەن.

ڕۆماننووسی جەماوەری لە ڕوانگەی خێر و شەڕەوە دەڕوانێت، بۆیە نەک تێگەیشتنەکەی هیی باوی کۆمەڵگەیە، بەڵکوو زمانەکەیشی هەر بە ئۆتۆماتیکی سادەیە و تەنیا زانراوی پێ دەردەبڕێت. ئەو گوتانەی، کە هەم لە دەقی ڕۆمان و هەم لە گفتوگۆدا دەریاندەبڕێت، سادەن و هەر ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵگە دەتوانێت بیاننووسێت و نووسیویشنی. بەوەدا لە ڕێی سەرچاوەی زانراوی کۆمەڵگەوە بیر دەکاتەوە و ناسنامە لە بەرچاو دەگرێت، ئەوە هەمان تێگەیشتن بەرهەم دەهێنێتەوە. دیارە سەیر نییە، ئەگەر دوای چل پەنجا ساڵ ئەزموونی نووسین هەر

پەنا بباتەوە بەر زمانی کۆمەڵگە و شتەکانی پێ بگەیەنێتەوە جەماوەر. ئەوەی ئەمڕۆ لە وتارێکی، یان لە گفتوگۆیەکیدا دەیڵێت، هەمان ئەوەیانە سی ساڵ لەمەوبەر گوتوویەتی.

هەر لە بابەتی پێوەندیی ژیان و مەرگەوە دەگەینە (هایدیگەر)، کە پێی وایە مرۆڤ بوونە بەرەو مەرگ (being-towards-death).[146] ئەم زاراوە گرفتئامێزە لای ئەو پێوەستە بە دازاینەوە، کە بوونی مرۆڤ دەگرێتەوە. گەوهەری دازاین لەوەدا خۆی حەشار داوە، کە هەیە، دەنا نەمانی، واتە لەوە زیاتر دازاین نییە. دازاین لە زمانی ئەڵمانیدا بە مانای بوونی ئامادە، یان بوون لە بەرانبەر نا(بوون)، (نەبوون) دێت. وەرگێرانی وشەکە بۆ زمانەکانی دی وەک مەحاڵ وایە. (زاین: SEIN) بوونە و (دا: DA) (لەوێ)یە، کە بە هەردووکیان (بوون لەوێ) پێک دەهێنن.

لەم ڕووەوە دەنووسێت: تا ئەودەمەی دازاین بوونێکە، ئەوە هەرگیز ناگاتە تەواوبوون (wholeness)، بەڵام ئەگەر ئەو

[146] HEIDEGGER, MARTIN, BEING AND TIME, Translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publishers Ltd, 2001.pp.293

تەواوبوونە بە دەست هات، ئەوە ئەم بەدەستهاتنە دەبێتە لەدەستدانێکی تەواوی بوون لە دنیادا (Beingin-the-world)، کە لەم دۆخەدا هیچی دیکە وەک بوونێکی تەواو توانای ئەزموونکردنی نامێنێت. هۆکاری مەحاڵێتیی ئەزموونکردنی دازاین بە شێوەی ئۆنتیکی (ontically) وەک قەوارەیەک (واتە وەک بوونەوەرێکی تەواو: als seiendes Ganzes)، ئینجا مەحاڵێتیی دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکەی بە شێوەی ئۆنتۆلۆجی وەک ئەوەی بوونێکی تەواوە (Being-a-whole)، خۆی لە هیچ کەموکورتییەکی توانای مەعریفیماندا حەشار نادات، بەڵکوو پێوەستە بە بەربەستی بوونی خودی ئەو بوونەوەرەوە (Being of this entity).([147])

کاتێ دازاین دەگاتە تەواوی (wholeness) لە مەرگدا، هاوکات بوونەکەی لەوێ لە دەست دەدات. (Being of its there"). بە گواستنەوەی بۆ دۆخی (هیچی دیکە دازاین نییە) [Nichtmehrdasein]، بە تەواوی توانای ئەزموونکردنی ئەم گواستنەوەیە و (تێگەیشتن لێی وەک

[147] Ibid. PP. 280

شتێکی ئەزموونکراو)ی لێ دادەماڵرێت. بێگومان ئەم جۆرە شتە ڕەت دەکرێتەوە بۆ هەر دازاینێک لەوەی پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە، بەڵام ئەمە وا دەکات مەرگی ئەوانەی دی زیاتر سەرنج ڕابکێشێت. بەم ڕێگەیە تەواوبوون [Beendigung]ی دازاین بە شێوەی بابەتی بەردەست دەبێت. لەو ڕێیەوە دازاین دەتوانێت ئەزموونی مەرگ پەیدا بکات، بە تایبەتی دازاین، کە لە گەوهەریدا بوونە لەگەڵ ئەوانەی تردا. لە دۆخێکی وەهادا ئەو ڕاستییەی، کە مەرگ بەم شێوە بابەتییە خراوەتە ڕوو، دەبێت توانای سنووردارکردنی تەواوی ئۆنتۆلۆجییانە پێک بهێنێت.([148])

تەنانەت دازاینی ئەوانی تر کاتێ دەگاتە تەواوی لە مەرگدا، هیچی دیکە دازاین نییە، بەو مانایەی بوون (Being) هیچی دیکە لە دنیادا نییە. مردن مانای دەرچوون لە دنیا و ونبوونی بوون (Being) نییە لە دنیادا. لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤ کاتێ دەمرێت، هیچی دیکە بوونی لە دنیادا نەماوە (ئەگەر بە شێوەی پەڕگر لەوە بگەین)، هێشتا هەر بوونە، بەڵام بەو مانایەی وەک بوونێکی ڕووتی بەردەست، هیچی

[148] Ibid. PP. 281

دیکە شتێکی بەرجەستە (corporeal Thing) نییە، کە ئێمە ڕووبەڕووی ببینەوە. لە مردنی ئەوەی تردا دەتوانین ئەو دیاردە سەرنجڕاکێشەی بوون ئەزموون بکەین، کە دەکرێت وەها پێناسە بکرێت گۆڕینی بوونەوەرە لە شێوەی دازاینی بوون (یان ژیان) بۆ هیچی دیکە دازاین نییە. کۆتاییی بوونەوەر وەک دازاین سەرەتای هەمان بوونەوەرە بەو پێیەی شتێکی ئامادەیە لە بەردەستدا.([149])

بەم شێوەیە لە ڕوانگەی ئۆتۆلۆجییانەی (هایدیگەر)ـەوە مەرگ شتێک نییە بکەوێتە کۆتایی، یان بە هیی ئاییندەی بزانین، بەڵکوو بونیادێکی گەوهەریی دنیایە، بۆیە مەرگ وەک ڕووداوێکی ئاییندە کۆتایی بە ژیان ناهێنێت، مادام پێوەی لکاوە و شێوازەکەی لە ئێستادا پێک دەهێنێت. پێکەوە بە درێژاییی بوون دەچنە پێشێ، بەو پێیەی هەردووکیان بریتین لە عەدەمی مەرگ (nothingness of death)، کە بوون و عەدەم لە یەک جودا ناکرێنەوە. ئەگەر مردن نە لەدەستدانە و نە ونبوونیش، ئەوە دیاردەیەکی بوونگەرایانەیە و هەر دەبێت بەو شێوەیەیش لێی تێبگەین.

[149] Ibid.

وەک دەبینین تەواویی بوون لە مەرگدا پێک دێت، کە ئەم کردەیە بوون دەباتە دنیایەکی تر و ئەو گۆڕانەی تێدا بەرپا دەکات. ئینجا ئەگەر لایەنە ماددییەکەی لە ناو دەبات، ئەوە هێشتا جەستەیەک دەهێڵێتەوە، کە ژیانی تێدا نییە. کەواتە بوون/عەدەم (Being/Nothingness) بە جارێ بریتییە لە ژیان و مەرگ، کە نیگەرانی بەرهەمی ئەمەیە. لەم ڕووەوە پێی وایە مەرگ (ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوە: impending event)، کە لە دەوروبەرماندا ڕووبەڕووی دەبینەوە.([150])

پێی وایە ژیانی ڕۆژانە وەها لەگەڵ دازایندا مامەڵە دەکات، وەک بڵێی شتێکە و بۆ بەکارهێنان ئامادەیە، بەو مانایەی شتێکە بە ڕێوە دەبرێت و دەژمێررێت. لێرەدا ژیان وەک کاری بازرگانی وایە، بە دەر لەوەی، ئاخۆ تێچووەکەی دراوە، یان نا.([151]).

کاتێ بوون (existence) لای (هایدیگەر) دەبێتە پرسیاری سەرەکی، ئەوە مانای ئەوە نییە نەبوون (inexistence)

[150] Ibid. PP. 294
[151] Ibid. PP. 336

بە لاوە دەنێت، بەو مانایەی بوون و نەبوون وەک دوو دۆخی دژبەیەک سەیر ناکات. ئێمە لە ڕێی مەرگەوە بەو (نەبوون)ـە دەگەین، بۆیە شتێک نییە بکەوێتە دەرەوەی واقیعەوە. بەم شێوەیە زانینمان لەبارەی مەرگەوە وامان لێ دەکات لە بوون بگەین، کە هەر ئەوەیشە ڕێگەی تێگەیشتن لە گەردوون. ئەوە ئێمەین لە مەرگ دەکۆڵینەوە، دەنا ئاژەڵ لەمە بێبەشە. هیی مرۆڤ پێی دەگوترێت مردن، بەڵام هیی ئاژەڵ تەواوبوونی ژیانە، چونکێ مرۆڤ دەتوانێت بمرێت. ئەگەر مرۆڤ خودی خۆی لە شوێندا دەبینێتەوە و تێیدا ئەو خودەی ئەزموون دەکات، ئەوە مەرگ هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو دڵنیاییەی وا لە شوێندا بە دەستی هێناوە. ئەو میتافیزیکایەی ئارامیی لێ دەبڕێت، ئارەزووی وێرانکردنی پێ دەدات.

ئەگەر وەک گوترا مردن شتێک نییە لە ئایندەدا ڕوو بدات، بەڵکوو بونیادی ناوەوەمانە و لە هەموو ساتێکی بوونماندا ئامادەیە، ئەوە تەنیا خۆمانین ڕووبەڕووی دەبینەوە، دەنا ناکرێت کەسی دیکە لەجیاتیمان ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ. ئەو مردنەی ئەزموونی دەکەم، هەمیشە مردنی خۆمە، نەوەک

هیی ئەوان. ئەو ڕوانینە هیی ئەو بوونەوەرەیە، کە خاوەنی بوونی ڕەسەنە. لەم ڕێیەوە ناسنامەی تاکانەی خۆی پێک دەهێنێت و هەر ئەم ڕوانینە لە حەشامەتی دادەبڕێت. دڵنیایی لە دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان وەرناگرێت و ئایدیۆلۆجیاکان بە بەڵێنیان فریوی نادەن، بەڵکوو خۆی بەرپرسیارێتییەکە دەگرێتە ئەستۆ. ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و پەنا بۆ هیچ کەناڵێکی دەرەوەی خۆی نابات. ڕاستە دوور لە ویستی فرێ دراوەتە دنیاوە، بەڵام توانای هەیە پەلاو (تەحەدا)ی ئەم واقیعە سەپێنراوە بکات و لە ڕێی تێگەیشتن لە دازاینەوە بوونی خۆی بە دەست بهێنێت. ئەم مرۆڤە فڕێدراوە خاوەنی خەسڵەتی کرانەوەیە لە ئاستی ئایینەدا و توانای ئەوەیشی هەیە هەبوونی خۆی لە دنیادا ڕابگەیەنێت. خۆی لە ئاستی ئەوانەی دیکەیشدا دەکاتەوە، بەڵام بەو مانایە نا تێیاندا بتوێتەوە، بەڵکوو بەو مەبەستەی لێیان تێبگات. تێگەیشتن لەوەی ئێمە مردنمان حەتمییە، هێز بە ژیانمان دەدات و ئەو هۆشیارییەی لەبارەی نیگەرانیی مەرگەوە (Angst) بە دەستی دێنین، دەمانکاتە خۆمان. ئەو نیگەرانییە لە ترس جیاوازە، بەوەی ئەگەر ترس بە بابەتێکی دیاریکراوەوە پێوەستە، ئەوە

نیگەرانی لە سنووری شتی دیاریکراوەوە دەپەڕێتەوە و هەموو دنیا دەگرێتەوە. دەکەوێتە بەرانبەر نا(شت) و نا(شوێن)ـەوە. (هایدیگەر) کۆجیتۆی (دیکارت): (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم) دەگۆڕێت بۆ (من لە گیانەڵادام)، هەمیشە لە گیانەڵادام، کە ئەمە هاوکات گۆڕینی سیتسەمی (کات)یشە، بەوەی نە دەکەوێتە پێش دازاین و نە دەکەوێتە دوایشیەوە، مادام لەوە دەردەچێت بە شتێکی بایۆلۆجیی بزانین، یان شتێک بێت و بتوانین تێی بپەڕێنین، بەڵکوو لێرە و لەم ساتەدا لەگەڵیدا دەژین.

مرۆڤی فریوخواردوو بە هۆی تێگەیشتنە کڵێشەدار و قاڵبدارەکانی کۆمەڵگەوە نەک هەر ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە نابێتەوە، بەڵکوو لێیشی ڕا دەکات، کە لێرەدا بوونی ناڕەسەن خۆی بەسەردا دەسەپێنێت. زاراوەی (Das Man)ی بۆ بە کار دەهێنێت، کە مەبەستی لە حەشامەتە. ئەوەی دەستی پێوە دەگرێت، مەرگی ئەوانەی تر و پێی وایە ئەمە تەنیا لەواندا ڕوو دەدات. بوونی ڕەسەن دەدۆڕێنێت و لە شتدا دەتوێتەوە. دەبێتە بەشێکی جودانەکراوەی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان. بە مانایەکی

دی، لای (هایدیگەر) بوونی ڕەسەن بەستراوەتەوە بەوەی تۆ چەند مەرگ قەبوولْ دەکەیت و چۆن خۆت ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەبیتەوە، دەنا تێنەگەیشتن لەم ڕاستییە، بەرەو ناو حەشامەت ڕاپێچت دەکات. بوونی ساختە بەو مانایەیە، کە ئەو خودە خۆی دەخزێنێتە ناو خەڵکەوە و دەبێتە بابەت، تا لەو ڕێیەوە دەست لە ئازادیی خۆی هەڵبگرێت و هەستی نیگەرانیی لێ دابمالْرێت. دەکرێت بڵێم ئەگەر لەمە بگەین، دەزانین چۆن ئەم ئەزموونەمان، کە لەبارەی ژیان و مەرگەوە بە دەست هێناوە، دەربڕین، بەڵام کاتێ تێگەیشتنەکەمان هیی خەڵکە، ئەوە وەک ئەوانیش قسەیان لێوە دەکەین، مادام ئەزموونی تاکانەی خۆمان نییە. ئەم تێگەیشتنە لە بواری نوسیندا نووسەری ڕووکەش دەخاتە ڕوو، کە لە ڕێی زمانی جەماوەرەوە بۆچوونە سادەکانی دەگەیەنێت و هەوڵ دەدات بە گوتەی ڕەونەقدار بەنجیان بکات. بە ئاسانی لە دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک حزب، میدیای فەرمی و هیی دیکەدا شوێنی دەبێتەوە. لەمەوە بۆ کەنالێک دەگۆڕێت، کە نەک هەر تێیاندا دەتوێتەوە، بەڵکوو دەبنە زمانی دەربڕینیشی، بە ڕادەیەک ناتوانیت جیاوازی لەنێوان زمانی ئەو و هیی خەڵکدا بکەیت،

مادام ڕوانینەکەی هەمان ڕوانینی ئەوانە. دەکرێت ڕۆژانە گوتەکانی لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گەڕەک، بازاڕ و هیی دیکەدا لە دەمی خەڵکەوە ببیستیتەوە. بەشی زۆری کاتی لە قەرەبالّغیدا بە سەر دەبات، چونکێ هەم دڵنیایی لەو قەرەبالّغییە وەردەگرێت و هەم دەتوانێت بە ئاسانییش پێوەندی بە جەماوەرەوە بکات. ئەو ڕواننیە ساکارەی لەبارەی ژیان و مەرگەوە هەیەتی، پاڵی پێوە دەنێت سامان کۆ بکاتەوە و لەپێناویدا کۆمەڵێک ڕێ بگرێت. بە مانایەکی دی، تێگەیشتنی ئەو بۆ پەیداکردن و بەکارهێنان هەمان ئەوەی کۆمەڵگەیە. سامان یەکێکە لەو توخمانەی، کە دەتوانن بیکەنە بەشێکی دانەبڕاوی جەماوەر و ئەو وەهمەی بدەنێ، کە دەتوانێت زیاتر لە پرسیاری مەرگ ڕا بکات و توندتر دەست بە ژیانێکی ڕووکەشەوە بگرێت. ئەم ژیانە ڕووکەشە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. سەیر نییە، ئەگەر وەک هەندێک سیاسەتساز پەنا ببات بەر کەڵەکەکردنی سامان، چونکێ ژیان لە شمەکدا دەبینێت و مەرگی بە لاوە ناوە. نەک ڕووبەڕووی نابێتەوە، بەڵکوو لێیشی هەڵدێت. ئەوەیش شتێکی ئاساییە، ئەگەر ژمارەیەکی یەکجار زۆر نووسەر، ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەنووس دەبینین، کە

بە موو لەو داموودەستگە کۆمەڵایەتییانە جودا ناکرێنەوە وا تێیاندا هەڵدەسووڕێن. نووسەر هەیە دوای چل ساڵ ئەزموون لە بواری ئەدەبی گێڕانەوەدا گفتوگۆی لەبارەی ڕۆمانەوە لەگەڵدا کراوە و گوتوویەتی ڕۆمان بۆ ڕەواندنەوەی خەم چاکە، کە پێشتریش ئاماژەی پێ کرا. دەیانەوێت خوێنەر دەست لە بوونی ڕەسەنی خۆی هەڵبگرێت و لە شتدا بتوێتەوە.

بەو مەبەستەی نووسەری جەماوەری ببێتە لایەنگری قەرەبالّغییەک، پێویستە ئەو قەرەبالّغییە بووبێتە خاوەنی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵی. لە حەڤدەی شوباتدا، کاتێ ئیخوانیزم توانیی قەرەبالّغیی خۆی پێک بهێنێت، ئەوە هێرش دەکرایە سەر کچان و کوڕانی ڕۆژاڤا چۆن یاسای یەکسانیی ڕەگەزەکانیان هێناوە، بەڵام دوای ئەوەی دۆخی ڕۆژاڤا گۆڕا و قەرەبالّغیی ئیخوانیزم ڕەوییەوە، ئەوە هەندێک ڕۆشنبیری جەماوەرییش ڕوویان وەرگێڕا. ڤێدیۆیەکیان ڕازاندووەتەوە و بە دنیادا بڵاویان کردووەتەوە، کە تێیدا ڕۆشنبیرێکی جەماوەری دەڵێت: [(نا)کەی مەزڵووم عەبدی تەنها بۆ شەرع و باراک نەبوو

بۆ هەموو دنیا بوو). ناونیشانی زەقی بۆ دانراوە و پێشانی جەماوەر دەدرێت. ئەرێ لە پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام ئەم گوتەیە نەبیستراوە؟ نەگوتراوە (نا)ی فلاّن سەرکردە بۆ هەموو ئیمپریالیزم، داگیرکەر و خۆفرۆشانە؟ (نا)کەی سەرکردەی ئۆمەت (شەهید سەدام حسێن) تەنیا بۆ (بۆش) نەبوو، بەڵکوو بۆ هەموو دنیا بوو. ئایا ئەگەر ئەزموونی ئیخوانیزم سەری بگرتایە، ئەم گوتەیە لە دەمی جەماوەرەوە دەگوێزرایەوە و لە زمانی ئەو ڕۆشنبیرەوە دەمانبیستەوە؟ گرنگ ئەوەیە ڕۆشنبیری جەماوەری لە قەرەباڵغی دانەبڕێت و دڵنیاییی لێ وەربگرێت، نەبادا ڕووبەڕووی پرسیاری مەرگ ببێتەوە، کە من ناوم لەو ڕۆشنبیرانە ناوە (جاگلەر) و ئەوەی دەیکەن، (جاگلینگ)ـە. لە ڕێی هەڵدان و گرتنەوەی شتەوە، خۆیان پێشانی جەماوەر دەدەن. هەتا زیاتر تێگەیشتنیان ڕۆ بچێتە ئاستی خەڵک و چاکتر زمانی ئەوان بە کار بهێنن، ئەوانیش ئاسانتر لێیان تێدەگەن و دەتوانن باشتر گوتەکانیان لە بەر بکەن، تا خێرا بیانڵێنەوە. خاوەنی داموودەستگەی چاپەمەنین و هیچ بەربەستێک لە چاپکردنی بەرهەمەکانیان نابینن.

ئینجا ئەگەر لە ڕوانگەی (هایدیگەر)ـەوە بڕوانین، دەبینین ئەو ڕۆشنبرانە نین وا دەستیان بە بوونی ساختەوە گرتووە، خەمی کۆمەڵگە و تاکەکانیانە، بەڵکوو ئەوانەی خاوەنی بوونی ڕەسەنن دەتوانن لە خۆیان و ئەوانیش بگەن، بگرە پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ دابمەزرێنن. بوونی ساختە پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێک هەڵەی لۆجیکی و لەو تێگەیشتنە میللییەیەوە بڕیار لەسەر شتەکان دەدات، چونکێ نە ئازادە، تا بەو ئازادییەی لە بوون بگات و مانای نوێی ژیان بدۆزێتەوە، نە خاوەنی توانای وردبوونەوەیشە، تا ئاستی شاراوەی شتەکان ببینێت، بەڵکوو ئەو ڕووکەشییەی بۆ هەموو شتێک دەخاتە گەڕ و لە کۆمەڵێک گوتەی سادەدا دەریدەبڕێت. ئەگەر بوونی ڕەسەن بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت، ئەوە بوونی ساختە بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لەو بەرپرسیارێتییە دەدزێتەوە. بوونی ساختە هەر خۆی مشەخۆرە و لەسەر ژیانی ئەوانەی دیکە دەژی، کە ئەو ڕۆشنبیرانە نە کاتیان بۆ تەنیایی هەیە، تا تێیدا ورد ببنەوە و نە ئەو ئارەزووەیش، تا بەرەو ئەو وردبوونەوەیەیان ببات، بەڵکوو بۆچوون و سەرنجی

ئەوانەی دی دەدزن، تا دوای ئەوەی سادەیان دەکەنەوە، ئینجا بە جەماوەریان بگەیەنن.

لای (هایدیگەر) بوونی ساختە لە ڕێی سێ توخمی چەنەبازی (Idle talk)، سووسەکردن (Curiosity) و ئاڵۆزی (Ambiguity)یەوە پێوەندی بە دنیاوە دەکات. یەکەمیان بریتییە لە گوتنەوەی گوتەی ئەوانەی دی وەک خۆی، بێ ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت، کە ئەمە داخستنی دەرگەیە بە ڕووی زانینی ڕاستینەدا. دووەمیان لەوەدا بەرجەستەیە، کە لە شتەکان قوواڵ نابێتەوە، بەڵکوو بە ڕووکەشی زانیارییەکی کەمیان لەبارەوە بە دەست دەهێنێت و بەو چەنەبازییەی دەیانڵێتەوە. بۆ نموونە ناکرێت نووسەرێک، کە چەند ساڵێکی لەناو دنیای نووسیندا بە ڕێ کردووە و چەمکێکی وەک (ڕووداو)، یان (کارەکتەر)ی نەبیستبێت، بۆیە دەیباتە ناو دنیای زانراو و بە گوتەی ڕەونەقدار دەیڕازێنێتەوە. پێمان دەڵێت وتاری لەبارەی ڕۆمانەوە نووسیوە. وتارەکان کۆ دەکاتەوە و لە شێوەی کتێبدا دەیانخاتەوە بەرچاوی جەماوەر. ئایا سەختە ئەو زاراوەی (ڕەهەندی فەلسەفی)

ببیستێت؟ نەخێر، ئاسانە. دەیخاتە ڕستەوە و وای پێشان دەدات چووەتە قوواڵاییی بابەتەکەوە، لە کاتێکدا هەمان قسەی ڕۆژانەی خەڵک دەڵێتەوە. ئینجا سێیەمان، ئاڵۆزی، ئەوە لەوەوە دێت، کە بوونی ساختە بەوەدا خەسڵەتی چەنەبازی و سووسەکردن دەگرێتە خۆ، دەربڕینەکانی ئاڵۆزن، چونکێ مانای ڕاستینەی شتەکان لە دەست چوونە و بۆ چەند وشەیەکی هەڵبزڕکاو گۆڕاون. ئەمە نموونەیەکە: (عینایەت پاڵەوانێکی ڕۆمانسی نییە... بڵێ من مرۆڤێکی تەنهای ئەم کۆمەڵگایەم، من پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم. نا ئەو دەزانێت یەکێکە لە دەیان و سەدان هەزار کەس کە لە هەمان هەلومەرجدا دەژین، دەشزانێت کێ لە پشت تراژیدیای ئەو و ئەوانیدییەوەیە.). ئایا ئەو نووسەرە دەتوانێت لەم بارەیەوە هەندێک ڕستەی دیکەمان بۆ بنووسێت، تا لەو ڕێیەوە پێشانی بدات ئەم بڕگەیە بەرهەمی ئەو سێ توخمە نییە؟ هیوادارم یەکێ لەوانەی جنێو دەدەن، سواغم بدات، بەڵام پێم بڵێت ئەمە جگە لە فریودان، شتێکی دیکە دەگرێتە خۆ. بەوەدا خۆم داوام کردووە جنێوم پێ بدرێت، ئەوە لە ئێستاوە ڕایدەگەیەنم گلەییم نییە. ڕەخنەی میللی بە گشتی ئەو سێ توخمە دەگرێتە خۆی. لێرەدا کاتێ

ئاماژە بە چەمکی (ئالۆزی) دەکەین، ئەوە پێویستە بڵێین ئەمەیان جیاوازە لەوەی پێشتر باسمان کرد، کە ئەویان دۆخێکە، لە ڕێی کردەی دایەڵۆگەوە پێی دەگەین و ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەڵام ئەمەیان بەرهەمی چەنەبازی و سووسەکردنە.

کاتێ دەمانەوێت لە ڕووی فەلسەفییەوە لە مەرگ بکۆڵینەوە، ئەوە پێویستە بونیادی تەواوی بوون بخەینە بەرچاو، نەوەک پەنا بۆ باوەڕ و سەرچاوە گشتییەکان ببەین، چونکێ لەم کردەیەدا ئەوە بایەخی نییە تۆ چۆن بیر لە مەرگ دەکەیتەوە و چ هەستێکت لە ئاستیدا هەیە. هەر (هایدیگەر) لەم ڕووەوە دەنووسێت: [ئەگەرەکانی بوونیەتی (بوون بەرەو مەرگ) (being-towards-death) لەگەڵ ئەگەرەکانی ڕاڤەی بوونگەراییانەی مەرگ هاوئاهەنگن، کە کارێکی ناوەکییە لە گەوهەری هەموو تۆێژینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجیدا، بۆیە پێویستە پێناسەی بوونگەراییانەی چەمکەکان خاڵی بێت لە هەر پێبەندییەکی بوونگەرایی، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە مەرگەوە هەیە، کە خەسڵەتی دازاین (Dasein's character) وەک ئەگەرێک بە

ڕوونترین شێوە دەربکەوێت. لە ئەنجامیشدا گرفتی بوون تەنیا بەرەو ڕوونکردنەوەی بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی دازاینی (مەرگ ڕووەو کۆتایی) ئاڕاستە دەبێت.([152])

(کامیۆ) فیلۆسۆفێکی دیکەیە و بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی دوالێزمی ژیان/مەرگ دەبێتەوە. ئەو تێکڕای سەرچاوە ئایینی و ئایدیۆلۆجییە سیاسییەکان بە لاوە دەنێت، کە هیوای ساختە دەبەخشنەوە. بە گوتەی (لێرەدا بە ڕاستی و ڕژدی تەنیا کێشەیەکی فەلسەفی هەیە، ئەویش خۆکوشتنە)([153])، دەروازەیەک لە بەردەمی پرسیارێکی بوونگەراییدا دەکاتەوە: ئایا ژیان ئەوە دەهێنێت، یان نا؟ ئەم پرسیارە پاڵمان پێوە دەنێت خۆکوشتن بهێنینە بەرچاو، چونکێ بەبێ ئەوە ناکرێت وەاڵم بدرێتەوە، بەاڵم دەتوانین چ وەاڵمێکی بدەینەوە؟ لێرەوە ڕووبەڕووی بێمانایی (absurd) دەبینەوە. ئایا دەست لە خۆکوشتن هەاڵبگرین، یان لێی ڕا بکەین؟ ئایا ڕێی هەاڵتن هەیە؟ لەم دووڕیانەدا

[152] Ibid. PP. 293

[153] Camus, Albert, The Myth of Sisyphus and other essays, (1955). Translated from the French by Justin O'Brieny. Vintage Books A Division of Random House. New York.PP.3

نیگەرانی دەردەکەوێت، کە پێوەستە بەوەی سەختە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە. وەڵامدانەوەی پرسیاری (ژیان چییە؟) مەحاڵە. لەم گەردوونەی بە پووچی تەنراوە، هیچ وەڵامێک خۆی ناگرێت، بەڵکوو خێرا هەرەس دەهێنێت. ئەمە ململانێی ئارەزوومانە لەگەڵ گەردوونێکی بێدەنگی بەستەڵەکی بێباکدا، کە ئامادە نییە ئەو مانایەمان بداتێ. نایەوێت خۆی لە بەردەمماندا بکاتەوە، تا لێی تێبگەین. (کامیۆ) لە ڕێی (سیزیف)ەوە ڕووبەڕووی ئەم دنیا ئاڵۆزە دەبێتەوە. دەنووسێت:

سیزیف لە دامێنی شاخەکەدا جێ دەهێڵم. مرۆڤ دیسان بارگرانییەکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام سیزیف ئەو وەفا بااڵیە فێر دەکات، کە خوداوەند و بەرزکردنەوەی بەرد نکووڵیی لێ دەکەن. هەروەها ئەو ئەنجامە بە دەست دەهێنێت، کە هەموو شتەکان لە دۆخی باشدان. ئەو گەردوونەی وای لێ هاتووە بەبێ سەردار بێت، وا دەرناکەوێت نەزۆک و پووچە. هەر پارچەیەک لەو گابەردە، هەر پڕیشکێکی کانزایی لەو شاخەی شەو باڵی بەسەردا کێشاوە، هەر خۆی جیهانێک پێک دەهێنێت. کۆشش خۆیشی بەرەو لووتکە

بەسە، تا دڵی مرۆڤ پڕ بکات، بۆیە پێویستە وای بهێنینە بەرچاو سیزیف ئاسوودەیە.([154])

پرسیاری سەرەکی لەبارەی ئەوەوەیە چی شایستەی ژیانە. (کامیۆ) بەو ڕووکەشییە نایەت لەبارەی ژیانەوە بدوێت، وەک چۆن مەرگ لە هاوکێشەکە دوور ناخاتەوە، بەڵکوو خودی مەرگ بەشدارە لەو پرسیارە گەوهەرییەی لەبارەی ژیانەوە دەخرێتە ڕوو. ئەگەر بوار بۆ هەڵاتن نییە، ئەدی چۆن بەسەر پووچگەراییدا زاڵ ببین؟ ئەگەر پووچگەرایی لە گەوهەردا خاوەنی خەسڵەتێکی دوولایەنەیە، بەوەی پێوەندیی نێوان ئەو مرۆڤەی بەدوای مانای ژیاندا دەگەڕێت و هیی ئەو گەردوونەی نەک هەر وەڵامی ناداتەوە، بەڵکوو ئارەزووەکانیشی سەرکوت دەکات، پێک دەهێنێت، ئەوە دەرچوون لەو پێوەندییە دەبێتە مەحاڵ، بەوەی دابڕانی ئەو مرۆڤە لە پێوەندییەکە، خودی پووچگەراییەکەیش نامێنێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵاتن لە دوو ڕێگەی خۆکوشتنەوە مەیسەر دەبێت:

[154] Ibid. 76

یەکەم، خۆکوشتنی جەستەیی، یان فیزیکی (physical suicide)، کە ئەمە کۆتاییی ئەو مرۆڤەیە بەردەوام بەدوای مانای ژیاندا گەڕاوە. مرۆڤەکە خۆی خۆی دەکوژێت. لەم ڕووەوە دەنووسێت: (ناکرێت پووچی لە دەرەوەی عەقڵی مرۆڤدا هەبێت. ئەمە وەک هەر شتێکی دیکە وایە، پووچی بە مەرگ کۆتاییی دێت، بەڵام خۆ ناکرێت پووچی لە دەرەوەی ئەم جیهانەیشدا هەبێت. بەپێی ئەم پێوەرە بنەڕەتییە چەمکی پووچی بە گەوهەری دادەنێم و وەهای دەبینم حەقیقیەتی یەکەممە.).([155]).

خۆکۆشتن لێرەدا هەوڵێکی نیازپاکانەیە و بریتییە لە هەڵاتن لە بێمانایی ژیان، بەڵام هاوکات خۆدزینەوەیە لەو هۆشیارییەی، کە ئەو پووچییەی بۆ دەرکەوتووە. دووەم، خۆکوشتنی فەلسەفی (philosophical suicide). بریتییە لە گرتنەبەری ڕێبازێکی ئایینی، یان سیاسی، کە مانای ڕەها دەگرێتە خۆی. لێرەدا باس لە قەڵەمبازی بڕوا دەکات. ئەم قەڵەمبازە هەڵاتنە (This leap is an escape.).([156])

[155] Ibid. PP.31
[156] Ibid. PP.36

کردەی هەڵاتنە لە عەقڵانیەت، کە لەو ڕێیەوە عەقڵ بە لاوە دەنرێت و بڕوا شوێنی دەگرێتەوە. بەڵگەم هەیە باوەڕەکەم دروستە، یان نا، هەر دەستی پێوە دەگرم. (کامیۆ) ئەو دوو ڕێیە بۆ ئەوە دیاری ناکات، تا یەکێکیان هەڵببژێرێت، بەڵکوو بۆ ئەوەیەتی هەردووکیان ڕەت بکاتەوە، بەوەی نایەوێت بە هیچ بەڵێنێک ڕازی ببێت و بگاتە ئەوەی بڵێت مانای کۆتایی هەیە بۆ ژیان. ئەگەر نایەوێت هەڵببێت، ئەوە مانای وایە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. پێویستە لێرەدا دیسان (سیزیف) بهێنینەوە بەرچاو، کە ئاسوودەیە. ئینجا ئەو هۆشیارییەی وا پووچیی ژیانی بۆ دەرکەوتووە، پێویستە بپارێزرێت و لە ناو نەبرێت، کە ئەمە هێز بەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەدات و دەهێڵێت بەردەوام ببێت. بەوەدا پووچی خۆی حەقیقەتە گەورەکەیە، ئەوە دەبێت دەستی پێوە بگرێت. ددانی پێدا ناوە و بۆی دەرکەوتووە نایەوێت لێی هەڵببێت. ئەمە پاراستنی ئەو عەقڵانیەتەیە، کە لە (خۆکوشتنی فەلسەفی)ی دوور دەگرێت و ناهێڵێت پەنا بباتە بەر خۆکوشتنی جەستەییش، نەبادا ئەو توانایەی لێ بستێنێت وا لە ڕێیەوە پووچی لەناو ژیانیدا دەپارێزێت... بەڵام بۆچی پووچی بپارێزێت؟ تا لێی یاخی ببێت، کە ئەو یاخیبوونەی بەندە

بەوەی چەند لە ئاستیدا هۆشیارە. هەبوونی پووچی لێرەدا بایەخدارە، کە ئەو هۆشیارییە لەبارەیەوە بە دەست هاتووە. ئایا نەبوونی مانا لە گەردووندا لای مرۆڤی یاخی، جێگەی گلەییییە؟ نەخێر، بەڵکوو ئەم تێگەیشتنەی پووچیی ژیان خۆی مانا گەورەکەیە و هەر ئەویشە زەوینە دەڕەخسێنێت، تا هەموو ڕەهەندەکانی ئەو ژیانە ببینین و تێیدا بژین. نەبوونی مانا، نەبوونی خۆیشیەتی، کە ئەمە دەیخاتە بەردەم پرسیارەوە. یاخیبوونی (کامیۆ) لە هیچ سەرچاوەیەکەوە نایەت، لە کاتێکدا زانست، فەلسەفە، ئایین و ئەوانەی دیکە دەداتە دواوە، بەڵکوو خودی پووچی خۆی سەرچاوەکەیە، کە هەر ئەوەیشە پێوەندیی ئەم و یاخیبوون پێک دەهێنێت. کەواتە پرسیارە گەورەکە لەمەدا بەرجەستەیە، دەنا هەموو ئەوانەی تر لاوەکین لە چاویدا.

لێرەدا دەنووسێت: هەرگیز نەمدیوە کەسێک لەپێناوی ئارگیۆمێنتێکی ئۆنتۆلۆجیدا بمرێت. گالیلی، کە باوەڕی بە حەقیقەتێکی زانستیی زۆر گرنگ هەبوو، هەر هێندە ژیانی کەوتە بەر مەترسی، زۆر ئاسان نکوولّیی لێ کرد. دەسا بە مانایەک ئەو ڕاست بوو. ئەم حەقیقەتە ئەوەی نەدەهێنا

قوربانیی بۆ بدات. ئەوە زەوییە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، یان خۆرە، بابەتێکە و بە گوێپێنەدانێکی قوڵ ناسراوە. ڕاستییەکەی پرسیارێکی بێهوودەیە. بە لاکەی دیکەدا کەسانێکی زۆر دەبینم دەمرن، بەوەی پێیان وایە ژیان ئەوە ناهێنێت. کەسانێکیش بە پێچەوانەوە خۆیان لەپێناوی خەیاڵپڵاوی و بیرۆکەدا بە کوشت دەدەن، کە هۆکاری ژیانیان پێ دەدەن. (ئەوەی پێی دەگوترێت هۆکارێک بۆ ژیان، هەر ئەویش هۆکارێکی بەجێی مردنە). لەبەر ئەمەیە ئەوە هەڵدەهێنجم، کە مانای ژیان لە پرسیارە دەمودەستەکاندایە (urgent of questions). چۆن وەڵامی بدەینەوە؟ لە هەموو گرفتە گەوهەرییەکاندا (مەبەستم لەوانەن، کە مەترسیی مەرگ دەگرنە خۆ، یان ئەوانەی ئارەزووی ژیانیان تێدا حەشار دراوە)، ڕەنگە تەنیا دوو ڕێگەی بیرکردنەوە هەبن: ڕێگەی لاپالیس (La Palisse) و ڕێگەی دۆنکیشۆت. هاوسەنگیی نێوان بەڵگە و ئاهەنگسازی (lyricism)، کە ڕێمان دەدات بە جارێ لە سۆز و ڕوونی بکۆڵینەوە.([157])

[157] Ibid. PP. 5_6

لێرەدا مەبەستی (کامیۆ) لەو دوو ڕێگە دژبەیەکە ئەوەیە، کە یەکەمیان لەوەدا بەرجەستەیە چۆن لایەنگرانی (لاپالیس) هوتافی ساویلکانەیان کێشاوە، بەڵام دووەمیان، ئەوەی پێوەندیی بە (دۆنکیشۆت)ـەوە هەیە، کە ڕۆمانسییانە ڕوانیویەتە ژیان و خۆی بە وەهمەوە بەستووەتەوە. (لاپالیس) وا ناسراوە لە شێوەی نوکتەدا هەندێک ڕاستیی دەربڕیون، کە خۆی شتەکە هەر بەو شیوەیەیە. بۆ نموونە تۆ ئەو قاوەیە دەخۆیتەوە، وا لەو کوپەدایە، کە فڕی لێ دەدەیت. پێی دەگوترێت ترویزم (truism). هاوڕێکانی دوای مەرگی ئەم گۆرانییانەیان بۆ چڕیوە: (ئەگەر نەمردایە، هێشتا دەژیا). ترویزم لە ڕەخنەی میللیدا زۆرە و بەردەوام نموونەم لێ هێناوەتەوە. نووسەرێکی جەماوەری بۆ جەماوەرەکەی نووسیوە: (ئازادییەکان بە یاسا قەدەغە دەکرێن). ئەرێ کێ دیویەتی ئازادی بە ئایسکریم قەدەغە بکرێت؟ لە پاشکۆی کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا)دا لێوەی دواوم. وەک پێشتر گوتمان هەر ئەو نووسەرە نووسیویەتی: (هەڕەشە لەسەر بوونی کورد هەڕەشەیەکی وجوودییە)، کە بووەتە نوکتە و ئەم بۆ ئەوی ناردووە.

ئەگەر وەک (لاپالیس) بڕوانینە چەمکی ژیان، ئەوە دەڵێین (مادام ژیان ئەوە ناهێنێت، با بمرین). نووسەری جەماوەری دەڵێت: (مردن لێرەدا مردنی تایبەتی عینایەت نییە، بەڵکو مردنی کۆمەڵگایەکە). گوتەیەکی سادەیە و بەردەوام خەڵک بە کاریان هێناوە. جۆریکە لە ترویزم. ئەگەر تۆ بەم لۆجیکەی نووسەری جەماوەری بیر نەکەیتەوە، ئەوە وێنەی (مارسۆ)ی کارەکتەری (نامۆ)ی (کامیۆ) بە نامۆ دادەنرێیت. (کامیۆ) دەیەوێت هاوسەنگییەک لەنێوان بەڵگەی (لاپالیس) و ڕۆمانسیەت، یان شاعیریەتی (دۆنکیشۆت) پێک بهێنێت، بەو مانایەی ئەو پرسیارەی وەڵامی سادە و ڕۆمانسییانەی نادرێتەوە، ژیانێکی جیاوازە. کاتێ ژیان بە فرەوانی دەبینین، دەست لە پرسیاری ئامادە و ئاسان هەڵدەگرین. [لێرەدا سەرنج دەدەینە ئەوەی، کە (کامیۆ) چۆن کار بە چەمکی ڕۆمانسی دەکات و ڕۆمانووسەکەی ئێمەیش لە چ ئاستێکدا لێوەی دواوە.].

مرۆڤی یاخی سێ هەنگاو دەنێت: لە یەکەمیاندا، خۆکوشتنی جەستەیی و فەلسەفی بە لاوە دەنێت و بە هیچ مانایەک ڕازی نابێت، کە لە سەرچاوە ئایینی و ئایدیۆلۆجیا

سیاسییەکانەوە دێت. لە دووەمیاندا، بێمانایی ژیان وەک خۆی وەردەگرێت. لە سێیەمیاندا، ژیان بەو ڕووبەڕووبوونەیەوە گرێ دەدات. لای (نیتشە) ئەم تێگەیشتنە لە گوتەی (چارەنووسی خۆتت خۆش بوێت: amor fati)دا بەرجەستەیە. لە پارچەی (276)ی کتێبی (زانستی شاد)دا دەنووسێت: [دەمەوێت زیاتر و زیاتر فێر ببم چۆن جوانی بە پێویستی خۆی لە شتەکاندا حەشار داوە، ئەوسا دەبمە یەکێک لەوانەی جوانی بە شت دەبەخشن، (شەیدای چارەنووس: amor fati). لێرە بە دواوە ئەمە عیشقی منە.].([158])

دەگەینە لای (فۆکۆ)، کە یەکێکە لەو فیلۆسۆفانەی ڕەخنە لە دۆخی مۆدێرنیتی دەگرن و دەیانەوێت بە دوالێزمی ژیان/مەرگدا بچنەوە، کە وەک بینیمان ئەم ئاڕاستەیە بە کردەیی لە (نیتشە)وە دەست پێ دەکات. (فۆکۆ) پێی وایە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا مەرگ کراوەتە بابەتێکی شاراوە، بگرە وەک تابوو لێی دەڕوانرێت. بەم شێوەیە لە گۆڕەپانی گشتی

[158] Nietzsche, Friedrich, The Gay Science: With a Prelude in Rhymes and an Appendix of Songs. PP.223

دوور خراوەتەوە و بۆ شوێنە دوورەدەستەکان بڕاوە، لە کاتێکدا ئێمە ناکرێت لە ژیان بگەین، ئەگەر لە مەرگ نەگەین. لە سەرەتای کتێبی (سیستەمی شتەکان)دا چەمکی هیتەرۆتۆپیا (Heterotopia) بە کار دەهێنێت و دواتر لە لێکچەی (لەبارەی ئاسمانەکانی تردە)دا بۆی دەگەڕێتەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێت:

چۆنی وەسف بکەین؟ مانای چییە؟ دەتوانین وەهای بهێنینە بەرچاو جۆرێکە لە وەسفی سیستەماتیک، ناکرێت بڵێم زانستە، چونکێ لەم سەردەمەماندا چەمکەکە بەرگدارە.. جۆرێکە لە کێبڕکێی ئەفسانە و ڕاستی لە یەک کاتدا لەسەر ئەو شوێنەی تێیدا دەژین.([159])

وەک دەزانین میژوو وێژەوێژە (obsession)ی گەورەی سەدەی نۆزدەیەمە، کە هەڵگری بابەتی پێشکەوتن و وەستان، قەیرانەکان، خولە زەمەنییەکان، بابەتەکانی

[159] Foucault, Michel, “Of Other Spaces, Heterotopias.” Translated from Architecture, Mouvement, Continuité no. 5 (1984): 46–49. Available at:

Of Other Spaces (1967), Heterotopias. – Michel Foucault, Info.

کەڵەکەبوونی بەردەوامی ڕابوردوو، زاڵبوونی گەورەی مەرگی مرۆڤەکان، هەڕەشەی بەستەڵەک لە جیهانە. سەدەی نۆزدەیەم بناغە ئەفسانەییە سەرەکییەکەی لە بنەمای دووەمی داینامیکای گەرمی وەردەگرت، بەڵام هیی ئەمڕۆمان پێش هەموو شتێک سەردەمی شوێنە (epoch of space). ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمی هاوکاتێتی (simultaneity)دا دەژین. ئێمە لە سەردەمی شانبەشانێتیداین (juxtaposition)، سەردەمی نزیک و دوور. ئەوەی شانبەشانییە پەرتەوازەییشە. بە بڕوای من ئێمە بە ساتێکدا تێدەپەڕین، ئەزموونمان بۆ دنیا لەو ژیانە دریژەی لە ڕێی کاتەوە گەشە دەکات، کەمترە لەو تۆڕەی خاڵەکان پێک دەگەیەنێت و لێکیان دەترازێنێت لە هێڵی خۆیدا.([160])

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەپێی هەرەمیەت شوێنەکان بۆ پیرۆز و گڵاو (sacred places and profane places)، شار و گوند دابەش دەکران. شوێنی پاریزراو لە بەرانبەر شوێنی کراوە و دانەپۆشراودا، کە ئەمانە

[160] Ibid.

پێوەندییان بە ژیانی واقیعیی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەبوو. لەو کۆمەڵگەیانەی بە سەرەتایی ناسراون، شێوەیەکی دیاریکراوی هێتەرۆتۆپیا هەیە، کە دەمەوێت ناوی هیتەرۆتۆپیای قەیران (crisis heterotopias)ی لێ بنێم، بەو مانایەی شوێنی تایبەت (privileged)، یان پیرۆز، یان قەدەغەکراون؛ بۆ ئەو مرۆڤانە تەرخان کراون وا بە دۆخی قەیراناویدا تێدەپەڕن. بۆ نموونە هەرزەکاران، یان ئەو خانمانەی سووڕی مانگانەیان هەیە، ژنانی دووگیان، پیرەکان و هتد، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بەردەوام هیتەرۆتۆپیای قەیران ون دەبێت، ئەگەرچی دەکرێت شوێنەواریان بدۆزرێتەوە.[161] دووەمیان، هیتەرۆتۆپیای لادان (heterotopias of deviation)ـە، کە ئەوانەن بەپێی پێوەرەکانی کۆمەڵگە لایان داوە، وەک ئەوەی لە نەخۆشخانەی دەروونی، زیندان و هیی لەم بابەتەدا دەردەکەوێت.[162]

[161] Ibid
[162] Ibid

(فۆکۆ) پێوەندییەکی پتەو لەنێوان شوێن و مەرگدا دەدۆزێتەوە، بەوەی شوێن سنووردار کراوە و ئەو سنووردارییە حەقیقەتی مەرگی مرۆڤ پێک دەهێنێت. دەنووسێت:

ئەو شوێنەی ئێمە تێیدا دەژین، ئەوەیە لە خودی خۆمان دەرماندەکات، کە تێیدا خوران (پووکانەوە)ی ژیان، کات و میژوومان ڕوو دەدات. شوێن چڕنووکمان لێ گیر دەکات و دەمانکرۆژێت. خۆی لە خۆیدا شوێنێکی ناچوونیەک [هێترۆگێنیەس (heterogeneous)]ـە، بەو مانایەی ئێمە لە جۆرێکی بۆشاییدا ناژین، کە بتوانین تاک و شتەکانی دابنێین، وەک چۆن لەناو بۆشاییەکیشدا ناژین بە ڕووناکیی هەمەجۆر بیڕازێنینەوە، بەڵکوو لەناو تۆڕێکی پێوەندیدا دەژین، کە بە شێوەیەک سنووری ئەو شوێنانە دەکێشن، مەحاڵە لە یەکتردا کورتیان بکەینەوە، وەک چۆن مەحاڵیشە لەسەر یەکیان هەڵبچنین.([163]).

[163] Ibid

فۆکۆ بەشی پێنجەمی کتێبی (میژووی سێکسوالێتی) ناو دەنێت: (مافی مەرگ و دەستەڵات بەسەر ژیانەوە) و دەنووسێت:

ماوەیەکی درێژ یەکێ لە خەسڵەتە تایبەتەکانی مافی دەستەڵاتی سەروەری (sovereign power) مافی بڕیاردان بوو بەسەر ژیان و مەرگدا. بێگومان ئەم مافە لە ڕووی شێوەوە لە چەمکی دەستەڵاتی باوک (patria potestas)ـەوە وەرگیراوە، کە سەروەری خانەوادەی ڕۆمانی مافی بڕیاردانی لە ژیانی ڕۆڵە و کۆیلەکانی پێ دەدرا. وەک چۆن ژیانی پێ دەدان، دەیتوانی لێیشیان بستێنێت. بە تێپەڕینی کات ئەم مافەی ژیانی مەرگ کاتێ تیۆریزانانی کلاسیک دایانڕشت، ملکەچی مەرجی گەورە بوو، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کرایەوە. لەمەوە وا لەو دەستەڵاتەی سەروەر نەدەڕوانرا، کە بەسەر ڕەعیەتەکانیەوە هەیەتی، ڕەهایە و سنووری نییە، بەڵکوو تایبەت کرا بۆ هەندێک دۆخی وەها، کە تێیاندا بوونی سەروەر خۆی کەوتووەتە بەر هەڕەشە، ئەوەی بە مافی بەرپەرچدانەوە ناسراوە. ئەگەر دوژمنانی ڕووبەڕووی

بوونەوە و ویستییان بیڕووخێنن، ئەوسا دەتوانێت جەنگێکی ڕەوایان لە دژدا هەڵبگیرسێنێت و داوا لە ڕەعیەتەکانی بکات بەشدار ببن لە بەرگریکردنی دەوڵەتدا. ئەگەرچی نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ هەوڵ بدات بیانمرێنێت، بەڵام ڕێپێدراو بوو لەوەی ژیانیان بخاتە مەترسییەوە. بەم شێوەیە دەیتوانی دەستەڵاتێکی ناڕاستەوخۆ، کە پێوەندیی بە ژیان و مەرگیانەوە هەیە، بەسەردا بسەپێنێت.[164] ئینجا وەک هەر (فۆکۆ) دەڵێت سەروەر ناتوانێت مافی خۆی لەسەر ژیاندا پیادە بکات، ئەگەر هاوکات ئەو مافەی لەسەر مردنیش نەخاتە گەڕ.[165]

هەر (فۆکۆ) دەڵێت: ڕاستییەکەی ئەو مافەی لە شێوەی (دەستەڵاتی ژیان و مەرگ) داڕێژراوە، مافی لێسەندنەوەی ژیان، یان هێشتنەوەیەتی.[166] لە کۆمەڵگەی نوێدا ئەمە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەو مانایەی دەستەڵات ڕاستەوخۆ

[164] Foucault, Michel, The History of Sexuality Volume I: An Introduction. Translated from the French by Robert Hurley. Pantheon Books, New York. 1978. PP. 135

[165] Ibid. PP. 136

[166] Ibid

ئەو مافەی جێبەجێ ناکات، بەڵکوو لە ڕێی میکانیزمی جیاوازەوە دەیسەپێنێت. لە ڕێی لێبڕین، یان سەرانە [deduction (prelevement)]ـەوە دەیخاتە گەڕ، کە مافی ئەوەی هەیە بەشێکی داهاتەکەی ببات، باج بەسەر بەرهەمەکانیدا بسەپێنێت. لە دۆخی وەهادا گەوهەری دەستەڵات بریتییە لە مافی دەستبەسەرداگرتن، دەستبەسەرداگرتنی شمەک، کات و جەستە. ئەم دەستەڵاتە دەگاتە لووتکە لەو تایبەتمەندێتییەی، کە لەوەدا خۆی دەنوێنێت بە مەبەستی سەرکوتکردنی دەست بەسەر ژیانیدا بگرێت.([167])

ئەو مافەی کۆن لە لێسەندنی ژیان، یان ڕێپێدانی ڕۆیشت و بە دەستەڵاتێک پشتی ژیان دەگرێت، یان ڕێی پێ نادات تا خاڵی مەرگ، گۆڕا.([168])

هەر (فۆکۆ) پێی وایە لە تیۆریی کلاسیکیی سەروەریدا مافی ژیان و مەرگ بە یەکێک لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی سەروەری دادەنرا، بەڵام ئەمڕۆ مافی ژیان و مەرگ مافێکی

[167] Ibid.
[168] Ibid. PP. 138

سەیرە، تەنانەت لەسەر ئاستی تیۆریدا مافێکی سەیرە. ئەرێ بە ڕاستی مافی ژیان و مەرگ مانای چییە؟ واتە سەروەر (sovereign) مافی ژیان و مەرگی هەیە، بەو مانایەی دەتوانێت بمرێنێت و ڕێی ژیان بدات.([169]) بە ڕوانینی فۆکۆ ئەو یاسایە نوێیەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، کە پێوەندیی بە مافی مراندن و ژیانەوەوە هەیە، یاسا کۆنەکەی سەدەی نۆزدەیەمی تەواو لە ناو نەبردووە، بەڵکوو ڕۆ چووەتە ناویەوە، گۆڕیویەتی و ڕێکی خستووە.([170])

ئەگەر دەستەڵاتی سەروەری (sovereign power)، دەستەڵاتی نەریتی، مافی بە سەروەر دەدات بکوژێت، ئەوە دەستەڵاتی نوێ، کە بە بیۆپاوەر (biopower) ناسراوە و پێڕۆی بیۆپۆلیتیک (biopolitics) دەکات، بۆ ئەوە گۆڕاوە دەوڵەت ژیان بە ڕێوە ببات، کە لە ڕێی کۆمەڵێک میکانیزمی چاودێری، سەرکوت و هیی دیکەوە مافی ئەوە بە خۆی

[169] Foucault, Michel. "Society Must Be Defended". Lectures at the Collège de France, 1975–76. (2003). English Series Editor: Amold I. Davidson. TRANSLATED BY DAVID MACEY. PICADOR. NEW YORK. PP. 240

[170] Ibid. PP. 241

دەدات دەست بەسەر ژیاندا بگرێت، بگرە بیسڕێتەوە. بیۆپاوەر ژیانی مرۆڤ هەڵدەسووڕێنێت لەوەی بابەتی تەندروستی، زاوزێ، مەرگ، ژمارەی دانیشتووان و هیی دیکە دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوە. ئەمە دەبێتە بنەمای ڕەگەزپەرستی، بەو مانایەی لەو دابەشکارییەوە ئەوە بە دەستەوە دێت کێ مافی مانەوەی هەیە، کێ دەبێت بمرێت. نەژادێک هەیە باڵا و نەژادێکی دی نزم، وەک ئەوەی ئیمەی کورد لەم چەند سەدەیەی ڕابوردوودا بینیومانە چۆن لەو ڕێیەوە مافی ژیان و مردنمان دراوەتە دەست داگیرکەرانەوە. ئەو تێگەیشتنە لە دەوڵەتدا بەرجەستەیە و بە یاسا ڕێک خراوە، تەنانەت بووەتە هیی بەشێکی خۆیشمان و هەر بۆ ڕەواجدان بەم تێگەیشتنە، هاتوون حزب، ڕێکخراو، کەناڵی سەتەڵایت، سەدان ئەکاونت و هیی دیکەیان پێک هێناون، تا پێمان بڵێن نەژادی ئەوان لە هیی ئیمە باڵاترە، ئاڵای ئەوان پیرۆز و هیی ئیمە گڵاوە، ناویان لە هیی ئیمە جوانترە، جلوبەرگیان چاکترە، خۆراکیان خۆشترە و هیی دیکەی لەم بابەتە، بۆیە مافی خۆیانە شتەکانیانمان بەسەردا بسەپێنن. ماوەی پێشوو کەسێتییەکی ئایینیی وەک (ئەبوبەکر هەڵەدنی) تەنیا لەبەر

ئەوەی گوتی کورد لە نەتەوەکانی دەوروبەری کەمتر نییە، بەوە تۆمەتبار کرا، کە ڕەگەزپەرستە، بگرە وایان دانا لە بنەماکانی ئایین لای داوە. ئەوانەی لە مێدیاکانیاندا پەلاماری ئەو کوردانە دەدەن، کە باوەڕی دیکەی جیاوازیان هەیە، گۆیە گڵاون و نابێت شتی دەستیان بخورێت، بەوە تۆمەتبارت دەکەن، کە ڕەگەزپەرستیت، ئەگەر وەک (هەڵەدنی) بڵێیت نە لەوان زیاتر و نە کەمتریشم. هەندێک لەو ڕۆشنبیرانەی حزبەکان خۆیان لە دامودەستگەکانیان دایانمەزراندن و مووچەی هەمیشەییان بۆ بڕیونەتەوە، مانای ڕەخنەیان لەوەدا کورت کردووەتەوە، کە بریتییە لە دژایەتیکردنی خۆت و دارکاریکردنی خۆت، گۆیە لەو ڕێیەوە ڕووبەڕووی ئەو دەستەڵاتە سیاسییە دەبنەوە، بە مەرجێ خۆیان بەشێکن لێی. ئەم تێگەیشتنە، کە بەرهەمی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانە، هێندە ساکارە، نازانیت لە کوێوە قسەی لێوە بکەیت. بەم شێوەیە دژایەتیکردنی کورد و بە کەمزانینی لای هەندێک بانگخواز و ڕۆشنبیر بوونەتە بەشێک لە باوەڕ و بە پیرۆز دادەنرێن. خوێنی ئێمە هەمان بەهای خوێنی ئەوانی نییە. ئەوانی دەرەوە وا لێمان دەڕوانن مردنمان ژیانیان مسۆگەر دەکات، کە لە دۆخێکی وەهادا

مردنمان مافێکە و بەو (ئەوەی تر)ـە دراوە. ئەگەر لە سەردەمی حەرەسقەومیدا کچ و کوڕمان لەسەر شەقامەکانی کوردستاندا دەدرانە بەر گوللە، ئەوە لەگەڵ دامەزراندنی دامودەستگەکان لە سەردەمی بەعسدا ئەم شێوازە باوەی کلاسیک گۆڕا بۆ هیی دەوڵەت، بەو مانایەی چاودێری، سیخوڕی، گرتن و ئەشکەنجەدان لە ژوورە تاریکەکاندا شوێنی گرتنەوە، بێ ئەوەی هەموو خەسڵەتە نەریتییەکان لە ناو بچن. ئەمە تایبەت نییە بە باشوورەوە، بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەیشدا هەمان میکانیزم لە ئارادایە. بەعس ئەو مافەی لەم ڕوانگەیەوە بە دەست هێناوە، کە ئەوانە ناویان لە دامودەستگەکانیدا تۆمار کراوە و بووەتە خاوەنیان. وەک چۆن ژیانیان هیی خۆیەتی، مەرگیشیان هەر خۆی بڕیاری لێ دەدات. کاتێ باس لە مافی مراندن و ژیانەوەیە، ئەوە جەستە کارەکتەری سەر ئەو شانۆیەیە، بەوەی لە ڕێی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فێرگە، نەخۆشخانە، زیندان، سەربازگە و ئەوانەی دیکەوە وا مامەڵە لەگەڵ جەستەدا دەکرێت، کە ئامڕازێکە بۆ ملکەچی.

ئەگەر ئەو جەستەیە لە (نیتشە)وە ماناکەی دەگۆڕێت و کودەتا بەسەر ئەو تێگەیشتنەدا دەکات، کە لە (پلاتۆ)وە دێت و بە مێژووی بیردا تێدەپەڕێت، بەوەی جەستە دەکەوێتە سەرووی ڕۆح و هۆشیارییەوە، ئەوە لای (فۆکۆ) هەر لە ڕێی ئارکیۆلۆجیای جەستەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو دەستەڵاتانە دەبێتەوە وا لەسەر سەرکوت و سڕینەوەی جەستە دامەزراون. جەستە لەوە دەردەچێت تەنیا لایەنی بایۆلۆجی و ئۆرگانی بگرێتەوە، بەڵکوو وەک بونیادێکی مەعریفی خاوەنی ئاماژەی جۆراوجۆرە. ڕەهەندی فیزیکی تێدەپەڕێنێت و کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکەی سیمبۆڵی بە خۆیەوە دەگرێت. ناو لەمە دەنێت دیسپلین (disciplines). پێی وایە (هەر لە زووەوە کۆمەڵێک شێوازی دیسپلین هەن. لە پەرستگە، سەربازگە و شوێنی کاردا، بەڵام لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەمدا ئەو میکانیزمانەی دیسپلین بۆ شێوازی گشتیی پاوانخوازی گۆڕان.).([171])

[171] Foucault, Michel. DISCIPLINE AND PUNISH. The Birth of the Prison. Translated from the French by Alan Sheridan. VINTAGE BOOKS. A DIVISION OF RANDOM HOUSE. INC. NEW YORK. PP.137

دەگاتە ئەوەی بڵێت مێژووی دەرکەوتنی دیسپلین ئەو ساتەیە، کە هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەی مرۆڤی تێدا لە دایک دەبێت. ئەو هونەرە تەنیا مەبەستی گەشەپێدانی شارەزاییەکانی جەستە و چڕکردنەوەی ملکەچییەکەی نییە، بەڵکوو پێکهێنانی پێوەندییەکیشە وا لە جەستە بکات لە خودی میکانیزمەکەدا زیاتر ملکەچ بێت، وەک چۆن زیاتریش سوود بگەیەنێت، بە پێچەوانەیشەوە.([172])

لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا تەکنیک هەیە بۆ پێکهێنانی تاکەکان وەک توخمی پێوەست بە دەستەڵات و زانینەوە. بێگومان تاک ئەتۆمی نوێنەرێتیی ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵگەیە، بەڵام واقیعێکی دروستکراویشە لە ڕێی ئەو تەکنیکە دیاریکراوەی دەستەڵات، کە بە (دیسپلین) ناسراوە.([173])

(فۆکۆ) لێرەدا بە تۆنێکی جیاواز دەڵێت: پێویستە بە تەواوی بوەستین لەوەی کاریگەریی دەستەڵات بە دەستەواژەی نەگەتیڤ وەسف بکەین: "دوور دەخاتەوە"، "سەرکوت دەکات"، "دەخاتە ژێر چاودێرییەوە"، "دەشارێتەوە"،

[172] Ibid. PP. 137_138
[173] Ibid. PP. 194

"دادەپۆشێت". ڕاستییەکەی دەستەڵات بەرهەم دەهێنێت، حەقیقەت بەرهەم دەهێنێت. بواری شتەکان، کەش (ڕیچوەڵ) و حەقیقەت بەرهەم دەهێنێت. تاک و زانین سەر بەو بەرهەمەن.([174])

دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فێرگە، نەخۆشخانە، زیندان، یاریگە و ئەوانەی دیکە ئەم حەقیقەتە بەرهەم دەهێنن و لەو ڕێیەوە دیسپلین دەسەپێنن. ئەمانە وەک هیی سەردەمی زوو نین، تا بە ڕوونی پێوەندیی نێوان تاک و دەستەڵات بخەنە ڕوو، بەڵکوو بە شاراوەیی و فریودەرانە هەڵدەسووڕێن. ئەگەر لە سەردەمی زوودا کەسانێک بە هۆی نەخۆشییەوە دوور دەخرانەوە و لە کۆمەڵ جودا دەکرانەوە، ئەوە بۆ نموونە دەستگەیەکی وەک ئاساییش بە بیانووی پاراستنی ئاساییشی وڵات مرۆڤ دەخاتە زیندانەوە، یان نەخۆشخانەی دەروونی بۆ ئەوانە دەکرێتەوە، گۆیە دەروونیان تێک چووە و بە کەڵکی ناو خەڵک نەماون. ئەم تێگەیشتنە ئەمڕۆ لە بواری نووسینیشدا ڕەنگی داوەتەوە. هەر هێندە ڕەخنە بگریت، دوور

[174] Ibid.

دەخرێیتەوە، بە لاوە دەنرێیت، لە گفتوگۆ و وتاردا دەیان جنێوی وەک نەخۆش، وڕێنەکەر، گەنەنووسەر و هیی دیکەت دەخرێنە پاڵ. لە سۆشیالمیدیادا پەلامار دەدرێیت و هەڕەشە تەنانەت لەوانەیش دەکرێت، کە بەرهەمت بڵاو دەکەنەوە. ئەوەی سەیرە ئەوەیە، هەندێکیان ناوی فیلۆسۆفی وەک (فۆکۆ)، (دولووز)، (دێریدا)، (نیتشە) و هیی دیکە دەخزێننە ناو گوتە سادەکانیانەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکان بکەن، تەنانەت گوتەکانیش هیی ئەوانە نین، بەڵکوو هەندێجار دەیانخەنە پاڵیان و هەندێجار لە دەستی حەوتەم و هەشتەمەوە وەریاندەگرن. ئەگەر دەبینین لە دیدی ئەو فیلۆسۆفەوە کاریگەریی دەستەڵات لە ڕاستەوخۆییەوە بۆ ناڕاستەوخۆیی گۆڕاوە، کە مانای وایە پێوەندییەکان بە زەقی دەرناکەون و زمانێکی ڕوون دەریاننابڕێت، ئەوە لای ڕۆمانووسی جەماوەری و سادەنووسان هێشتا هەمان زمانی باوی کۆمەڵگە بە کار دەهێنرێت، بگرە هەندێجار زمانیان ناگاتە ئەوەی کۆمەڵگەیش پێی گەیشتووە. ڕۆمانیان ڕوونە و جەماوەر بە ئاسانی لێیان تێدەگات، بگرە دەتوانن هەر ئەو ڕۆژەی بڵاو کراونەتەوە، لە سۆشیاڵمیدیادا لێیانەوە بدوێن. وەک لای

(هایدیگەر) پێشانمان دا ئەوانە لە ڕێی سێ توخمی چەنەبازی (Idle talk)، سووسەکردن (Curiosity) و ئاڵۆزی (Ambiguity)یەوە هاتوون.

بە تێگەیشتنی (فۆکۆ) مرۆڤ وەک بابەتێک بۆ بیرکردنەوە نوێیە و بەرهەمی بایۆلۆجیا، ئابووری و زمانناسییە. بایۆلۆجیا بایەخ بە بوونەوەر (Vital Being) دەدات، ئابووری بە پێویستییەکان و شێوازی بەرهەمهێنانی، زمانناسی بە زمان و هۆشیارییەکەی. ئەوە مرۆڤ نییە بە زمان دەدوێت، بەڵکوو زمانە تێیدا دەدوێت، بگرە یاساکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت. هۆشیاری، بیرکردنەوە، بڕیار و ڕەوتارەکانی هیی خۆی نین، بەڵکوو ئەمانە دەرهاویشتەی تۆڕێکی ئاڵۆزی گوتار (دیسکۆرس)ن. نووسەری جەماوەری کاتێ دەنووسێت: (مردن لێرەدا مردنی تایبەتی عینایەت نییە، بەڵکو مردنی کۆمەڵگایەکە)، ئەوە زمانی کۆمەڵگەیە، کە بەرهەمی دەستەڵاتەکانە، تێیدا دواوە، بۆیە دەکرێت نموونەکەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بدۆزیتەوە. کەی ئەم گوتەیە بە قاڵبی کۆمەڵگە داناڕێژین و دەریناپەڕێنین، بگرە قاقای بۆ لێ دەدەین؟ کاتێ ئەو خودە

تێک دەشکێنین وا ئەم دامودەستگە کۆمەڵایەتییانە پێکیان هێناوە و تێیدا دەدوێن. ئەوسا کەمتر دەنووسین و کەمتر خۆمان پێشانی جەماوەر دەدەین، بەڵام زمانێکی دیکەمان هەیە و شتێکی جیاوازی پێ دەردەبڕین. پێویستمان بەو هەموو ڕەخنەگرە میللییە نابێت، تا لە دامودەستگەی فەرمی، نیمچەفەرمی و نافەرمیدا پێماندا هەڵبڵێن و ئەو دەنگە ڕەخنەییانە سەرکوت بکەن.

(فۆکۆ) پێی وایە لەپێش سەدەی هەژدەدا ئەم فۆرمەی مرۆڤ نەبووە، بەڵکوو لەبارەی (سروشت)یەوە قسە کراوە. لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیادا مەعریفەی زانستییش دەچێتە پێشەوە، کە لەمەوە زانستی پزیشکی جەستەی مرۆڤ دەباتە ناو مێژووەوە. لەو ئەنجامەدا ژیان بە جارێ دەبێتە بابەت و خود بۆ لێکۆڵینەوە، بگرە لەو ڕێیەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت. ڕاستە ئەم زانستە ژیان پتەو دەکات، بەڵام هاوکات زیاتر توخمی ملکەچیی تێدا دەڕوێنێت. دیارە مەبەستی مەرگی بایۆلۆجییانەی مرۆڤ نییە، بەڵکوو مەبەستی ئەو وێنەیە وا زانستە مرۆییەکان بۆیان کێشاوە، لە کاتێکدا خۆیان لە گرفتی گەورەدان و

دەبێت پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، کە ئەم پێداچوونەوە ڕادیکاڵە لانی کەم لە (نیتشە)وە دەستی پێ کردووە. ئەم زانستانە لە خزمەتی سیاسەت و ئابووریی سیستەمی دیاریکراون، کە لیبرالیزم پێک دەهێنێت. ئەگەر (کانت) ئەو مرۆڤە لە زەوی هەڵدەبڕێت و دەیکاتە چەقی گەردوون، کە پێی وایە دەبێت جیهان لەگەڵ توانای زانینمان هاوڕێک بێت، ئەوە ئەم تێگەیشتنە دەکەوێتە بەر کوتەکی ڕەخنەی (نیتشە)وە. پێشتر ئێمە پێشمان دا چۆن ئەو فیلۆسۆفە لە ڕێی چەمکی (مردنی خوداوەند)، (پاتەبوونەوەی هەمیشەیی)، (جینیالۆجیای ڕەوشت) و هیی دیکەوە ئەم میراتەی (پلاتۆ) دەداتە بەر ڕەخنەی تۆند.

وەک پارادۆکسێک ئەو مرۆڤەی لەم دوو سێ دەیەیەدا کراوەتە بابەتی توێژینەوە، کەمتر بایەخی پێ دراوە، بەڵکوو ئەو بایەخە ئاڕاستەیە بۆ ئەوەی چیی لێ بەرهەم بهێنرێت و چۆن ملکەچی دەستەڵات بکرێت. مرۆڤ لە پارادۆکسێکدایە، بەوەی هەم خودە و هەم بابەت، کە ئەوی خودزان (knowing self) ئەگەر پزیشک، زانا و بیرمەندە، ئەوە هاوکات بابەتێکە بۆ توێژینەوەی بواری پزیشکی،

زانست و فەلسەفە. لەم دوو سێ سەدەیەدا وەها وێنەی مرۆڤ کێشراوە، کە ئازادە، دروستکەری مێژوو و زانینە، تاکانەی گەردوونە، بەڵام کاتێ مرۆڤ بەرهەمی تۆڕێکی فرەوانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەوە ئازاد نییە، بەڵکوو ئازادییەکەی بەستراوەتەوە بەم سیستەمانەوە. وەک گوترا ئەو خودە خۆی بەرهەمی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانە و ئەوانیش تێیدا دەدوێن، کە ئەوەی دەگوترێت مرۆڤ گەوهەرێکی چەسپاوی هەیە و لەو خودەیەوە زانینەکان بەرهەم دێن، کەوتووەتە بەر ڕەخنەی توند، بەوەی ئەم چەقگەراییە تەنیا بەرهەمی وەهمێکە، کە خودی دامودەستگەکان هێناویانە.

مەرگی ئەو مرۆڤە هاوکاتی مەرگی هیومانیزیشمە، کە وێنەی ئەو مرۆڤەی بەم شێوەیە کێشاوە، گۆیە چەقێکە و هەموو شتەکانی گەردوونی بە دەوردا دەخولێنەوە. (فۆکۆ) لە کۆتاییی کتێبی (سیستەمی شتەکان)دا دەنووسێت: (مرۆڤ وەک ئەو ڕووە لە ناو دەچێت، کە لەسەر لمی

قەراغی ڕووباردا کێشراوە.)[175] لە وتاری (نووسەر چییە؟)دا پێی وایە ئەوە نووسەر نییە گرنگە، بەڵکوو ئەوەی بایەخی هەیە، چەمکە. ئەو پرسیارە لە (بیکیت) وەردەگرێت: (ئاخۆ گرنگە کێ قسە دەکات؟)، کە بە گوێپێنەدان (indifference)ـەوە دەیڵێت، بەو مانایەی گوتە گرنگە، نەوەک خاوەنی گوتە. (فۆکۆ) لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵی نووسەر لە بەرانبەر نووسیندا، یاخود لە ئاست گوتراودا کەم دەکاتەوە.[176]

ئەگەر ئەم تێگەیشتنە لانی کەم لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لای (بارت) و (فۆکۆ) سەری هەڵداوە، کە نووسەر چەق نییە، ئەوە کولتووری فەرمیی ئێمە هێشتا لە ڕێی ڕەخنەگرە میللییەکانەوە بایەخ بەو ئەفسانەیە دەدات و دەیەوێت ڕایبگەیەنێت نووسەری مەزن لەسەرووی ڕەخنەوەیە، بگرە

[175] Foucault, Michel. The Order of Things, An archaeology of the human sciences. This edition published in the Taylor and Francis e-Library, 2005. PP. 422

[176] Michel Foucault, What Is An Author? Available at: http://seas3.elte.hu/coursematerial/HarasztosAgnes/Foucault_WhatIsAnAuthor.pdf

نابێت ڕەخنەی لێ بگیرێت. دیسان دەڵێم ئەوەی مانای قاقایە ئەوەیە، کە هەندێک لەو ڕەخنەگرە میللییانە ناوی ئەم فیلۆسۆفانە دەخزێننە نێو وتارە سادەکانیانەوە. ئایا بیستنی ناوێک، یان چەمکێک، مانای وایە ئێوە ئەوانەتان ناسیون؟ ئەگەر دەیانناسن، بۆچی جارێک، هەر یەک جار و بەس دێڕێکیان لێ وەرناگرن؟ ئایا ئەمە فریودان نییە؟

(مردن لێرەدا مردنی تایبەتی عینایەت نییە، بەڵکو مردنی کۆمەڵگایەکە)، گوتەیەکە و ناکرێت خوێنەری فریونەخواردوو هەر جارێ دەیبستێت، قاقای بۆ لێ نەدات. کۆمەڵگە چەمکێکی پەلهاوێژ و گرفتئامێزە. چۆن دەکرێت بەم سادەییە لێوەی بدوێین؟ ئەم گوتەیە ئەنجامی بەلاوەنانی دەستەواژەی (نازانم)ـە، بەو مانایەی کاتێ ناچار دەکرێیت شتێک بڵێیت و بۆی ئامادە نییت، لەجیاتیی ئەوەی بێدەنگ ببیت، ئەوە دەمت دەکەیتەوە و چەند وشەیەک دەردەبەڕێنیت، نەبادا وا بزانین وەڵامت پێ نییە. ئەو مرۆڤە هەمووشتزانە بە سەر چووە و ئەوەی دەیبینین شوێنەواریەتی، کە پێشانی جەماوەر دەدرێت. ئەم گوتەیە بەوەدا هیی نووسەرێکی جەماوەرییە و دەوری بە

ڕەخنەگری میللی تەنراوە، ئەوە لای هەر خوێنەرێکی فریونەخواردوو گرنگە، بۆ ئەوەی بزانێت تا چ مەودایەک ئەم ئاستەی جێ هێشتووە. خوێنەری فریونەخواردوو، چەمکێکە و واقیعی ئەم سی ساڵەی ئێمە هێناویەتی، بەوەی فریودان خەسڵەتی ئەم سی ساڵەیە و کۆمەڵێک ڕێگەی بۆ خراونەتە گەڕ. ئەمڕۆ خوێنەری فریونەخواردوو لە ڕێی پرسیارەوە هێزی بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئاڕاستانەی هەیە، بگرە تواناکەی دەگاتە ئەوەی چەمکە فڕێدراوەکان هەڵبگرێتەوە و لە جیهانی ئاماژەدا ڕاڤەیان بکات. وەک گوترا نووسەری گەورە بووەتە ئەفسانە و ئەوانە پاڕیزگاری لە مانەوەی دەکەن، کە بەو تەنبەڵییە ڕاهاتوون و دەیانەوێت هەمیشە لە بەرچاوی جەماوەر بن.

(دێریدا) لە کتێبی (ژیان مەرگ)دا، کە کۆکردنەوەی ئەو باسانەیە لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا لە شێوەی کۆڕ پێشکەشی کردوون، هەوڵ دەدات ڕووبەڕووی هەردوو چەمکی گرفتئامێز و پەلهاوێژی ژیان و مەرگ ببێتەوە، تەنانەت دەگاتە ئەوەی (و)ی نێوانیان هەڵبگرێت، بەو مانایەی مەرگ دژی ژیان نییە، بگرە ناکرێت وەهایش لێی

بڕوانین، گۆیە تەواوکەریەتی، بەوەی هاوشانیەتی و هەر ئەویشە وا دەکات ژیان ژیان بێت. بەم شێوەیە ژیان مردن و مردن ژیان دەگرێتە خۆی. لەو ڕێیەوە بە تێگەیشتنی (نیتشە)، (فرۆید)، (هایدیگەر) و ئەوانەی تردا دەچێتەوە، کە هەر لەم ڕووەوە خستوویانەتە ڕوو. گوتە ناسراوەکەی (نیتشە) لە کتێبی (زانستی شاد) وەردەگرێت، کە دەڵێت: (با نەڵێین مەرگ دژی ژیانە. بوونەوەر شتێک نییە جگە لەوەی جۆرێکی مردنە، بەڵکوو جۆرێکی زۆر دەگمەنیەتی.).([177])

ئەم فیلۆسۆفە چەمکی خودبەرگری (Autoimmunity) بە کار دەهێنێت، بەو مانایەی ئەو خودەی بەوە دەناسرێتەوە، کە خودبەرگریی هەیە، هەم خۆی لە مەترسی دەپارێزێت و هەم خۆی ڕیسوا دەکات، خۆی دەپارێزێت و خۆیشی دەخاتە بەر مەترسییەوە. خودبەرگری ئینتەر-ڤیویەکە (inter-view)، بینینێکی ڕەخنەئامێزە، خودهەڵوەشاندنەوەیە، ڕوانینێکە بەرەو ناوەوە، هەر شتێکی

[177] Derrida, Jacques, Life Death. Edited by Pascale-Anne Brault and Peggy Kamuf. Translated by Pascale-Anne Brault and Michael Naas. (2020). The University of Chicago Press ‡ Chicago and London. PP.155

بکەوێتە بەرچاو، دەیڕووخێنێت. لە (میدۆسیا: Medusa) دەچێت، کاتێ نیگای ئاڕاستەی ناوەوەی دەکات. خودبەرگری ئەو قەوارەیەیە، کە لە خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوسا لە دوژمنەکانی دەچێت، خۆی گەندەڵ دەکات و هەڕەشە لە خۆی دەکات، تا خۆی لە هەڕەشەی ئەوان بپارێزێت.([178])

مەبەستی لە (میدۆسیا: Medusa) ئەو کچە قێزەونەیە، کە کەللەی لەجیاتیی قژ بە مار داپۆشراوە. وشەکە مانای پاسەوانە. بڕوانێتە هەر کەسێ، دەیکاتە بەرد. (دێریدا) وەک سیمبۆل بۆ پاراستنی ژیان لە قاڵب و کلێشەکان بە کاری دەهێنێت، بەو مانایەی شتەکان دژی یەک نین، بەڵکوو ئەمیان دەڕژێتە ئەویانەوە، کە ژیان مەرگ و مەرگ ژیانە. خودبەرگری پێوەندییەکی جیاواز لەنێوان من و ئەوەی تر دادەمەزرێنێت، بەوەی سنووری دژەکان دەسڕێتەوە و

[178] Long, Maebh, Derrida Interviewing Derrida: Autoimmunity and the Laws of the Interview. PP.108. Available at:

https://australianhumanitiesreview.org/wp-content/uploads/2015/10/AHR54_6_Long.pdf

تێیاندەپەڕێنێت. لەجیاتیی ئەوە شوێنەوار ڕۆڵ دەبینێت، بەو مانایەی ئەمیان شوێنەواری بەسەر ئەویانەوە هەیە.

(دێریدا) دەنووسێت: من لە مەرگی (ئەوەی تر) بەرپرسیارم، تا ئەو جێیەی خۆم دەخزێنمە ناو مەرگی ئەوەوە.([179]) لە کتێبی (دیاریی مەرگ)دا کتێبی (ترس و ڕاچەنین)ی (سۆرێن کیەرکاگۆرد) لە چوارچێوەی (ویژدانی ئاسوودە: good conscience)دا دەخوێنێتەوە، تا ڕایبگەیەنێت ویژدانی ئاسوودە نەک هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی نییە، بەڵکوو بەلاوەنانیشیەتی، کە ناکرێت بەرپرسیارێتی لە شتێکدا کورت بکرێتەوە، بەڵکوو بێسنوورە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: لەبارەی ئەوەی، کە پێوەندیی بە چەمکی ڕەوشتەوە هەیە، با لێرەدا جەخت لەسەر شتێک بکەینەوە، کە گەلێجار بانگەوازکارانی ڕەوشت (moralizing moralists) و ویژدانئاسوودەکان لە بیریان دەچێتەوە، ئەوانەی بەیانییانی هەموو حەفتەیەک بەوپەڕی باوەڕەوە لە ڕێی ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕەیدیۆ و تیڤییەوە وانەمان پێ

[179] Derrida, Jacques, Aporias. Translated by Thomas Dutoit. Stanford University Press. Stanford, California 1993. PP.39

دەڵێنەوە و لەبارەی هەستی بەرپرسیارێتیی ڕەوشتی و سیاسییەوە دەدوێن. گەلێجار دەگوترێت ئەو فیلۆسۆفانەی لەبارەی ڕەوشتەوە نانووسن، خۆیان لەم ئەرکە دەدزنەوە، کە ئەرکی یەکەمی فیلۆسۆف بیرکردنەوەیە لە ڕەوشت، تەرخانکردنی بەشێکە لە هەموو کتێبەکانیدا. ئینجا بۆ ڕێکخستنی ئەمە، دەگەڕێنەوە لای (کانت)، بەڵام ئەوەی ئەم سوارچاکانەی وژیدانئاسوودەیی نایزانن ئەوەیە، کە چیرۆکی قوربانیدانی ئیسحاق -ئەگەر بەکارهێنانی دەربڕینەکە لە باسی ئەم مەتەڵە شەوانەییەدا دروست بێت- ئەزموونێکی باوی ڕۆژانەی بەرپرسیارێتی دەگرێتە خۆی. بێگومان چیرۆکێکی تۆقێنەر و قێزەونە، خەریکە بچێتە سەرووی باوەڕکردنەوە: باوکێک ئامادەیە کوڕە ئازیزەکەی بکوژێت، کە شوێنی ناگیرێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی (ئەوەی تر)، (ئەوەی تر)ی مەزن بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک لێی دەخوازێت و فەرمانی پێ دەکات. باوک منداڵی خۆی دەکوژێت و نیازەکەی خۆیشی لەو

ڕۆڵەیە و خانەوادەی دەشارێتەوە، بەبێ ئەوەی بزانێت خۆی هۆکارە. ئەرێ چی لەوە قێزەونتر هەیە؟([180]).

(ویژدانی ئاسوودە) بەرهەمی ئەو ڕازیبوونەیە و وەستانە لە خاڵێکدا، بە مەرجێ بەدەستهاتنی عەدالەتی ڕەها مەحاڵە. لە وتاری (هێزی یاسا: بنەمای نهێنیئامێزی دەستەڵات)دا جەختی لێ دەکاتەوە و ڕەخنە لە یاسا دەگرێت، کە زۆر ڕووکەشانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتییەدا دەکات. گوتارێکی ڕووکەش و لاوازە، تەنانەت هیی ئەوە نییە ئاماژەی پێ بکات و نموونەی لێ بهێنێتەوە.([181])

(دێریدا) هەر لە باسی ژیان/مەرگدا چەمکی مەرگی خوداوەند لە ڕوانگەی (نیتشە) و (هیگڵ)ـەوە لێک دەداتەوە، بەڵام هەردووکیان تێدەپەڕێنێت. لە لایەک ڕوانگەی (نیتشە) بۆ مەرگی خوداوەند بە دوو چەمکەوە دەبەستێتەوە: ئاسۆی داخراو (closing horizon) (کە مەرگی

[180] Derrida, Jacques, The Gift of Death. Translated by David Wills. (1995). published by University of Chicago Press.pp.67

[181] Deconstruction and the Possibility of Justice. Edited by Drucilla Cornell, Michel Rosenfeld, and David Carlson. New York: Routledge 1992. PP.25

خوداوەندە) و ئاسۆی هەڵاتوو (emerging horizon)، (کە گەڕانەوەی هەمیشەییە). لە لاکەی دیکەدا (هیگڵ) وەها لە مەرگی خوداوەند دەگات، کە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەهای دژەکەیەتی. مەرگ، بەو مانایەی هەڵگرتنە (Aufhebung)، ڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوەیشە، کە مەرگە. ئەگەرچی ناکرێت تێگەیشتنی (دێریدا) بۆ مەرگی خوداوەند بە سادەیی لە ڕاڤەی (نیتشە) و (هیگڵ)دا کورت بکرێتەوە، بەڵام زۆریش لە چەمکی (گەڕانەوەی هەمیشەیی) لای (نیتتشە) و (هەڵگرتن) لای (هیگڵ) وەردەگرێت. لای (دێریدا) تەنیا نکوولێکردنی خوداوەند و بەلاوەنانی هەرگیز بە دەست نایەت، بەڵکوو گۆڕەپانێکی چۆڵ و بەتاڵ بە دوای خۆیدا جێ دەهێڵێت. ئەم چەمکە ئاڵۆزەی مەرگی خوداوەند خۆی لە گەمەیەکی سەرکێشی نێوان ژیان و مەرگدا دەبینێتەوە. دەکرێت لەژێر ڕۆشناییی جیاوازی (différance) و شوێنەوار (trace)دا لێیان تێبگەین، کە

پێوەندییان بە چەمکی ماتەمینی و قوربانییەوە (mourning and sacrifice) هەیە.([182])

(دێریدا) چەمکی تارمایی بە مەبەستی هەبوونی پێوەندیی تێکچڕژاوی نێوان ژیان و مەرگ بە کار دەهێنێت. تارمایی نەبینراوە، بەڵام ڕاستییە. لێرەوە بۆ (مانیفێستۆ)ی (مارکس) و (ئەنگڵز) دەگەڕێتەوە، کە لە گوتەی (تارماییەک ڕاوی ئەورووپا دەنێت، تارماییی کۆمۆنیزمە)دا بەرجەستەیە.([183]) ئەو تارماییە نە ئەوەتە تەواو ژیان بێت و نە مەرگێکی ڕەهایشە، بەڵکوو شتێکە لەنێوان هەردووکیاندا، بگرە هەردووکیان دەگرێتە خۆی. (ڕاستینە و ناڕاستینەیە، زیندوو و نازیندووە، بوون و عەدەمیشە).([184]) لێرەوە

[182] Calano, Mark Joseph T., Derrida and the "Death of God". 2014. PP.1. Available at:

https://archium.ateneo.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1323&context=budhi

[183] Derrida, Jacques. Specters of Marx: The State of the Debt, the Work of Mourning and the New International. Translated by Peggy Kamuf. New York. 1994. PP.2

[184] Ibid.PP.12

(چۆن بژیم؟) دەبێتە پرسیاری (دێریدا). چۆن فێر ببم بژیم، بەو مانایەی چۆن لەگەڵ تارماییدا مامەڵە بکەم؟ مانای چییە فێری ژیان ببم؟ مانای ئەوەیە هاوکات فێری مردنیش ببم. فێر ببم چۆن لەگەڵ مەرگ و ئەوانی تردا بژیم. (کەسێکمان دێت تۆ، یان من دەڵێت: ئینجا دەمەوێت فێر ببم بژیم. ئینجا، بەڵام بۆچی؟ دەمەوێت فێر ببم بژیم، شتێکی سەیرە. کێ فێر دەبێت؟ ئایا ڕۆژێک بەر لە هەر شتێک فێر دەبین چۆن بژین؟ مانای چییە دەمەوێت فێر ببم چۆن بژیم؟ بۆچی؟ ئینجا؟([185]) بەم شێوەیە هۆنتۆلۆجی (hauntology)، کە مانای تارماییزانییە، دەکەوێتە بەرانبەر ئۆنتۆلۆجی. ئەگەر دووەمیان بایەخ بە چیەتیی بوون دەدات، ئەوە یەکەمیان ئاڕاستەی شتێکە، کە ڕاستە تەواو ئامادە نییە، بەڵام کاریگەرە. دەسا هیی ڕابوردووە، بەڵام بەردەوامە. پێی وایە: تارمایی پێکهاتەیەکی دوولایەنەیە (paradoxical incorporation). کردەی بەردەوامیی جەستەیە (becoming-body). شێوەی دەرەکی و جەستەییی ڕۆحە. بە مانایەکی دی، شتێکە و سەختە ناوی لێ بنێین.

[185] Ibid.PP.Xvi

نە ڕۆحە و نە جەستەیشە، بەڵکوو هەردووکیانە. گۆشت (جەستە) و دیاردە (phenomenality) دەرکەوتنی تارماییانە بە ڕۆح دەدەن، بەڵام خێرا لەگەڵ دەرکەوتنی گەڕاوە (revenant)، یان گەڕانەوەی تارمایی، لە بەرچاو ون دەبن... ڕۆح و تارمایی یەک شتن نین. پێویستە لەسەرمان بە وردی ئەم جیاوازییە ببینین، بەڵام ئەوەی خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، ئەوە کەس نازانێت چییە، یان ئێستا چییە.).([186]) بە مانایەکی دی، ئەو ڕۆحە خەسڵەتەکانی لە دەست دەدات و لە تارماییدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەوسا دەبێتە هەردووکیان: هەم جەستە و هەم ڕۆح.

(دیریس ئیلینوار نیگرۆ سۆلیس)ی فێرکاری فەلسەفە دەڵێت: [تارمایی لای (دێریدا) تەواو لەگەڵ چەمکی دووفاقی، یان دژبەیەکیی وێژدانی (ambivalence) و ڕەهەندی ئەپۆرەتیک (aporetic)ی گوتار و دەق دێتەوە، کە خەسڵەتی گەوهەرین لە هەڵوەشاندنەوەدا. بەکورتی تارمایی نە ماناداڕە (intelligible)، نە هەستییە، نە مردووە

[186] Ibid.PP.5

و نە زیندوویشە. ئەویش وێنەی نیمچەچەمک (quasi-concepts) لەلایەن نووسەرەوە دۆزراوەتەوە، خاوەنی توانایەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوالێزمە هەرەمییەکانی فەلسەفەدا.](187)

هەر خانمی فێرکاری فەلسەفە، (سۆلیس) پێی وایە تارمایی، لە گەڕانەوەیدا هەمان ئەوەی پێشوو نییە؛ ناکرێت لەگەڵ ئەوەی پێشوودا هاوڕێک بێت، بەڵکوو شێوەی دیکەی نوێ بە خۆیەوە دەگرێت، پەلاو (challenges)ی تر دەخاتە ڕوو و لە جیاوازی (Difference)دا بەرجەستە دەبێت.(188) دەڵێت (دێریدا) سەرنجی داوە ئێمە ئەمڕۆ هەڵکشانێکی بەرچاوی لۆجیکی تارمایی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین، کە تارمایی نەک هەر بوونەوەرێکی

187 Solis, Dirce Eleonora Nigro, Specters of Marx in the Deviation from Deconstruction, or How Not to Do Justice to Marx? PP.181. Available at:

https://www.scielo.br/j/cint/a/p88yNnFsPK8RQ3Xc8MFksdH/?format=pdf&lang=en

188 Ibid. PP. 183

تره و له ئێمه دەچێت، وەک تارماییی باوکی (هاملێت) وایه، بەڵکوو له تێپەڕاندن (displacement)دا بەرجەستەیه، ئینجا ئەگەر پێوەندیی به ژینگەی ڕاگەیاندنەوه هەیه، یان تەنانەت به چەمکی کارەوه (له ڕێی گۆڕینی ڤێرچوەلایزەیشنی هەردوو بواری تایبەت/گشت، هەروەها له ڕێی هەواڵەکانی تیڤی، تێلەکۆمینوکەیشن و ئینتەرنێتەوه). ئینجا وەهای لێ هاتووه هیچی دی قسەکردن لەبارەی تارمایی و ژیان لەگەڵ تارماییدا جێی سەرسووڕمان نەبێت.([189])

(دێریدا) خۆی دەگاته ئەوەی بڵێت: [تارمایی هەمیشه گەڕاوەیه (revenant) و بەو گەڕانەوەیه دەست پێ دەکات).([190]) لەم کردەیەدا کات لەوه دەردەچێت زنجیرەیی بێت، بەڵکوو ڕابوردوو و ئێستا شوێنەوار بەسەر یەکەوه جێ دەهێڵن. تارمایگەرایی مێژوونووسیی، بەڵام بێگومان تۆمارکراو نییه و هەرگیزیش ناچێته ژێڕ ڕکێفی دیاریکردنی کاتەوه له چوارچێوەی زنجیره ئامادەکانەوه، ڕۆژ به دوای

[189] Ibid.

[190] Derrida, Jacques, Specters of Marx. PP.11

ڕۆژ، بەپێی سیستەمی بڕیاردراوی ڕۆژژمێر.([191]) دەکرێت بگوترێت تارمایی بەشێک نییە لە مێژوو، تا لە چوارچێوەی دیاریکراوی کاتدا دەربکەوێت، بەڵکوو پێوەندییەکی تارماییئامێز لەنێوان ڕابوردوو ئێستادا پێک دەهێنێت، مادام ڕەهەندێکی تێکدەرانەی هەیە. [ئەم ئیگۆیە (Ego)، ئەم تاکە بوونەوەرە تارماییی خۆی تێدا نیشتەجێیە و لەلایەنیەوە داگیر کراوە (inhabited and invaded). لە تارماییەکان پێک دێت، دەبێتە خانەخوێ، لە کۆمەڵگەی تارماییدا کۆی دەکاتەوە. ئیگۆ= تارمایی، بۆیە من تارماییدارم (I am haunted)، من تارماییی خۆمم تێدا نیشتەجێیە، کە منم و بەم شێوەیە. لە هەر شوێنێکدا ئیگۆ هەیە، لەوێدا تارماییەکانیش هەن.].([192])

لێرەدا دەڵێین ڕۆمانی فەلسەفی، ئەو ڕۆمانەی لە ڕوانگەی باوی کۆمەڵگەوە نانووسرێت، مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ تارماییدا دەکات و شتەکان بەو ڕاستەوخۆییە ناگەیەنێت، بەڵکوو تارمایی دەبێتە خەسڵەتی ئەم شێوازە، کە هێزی

[191] Ibid. PP.4
[192] Ibid. PP.166

ئەوەی هەیە هێڵی ڕێکی کات بشێوێنێت و لەژێر دەستەڵاتی ڕۆژژمێردا دەریبهێنێت. زمان تارماییئامێزە و ماناکان ناجێگیرن، بۆیە دەکرێت بە شێوەی جیاوازجیاواز ڕاڤە بکرێن. تارمایی چەمکێکی گەمەکەرە و ڕێ نادات سنوورەکانی دەستنیشان بکەین، بەڵکوو توانای هەیە لە پێناسەیەکەوە بۆ یەکێکی دی باز هەڵبدات و لە مانایەکەوە بۆ مانایەکی دی بپەڕێتەوە، کە ئەمە تەواو لەگەڵ زمانی ڕۆمانی فرەدەنگدا دێتەوە. گوتەی (مردن لێرەدا مردنی تایبەتی عینایەت نییە، بەڵکو مردنی کۆمەڵگایەکە) لەم نێوەدا هێندە ساکار دێتە بەرچاو، کە مەگەر هەر لای ڕەخنەگری میللی دەنگدانەوەی هەبێت، دەنا مایەی قاقالێدانە. ئینجا هەر بە ڕاستی ڕێک لەم کاتەدا ڤیدیۆی یەکێک لەوانەم بە مەبەستی قاقالێدان پێ گەیشتووە و تێیدا دەڵێت ئەم ڕۆمانە پێچەوانەی ئەوەی دەگوترێت ڕەهەندی فەلسەفیی تێدا نییە، پڕیەتی. ئەرێ سەختە تۆ ئەمە لەبارەی هەر کتێبێکی تریشەوە بڵێیت؟ ڕەهەندی فەلسەفی مانای چییە؟ ئایا لەم بیستوپێنج ساڵەدا یەک جار پێت گوتووین، یان تەنیا بەو زمانە ڕۆژانەییەی خەڵک گوتووتە چی فەلسەفەیە و چی نافەلسەفە؟ ئایا دەتەوێت ئێستا پێمانی بڵێیت؟ ئەرێ تۆیەک

بەم گوتە ڕووکەشانە سەرسام بیت، کە بەشێکی جەماوەریش قاقایان بۆ لێ داوە، سەیرە ڕۆژانە ئەم شتانە بنووسیت؟ ئایا ئێوە هەر کاتێ بزانن نووسینێکی ئەم نووسەرە جەماوەرییە ڕەخنەی لێ گیراوە، دەکەونە خۆ و دەتانەوێت بە هەموو شێوەیەک ڕەخنەدۆزان سەرکوت بکەن؟

لە ڕەخنەی ئەدەبییشدا مەرگ بووەتە پرسیارێکی کاریگەر، کە (بارت) لەم ڕووەوە بە تەنیا کەناڵێکی گرنگی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە. ئەو دەنووسێت: ئێستا دەزانین دەق ڕستەیەک نییە لە وشە، تاکە مانایەکی لاهووتی بدات، (بەو مانایەی پەیامی نووسەر "خوداوەند" بێت)، بەڵکوو ئاسمانێکی فرەڕەهەندە تێیدا نووسینی جۆراوجۆر ئاوێتەی یەکتر دەبن و بەر یەکتر دەکەون، کە هیچیان ڕەسەن نین. دەق تۆڕێکە لەو وەرگیراوانەی هیی بێژمار بنکەی کولتوورین.([193])

[193] Barthes, Roland, Image Music Text. Essays selected and translated by Stephen Heath. (1992). FontanaPress An Imprint of HarperCollinsPublishers. PP.146

ئەمە دەرکەوتنی دەقئاوێزانە، بەوەی دەق چەقی خۆی لە دەست دەدات و سنوورەکانی دەسڕێنەوە، بۆیە مێژووی دروستبوونیشی نامێنێت، بەو مانایەی هەر خوێندنەوەیەک دەتوانێت بە شێوازی خۆی سەرەتای بۆ دابنێت، پێچەوانەی دەقی نەریتی، کە بە ڕوانینی باوی کۆمەڵگە دەنووسرێت و تێیدا نووسەر وەک خوداوەندی وایە. هەمیشە ئامادەیە و ڕێنوێنیی خوێنەر دەکات چۆنی بخوێنێتەوە.

بەوەدا پێشتر لەبارەی ڕوانینی (بارت)ـەوە نووسیومە، بە تایبەتی لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام)دا، ئەوە نامەوێت لەمە زیاتر بنووسم، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، بۆی دەگەڕێمەوە.

****

دوای ئەوەی ڕوانینی ئەو فیلۆسۆفانەم لەبارەی دوالێزمی ژیان/مەرگەوە خستە ڕوو، دەمەوێت بپرسم ئایا ئەگەر نووسەری ڕۆمانی (مردنی مامۆستا عینایەت) لە دیدگەیەکی فەلسەفییەوە ڕوانیبێتی، نەوەک لەم دیدگە میللییەوە، ئەو

گوتە سادانە دەردەبڕێت؟ ئایا کاتێ دایەڵۆگ لەگەڵ فەلسەفە دادەمەزرێنین، لە ئاستێکی دیکەی جیاوازدا چەمکی ژیان و مردن لێک نادەینەوە؟ ئایا ئەم تێگەیشتنەی لەم گفتوگۆیەدا خراوەتە ڕوو، هیی کەسێکە ئاگای لە سەرەتاکانی فەلسەفە هەبێت؟ کێ بە ئێمەی گوتووە ئەم گوتانە فەلسەفەن؟ ڕەخنەگری میللی. وەک پێشتریش پرسیومە ئایا کاتێ دەڵێین فلاّن بە چاکی لە فەلسەفە دەگات، مانای وا نییە خۆیشمان لانی کەم هێندەی ئەو لێی تێگەیشتوون، دەنا چۆن ئەوەمان زانیوە؟ ئایا بابەتەکانی ئەم ڕەخنەگرە میللییە لە کۆمێنتەکانەوە تا کتێبەکان دوور، یان نزیک پێوەندییان بە فەلسەفەوە هەیە؟ ئەرێ لە خوار تێگەیشتن و زمانی خەڵکیش نین؟ شانزدە ساڵە بە نامەی داخراو، هیی کراوە، بە وتار و کتێب ڕووبەڕووی دەبمەوە. پێشانیم داوە نووسینەکانی نەک هەر سادەن، بەڵکوو مایەی قاقالێدانن. لێرەیشدا کۆمەڵێک نموونەم لێ هێنانەوە. تەنیا بە جنێو وەڵامی داومەتەوە، کەچی بە هەمان زمانی خەڵک کۆمەڵێک وتاری لەبارەی ئەوەوە نووسیوە، گۆیە کەسانێک ڕەخنە قەبوولّ ناکەن. ڕۆژانە خەریکی ئەوەیە چۆن بەم گوتە پێکەنیناوییانە دەنگی ڕەخنەیی سەرکوت بکات و

بەردەوامیش لەبارەی ئەوەوە بنووسێت، گۆیە ڕەخنە گرنگە. فلان نووسەر شایەنی خەڵاتە و فیساریش مایەپووچ دەرچووە. خۆشبەختانە من مایەپووچەکەم. ئەڕێ چۆن بە گومانەوە گوێ لەم ڕەخنەگرە میلییە نەگرم و ئەو گفتوگۆیەی نووسەری (مردنی مامۆستا عینایەت) بە فەلسەفە بزانم؟ چۆن بڕوا بکەم ڕۆمانەکە پڕە لە ڕەهەندی فەلسەفی، لە کاتێکدا نووسەرەکەی کورتی کردووەتەوە و بە دەمی خۆی دەڵێت شتێکی سادەیە؟ بەڵێ، ڕۆماننووسەکە خۆی گوتوویەتی: (عینایەت پاڵەوانێکی ڕۆمانسی نییە... بڵێ من مرۆڤێکی تەنهای ئەم کۆمەڵگایەم، من پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم. نا ئەو دەزانێت یەکێکە لە دەیان و سەدان هەزار کەس کە لە هەمان هەلومەرجدا دەژین، دەشزانێت کێ لە پشت تراژیدیای ئەو و ئەوانیدییەوەیە.). ئەوەتە (عینایەت) وەک ئەوانەی دیکە وایە و لە هەمان هەلومەرجیشدا دەژی. ڕاستە (تراژیدیای ئەو و ئەوانیدییەوەیە) چوار وشەن و تەنیا بۆ ڕازاندنەوە نووسراون، بەڵام (مامۆستا عینایەت) دەزانێت کێ لەپشتیانەوەیە.

ئەو ڕەخنەگرە میللییە لەم کاتەدا هەواڵی بڵاوکردنەوەی کتێبێکی نوێی ڕاگەیاندووە، کە لە چاپەمەنییەکەیدا چاپی کردووە و ئەم پەرەگرافەی داناوە: (کتێبە ڕاستەقینەکان موقەدەسی نوێمان بۆ زیاد ناکەن، بەڵکو ژەنگی موقەدەسە کۆنەکانی سەر دڵمان ڕادەماڵن و بەرەو دونیای تێگەیشتنی لە دیاردەکان و فراوانبوونی ڕوانینمان دەبەن و سنوورەکانمان بۆ واڵا دەکەن. نەک لە ماڵ و وڵات و شارێکدا بەندمان بکەن... پەرەگرافێک لە کتێبی جیهانی خوێندنەوە.).

ئایا ڕاستە ئەم شتانە نووسراون، یان من لە خۆمەوە وا دەڵێم؟ نووسراون و کراونەتە کتێبیش. چەند ساڵە وشەی (ڕاستەقینە)ی بە دەمەوە گرتووە و بۆ هەموو شتێکی بە کار دەهێنێت. ئایا یەک جار پێی گوتووین چییە؟ هێندەی بزانم نەیگوتووە. ئایا ئەگەر ئەم داڕشتنە بۆ (ست گوزیدە یامولکی) و (ست گوزیدە قەفتان) بنووسرایە، نەیاندەگوت سادەیە و پێویستە دابڕێژرێتەوە؟ ئەرێ (سنوورەکانمان بۆ واڵا دەکەن) چییە؟ ئایا تۆ نازانیت گوتەی ڕۆژانەی خەڵکیش وەک خۆی بنووسیتەوە؟ ئەمە قاپی داخراو و هیی

دانەخراوم بە بیر دەهێنێتەوە. نووسیویەتی: (لە ماڵ و ولّات و شارێکدا بەندمان بکەن). ئەڕێ تەنیا وشەی (بەندکردن) بەس نییە؟ ئەدی چۆنە ئەگەر لە دوو ماڵ، چوار شار و حەوت ولّاتدا بەندمان بکەن؟ تۆ کێشەت لەگەڵ ژمارەیە، یان شوێن؟ ئەگەر بڕیارە هەر لە خۆمانەوە وشە ڕیز بکەین، جیاوازی لەنێوان شەش شار و نۆ ولّاتدا چییە؟ چۆنە ناوی کۆڵان و گەڕەکی نەنووسیون؟ ئایا ئەمانە لە ڕێی سێ توخمی چەنەبازی (Idle talk)، سووسەکردن (Curiosity) و ئاڵۆزی (Ambiguity)یەوە نەنووسراون؟ ئایا ئەگەر لە ساڵی (1970)دا ئەم وتارەی بۆ ژمارە یەکی گۆڤاری (ڕوانگە) بنارداید، کە بینیمان (حسێن عارف) چیی تێدا نووسیوە، بڵاو دەکرایەوە؟ ئەوە چ خوێنەرێکە پێویستی بەوەیە ئەم وشانەی پێ بگوترێن؟ ئایا دەزانن کێ بەم گوتانە سەرسامە؟ نووسەری ئەو ڕۆمانەی وا لە ڕێی قاپی داخراو و دانەخراوەوە بۆیان خوێندووەتەوە؟ ئایا دەزانن ئەوەی ئەم وشانەی نووسیون، هەر ئەوەیانە، کە وێنەیەکی داناوە و تێیدا لە بەرانبەر نووسەرێکی جەماوەریدا هەستی لە خۆی بڕیوە؟

وشەی موقەدەسی نووسیوە. واز لەوە دەهێنین ئێمە خۆمان (پیرۆزی)ی پێ دەڵێین، بەڵام ئایا ڕاستە دژی موقەدەسە؟ ئەڕێ موقەدەس لە هەموو ڕایەڵەکاندا یەک مانای هەیە؟ ئایا نابێت مانایەکی دیکەی جیاوازی پێ بدەین؟ ئەو (هایدیگەر)ـەی بیتسوپێنج ساڵە ناوی دەنووسێت، بێ ئەوەی پێمان بڵێت کێیە و چیی گوتووە، چەمکی (پیرۆزی) بە مانایەکی تایبەت بە کار دەهێنێت، کە پێی وایە هاوواتای ڕەسەنێتییە. پێشتریش (گادامەر) پێی گوتین: (گەمە ڕژدییەکی تایبەتی لە خۆ گرتووە، کە پیرۆزیشە.). لەم ڕووەوە (میشێل هار)ی ڕەخنەدۆز هەر لە وتاری (هایدیگەر و شیعر)دا دەنووسێت: (چۆن زمان دەتوانێت بدوێت، لەبارەی خۆیەوە بدوێت، بەر لە شاعیر؟ چۆن دەتوانین بیسەلمێنین شیعر لە بنەڕەتەوە شتێکی پیرۆز دەڵێت، شتێکی پیرۆز، کە دەکرێت جیاواز بێت لە هیی ئایینی، زۆر کۆنتریش لە هەر ئایینێک، واتە وا لێی تێبگەیشترێت نەک

وەک ئاسمانێکی تەواو (فضاء سليم)، بەڵکوو بە مانایەکی دی، وەک هێزێکی پۆزەتیڤی ساغ و ڕزگارکەر).([194])

لێرەدا پێویستە بگوترێت مەبەستی (هایدیگەر) لە ئاسمانێکی تەواو (authentic space) ئەو بۆشاییەیە، کە کارلێکی ئێمە و جیهان دەگرێتە خۆی، بەو مانایەی تەنیا مەتێریەڵی نییە، بەڵکوو زۆر لەوە زیاترە و پێوەستە بە چەمکی نیشتەجێبوونەوە (Dwelling)، کە بایەخێکی گەورەی پێ دەدات. نیشتەجێبوون دەکەوێتە پێش بنیاتنانەوە. ئێمە نیشتەجێ نابین، لەبەر ئەوەی بنیاتمان ناوە، بەڵکوو بنیات دەنێین، چونکێ نیشتەجێین. لە کتێبی (شیعر، زمان، هزر)دا بەشێک ناو دەنێت: (بنیاتنان، جێنشینی، بیرکردنەوە). دەنووسێت:

[ئەگەر گوێ لە زمان بگرین لەبارەی وشەی (bauen)ـەوە، تا بزانین چیمان پێ دەڵێت، ئەوە سێ شت دەبیستین:

[194] متاهات، (نصـــوص وحوارات في الفلســـفة والادب) ترجمة: حســـونه المصـــباحي، مراجعة: د. قدامة الملاح، الطبعة الاولى، بغداد، 1990، مقالة (هايدغر والشعر، الشاعر لا يأتي بالخلاص)، ص25

یەکەم: بنیاتنان لە گەوهەردا نیشتەجێییە.

دووەم: نیشتەجێبوون ئەو ڕێگەیەیە، کە مرۆڤ بە هۆیەوە لەسەر زەوی هەیە.

سێیەم: بنیاتنان وەک نیشتەجێبوون گەشە دەکات، هەم وەک بنیاتنان، کە شتە گەشەکردووەکان دەڕوێنێت و هەم وەک بنیاتنان، کە تەلاری لەسەر هەڵدەچنرێت.

ئەگەر لەو سێ ڕاستییە ورد ببینەوە، ئەوە کلیلێک بە دەست دەهێنین و سەرنجی ئەمانە دەدەین: هەتا ئەودەمەی پێمان وایە هەموو بنیاتنانەکان نیشتەجێبوون نین، ئەوە تەنانەت ناتوانین بە دروستی بپرسین، چجای بە دروستی بڕیار لەبارەی ئەوەوە بدەین بنیاتنانی تەلارەکان لە سروشتی خۆیاندا چین. ئێمە نیشتەجێ نابین، لەبەر ئەوەی بنیاتمان ناوە، بەڵکوو بنیات دەنێین و هەڵمانچنیوە، چونکێ نیشتەجێین.].([195])

[195] Heidegger, Martin, Poetry, Language, Thought. TRANSLATIONS AND INTRODUCTION BY Albert Hofstadter. Harper Perennial Modern Classics. (2001). PP.146

پێویستە لەبارەی وشەی (bauen)ـەوە بگوترێت، کە جووتجەمسەرە. لە لایەک مانای مرۆڤ وەک ئەوەی نیشتەجێیە و لە لایەکی دی پەناگە، پارێزگاری و شانازییە. ماڵ و ژیان پێکەوە دەگرێتەوە، بەڵام خەڵک ئەوەیان لە بیر چووەتەوە و وایان زانیوە تەلار تەنیا لایەنی مەتێریەڵی دەگرێتە خۆی. ئەگەر کشتوکاڵ پێوەندیی بە چاندنەوە هەیە، ئەوە بنیاتنان کردەیەکە و لەسەر زەویدا جێبەجێ دەکرێت.

چی وای کردووە خاوەنی ئەم گوتە پێکەنیناوییانە، کە بەردەوام ناوی (هایدیگەر) دەهێنێت، بێ ئەوەی ڕستەیەکی لێ وەربگرێت، کتێبێک بە ناونیشانی (جیهانی خوێندنەوە) بنووسێت؟ ئایا لەبەر ئەوە نییە لایەنگری نووسەری جەماوەرییە و هێزی خۆی لەو وەردەگرێت؟ ئەدی ئەو نووسەرە جەماوەرییە لە کێی وەردەگرێت؟ ئایا لەبەر ئەوەیە، کە خاوەنی دەستگەی چاپەمەنییە و ڕۆژنامەیەکی حزبییشی هەر بۆ ئەم مەبەستە خستووەتە گەڕ؟ ئایا ئەگەر کەسێکی تر ئەم گوتانە نا، بەڵکوو توێژینەوە لەبارەی چەمکی خوێندنەوەوە بنووسێت، بە ئاسانی بۆی چاپ دەکرێت؟ ئایا پێم ناخۆشە ئەم کتێبەی چاپ کردووە؟ بە

دڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر، کە پێشتریش بەردەوام گوتوومە بوونی ئەوانە گرنگە، تا ئەو زمانەی کۆمەڵگە لە نووسینیاندا بەرجەستە بکەن و ئێمە، کە ئارەزووی ڕەخنە و تێپەڕاندنمان لە دەست نەداون، تێکیان بشکێنین و بیانخەینە ئاستی دیکەوە. ئەگەر کار گەیشتووەتە ئەوەی ئەمڕۆ نووسینی نووسەری جەماوەری وەک نوکتە ئەم دەم و ئەو دەم بکات، تا قاقای بۆ لێ بدرێت، ئەوە بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەیە. تا ئەوان دەڵێن قاپی داخراو نییە، بەڵکوو دانەخراوە، ئینجا ساجە، ساجی گەورە ها، نەوەک پنە، ئەوە ئێمە کەسانێکمان شتەکان لە ئاستێکی دیکەدا لێک دەدەینەوە. تا ئەوان دەچن لە کونجی ڕۆژنامەیەکدا توانج دەگرن، یان لە گفتوگۆیەکدا جنێو دەدەن، ئێمە لە ڕێی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چەمکانەوە دۆخەکە بە یەکێکی دیکەی جیاواز دەگۆڕین. ئەو شتانە بە مەبەستی داهێنان بە کار دەهێنین، کە ئەوان تێمان دەگرن. هەڵێاندەگرینەوە و شتی نوێیان لێ دروست دەکەین؛ بۆ ئەوە نا بمێننەوە، بەڵکوو لەسەر شێوازی خۆمان دەیانڕووخێنین و دەیانخەینەوە دۆخی بەکارهێنان، کە ئەمە کردەیەکە و وەستانی نییە. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم لە هەر

ڕاستییەکەی من هیچ ئامانجێکم لەم گفتوگۆیەدا نییە، بەڵکوو تەنیا دەمەوێت لەو ڕێیەوە بە خۆمی بڵێم فریوم نەخواردووە. بەوەدا ڕووبەڕووی ئەم تێگەیشتنە ڕووکەشە دەبمەوە، ئەوە بە مەبەستی پاریزگاری لە ژیانم، پەنا دەبەمە بەر هەڵگرتنەوەی چەمکە فڕێدراوەکان و ڕاڤەکردنەوەیان. ئەو قاقالێدانە پێوەندیی بە بێباکیمەوە هەیە. ئەم ڕەخنەگرە میللییە بابەتێکی لەبارەی ئەوەوە نووسیوە، گۆیە نووسەرێک ناوەکەی لە بیر نەماوە، گوتەیەکی هەیە و بریتییە لەوەی نووسین ژیانە. ئەمە نەک هەر ئەوە دەردەخات، کە خەریکی کۆکردنەوەی گوتەیە، بەڵکوو ئەگەر ناوی نووسەرەکەیشی لە بیر بچێت، هەر دەینووسێت. ئەمڕۆ لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا چی لەوە ئاسانترە دەیان گوتە لە ماوەیەکی کورتدا بدۆزیتەوە، بگرە ناوی نووسەرەکانیشیان بزانیت؟ ئایا ئەم گوتەیە گرنگە؟ ئایا ئەگەر بۆ هەر یەکێ لەو فیلۆسۆفانەی من لێرەدا

ناوم هێناون، بگەڕێینەوە، نابینیت لە ڕێی نووسینەوە ژیانی خۆیان دەربڕیوە؟ تۆ بۆچی لەجیاتیی دۆزینەوەی گوتە، نایەیت یەک جار پێمان بڵێیت ئەوانە چییان لەبارەی چەمکەکانەوە نووسیوە؟ ئەم ڕەخنەگرە میللییە پێی گوتووین (مردنی مامۆستا عینایەت) داهێنانە و پرە لە ڕەهەندی فەلسەفی. ئایا ئەمە بە تەنیا بەس نییە، تا گومان لەم ڕۆمانە و توانای ڕۆماننووسەکەیشی بکەین؟

هەمیشە بە هاوڕێکانمم گوتووە نە کەس چاوەڕێمە و نە کەسیش داوای لێ کردووم بنووسم، نە چاوم لە دینارێکە و نە خەڵاتیشم دەوێت، بەڵکوو دەنووسم، چونکێ ئەوەی دەریدەبڕم، ژیانمە. بەر لەوەی نووسینەکانم بۆ بڵاوکردنەوە بنێرم، خەڵاتی خۆمم وەرگرتووە، بۆیە بە خەیاڵمدا نایەت، ئەگەر یەک کەس نەیانخوێنێتەوە. خۆم ئەگەر یەکەم خوێنەری خۆمم، ئاساییە، ئەگەر دوا خوێنەری خۆیشم بم. (ئەوەی لە بەرانبەر نووسینەکانم یەک دیناری داومەتێ، با بە نامەی کراوە ئاگادارم بکاتەوە، تا بۆی بگەڕێنمەوە.).

دابان گیان، ئێرە شوێنێکی گونجاوە تێیدا بگوترێت کاتێ ڕووبەڕووی نووسینی ئەوانە دەبمەوە، بە جەماوەرەکەیان دەڵێن لە پەرەگرافێکی وەرگرتووە و نەهاتووە لەبارەی کتێبەکەوە بدوێت. ئەمانە بەم گوتەیەیان دیسان پێشانی دەدەن تێگەیشتنیان بۆ چەمکەکان چەند ڕووکەشە، چونکێ وەک هەمیشە گوتوومە یەک چەمک بە تەنیا بەسە، تا تۆ لەبارەی تەواوی تێگەیشتنی نووسەرێکەوە بدوێیت. ئەگەر من تەنیا لەبارەی ئەم پەرەگرافەوە هێندە بنووسم و ئەم دایەڵۆگە لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی فەلسەفی دابمەزرێنم، ئایا ئەگەر هەموو کتێبەکە وەربگرم، پێویستم بە چەند دەبێت؟ شتێک نییە بە ناوی کتێبی گەورە، بەڵکوو شتێک هەیە و پێی دەگوترێت چەمک، کە لە کۆمێنتێکەوە تا گەورەترین کتێب دەگرێتەوە. بە مانایەکی دی، کتێب بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر چەمک. ئینجا بەردەوامیش گوتوومە با بە ئارەزووی خۆیان باشترین کتێبیان هەڵبژێرن و پێم بڵێن بەم شێوازە بیخوێنمەوە. ئامادەم هەموو شتێک بە لاوە بنێم و خۆم بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکەم. ئەرێ ئەگەر نووسەرێک خۆی باشترین پەرەگرافی لە کتێبەکەی وەرگرتبێت و من پێشانی بدەم تا چ ئەندازەیەک مایەی

قاقالێدانە، دەتانەوێت باقیی کتێبەکەی چۆن نووسیبێت؟ ئەرێ خاوەنی ئەم گوتە پێکەنیناوییانە هیی ئەوەیە کتێب بە ڕوانینێکی جیاواز بنووسێت، یان هەمان تێگەیشتن و زمانی میللی دەگەیەنێتەوە جەماوەر، بگرە هەندێجار ناگاتە ئەم ئاستەیش؟ دیسان دەڵێم مایەی خۆشحاڵییە، کە دەینووسێت و ڕێم بۆ خۆش دەکات، تا بەم شێوازە بیخوێنمەوە.

ماوەی پێشوو نووسەرێک هێرشی کردبووە سەر کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام)ی من، گۆیە نەهاتووم نووسینی ئەو ڕەخنەگرە میللییە وەربگرم، بەڵکوو تەنیا لە دووڕەوە قسەم لەبارەیەوە کردووە. هەر خوێنەرێک بە ڕاستی کتێبەکەی خوێندبێتەوە، دەزانێت بەشی زۆری، ئەگەر نەڵێم تەواوی هەردوو وتاریم وەرگرتوون، تەنانەت ڕێنووس، نژوە و خاڵبەندییشیانم دەستکاری نەکردوون. لەوەیاندا هەق بەو نووسەرە دەدەم، چونکێ ئەوانەی گوتوونی، هێندە سادەن، سەختە مرۆڤ باوەڕ بکات نووسەرێک هەیە و ڕێ بە خۆی دەدات بیاننووسێت. گوتەیەکی هێناوەتەوە، گۆیە هیی (هایدیگەر)ـە. پێشانیم داوە دوور و نزیک هیی ئەو فیلۆسۆفە نییە. چەند

مانگ لەمەوبەر لە نامەی تایبەتدا بۆیم نووسیوە: [وەک دەبینین سەرەتا گوتەکەت بە ناوی خۆت بڵاو کردووەتەوە و دواتر هاتوویت گوتووتە هیی (هایدیگەر)ـە، بەڵام ئێستا ئەوەیشت گۆڕیوە و دەڵێیت ئیلهامت لە (هایدیگەر) وەرگرتووە. لەو سێ قسە دژبەیەکە، کامیان ڕاستە؟ تەحەدات دەکەم، ئەگەر تۆ ئەم گوتەیەم لە بەرهەمێکی ئەو فیلۆسۆفەدا بۆ بدۆزیتەوە. نەک تۆ، بەڵکوو منیش ناتوانم، چونکێ دوور و نزیک پێوەندیی بەوەوە نییە. ئەوە دیسان پێی پێدەکەنم، بگرە قاقای بۆ لێ دەدەم.]. نامەکە درێژە و کۆمەڵێک بابەتی تریشی گرتوونەتە خۆی. ڕێی دەدەم بڵاوی بکاتەوە.

هەر ئەو ڕەخنەگرە میلڵییە گوتوویەتی پرسیار گرنگ نییە و هیی منداڵە، بەڵام ماوەیەک دوای ئەوە بەو زمانە میلڵییەی نووسیویەتی پرسیار گرنگە. تانەی لێ داوم، گۆیە بەرهەمم ناخوێنرێتەوە و کتێبم نافرۆشرێت، کەچی دوای ئەوە گوتوویەتی ژمارە گرنگ نییە. گەڕاوەتەوە و گوتوویەتی گرنگە. جارێک گرنگە و جارێک گرنگ نییە، بەڵام هیچی لەو بارەیەوە گوتووە؟ نەخێر. ئەگەر لەم دوو

وتارەیدا شتێک ماوە و من قسەم لێوە نەکردووە، با خۆی بێت و ئاگادارم بکاتەوە.

ئەو نووسەرەی بەرگری لەم ڕەخنەگرە میللییە دەکات، دەڵێت پارەکەی بە فێرۆ چووە، کە بەو کتێبەی منی داوە. لە دڵەوە، نەوەک بە تەوسەوە دەڵێم با ناونیشانی خۆیم پێ بدات، تا ئەو پارەیەی بە زیادەوە بۆ بگەڕێنمەوە. ئەم گوتەیە هێندە سواوە، بە ڕادەیەک ڕۆژانە دەگوترێت و دەگوترێتەوە. پارەمان بە فیڕۆ چوو، فلان کتێب ژینگەی پیس کرد، حەیف نییە دار ببڕنەوە و بیکەنە کتێب، تا بۆ ئەم شتە پووچانە بە کار بهێنرێت و هیی دیکەی لەم بابەتە، کە هێندە هەژارن، نازانیت چییان لەبارەوە بڵێیت. بە مەبەستی سەرکوتکردنی دەنگی مرۆڤ دەخرێنە گەڕ. دەکرێت ئەم گوتانە بۆ هەموو کتێبێک بە کار بهێنیت، مادام بڕیار نییە لەوە زیاتر بنووسیت. هیچ شتێک لە کردەی خوێندنەوەدا بە فیڕۆ ناچێت، چونکێ هەر ئەوەی من لە بەرانبەر دەقێکی پووچی سادەی ساکاردام، ئەوە دەستم لە خوێندنەوە هەڵنەگرتووە، کە لای (هایدیگەر) پێشانمان دا ئێمە لە ڕێی زمانەوە پێوەندی بە دنیاوە دەکەین و قسە بریتییە لە

دەربڕینی ڕاڤە. ئایا ئەم نووسەرە نەدەکرا ئەو چەمکانەی من فڕێم داون، هەڵبگرێتەوە و خۆی بە جیاواز لەبارەیانەوە بدوێت؟ نەدەکرا پێشانی خوێنەری بدات ئەم کتێبە تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە؟ ڕاستییەکەی هەم خۆت، دابان گیان، هەم (ئارام حاجی) و (مەریوان سەلما)یش داوایان لێ کردووە دایەڵۆگ بکات، بەڵام گوتوویەتی هیی دایەڵۆگ نییە، کە من چ لێرە و چ لە بەرهەمەکانی دیکەمدا پێشانم داوە دایەڵۆگ لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکرێت. کاتێک کردەی دایەڵۆگ لە ئارادایە، نە ئاست لە بەرچاو دەگیرێت و نە ناسنامەی کەسەکانیش.

ئەگەر ئەم نووسەرە مەبەستی ئەوەیە چۆن من یەک کتێبم لەبارەی دوو وتاری ڕەخنەگرێکی میللییەوە نووسیوە، ئەوە وەک لەم نامەیە و لە بەرهەمەکانی پێشوویشمدا، بگرە لە کتێبەکەیشدا گوتراوە چەمک سنووری نییە و لە بەردەم هەر ڕاڤەیەکدا کراوەیە، بۆیە دەکرێت لەبارەی هەر یەکێکیانەوە کتێبێک بنووسم. وەک هەمیشە جەختم لێ کردووەتەوە، کە فڕێدانی چەمک ئاسانە، بەڵام هەڵگرتنەوە و ڕاڤەکردنی سەختە و زۆری دەوێت. ئایا کتێبی

(سەرمایە)ی (مارکس) لەبارەی یەک چەمکەوە نییە؟ چەمکەکان گرفتئامێز و پەلهاوێژن، بۆیە ڕێی هەر تێگەیشتنێکی نوێ و جیاواز دەدەن، پێوەندییان پێوە بکات. چەمکی سەرمایە لای ئەو فیلۆسۆفە دەتەقێتەوە و دەیان لکی لێ دەبنەوە. ئایا هەمان چەمک کاتێ دەگاتە (ماکس ڤیبەر)ی کۆمەڵناس، مانای تری جیاوازی پێ نادرێت؟ لە ڕایەڵێکی دیکەی کۆمەڵایەتییەوە وەریناگرێت و ڕاڤەیەکی جیاواز لە هیی (مارکس)ی بۆ ناکات؟ گوتوویشمە لە دەقناسیدا شتێک نییە بە ناوی کورتی و درێژی، بەڵکوو دەق هەیە و دەخوێنرێتەوە، ڕاڤە دەکرێت و ئاڕاستەی تری لێ دەبێتەوە. ئەمە ئەلفوبێیە و من لێرەدا شتێکی گرنگم نەخستووەتە ڕوو.

گوتوویەتی مێتۆدی کتێبەکە دیار نییە، بەڵام (کارا فاتیح)، کە بەر لە چاپبوونیش خوێندوویەتیەوە، هاتووەتە دەنگ و پێشانی داوە مێتۆدەکە چۆنە. پێویستە بگوترێت ئەو ڕەخنەگرە میللییە پێش ئەوەی کتێبەکە بگاتە لای هیچ دەستگەیەکی چاپەمەنی، سێ جار لە ڕێی ئیمەیلەوە پێی گەیشتووە، تا ئەگەر هەر سەرنجێکی هەیە، ئاگادارم

بکاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی وەڵامی نەداوەتەوە، ئەوە لە ڕێی (فاتیح)ی هاوڕێیشمەوە بۆیم ناردووە. چۆن نەیگوتووە وتاری منت وەرنەگرتووە و هەر لە خۆتەوە قسە دەکەیت؟ نەیتوانیوە وا بڵێت، چونکێ هەمووی وەرگیراوە. ئینجا لە سەرەتای کتێبەکەدا ئەو مێتۆدە دیاری کراوە، کە لە نووسینیدا گرتوومەتە بەر. نازانم چۆن ئەو نووسەرە نەیدیوە! هەر لەوێیشدا گوتراوە چەمکی ڕەخنەگری میللی بە چ مانایەک بە کار هاتووە، کەچی پێی وایە من پەلاماری هونەرمەندی میلللییم داوە. خۆزگە ئەگەر کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ) ئەوە دەهێنێت بیخوێنێتەوە، با لێی بروانێت، تا بزانێت چۆن بە وردی باسم لە بایەخی میللیبوون کردووە و کۆمەڵێک نموونەم هێناوەتەوە! لێرەیشدا هەر لای (باختین) پێم لەسەر ئەو بایەخە داگرتووەتەوە. باسی ئەوەیشم کردووە ڕەخنەگری میللی وەک گۆرانیبێژی میللی نییە ڕەسەنێتی بوون دەربېڕێت، بەڵکوو ناسنامە لە واقیعی باو پێک دەهێنێت و دەیکاتە پێوەر بۆ هەموو شتێک، کە ئەمە سەرکوتکردنی داهێنانە.

لە خاڵێکدا هاوڕای ئەو ڕەخنەگرە میللییەم، کە لە ڕۆژنامەی هەولێردا وتارەکانی بڵاو کردوونەتەوە، ئەویش بابەتی ئیفلاسییەکەمە. لە کتێبەکەیشدا گوتوومە من موفلیسم و ئیفلاسم کردووە، بەڵام ڕوانینمان بۆ چەمکەکە جیاوازە. بەڵێ، گوتوومە بۆ ئەوەی نەبمە بەشێک لە دامودەستگەی کۆمەڵایەتیی لە چەشنی حزب، ئەوە پێویستە ئیفلاس بکەم. من خۆم وشەی مایەپووچم لا دروستە. ئەگەر مایەپووچ نەبم، ئەوە دەست بە شتەوە دەگرم و بوونم دەدۆڕێنم. ئایا ئەو دەتوانێت پێناسەیەکی ئیفلاسیمان بۆ بکات، تا بزانین بە چ مانایەک بە کاری هێناوە؟

ئەو نووسەرە هەڵەیەکی لۆجیکیی کردووە، کە بە (Appeal to Spite) ناسراوە و لاتینییەکەی بەم شێوەیەیە (argumentum ad odium). بریتییە لە پشتگیریکردنی کەسێک، یان لایەنێک تەنیا لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەوەیان نییت وا ئەم کەسە، یان ئەو لایەنە لە دژی وەستاوەتەوە. ئەگەر نموونەی نووسینیم وەرنەگرتووە، چۆنی زانیوە چاکە؟ ئایا ناکرێت هیی ئەویش وەک ئەوەی من خراپ بێت؟ هەمیشە گوتوومە لە هەر شتێک

بەرپرسیارم، کە خستوومەتە بەرچاوی خوێنەر. دەکرێت لە دایەڵۆگدا بۆم دەربکەوێت چەمکێکم بە هەڵە بە کار هێناوە، بە سادەیی لە شتێک دواوم، لە فلاّن سەرچاوە نەگەیشتووم و هیی دیکە. ئەودەم لە خوێنەری ناشارمەوە و پێی دەڵێم بە هەڵەدا چووبووم. ئەگەر ئەو کتێبەم ئەمڕۆ بنووسیایە، بە شێوەیەکی جیاوازتر دەکەوتە بەرچاوی خوێنەر، بەڵام ئەو هەوڵە نەبووایە، نەمدەتوانی ئەم تێپەڕاندنە بکەم. ئەگەر ئەو نووسەرە پێی خۆشە لەم بارەیەوە زیاتری بۆ بنووسم، ئەوە بە خۆشحاڵییەوە ئامادەم. ئەگەر دەیەوێت دایەڵۆگ بکەین، شادمانم دەکات. ئایا من لە خوێندنەوەی وتارەکەی ئەودا کاتم بە فیڕۆ چوو؟ هەرگیز نا، بگرە بە بایەخەوە خوێندمەوە. خۆ ئەگەر بڵێم کاتم بە فیڕۆ چووە و وا لەبارەیشیەوە دەدوێم، ئەوە پێم وایە ڕاستگۆیم لای خوێنەری فریونەخواردوو دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

دابان گیان، وا ڕێک کەوت لەو کاتەی وا ئەم نامەیە دەگاتە ئاستێک، کە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە بێت، لەلایەن (گرووپی هاوڕێیانی خوێنەر)ـەوە گفتوگۆ لەبارەی ڕۆمانی (کەنالّی مەیموونە چەکدارەکان)ی منەوە بکرێت. بە خۆشحاڵییەوە

تێیدا بەشدار بووم. ڕاستییەکەی ئاستێکی دیکەی تەواو جیاوازی خوێندنەوە و خوێنەرم بینی. بە هۆی سەرنج و پرسیارە وردەکانیانە بە شێوەیەکی جیاواز بۆ ڕۆمانەکە گەڕامەوە. لەبەر کەمیی کات تەنیا (تانیا عەبدولقادر عارف)، (بەهرە یاسین)، (هانا ئەنوەر)، (ڕەنج مارف عەلی)، (شەهلا فەیزوللا) و (ڕازاوە فەرەج) فریا کەوتن سەرنجیان بخەنە ڕوو. هەمیشە گوتوومە خوێنەری وریا دەتوانێت تۆی نووسەر بکاتە خوێنەرێکی جیاوازی بەرهەمەکەت، بە ڕادەیەک وا نەزانیت هیی خۆتە، بەڵکوو بگەیتە ئەوەی بڵێیت یەکێکی دیکە نووسیویەتی. ئەم سەرنج و پرسیارانە بیرۆکەی نووسینی کتێبێکیان پێ بەخشیم، تا بتوانم چاکتر ڕووبەڕووی خۆم و سەرنجەکانی ئەوانیش ببمەوە. ئەم ئەزموونە پێی گوتم خوێنەری فریونەخواردوو بە تێگەیشتنێکی جیاواز دەق دەخوێنێتەوە و لە ئاستێکی دیکەی جیاوازی زمانیشدا لێوەی دەدوێت.

ئێستا لەم نووسەرانە دەپرسم ئایا دەکرێت ئێوە ئەم گوتە سادە و سواوانە بەو خوێنەرانە بڵێن؟ ئایا بۆ نموونە ئەم گوتەیە هیی ئەوەیە بەو خوێنەرانە بگوترێت: (عینایەت

پاڵەوانێکی ڕۆمانسی نییە... بڵێ من مرۆڤێکی تەنهای ئەم کۆمەڵگایەم، من پاڵەوانە غەمگینە بێکەسەکەم. نا ئەو دەزانێت یەکێکە لە دەیان و سەدان هەزار کەس کە لە هەمان هەلومەرجدا دەژین، دەشزانێت کێ لە پشت تراژیدیای ئەو و ئەوانیدییەوەیە...)؟ چۆن بۆی دەنووسن: (ئەوەی کتێبت خۆش دەوێت شتێکە و ئەوەی عەشقی کتێب بیت شتێکی دیکەیە. دەشێ ئەوەی کتێب وەڵامی بەشێک پرسیارەکانی منی تێدایە ئەوە یەکێک لە سەرچاوەکانی عەشقی من بێت بۆ کتێب، بەڵام ئەمە هەمووی نییە، چونکە کتێب خۆی سەرچاوەی پرسیاری دیکەشە؟ واتە کتێب هەم وەڵامە و هەم پرسیار... لە وتارێکەوە)؟

ئەوە چ خوێنەرێکی سەرەتاییە، ئەمە دەخوێنێتەوە و قاقا لێ نادات؟ نازانیت لە چ لایەکەوە بەم گوتە سواوانە پێبکەنیت. واز لەوە دەهێنم، کە ئەم ڕستانە تا چ ئەندازەیەک دەریدەخەن نووسەرەکەی نەیتوانیوە گوتەی سواوی خەڵکیش بنووسێتەوە، بەڵام وای زانیوە کتێب بە ئامادەکراوی هەیە، بەو مانایەی هەر دانەیەک بدۆزیتەوە، ئەمانەن خەسڵەتەکانی. وەک چۆن ئەگەر لە دووکانێکدا

ماسیی قوتوو بکڕم، ئەوە کاتێ هەڵیدەپچڕم، دەبینم ماسیی تێدایە، بە هەمان شێوە کتێبیش ئەو شتانە دەگرێتە خۆی وا ئەم ڕەخنەگرە میللییە باسی کردوون. من لە هەر دوکانێکدا ماسیی قوتوو بکڕم، ئەنجامەکە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت، بەوەی ماسی لەناو هەموویاندا هەیە. دەچمە کتێبخانە و کتێبێک هەڵدەگرم. دەیکەمەوە و ئەو شتانەی تێدان. لەوێوە دەگەمە کتێبخانەیەکی دیکە و کتێبێکی تر دەردەهێنم. دەیکەمەوە و ئەویش وەک ئەوەی پێشووە. ئاماژەی بەوە کردووە، گوێیە پارچەیەکە لە وتارێکی. لە وتاردا ئەمانە نووسراون؟ دەتانەوێت لە ڕێی ئەم گوتانەوە پێوەندی بەو خوێنەرانەوە بکەن؟ پێویستە و ئەرکێکی ویژدانییە (عادیل عەبدوللا)ی لاو سەرکوت بکرێت، بەڵام خۆی ئەگەر دوای بیستوپێنج ساڵ ئەزموون ئەم شتانە بنووسێت وا قاقایان بۆ لێ دەدەین، دەبێت خێرا بگەنە جەماوەر.

دابان گیان، بەر لەوەی بگەمە کۆتاییی نامەکەم، دەڵێم سپاس، کە ئەم دەرفەتەت بۆ ڕەخساندم، تا لە ڕێی ئەم چەمکانەوە ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە باوە ببمەوە. لێت

ناشارمەوە خۆمم لە بەردەم ئەزموونێکی سەختدا دۆزییەوە. وەک ڕۆژبەڕۆژ ئاگات لێیە لەم دوو مانگەدا زۆرینەی شتەکانمم بە لاوە ناون، تا خۆم بۆ ئەم نامەیە تەرخان بکەم. بەیانییان زوو هەڵستاوم و شەوان درەنگ خەوتووم، کە ئەم ماندوویێتییە هێزی گەورەی پێ داوم. هەمیشە گوتوومە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە نەتکاتە هیی خۆی و بە کارت نەهێنێت، ئەوە پێویستە ڕووبەڕووی خۆت ببیتەوە، چونکێ ئەگەر بڕیارە بشکێیت، ئەوە پێویستە خۆت ئەرکەکە بگریتە ئەستۆ. تا ئەوان دەگەنە لات، تۆ کاری خۆتت کردووە و لەسەر شێوازی خۆت، نەک لەسەر شێوازی ئەوان خۆتت شکاندووە. هەر تێکشکانێک، ئەگەر بەو شێوەیە هاتە دی، ئەوە کۆمەڵێک دەستپێکردنەوەی بە دوای خۆیدا هێناون. من ئێستا لە بەردەم بێژمار سەرەتادام:

شاد و سەرفراز بیت.

هاوڕێت: کاروان کاکەسوور

سەرچاوەکان:

بە زمانی کوردی... کتێب:

_ حەسەن، حەمەسەعید، شیعر هەڵوێستە (ئاوڕدانەوەیەکە لە کازیوەی شێرکۆ بێکەس)، چاپخانەی ڕاپەڕین_ سلێمانی، 1979

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەڵۆگێکی بەردەوام، لە بڵاوکراوەکانی مالّی وەفایی، هەولێر، چاپی یەکەم، 2019

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کۆمەڵەچیرۆک، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران_ هەولێر، زنجیرەی ژمارە (25)، چاپی یەکەم، 2004

_ ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا، کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت، چاپی یەکەم، 2021، سلێمانی.

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، وەشانی نووسیار، دانیمارک، زنجیرەی کتێب (54) چاپی یەکەم، 2024.

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا، وەشانی نووسیار، دانیمارک، زنجیرەی کتێب (59)، چاپی یەکەم، 2025.

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕاگەردان، پاشکۆی بەرهەمەکانم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2017

گۆڤار:

_گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، چاپخانەی (النعمان) لە نەجەف، 1971

_ گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە2، چاپخانەی (النعمان) لە نەجەف، 1971

کتێبی ئەلیکترۆنی:

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ئەردەڵان عەبدوللا و من لە کازینۆی منداالاندا:

https://hemin.dk/files/pdf/ArdalanAbdulla_KarwanKakasur.pdf

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا:

لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کۆمەڵەچیرۆک، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران_ هەولێر، زنجیرەی ژمارە (25)، چاپی یەکەم، 2004

ماڵێک لە ئاسمان"لە "کاروان کاکە سوور "لاپەڕەی تایبەتی "

وتار و گفتوگۆی ماڵپەڕەکان بە زمانی کوردی:

- گفتوگۆی ئارام حاجی لەگەڵ کاروان کاکەسوور لەبارەی ڕۆمانی دەوڵەتی سەربازە هەڵاتووەکانەوە.

https://dengekan.info/archives/53111?fbclid=IwY2xjawUjC-JleHRuA2FlbQIxMABwZG9mAWJyaWQRMDdHNDdqa2NPTzM1Q3ZtNldzcnRjBmFwcF9pZBAyMjIwMzkxNzg4MjAwODkyAAEef4D-y8mRyveAG3XIspcCLJ5V6yM3tgqNOLOviNJZ-NwBB0HC-9Z_rzNoDO0_aem_Qvde050pZcgQKgpz-JLrfw

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات:

کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات - ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، تەرمەوان لە دیدێکی دیکەیشەوە:

ڕۆمانی تەرمەوان لە دیدێکی دیکەیشەوە - ژنەفتن

_ عەبدوللا، عادیل لات و عوزە و بەختیار عەلی:

https://cultureproject.org.uk/kurdish/baxtyar-ali-novel/

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، لە ناوی کارڵ پۆپەرەوە بەرەوە فەلسەفەکەی:

لە ناوی کارڵ پۆپەرەوە بەرەو فەلسەفەکەی – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕەخنەگری میللی و پەزپەزەی چەمکی خوێنەر:

ڕەخنەگری میللی و پەزپەزەی چەمکی خوێنەر – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ئەرێ ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟

ئەرێ ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟ – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی:

لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان:

چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، تێپەڕاندنی خود و واقیعی باو لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە:

تێپەڕاندنی خود و واقیعی باو لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە – ژنەفتن

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا:

کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا – ژنەفتن

ڤیدیۆی یووتیوب:

_ کۆری شعری د.چومان هه ردی له لوند Dr. Choman Hardi

بە زمانی عەرەبی:

_ ميلان كونديرا، فن الرواية، ترجمة: خالد بلقاسم، المركز الثقافي العربي، المغرب، 2017

_ د. الشعراوى، عبدالمعطي، أساطير إغريقية، الجزء الأول، أساطير البشر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1982

_ باختين، ميخائيل، قضايا الفن الإبداعي عند دوستويفسكي، ترجمة: د. نصيف التكريتي، مراجعة: الدكتورة حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، 1986، ص12

_ باختين، ميخائيل، شعرية دوستويفسكي، ترجمة: د. نصيف التكريتي، مراجعة: الدكتورة حياة شرارة. دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولى،

_ باختين، ميكايل، الماركسية وفلسفة اللغة، ترجمة محمد البكري ويمنى العيد، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء_ المغرب، الطبعة الاولى، 1986

_ باختين، ميخائيل، الخطاب الروائي، ترجمة: محمد برادة، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة، 1987

_ جيد، اندرية، دوستويفسكي، مقالات ومحاضرات، ترجمة الياس حنا الياس، منشوارت عويدات، بيروت_ باريس، الطبعة الأولى، 1988

_ متاهات، (نصوص وحوارات في الفلسفة والادب) ترجمة: حسونه المصباحي، مراجعة: د. قدامة الملاح، الطبعة الاولى، بغداد، 1990

_ أغوسطينوس، القديس، إعترافات، نقلها الى العربية الخوري يوحنا الحلو، الطبعة الرابعة، دار المشرق، 1991

به زمانی ئینگلیزی:

_ Nietzsche, Friedrich, The Will to Power, A New Translation by Walter Kaufmann and RJ Hollingdale, Edited, with Commentary by Walter Kaufmann. New York. Vintage Books Edition: September 1968.

_ Barthes, Roland, Critical Essays, Translated from the French by Richard Howard, Northwestern University Press (Evanston), 1972.PP.260

_ Barthes, Roland, Criticism and Truth. Translated and Edited by Katrine Pilcher Keuneman. Continuum, 2007.PP.40 _ Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York.

_ Nietzsche, Friedrich, Beyond Good and Evil: Prelude to a Philosophy of the Future. Authorised translation by Helen Zimmern. The Macmillan Company in. 1907.

_ Gadamer, Hans-Georg, TRUTH AND METHOD, Second, Revised Edition Translation revised by Joel Weinsheimer and Donald G. Marshall. LONDON © NEW YORK. 2006.

_ Bourdieu, Pierre, Outline of a Theory of Practice, Translated by, Richard Nice, (Cambridge studies in social anthropology:16)., 2003, PP.86

_ Camus, Albert, The Myth of Sisyphus and other essays, (1955). Translated from the French by Justin O'Brieny. Vintage Books A Division of Random House. New York.

_ Nietzsche, Friedrich, Thus Spake Zarathustra, Translated by Thomas Common. The Modern Library • New York.

_ Camus, Albert, The Rebel: An Essay on Man in Revolt. (1960). Translated by Anthony Bower. The Times of India Press Bombay.

_ Robert Scholes, James Phelan and Robert Kellogg, The Nature of Narrative, OXFORD UNIVERSITY PRESS, 2006.

_ Nietzsche, Friedrich, On the Advantage and Disadvantage of History for Life. Translated, with an Introduction, by Peter Preuss. Printed in the United States of America Fourth Printing, 1986.

_ Nietzsche, Friedrich, On the Genealogy of Morality. DITED BY KEITH ANSELL-PEARSON Department of Philosophy, University of Warwick TRANSLATED BY CAROL DIETHE. CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS. 2007.

_ Nietzsche, Friedrich, Beyond Good and Evil: Prelude to a Philosophy of the Future. Authorised translation by Helen Zimmern. The Macmillan Company in. 1907.

_ Nietzsche, Friedrich, The Dawn of Day. Translated by John McFarland Kennedy.(1924). LONDON: GEORGE ALLEN & UNWIN LTD. RUSKIN HOUSE, 40 MUSEUM STREET, W.C.1.

_ HEIDEGGER, MARTIN, BEING AND TIME, Translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publishers Ltd, 2001.

_ Nietzsche, Friedrich, The Birth of Tragedy; Or, Hellenism and Pessimism: The Complete Works of Friedrich, Nietzsche. Edited by DR OSCAR LEVY. Translated by WM. A. Haussmann. Volume One. (1923).

_ Nietzsche,, Friedrich, The Gay Science: With a Prelude in Rhymes and an Appendix of Songs. Translated With Commentary by Walter Kaufmann. (1974). VINTAGE BOOKS A Division of Random House New York.

_ Nietzsche, Friedrich, Human, All Too Human. The Complete Works of Friedrich Nietzsche. Edited by DR OSCAR LEVY. Translated by Helen Zimmern. Introduction by J. M. Kennedy. Volume Six. Part One. (1924).

_ HEIDEGGER, MARTIN, BEING AND TIME, Translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publishers Ltd, 2001.

_ Foucault, Michel, The History of Sexuality Volume I: An Introduction. Translated from the French by Robert Hurley. Pantheon Books, New York. 1978.

_ Foucault, Michel. "Society Must Be Defended". Lectures at the Collège de France, 1975-76. (2003). English Series Editor: Amold I. Davidson. TRANSLATED BY DAVID MACEY. PICADOR. NEW YORK.

_ Foucault, Michel. DISCIPLINE AND PUNISH. The Birth of the Prison. Translated from the French by Alan Sheridan. VINTAGE BOOKS. A DIVISION OF RANDOM HOUSE. INC. NEW YORK.

_ Foucault, Michel. The Order of Things, An archaeology of the human sciences. This edition published in the Taylor and Francis e-Library, 2005.

_ Derrida, Jacques, Life Death. Edited by Pascale-Anne Brault and Peggy Kamuf. Translated by Pascale-Anne Brault and Michael Naas. (2020). The University of Chicago Press ‡ Chicago and London.

_ Derrida, Jacques, Aporias. Translated by Thomas Dutoit. Stanford University Press. Stanford, California 1993.

_ Derrida, Jacques, The Gift of Death. Translated by David Wills. (1995). published by University of Chicago Press.

_ Deconstruction and the Possibility of Justice. Edited by Drucilla Cornell, Michel Rosenfeld, and David Carlson. New York: Routledge 1992.

_ Derrida, Jacques. Specters of Marx: The State of the Debt, the Work of Mourning and the New International. Translated by Peggy Kamuf. New York. 1994.

_ Barthes, Roland, Image Music Text. Essays selected and translated by Stephen Heath. (1992). FontanaPress An Imprint of HarperCollinsPublishers. Heidegger, Martin, Poetry, Language, Thought. TRANSLATIONS AND INTRODUCTION BY Albert Hofstadter. Harper Perennial Modern Classics. (2001).

وتاری ماڵپەڕەکان بە زمانی ئینگلیزی:

_ O'halloran, Paul, What if Heidegger used Fountain instead of van Gogh's Shoes to launch the Origin of a Work of Art?' ?:

What if Heidegger used Fountain instead of van Gogh's Shoes to launch the Origin of a Work of Art?' | Toutfait Marcel Duchamp Online journal

_ Calano, Mark Joseph T., Derrida and the "Death of God". 2014. PP.1.:

https://archium.ateneo.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1323&context=budhi

_ Long, Maebh, Derrida Interviewing Derrida: Autoimmunity and the Laws of the Interview. PP.108.:

https://australianhumanitiesreview.org/wp-content/uploads/2015/10/AHR54_6_Long.pdf

Maton, Karl, (2008) Habitus, in Grenfell, M. (ed.) Pierre Bourdieu: Key concepts (pp. 49–66). London: Acumen

_ Maton, K. (2008) Habitus, in Grenfell, M. (ed.) Pierre Bourdieu: Key concepts (pp. 49–66). London: Acumen. – Legitimation Code Theory

_ Solis, Dirce Eleonora Nigro, Specters of Marx in the Deviation from Deconstruction, or How Not to Do Justice to Marx? PP.181:

https://www.scielo.br/j/cint/a/p88yNnFsPK8RQ3Xc8MFksdH/?format=pdf&lang=en

_ Schopenhauer, A., 2011. The Art of Being Right (Translated by Thomas Bailey Saunders). Preliminary: Logic and Dialectic. [online] Xenopraxis.net:


http://www.xenopraxis.net/readings/schopenhauer_artofalwaysbeingright.p%20df

_ Nietzsche, Friedrich, On Truth and Lies in a Nonmoral Sense, Translated with an Introduction and Notes by DANIEL BREAZEALE. H. P.119. Retrieved from:

Nietzsche - Truth & Lies in a Nonmoral Sense (1873).pdf

_ Stewart, Kieran, Nietzsche's Early Theory of Language in Light of Generative Anthropology. Retrieved from:

Nietzsche's Early Theory of Language in Light of Generative Anthropology — Anthropoetics XXII, no. 2 Spring 2017


گ
ی
ء
ء
ء
م
و
س
د
ن